گی دوموپاسان

# خڕخەپان

و

# چەند چیرۆکێکی دی

و: حەمە کەریم عارف

## پێڕست


- حەمە کەریم عارف پیاوێک لە          شێرکۆ بێکەس
- وتەیەک
- خڕخەپان
- میراتی
- مادموزیل ڤی ڤی
- دایە هۆڤی
- میدالی ڕێزلێنان
- ماڵاڤایی
- ژووری ژمارە ( ١١ )
- حەسرەت
- هاپۆ جوول
- فەرهەنگۆک
- ژینامەی وەرگێڕ

حەمە کەریم عارف

پیاوێک لە بارانی وشەی بەردەوام!

(شێرکۆ بێکەس)

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان. ئەو کاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای کتێب ورستەیەکی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەلاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێک وتێکەڵ بە ئایندە ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەکەریم عارف

پیاوێک لە شەونخونی و

لە ڕێژنەی وشەو

خۆشنەکردنەوەی قەڵەم و

پەنجەرەیەک بۆ خەمی کەسک و

گزنگی بەیان.

حەمەکەریم عارف

ژێ یەک بۆ خۆشەویستی ئەبەدی

ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و

گۆرانیی هەمیشە پاراوی

گەرووی ژیان!

هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا

هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.

هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.

هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!

ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم

ئەم مۆمی ڕێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!

بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.

بە تەنها خۆم وپەپوولەیەکی غەمگین و

چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.
بە تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی
لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو
خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو
گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی
دەنگ زامدار!
بە تەنها خۆم، نە حەمەکەریم خۆی زانی و
نە رۆژنامەیەک ونە گۆڤارێک و
نە شەقامێکی کەرکوک ونە مەقامێکی
عەلی مەردان، تەنها هەر خۆم ومێزەکەم
کەسی تر نا.
کەرکوکییەک
پڕ پڕ لە کوردستان و
لێوانلێو لە جیهان!
کەرکوکییەک
هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو
پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.
لە دنیاوە
چەندین دەریاچەی ڕۆمانی
ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.
چەندین نزاری چیرۆکی
هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.
چەندین ئاوێنەی دیرۆکی
بە دەوونماندا هەڵواسی.
کەرکوکییەک
باخی نووسی و
کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!

کەرکوکییەک..
خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین
مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین
عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین
ئەلبێر کامۆ. ئەلکساندەر فەدایەف. هیرب میدۆ. قاسمۆف. کازانتزاکیس. چیخۆف. گوینتەر دیشنەر. فنسنت ڤان گۆگ. مالرۆ. شەکسپیر. م.گۆرکی. هۆمیرۆس. چرنیشفسکی. چایکۆفسکی. ئیدگار ئالان پۆ. جاک لەندەن. گۆگۆل. سیرۆس پرهام. بلیخانۆف. کریس کۆچرا. مەهدی حسێن. سابت رەحمان. ئەحمەد مەحموود. سەمەدی بیهرەنگی. عەزیز شەریف. نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی. مەسعود ئەحمەدزادە. گەوهەر مراد. یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و رووباری تریش...
لە سی وپێنجساڵیدا هەشتا چراوگی
بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.
لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا ڕێگای تازەی
لەم نەخشەیەدا کردەوە
هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ
هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و
هەشتا تابلۆ
لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.
لەم ڕەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.
لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.
لەم دەغڵانەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.
من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ
ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.
بۆ کەرکوکییەک کە سەر ڕێژە لە وشەو
کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سڵاو ئەی بارانە
جوانەکەی زمانی کوردی.سڵاو ئەی

کەرکوکی خۆشەویست!سڵاو!

سلەیمانی ١٥/٧/٢٠٠٩

ئەدەب وهونەر/ ژمارە(٦٤٣)/ پێنجشەممە/٢٣/٧/٢٠٠٩

# وتەیەک

## حەمە کەریم عارف

### ( ١ )

هەڵبەتە لە دنیای ئەدەبیاتدا، چیرۆکی کورت پانتاییەکی زۆری گرتووەتەوەو ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە وەکو هونەر گرینگی و بایەخی خۆی هەیە، کە پێموایە ئەم گرینگی و بایەخە لە تازە بوونەوەدایە، بەتایبەتی لەم ڕۆژگارە لەزگین و جەنجاڵ و تەکنۆلۆژیا زەدەیەی ئەمڕۆی دنیادا کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی بەسەدەمی کەم وەختیەوە، نایان پەرژێتەسەر خوێندنەوەی ڕۆمانێن دوور و درێژ وخۆیانی لێدەبوێرن. واتە بە پێچەوانەی بۆچوونی خەڵکانێکەوە کە پێیان وایە بایەخ و گرینگی چیرۆکی کورت لە بایەخی ڕۆمان کەمترە... خۆ ئەگەر تەمەشایەکی دنیای ئەدەبیات بکەین و سووکە هەڵوێستەیەک بکەین دەبینین هەندێک لە نووسەرانی چیرۆکی کورت لە ڕووی شۆرەت ونێوبانگ و پایەی هونەرییەوە، لە ڕیزی گەورە ڕۆماننووسەکانی دنیادا دانراون و گەلێک لە چیرۆکەکانیان کراون بە فیلم و شانۆنامە..

خۆئەگەر بە ئالبومی بەرهەمێن گەلێک لە کەڵە ڕۆماننووسەکاندا بچینەوە، چەندین کۆمەڵە چیرۆکی سەرکەوتووی ئەوتۆ دەبینین کە لەگینە ئەگەر ڕۆمانیشیان نەنووسیبا، هەمان پایەی هونەری و ئەدەبییان هەبوایە، لەوانە: تولستوی، دۆستویفسکی، هەمینگوای ساراماگو... هتد، بەڵام چیرۆکی کورت وەکو تفەنگی تاک تیرە، تەنیا تفەنگچی کارامە دەتوانێ نیشانی پێ بشکێنێت.. کە موپاسان، بە بۆچوون و باوەڕی گەلێک لە پسپۆڕانی بواری ئەدەبیات بە یەکێک لەو تفەنگچییە کارامانە دەژمێردرێت..

هەڵبەتە هەر چیرۆکێکی کورتی هونەری سەرکەوتوو بگری، بارگاویە بە هەوێن و ئامیانی ڕۆمان، واتە چیرۆکی کورتە بە تام وچێژی ڕۆمان، ڕەنگە زۆر ڕۆمانیش، بەتایبەتی ئەوانەی درێژدادڕی ناپێویست و ناهونەرییان تێدا کراوەو دەکرێت، تەنیا بە ڕواڵەت و فۆرم ڕۆمان بن و لە تیمە و ناوەڕۆکدا چیرۆکی کورت بن و شاخ و باڵی زۆریان لێنرابێ، و بەخورتی درێژکرابنەوە!... هەندێک لەناوە پرشنگدارەکانی دنیای ئەدەب، زیاتر بە چیرۆکی کورت ناسراون و باویان پەیدا کردووە و لە گەنجینەی بەرهەمەکانیاندا کەمتر تووشی ڕۆمان دەبین، لەوانە: چیخوف، ئیدگار ئالن پۆو، موپاسان کە بە سێکوچکەی چیرۆکی کورتی جیهانی دەژمێردرێن... بەهەرحاڵ ڕەنگە زاراوەی ئەدەبی، چیرۆکی کورت پێناسە و ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر و جیاواز هەڵبگرێ و لە چوارچێوەی یەک پێناسەی جامع و مانع و هەمە پەسندا جێگەی نەبێتەوە، بە تایبەتی کە چیرۆکی کورت و

چیرۆکی درێژو نۆڤڵ هەن، کە وێڕای هاوخوێنی و خزمایەتی زۆر نزیکیان، لە هەمان کاتیشدا، کەسایەتی و ناسنامەی خۆشیان هەیە... بەهەرحاڵ ئەم باسە، کە باسێکی هونەری زۆر هەستیارە، کورد واتەنی ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت و لێرەداو بەم دەست و بردە جێی نابێتەوە، با بمێنێ بۆ کات و دەرەتان و شوێنێکی دیکە... خۆ ئەگەر لە دنیای کورتە چیرۆکی جیهان ورد ببینەوە، تووشی زۆر چیرۆکی باش و سەرکەوتوو دەبین کەبەڕاستی دەچنە خانەی شاکاری ئەدەبییەوە، کە ئالبومی بەرهەمە چیرۆکڤانیەکانی گی دی موپاسان پڕن لەو شاکارانە، و هەموو مەرجەکانی شاکاریان تیایە و ئەم کۆچیرۆکەی بەردەستی ئێوەی هێژا نموونەی خەرواری بەرهەمەکانیەتی... بەڵام بە پێچەوانەوە زۆر چیرۆکی درێژ و ڕۆمانی قەبەش هەن کەلە ڕاستیا چیرۆکی کورتی فشەڵن و بەنەهەق و لە خۆڕایی شاخ و باڵیان لێنراوە... کەواتە شاکار لە هەر بوارێکی هونەرییدا، مەرجەکانی شاکاری تیابوو، شاکارەو گەورەو بچووکی نییە.

هەڵبەتە موپاسان، لە هەوەڵی گڕوگاڵی کاری قەڵەمڕانیدا دوودڵ بوو لەوەی کەلە چ دەرگایەکەوە وەژوور بکەوێ، لە چ مەیدانێکدا قەڵەمڕانی بکات، مەیلی شانۆنامەنووسی و شیعریشی هەبوو. یەکەمین بەرهەمی موپاسان لەژێر سەرناڤی " هۆزان " و بە ڕێنوێنی فلوبیر بڵاو بووەوە. بەڵام هەر لە هەمان ساڵدا چیرۆکی " بول دو سویف: خڕخەپان " ی بە چاپ گەیاند. سەرکەوتنی گەورەی ئەم چیرۆکە کردیە کارێک خۆی لە بواری نووسیندا یەکلایی بکاتەوە و بە تەواوی بەلای چیرۆکی کورت و ڕۆماندا دای بکێشێت... بڵاوبوونەوەی کردیەکارێک  کە سەرنجی ڕۆژنامەکانی بکەوێتەسەر و داوای بەرهەمی لێبکەن... لە دەیەکانی ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەدا، داب و نەریتی ڕۆژنامە گەورەکانی پاریس وابوو کە هەموو ڕۆژێ چیرۆکێک یان دوو چیرۆکی نووسەرانی هاوچەرخ، هەروەها یەک دوو ڕۆمانیان بە زنجیرە بڵاو بکەنەوە. ئیدی موپاسان زۆر زوو بووبە هاوکاری بەردەوامی هەر دوو ڕۆژنامەی بە سەنگ و ئیحتوباری گلوا، و ژیل بلا. هەموو هەفتەیەک چیرۆکێکی کورتی بۆ هەریەکێک لەم دوو ڕۆژنامەیە دەنووسی. هەڵبەتە زەرووڕەتی بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە چیرۆکانە لە ڕۆژنامانی پڕ خوێنەردا، دەورێکی یەجگار زۆری لە خەملاندنی شێواز و گۆشەنیگای نووسەراتی موپاساندا دیتووە..

ڕوونی، ڕەوانی، ڕاشکاوی و کاریگەری و باندۆری خێرا و کورت بڕی، لە زەروراتی بێ چەند و چوونی ئەو بەرهەمانەن کە ئاراستەی جەماوەرێکی بەرینی خوێنەران دەکرێت.. بۆیە هەموو ئەم تایبەتمەندیانە، چ لە ڕووی فۆرم و چ لە ڕووی نێوەڕۆکەوە لە زۆربەی هەرەزۆری بەرهەمەکانی موپاساندا، بە ڕوونی دەبینرێن.

موپاسان، نووسەرێکی واقیعییە... ئەوەی موپاسان بە چیرۆک و ڕۆمان دەری بڕیوە، هیچ ئالیگری وهەڵوێستگیرییەکی سیاسی و جڤاکی تایبەتی تێدا نییە، بەڵکو چاودێرییەکی بێ لایەنانەی ڕەوشی مرۆڤ وچارەنووسی مرۆڤە. چاودێرییەک لە دیدگایەکی گوماناوی و تەنانەت نائومێدانەشەوە... موپاسان بە شێوەیەکی گشتی کەسێکی ئەوەندە ڕەشبین بوو کە بیری لە نیشاندانی ڕێگەی ڕزگاری نەدەکردەوەو پێی وابوو بەشەر بە سروشت بوونەوەرێکی سەربە گۆبەند وموزیرە وئەرکی نووسەی ئەوەنییە ڕێگە بە خەڵکی نیشانبدات یان بەرنامەی کاری بۆ دابنێت، بەڵکو ئەوەیە کە پەردە لە سەر ئەو خەسڵەتانە لابدات، بۆ ئەوەی کە زیان و ئاسێوی ئەو خەسڵەتانە کەمتر ببنەوە.

موپاسان، لەواری واقیعگەراییدا یەکێک بوو لەو موریدانەی کە پەیڕەوی فلوبیری دەکرد و باوەڕی بە وەسفکردنی وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە و پابەندی بە واقیعەوە، ئەگەر ئەو واقیعە دزێو یان خەمناکیش بێ، هەبوو، بەلای ئەوانەوە بابەت چاک و خراپی نییە، گرینگ واقیعییەتە، هەڵبەتە واقعییەت بە گوێرەی واقیعی چیرۆکەکە، کەدەبێ لەباری هونەرییەوە قەناعەتبەخش بێت. نووسەر نابێ بیروبۆچوون و هەستەکانی خۆی زەق بکاتەوە، دەبێ وەکو پەروەردگاری خالق بێ، نەبینرێ وتوانا بەهەموو شتێک بێ، زاتێک بێ لە هەموو شوێنێ هەستی پێبکرێ و لە هیچ شوێنێک نەبینرێ... بەم پێیە یەکێک لە پرەنسیپەکانی واقیعگەرایی واقیعیەتە، بەڵام گرینگ ئەوەیە چۆن واقیع نیشانبدرێ، واتا واقیع دەبێ بە جۆرێ بهونەرێنرێ کە زۆرترین کار لە خوێنەر بکات.. موپاسان باوەڕی وایە ئەگەر نووسەری ڕیالیستی هونەرمەندبێ، دەبێ هەوڵبدات نەک وێنەیەکی جەڵەبی و سواو و پواوی ژیان، بەڵکو وێنەیەکی کامڵتر، کاریگەرتر و باوەڕکردەنی تر لە خودی واقیع نیشانبدات.

( ٢ )

ئەگەر تەمەشای مێژووی ئەدەبی فەرەنسی بکەین، دەبینین ژانری چیرۆک لە فەرەنسادا هەندێک درەنگ پەیدابووە، لەگەڵ موپاساندا ( ١٨٥٠ – ١٨٩٣ ) پەیدابووەو هەڵکشانێکی بەرچاوی بە خۆوە بینی و پاشان تا ئاخروئۆخری سەدەی بیستەم خامۆش بوو ودامرکایەوە.. هەڵبەتە لێشاوی چیرۆک لای موپاسان کردیە کارێک کە توانای وی لەواری ڕۆماندا درەنگ دەربکەوێت. لەو تەمەنە کورتەدا هەڤدە کۆچیرۆک و شەش ڕۆمانی نووسیوەو بەشێکی بەرهەمەکانی هەوەڵی بە ناوی خوازراوەوە بڵاو کردوونەتەوە کە ڕەنگە زیاتر لەبەر ئەوە بووبێ کە متمانەی بەخۆ نەبووبێ، لە نێوان سالانی ١٨٨١ – ١٨٩٠ دا پتر لە سێ سەد چیرۆکی نووسیوە، کە سەرنجی خوێنەرانی بیانیان، بە تایبەتی ڕووسەکانی ڕاکێشاوە.

تولستۆی کە ڕۆمانی (ژیانێک – ١٨٨٠ )ی موپاسانی خوێندووەتەوە گوتوویەتی: " دوای کلۆلانەکەی ڤیکور هوگو، گەورەترین شاکاری ئەدەبی فەرەنسیە. " ... موپاسان، دوای ئەوەی لە پاریس جێگیر بوو، دۆستایەتی و ناسیاوی لەگەڵ گەورە نووسەرانی زەمانی خۆیدا پەیدا کرد، بەتایبەتی ئەوانەی سەربە ڕێبازی ڕیالیستی و ناتورالیستی بوون، لەوانە: فلوبیر، تورگینیف، زولا، برایانی گونکور، ئیدی ئەمانە بەسەرنووسەرانی ڕۆژنامە گەورەکانی ئەو سەردەمەیان ناساند و هەندێ لە چیرۆکەکانی لەو ڕۆژنامانەدا بڵاو کردەوەو لەوێوە ناسرا و خوێنەرانێکی زۆری پەیدا کرد.

هەڵبەتە چیرۆکەکانی موپاسان پەیوەندییەکی زۆر نزیکیان بە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕۆژانە و ژیانی خودی خۆیەوە هەبوو، ڕەنگدانەوەی ئەم دوو ژیانە لە چیرۆکەکانیا زۆر بە زەقی دیارن، بۆ نموونە نورماندی کە زاگە و زێدی ئەو بوو، بە دەشت و دەرییەوە، بە ڕوبار و دەریایەوە، بەخەڵک و دانیشتوانەکانیەوە، کە بریتی بوون لە دوو چینی میللی و بورژوازی لە زۆر چیرۆکیا ڕەنگدانەوەو دەنگدانەوەی هەیە. پاریس بە پلەی دووەم هاتووە. موپاسان زیاتر سەروساخت و بەرخوردی دەگەڵ کارمەند و فەرماندەێنبچووک و خەڵکی سادە و ساکاری چینە میللیەکاندا، لەگەڵ بویەر و دیاردە سیاسیەکانی شاردا بووە، بەتایبەتی هەر دوو بویەری سیاسی داگیرکاری ئەڵمانی لەسەردەستی بسمارک و شۆڕشی کومونە... هەڵبەتە ئافرەت پانتاییەکی فراوانی لە چیرۆکەکانی موپاساندا پڕ کردووەتەوە، بە تایبەتی ئەو ئافرەتانەی بوونەتە قوربانی پیاوانی دڕندە و گورگ تەبیعەت یان ئەوانەی لە ناچاریا پەنایان بردووەتە بەر لەشفرۆشی.

بایەخێکی تایبەتی بە دایک و خێزان و منداڵ داوە... لە گەوجاتی و ڕیابازی و فێڵبازی خەڵکی، لە بێ باری و بێ هەڵوێستی پیاوانی ئاینی، بە تایبەتی ئەوانەی کە زۆرجار لە پێناوی مەبەست و ئارمانجی سووک و بچووکی خۆدا بازرگانیان بە ئاینەوە دەکرد، بێزاربوو.

هەڵبەتە مەسەلەی مەرگ و شێتاتی و نەخۆشینی دەروونی، پانتاییەکی فرەیان لە بەرهەمەکانی موپاساندا پڕ کردووەتەوە. بە ڕێکەوت لە ئاخروئۆخری ژیانیا تووشی کۆمەڵێک نەخۆشی مێشک و دەمار بووکە بۆماوەی ساڵ و نیوێک هۆشی برد، شێتی کرد، زەمینگیر بوو، دەستی دایە دەمانچەیەک خۆی بکوژێت، بەڵام خزمەتکارەکەی پێشوەختە فیشەکەکانی لێ دەرهێنابوو..

❊❊❊

هەرچەندە نووسەرانی سەربە ڕێبازی ڕیالیزمی فەرەنسی، مایل بوون بەلای درێژدادڕیا تا تابلۆیەکی تەواو دەربارەی کۆمەڵگە نیشان بدەن، تابلۆیەکی پڕ لە وردەکاری وتوڵ و تەفسیل و

ڕستەێن درێژ، بەڵام موپاسان بە پێچەوانەی وانەوە بەلای کورت بڕیدا مایل بوو، لەناو ژانرە ئەدەبییەکاندا زیاتر چیرۆکی کورتی هەڵبژارد کە تەبیعەتی ئەم ژانرە پتر کورت بڕی دەخوازێت و بەکارهێنانی ڕستەێن کورت و بارگاوی بەمانا، لە مەرجە بنەڕەتیەکانیەتی... جا بۆ ئەوەی زیاتر لە ڕاستگۆییەوە نزیک بێ زۆرجار پەنای بردووەتەبەر بەکارهێنانی ڕاناوی یەکەم کەس، لەکاتێکا ڕۆمانی کلاسیکی زیتر بۆ ئەوەی نووسەر بخاتە نەدیوی، پەنای بردووەتە بەر ڕاناوی سێیەم کەس..

( ٣ )

گی دو موپاسان، لە ساڵی ١٨٥٠ لە (شاتوو میرومینل) ی فەرەنسا لە دایک بووە. ڕۆجیاری منداڵی و هەوەڵی گەنجاتی بەوپەڕی خۆشی و ئازادی بەسەر بردووە. لەڕووی بەدەنیەوە باش گەشەی کردووە، لە هاماجی کراوەی نورماندی دا، توانا و بەهرەکانی شکۆفەیان کردووە، تێکەڵی خەڵکی بووە، لە نزیکەوە بە هەست و سۆز و داب ونەریت و بیروبۆچوونەکانیان ئاشنا بووە. کە ئەمە پاشان لە چیرۆکەکانیا ڕەنگی داوەتەوە. لە شاری روان دا خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە.

لە جەنگی ساڵی " ١٨٧٠ " ی نێوان ئاڵمانیا و فەرەنسادا پەیوەندی بە سوپاوە کردووەو ئەمەش لەزۆر چیرۆکیا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام لە ساڵی ١٨٧١دا، لە وەزارەتی فێرکردن و پەروەردەدا بە کاتب دامەزراوەو لەوێ بەچاوی خۆی ئەو کۆمەڵگە بیروکراتەی دیتووە و لەگەڵیاندا ژیاوە و ئەمەش بووە بە یەکیک لە سەرچاوەکانی بابەتێن چیرۆکەکانی... ئیدی شانبەشانی گەشت و گەڕان و وەرزشی بەلەمڕانی کە زۆربەی کاتی دەستبەتاڵی ئەوی دەگرتەوە ڕووی کردە دنیای نووسینیش و لەم وارەدا گوستاف فلوبیری بەڕابەر و مامۆستای خۆی دەزانی، فلوبیر هاوڕێی منداڵی دایکی بوو، ئەو هانی دەدا، بە ڕوانینێکی تازەوە بڕاونێتە واقیع، لەواری نووسین و شێوازی نووسیندا، زۆر مەشق و ڕاهێنانی بەسەردا دەدا، ئەمە جگەلەو باری سەرنجانەی وەکو مامۆستایەکی پسپۆڕ و کارامەی مەیدانی چیرۆک پێی دەدا... و لە ڕێگەی ئەوەوە زۆر نووسەری دیکەی وەک هویسمانس و دودە و زۆلای ناسی... دەستکەوتی دارایی چیرۆک نووسی موپاسان ی هەم لە کارمەندی ڕزگار کرد و هەم ڕێگەی ئەنجوومەن و کۆڕە ئەدەبیەکان و کۆمەڵایەتیەکانی بۆ کردەوە. ئیدی لە ماوەیەکی کورتی دە ساڵیدا، ١٨٨٠ – ١٨٩١ دا، پتر لە سێ سەد چیرۆک و شەش ڕۆمانی نووسیوە.

له ساڵی ١٨٨٣ دا یەکەم ڕۆمانی خۆی بەناوی " ژیانێک " بڵاوکردەوە و ئیدی دوابەدوای ئەو ڕۆمانە، ( بول ئامی، مونت ئوریول، پی یر وجان، دڵی مە و، کوڕی قۆز )ی یەک لەدوای یەک بڵاو کردنەوە.

کار وکۆششی زۆر و لە ڕادەبەدەر موپاسانی زۆر ماندوو وشەکەت کرد و لە تەمەنێکی زووەوە نەخۆشی ئەعسابی لێدەرکەوت و لەساڵی ١٨٨٤ وە بەهۆی ماندوو بوونی فیکری و شەکەت بوونی بەدەنیەوە، نەخۆشیەکەیلە زیادی دا، هەرەسی بە بونیادی سەلامەتی ئەو هێنا و چاودێری پزیشکان و دەرمانی جۆراوجۆر دادیان نەداو شێوانی ئەعساب و مێشک و ترس لە مردن، بەرەبەرە موپاسانیان بەرەو شێتی برد وهەژدە مانگی دوا دوایی تەمەنی لە ئاسایشگای دەروونی بەسەربرد و لە ١٨٩٣/٧/٦ دا لە کاتێکا لە لوتکەی شۆرەت و نێوبانگدا بوو، کۆچی دوایی کرد.

***

موپاسان، بە مامۆستای بێ هاوتای چیرۆکی کورت دەژمێردرێ و بەرهەمەکانی باندۆر و کاریگەری قووڵیان بەسەر چەندین نەوەی چیرۆکنووسانی ڕۆژئاواییەوە هەبووە... موپاسان، بەرهەمێکی زۆری لە پاش خۆی بەجێهێشتووەو جگەلە ژمارەیەک وتاری ڕۆژنامەوانی، دنیایەک بەرهەمی لەواری شیعر، چیرۆک و چیرۆکی کورت، ڕۆمان، سەفەرنامە و شانۆنامە لە دوای خۆی بەجێهشتووە، کە تێکڕا لە بیست وحەوت بەرگا لەدوای خۆی چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

موپاسان ژنی نەهێنا، دۆستێکی هەبوو بەناوی " هروە " کە شەش ساڵ لەخۆی بچووکتر بوو و لە ساڵی ١٨٩٩ دا مرد، لە هروە کچێکی بووە کە ئەمڕۆ تاقە میراتگری گی دو موپاسانە.

موپاسان (١٨٥٠ – ١٨٩٣ ) وەکو ئاماژەمان کردێ یەکێکە لە نووسەرە گەورەکانی فەرەنسا، قوتابیەکی زیرەک وموریدێکی وەفاداری قوتابخانەکەی گوستاف فلوبیر بوو، لەوەوە شێواز و تەکنیکی چیرۆکڤانی فێربووە، وەکو مامۆستاکەی نووسەرێکی ریالیست بووە، هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی خۆی لە جوتیارەوە بگرە تا خوردە بورژوا و بورژوای گەورە و دەرەبەگ وموڵکدار وفەرمانبەری دەوڵەتی لە بەرهەمەکانی خۆیدا وێنە گرتووە و خوێندنەوەی هونەری خۆی دەربارەی وان دەربڕیوە.. بە گوێرەی نوڕین و خوێندنەوەی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بابەت و تیمە و دیاردە و ڕووداوەکاندا کردووە... هەموو ئەوانەی بە زمانێکی زۆر ڕوون و ڕەوان و سادە و دوور لە هەر گۆنگبازییەک، بەرجەستە کردووە. موپاسان هەڕچەندە شەش ڕۆمانی هەیە، کەبە باشترین ڕۆمانی ڕیالیستی دەژمێردرێن، بەڵام شۆرەت و ناوبانگی ئەم نووسەرە،

زیاتر بە چیرۆک و نۆڤلە جۆراوجۆرەکانیەوەیە... کە ( خڕ خەپان = Boule de suif = تپلی ) کەلە ساڵی ١٨٨٠ دا نووسراوە، یەکێکە لە نۆڤلە هەرە باشەکانی.

نووسەر لەم نوڤلەدا، چمکێکی ڕەوشی فەرەنسای شکست خواردووی شەڕی ١٨٧٠ نیشاندەدات.. کاراکتەرانی نۆڤلەکە بریتین لە گەورە بورژوا و سەرمایەدارانی شاری روان، کە دوای گرتنی بەشێک لە فەرەنسا لە لایەن سوپای پرووسییەوە، سەروەت وسامان و موڵکو ماڵەکەیان دەکەوێتە مەترسییەوە و ئیدی دەکەونە حەولەوەلای ئەوەی سەروەت و سامانەکەیان لە تاڵانی و ڕاوڕووت و چەپاوی دژمنی داگیرکەر ڕزگار بکەن. نیشتمانەکەیان کە ڕۆژێ لە ڕۆژان فەرەنسای ناوبوو، ئێستا خۆی لە " جانتایەکی پڕ " لە چەک و بانکەنۆت و ئەسکەناس و سلفە و حەواڵەدا دەبینێتەوەو " نیشتمانپەروەران " هەڵاتوون و لەخەمی ڕزگارکردنی گیانی خۆ و ئەو نیشتمانە (جانتاپڕەکان ) دان و شانیان داوەتە بەر ڕەنجی سەفەر وهەڵاتن.

ئەمانە لەکاتی ئاساییدا، پابەندی هەموو پرەنسیپێکی ئاینی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتین، واتە کە جادەکەی پان بێ، هەموو نیشتمانپەروەری دو ئاتەشە و تەواو عەیارن، بەڵام کە نیشتمان دەکەوێتە تەنگانەو خەتەرەوە، هەرچی بەهایەک هەیە دەیخەنە ژێر پێیان ونیشتمان و ڕزگارکردنی نیشتمان بۆ ئەو کەسانە جێدێڵن کە بەلای ئەوانەوە خەڵکانی گەجەر وگوجەر و جەلۆ و هەرزەپیاو و سووک و چرووکی کۆمەڵگە بوون.. هەزار و یەک جۆرە مەرایی و رۆپامایییان بۆ دەکەن و بە قوربان وسەدەقەیان دەبن، بەڵام هەرکە کەری خۆیان لە پردێ پەڕاندەوە دەگەڕێنەوە سەر هەمان تاس و حەمام و بەهەمان چاوی نەفرەت و سووکەوە تەمەشایان دەکەنەوە.

خڕخەپان، ژنێکی لەشفرۆشە، کە دیارە سەدەمی گومڕایی ئەو بەرەنجامی سیستەمی چەپەڵ و گەندەڵ و داڕوخاوی زەمانی ئەوە، بەڵام خەسڵەت و بەهای مرۆڤانی ئەو ئەوەندە زاڵ و لەسەرە، وێڕای هەموو گۆمڕاییەکی خۆی، بە کردەوە دەیسەلمێنێ کە سەد ئەوندەی ئەو چینەی کە نیشتمانی جانتایەکی پرەو، لە خەمی هەڵاتندایە، بە شەرەفترە.

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە کە نۆ چیرۆکی لەخۆ گرتووە، هەڵبژاردەیەکە لە چیرۆکە زۆر و زەبەندەکانی موپاسان و بەندە لە پێودانگی زەرورەتی کتێبخانەی کوردییەوە، کردوومن بە کوردی و بەپێی توانا هەوڵمداوە پابەندی شێوازی موپاسان ببم، هێڤی خوازم خوێنەرانی هێژا تام و لەزەتی ڕاستەقینەی چیرۆکی کورتیان لێ ببینن، کە چیرۆکی کورتی هونەری تام و لەزەتی تایبەتی هەیە..

تێبینی: بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم وتەیە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

- تپلی و چند داستان دیگر/ گی دو موپاسان / ترجمه: محمد قاضی/ چاپ سوم/ نشر آروین/ تهران/ ١٣٧٢
- داستانهای منتخب/ گی دو موپاسان/ مترجمان: حبیب الله صحیحی و فریده قرچەداغی/ چاپ چهارم/ ١٣٩٢ تهران.
- تلاش مذبوحانه/ داستانهای کوتاه از نویسندگان بزرگ، گزیدەو ترجمه: میهرداد وثوقی/ نشر گل آذین/ تهران ١٣٩٠.
- اولین برف و داستانهای دیگر، گی دو موپاسان/ ترجمه: مهدی سحابی/ نشر مرکز/ چاپ دوم/ ١٣٩١.
- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان/ ن: بوکنەر ب. تراویک/ و: حەمە کەریم عارف، بەرگی دووەم/ دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی/ هەولێر، ٢٠٠٨.
- وزارة الثقافه/ الهیئة العامه السوریه للکتاب/ الحلیة المفقوده/ مجموعة قصصیه مختاره/ تالیف: غی دو موباسان/ ترجمة: انطون موسی عرار/ دمشق/ ٢٠١٤.


٢٠٢٠/٦/٢١

سلێمانی

# خڕخەپان

چەندین ڕۆژ بوو کە دەستە و گرووپی پەراگەندەی لەشکر و قۆشەنی هەڵاتوو، بە شاردا تێدەپەڕین، ئەم خەڵکە نەک بە شێوەی یەکەێن ڕێک وپێک و بە نەزم و نیزام، بەڵکو وەکو پەزی ڕەواوە وابوون، پیاوان، ڕدێن هاتوو وچڵکن و پڵکن و، بە جل وبەرگی سەربازی شڕۆڵە و شەپڕێوەوە، بە هەنگاوی خاو وخلیچک، بێ بەیداخ و بێ فەوج ڕێیان دەکرد. هەر هەموویان ماندوو و شەکەت و ورە ڕوخاو دەهاتنە بەرچاو، توانا وباشاری هیچ بیرکردنەوەو بڕیارێکیان نەبوو، تەنیا وەکو خوو و عادەت ڕێگەیان دەبڕی و هەرکە دەوەستان لە شەکەتیدا بەردەبوونەوە و دەکەوتنە سەر عاردی. لە نێویاندا، بە تایبەتی لە نێو چەکدارەکانیاندا، خەڵکانێکی ئارام و ئاشتی خواز، بە دەرامەتێکی بێ سەریەشەوە، کە ئێستا لەژێر باری تفەنگدا دوولا کۆمابوونەوەو گرووپێن بچووکی گەڕۆکی ئامادەی خزمەت کە سڵ و سرک و زیتەڵ و لە هەڵاتنیشدا وەکو هێرشکردن هەر چاپک بوون دەبینران.

پاشان گرووپی پانتۆڵ قرمزان، لە پاشماوەی لەشکرێک کەلە شەڕێکی گەورەدا شکابوون و تۆپچیانی خەمبار، تێکەڵ بەم پیادە جیاوازانە و زۆربەیان بە کڵاوی سەربازی سوارەوە کەبە زەحمەت بە هەنگاوی قورسەوە بەدووی پیادە قۆچاخەکاندا دەڕۆیشتن، بەرچاو دەکەوتن.

یەکەێن چریکیش بەناوێن قارەمانانەی وەک " تۆڵە ئەستێنان " و " کفن پۆشان " و " گیانبازان " لە شێوەی ڕێگراندا تێدەپەڕین.

فەرماندەکانیان کە کۆنە بازرگانی کۆتاڵ یا ئازووقە و دانەوێڵە و کۆنە بازرگانی پیو و سابوون بوون و زەرووڕەتی حاڵ و ئەحواڵ کردبوونی بە جەنگاوەر وشەڕڤان و پلەی ئەفسەری وان بە گوێرەی ژمارەی ئەشرەفیەکانیان ( ئەشرەفی: سکەیەکی کۆنی ئێرانی بووە ) یان درێژی سمێڵیان بوو، سەراپا چەکدار، بە جل و بەرگ و فانیلەی باش و میداڵ و نیشانانەوە بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد. دەربارەی نەخشەێن جەنگی چەند و چوون و گەنگەشەیان دەکرد ودەیانگوت کە فەرەنسایییەکان بە تاقی تەنیا جەنازە نیوەگیانەکەیان، داوە بەسەر شانی لە ترسا لەرزیوی خۆیدا، بەڵام ئەوانە زۆرجار تەنانەت ترسیان لە نەفەرەکانی خۆشیان کە خەڵکێکی گیان فیدا و زۆر ئازا و سەربازانی تاڵانچی و هەرزە وگەندەڵ بوون، هەبوو.

دەیانگوت، پرووسییەکان بەم زوانە دێنە ناو " روان " ەوە. ئەندامانی گاردی نیشتمانی کە دوو مانگێک بوو لە بێشەکانی دەوروبەرا بە پارێزێکی زۆرەوە خەریکی شناسایی بوون و زۆرجار تەنانەت پاسەوانانی خۆیان دەکوشت و هەرکاتێ کەروێشکێک لەژێر پنجە دڕکێک یان گوێنی

یەکەوە دەرپەڕی با خێرا دەستیان بۆ تفەنگ دەبرد، ئێستا بۆ ماڵی خۆیان گەڕابوونەوە. چەک و تفاقی سوپایی و تەدارەکی دژمنی کوژی وان، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەسەر جادەکانی نیشتمانەوە تا مەودای سێ فرسەخان ترس و لەرزی دەخستە دڵانەوە، لە ناکاوا نەمابوو.

ئەنجامدوا پاشماوەی سەربازانی فەرەنسایی کە تازە لە ڕوباری سن پەڕی بوونەوە تا لە ڕێگای " سن سور " و " بورگ ئاشار " ەوە خۆ بە " پنتودومر " بگەیەنن، لە دوای هەموو ئەمانەوە، سەردار مایوس، کەبەم خەڵکە پەراگەندەیەوە جورئەتی هیچ کارێکی نەبوو خۆیشی بەهۆی هەرەس و نەترەبەردانی گەورەی میللەتێکەوە کە هەمیشە فێری سەرکەوتن بوو، وێڕای ئازایەتی ئەفسانەیی خۆیشی، شکستێکی نەنگینی خواردبوو، زۆر مات و خامۆش بوو، لەنێوان دوو ئەفسەری ژێردەستی خۆیدا بە پێیان ڕێی دەکرد.

پاشان ئارامی و بێدەنگیەکی قورس و چاوەڕوانییەکی ترسناک وخامۆش باڵی بە سەر شارا کێشا. گەلێک لە دەوڵەمەندان و ئەشرافانی ورگ زلی شار کەلە دەوڵەمەندیدا خەسی بوون، بە نیگەرانی وشپرزەیی تەواوەوە چاوەڕوانی داگیرکارانیان دەکرد و لە ترسا دەلەرزین کە نەبادا، شیش کەباب یان کێردی ئاشخانە و مووبەقەکانیان لە جیاتی چەک بگرن و ئەزیەتیان بدەن. لەتۆ وایە ژیان وەستاوە. دووکانان داخرابوون، تاخ و گەڕەک و بانان کڕ وکپ و خامۆش بوون. هەندێجار ڕێبوارێک کە لەم بێدەنگیە دەترسا، فیزماڵکی دەدایێ و سووکێ بەبن دیوارەکاندا بۆی دەردەچوو.

ناڕەحەتی چاوەڕوانی کردبوویە کارێک کە هاتنی دژمنیان بە ئاوات دەخواست.

لە دوا نیوەڕۆی ڕۆژی پاش عەزیمەتیسەربازانی فەرەنسی، چەند کەسێکی نێزەدار کە هیچ دیار نەبوو لە کوێوە پەیدا بوون، بەهەشتاو بە شارا تێپەڕین. پاشان، دوای ماوەیەکی کەم، تارمایی لەشکرێکی قەرەباڵغ لە داوێنی " سنت کاترین "وە پەیدا بوو، لە هەمان کاتدا دوو فەوجی دیکەی داگیرکەران لە جادەکانی " دارنتال " و " بواگیوم " وە دەرکەوتن. ڕێک لەم ساتەدا پێشەنگانی سێ لەشکر لە مەیدانی " گوتیل دوویل " دا یەکیان گرت. سەربازانی ئەڵمانی لە هەموو شەقامەکانی دەوروبەرەوە دەهاتن ولەو کاتەدا کە ئارایشی جەنگی وان، لێک دەبووەوە، شوستەکانیان لەژێر پای مکووم و هاوسەنگی خۆیاندا دێنایە لەرزە.

فەرمانێن سوپایی، کە بە شێوەی هاوار وبەدەنگی نا ئاشنا لەبنەبانی گەروەوە، دەدرا، بە درێژایی ئەو خانووانەی کە مردوو و چۆڵ دەهاتنە بەرچاو، دەچوو بە ئاسماندا و هەر لەم کاتەدا لە پشت پەنجەرە داخراوەکانەوە، چاوانی هەراسانو نیگەرانی ئەم پیاوە داگیرکەرانە بوون کە ئێستا بە گوێرەی " یاسای جەنگ " بووبوون بە خاوەنی هەموو شار و تەواوی موڵک و گیانی خەڵکی.

خەڵکی شار لە ژوورە تاریک کراوەکانی خۆیانا تووشی حەپەسان و سەرسامی بووبوون، لەوجۆرە حەپەسان و سەرسامیانەی کە عادەتەن بەهۆی لەهی و لافاوی گەورەوە، یان بەهۆی بۆمەلەرزەی سامناک و ماڵوێرانکەرەوە، تووشی مرۆڤ دەبێت و هیچ ئەقڵ و تەگبیر و توانا و هێزێک، لە ئاستیا هیچی پێناکرێت، چونکە هەرکاتێ کە نەزم و تەکوزی و نیزام هەرەس دێنێ و ئەمن و ئەمان بار دەکاتو ئەوەی لە پەنای یاسایێن بەشەری و سروشتیدا حەواوەتەوە دووچاری بەربەریەتی هۆڤیانەی دوور لە هەر هەست و ویژدانێک دەبێت، هەمان هەست لەلای خەڵکی چێدەبێت. بوومەلەرزەیەک کە ڕۆڵەی میللەتێک لە ژێر دار و پەردووی خانووانی هەرەس بردوودا پان و پلیش دەکاتەوە، شەتێکی هەوسار پچڕیو کە جەستەی جووتیارانی خنکاو لەگەڵ لاشەی گاو گۆتالان و لەگەڵ دەستەکی بن میچی خانوواندا پێکەوە ڕادەماڵێت، لەشکرێکی داگیرکەر کە داکۆکیکاران قەتلۆعام دەکات و دیل و یەخسیران لەگەڵ خۆیدا دەبات، بە زەبری شمشێر دەست بە تالان و چەپاو دەکات و بەگرم و هوڕی تۆپان شوکری خوا دەکات، هەر هەموویان لەو بەڵا ترسناکانەن کە هەرجۆرە ئیمان و باوەڕێک بە عەدالەتی ئەزەلی و هەرجۆرە متمانەیەک بە پشتیوانی خوا و بەو ئەقڵ و ئاوەزە بەشەریانەی کە فێرمان دەکەن، لەق و لاواز دەکەن.

بەڵێ، دەستە ومەفرەزەی بچووک بچووک، لەبەر هەر ماڵێکا دەوەستان، لە دەرگایان دەدا و پاشان سەردەرانەی خانووەکەیان دەردێنا، نها دوای تالانی نۆبەتی داگیرکاری بوو. ئیدی ئەرکی بن دەست وشکست خواردووان بوو کە مەرایی داگیرکەر و سەرکەوتووەکان بکەن وخۆیان نەجیب ومیهرەبان بنوێنن.

دوای مودەتێک، هەرکە شەپۆلی یەکەمی ترس ڕەوییەوە، ئارامیەکی تازە باڵای بەسەر دەڤەرەکەدا کێشا. وایلێهات لە زۆر ماڵدا، ئەفسەری پرووسی لەسەر سفرە نانی دەخوارد. هەندێجار ئەم ئەفسەرە ئەگەر هەندێک بە تەربیەت بوایە، لەڕووی بە ئەدەبی خۆیەوە جۆرە هاوسۆزییەکی دەگەڵ فەرەنسییەکاندا دەکرد ونەفرەتی لە خۆی دەکرد کە بەشداری ئەو شەڕەی کردووە. خەڵکی سوپاسی ئەو هاوخەمی و هاوسۆزییەی ئەویان دەکرد و پاشان هەر ئەو ڕۆژە یا ڕۆژی دواتر پێویستیان بەو دەبوو، تا بەڵکو بە هۆی ئەوەوە خەڵکی کەمتریان بۆ نانخواردن بکەنە سەر وئەوسڵەن بۆچی کەسێک برەنجێنن کە هەموو شتێکیان بە بوونی ئەوەوە بەند بوو؟ ئەو جۆرە ڕەفتارە زیاتر زادەی بێ پەروایین نەک زادەی ئازایەتی – چونکە ئیدی دەوڵەمەند و ئەشرافانی شاری روان وەکو ئەو ڕۆژگارانەی کە ئەو شارە بە بەرەڤانی و بەرگریی قارەمانانەی خۆی بەناوبانگ بوو، عەیبی بێ پەرواییان نەبوو- ئەنجام بە هەموو بەڵگەیەکی ئەتکێت و داب و نەریتی شارنشینی فەرەنسایی باوەڕیان وابوو کە هێشتا ئەدەب ونەزاکەت سەبارەت بە سەربازانی بێگانە

لەناو ماڵەکاندا ڕێگەپێدراوە، بەو مەرجەی بەبەرچاوی خەڵکیەوە، ڕوویان نەدەنێ ومجامەلەیان نەکەن. لە دەرێ ڕا ڕوویان بەیەک نەدەدا، بەڵام لە ماڵەکاندا قسەیان بەیەکەوە دەکرد وسەربازی ئەڵمانی هەموو شەوێ زیاتر وەختی خۆی لەبەر ئاگری هاوبەشی ماڵەکەدا بەسەر دەبرد.

شارەکەش، بەرەبەرە دۆخی ئاسایی جارانی خۆی پەیدا دەکردەوە. فەرەنسییەکان، هێشتا بە هیچ جۆرێ لەماڵ نەدەچوونە دەرێ، لێ سەربازانی پرووسی بە کوچە وکۆڵان وتاخ وگەڕەکەکاندا دەسووڕانەوە. لەمەش بترازێ ئەفسەرانی سوارەی شینپۆش (ئەڵمانی) کە ئامێری قورسی جەنگی خۆیان بەبێ شەرمی بەسەر سەڵبەندی شەقامەکاندا ڕادەکێشا، بە ڕواڵەت دەرهەق بە خەڵکی ئاسایی شارەکە، ئەو ئەفسەر وتیرەندازانەی (فەرەنسی) کە پارەکە لەم کافانەدا مەیگوساریان دەکرد، زیاتر بێڕێزیان دەکرد.

وێڕای ئەمەش، دەتگوت شتێک لە ئارادایە، شتێکی نا ئاشنا بەڵام هەستی پێدەکرا، هەوایەکی نامۆ و تەحەموول ناپەزێر، وەکو ئەوەی بۆنێک بڵاوبووبێتەوە، بۆنێک دەهات، بۆنی هێرش وتالآن و برۆ و ڕاوڕووت. ئەم بۆنە هەموو ماڵ و مەیدانە گشتیەکانی پڕکردبوو، تامی خواردنەکانی گۆڕی بوو وئەم هەستەی لەلای جەماوەری خەڵک دروستکردبوو، دەتگوت هەموویان لە سەفەرێکی دوورودرێژا، لە نێو کۆمەڵێک خێڵی هۆڤی وترسناکدا دەژین.

داگیرکەران پارەیان داوا دەکرد و زۆریشیان داوا دەکرد و، دانیشتوانیش هەمیشە سەری خۆیان دەقەبڵاند، چونکە بووەو دەوڵەمەند بوون. بەڵام بازرگانی نۆرماندی تا داراتر دەبێ، زیاتر بە چاوپۆشی و فیداکاری، ئیدی بەهەر جۆرێ بێ و، بەوەی کە بینی تەنانەت ئەگەر کەمێک لە ماڵ و سەروەتەکەی بکەوێتە دەستی خەڵکانی دی، قەڵس و پەست دەبێت.

لەم کاتانەدا، زۆرجار بەلەمڕانان و ماسیگران، لە دوو سێ فەرسەخی خوار شارەوە، بە درێژایی ڕوبارەکە و بەدەستی ئاواییەکانی " کرواسە " و " دی یپ دال " و " بیەسار " دا جەنازەی هەڵئاوساوی ئەڵمانییەکیان بە جلکی سوپاییەوە کە بە زەربی خەنجەر یان بە لەقە کوژرابوو و سەریان بەبەردا کێشابوو، یان لە سەر پردەکەوە شانیان لێدابوون و خستبوویانە ئاوەکەوە، لە قووڵی ئاوەکەدا دەردێنا. قوڕ وسیانی ژێر ڕوبارەکە ئەم تۆڵە بێدەنگ و دادوەرانەیەی، واتا ئەم قارەمانیە نادیارو ئەم هێرشە گۆنگ و خامۆشانەی کە لە جەنگی ئاشکرا ودوور لە هەر دەنگدانەوە و شانازییەک ترسناکتر بوو، لەخۆیدا دەناشت. بەهەرحاڵ نەفرەت لە بێگانە، هەمیشە ژمارەیەک بێباک و گیان فیدا کە ئامادەن لە پێناوی بیروباوەڕی خۆدا بمرن، بۆ چەک هەڵگرتن هاندەدات.

ئەنجام، داگیرکەران، هەرچەندە بە خورتی وبەزەبر وزەنگی وشکی خۆیان شاریان تەواو کۆنترۆڵ کردبوو، هیچ کردەوەیەکی دڕندانەیان، لەو کردەوانەی کەوا باو بوو، بەدەم ڕێ ڕەوی سەرکەوتوانەی خۆیانەوە کردبوویان، بەرانبەر بە خەڵکی شار نەدەکرد، خەڵکەکە ترسیان شکا، نیازی بازرگانی ومامەڵە وکاروکاسبی، جارێکی دی کەوتە ختووکەدانی دڵی مامەڵەچی و بازرگانانی دیار ودەڤەرەکە. هەندێک لەوانە بەرژەوەندییەکی زۆری لە بەندەری " هاڤر " کەلەژێر دەسەڵاتی قۆشەنی فەرەنسادا بوو، هەبوو، بڕیاریان دا بە هەر ڕێگەیەک بووە لە ڕێگای وشکانییەوە خۆ بگەیەننە " دی یەپ " و لەوێندەرەوە بە کەشتی بۆ هاڤر بڕۆن. ئەمانە سوودیان لە دەسەڵاتی ئەفسەرانی ئاڵمانی، کە ئاشنایەتیان لەگەڵیان پەیدا کردبوو، وەرگرت ومۆڵەتی سەفەریان لە فەرماندەی گشتی وەرگرت.

ئەوەبوو بیریان لەوە کردەوە کە گالیسکەیەکی گەورەی چوار ئەسپی نەفەران پەیدا بکەن و بەکرێ بگرن، پاش ئەوەی دە نەفەرێک لەلای عەرەبانچییەکە ناوی خۆیان نووسی، بۆ ئەوەی خۆ لە ئاپۆڕای جەماوەری خەڵکی ببوێرن، بڕیاریان دا، ڕۆژێکی سێ شەممە، سپێدە زوو، بەرلە خۆر کەوتن بکەونەڕێ.

ماوەیەک لەوەپێش سەهۆڵبەندان، عەرد و بەردی تەنی بوو، عەسری دووشەممە، نزیکی سەعات سێی دوا نیوەڕۆ، گەواڵە هەورێن توونd و تاریک کەلە باکوورەوە دەهاتن، بەفرێکیان لەگەڵ خۆدا هێنا کەبە درێژایی ماوەی ئەو عەسر وئەو شەوە لە یەکبینە باری.

سەعات چوارونیوی بەیانی، ڕێبوارەکان لە حەوشەی ئوتێل نۆرماندی دا کە دەبوا گالیسکەکە لەوێندەر چاوەڕوانیان بکات و لەوێوە سواربن و بکەونەڕێ.

هەموویان هێشتا خەواڵوو چاو بە خەو بوون، لە ژێر پاڵتۆکانیانەوە لە سەرما هەڵدەلەرزین. دنیا ئەوەندە تاریک بوو کەبە باشی یەکتریان نەدەبینی و بەو جلە قورسە زستانیانەوە کەبەسەر یەکدا لەبەریان کردبوو، لە کەشیشانێکی قەڵەو دەچوون کە جبەی درێژیان لەبەربێت. بەڵام دوونەفەریان یەکیان ناسییەوە. نەفەری سێیەمیش لێیان نزیک بووەوەو بە سێ قۆڵی کەوتنە قسان. یەکێکیان گوتی: " من ژنەکەم لەگەڵ خۆدا دێنم. " دووەمیان گوتی: " منیش دەی هێنم " و سێیەم گوتی: " منیش. " لێدرێژەی دایە: " ئێمە ئیدی بۆ ڕوان ناگەڕێینەوە و ئەگەر پرووسیەکان لە هاڤر نزیک ببنەوە، دەڕۆین بۆ ئیگلستان. "

چونکە هەموویان هەمان سروشت وهەمان دۆخ و ڕەوشیان هەبوو، هەمان نیاز ونەخشەیان هەبوو.

ویڕای ئەمەش هیچ هەواڵێک لە بەستنی گالیسکەکەوە نەبوو. فانۆسێکی بچووک بەدەست مەیتەرێکەوە جارجارێ لە دەرگایەکی تاریکەوە دەهاتەدەرێ و یەکسەر لە لایەکەی ترەوە ون دەبوو. ئەسپەکان کەبەبۆنی سرە وپەین هاتبوونە جۆش سمکۆڵانیان دەکرد، دەنگی پیاوێک کە لەگەڵ وڵاخەکاندا قسەی دەکرد وجنێوی دەدا، لە بنەبانی بیناکەوە دەهاتەگوێ. زرینگانەوەی سووکی زەنگۆڵەکان ئەوەی ڕاگەیاند کە مژوولی بەستنی جل و جنجۆڕی ئەسپەکانو نیرومژان و ئامۆری گالیسکەکەن، ئەم جم وجوڵانە بەرە بەرەو لە سۆنگەی تەکانی یەک لەدووی یەکی وڵاخەکانەوە، دەگۆڕا بۆ زەمزەمەیەکی خویا و بەردەوام و هاوسەنگ. هەندێجار ئەم زەمزەمە و ورتەورتانە قوت (قەتع) دەبوو، لێ دوای ماوەیەکی زۆر کەم، لەگەڵ تەکان و تەڤگەرێکی لە ناکاوی تێکەڵ بەدەنگی بەرخوردی ناڵی ئەسپ بە عاردی، سەرلەنوێ دەستی پێدەکردەوە.

لەناکاوا دەرگاکە دووبارە داخرایەوە. هیچ دەنگێکنەما. ئەشرافەکان کەلە سەرما سڕ بووبوون، لە قسان کەوتبوون. هەموو وشک و بێ جووڵە ڕەق ڕاوەستابوون.

پەردەیەکی یەک دەست لە کلو بەفرێن سپی بەدەم سەماوە دەکەوتە عاردی ودەدرەوشایەوە. ئەم پەردەیە، شکڵەکانی مەحو دەکردەوە و توێژاڵە بەفرێکی نەرمی بەسەر شتەکاندا دەدا، ئیدیلەو بێدەنگیە قووڵەدا شار کە خەریک بوو دەکەوتە ژێر بەفرەوە، جگەلە ڕاز ونیازی نادیار و بێ نیشان و بە شەپۆلی کلوبەفر کە هەست پێدەکرا، بەڵام دەنگی نەبوو، جگەلە تێکەڵاوبوونی گەریلەی ورد کە دەتگوت ئاسمان و دنیا دادەپۆشێت، هیچ دەنگێک نەدەهاتەگوێ.

کابرا، بەخۆی و فانۆسەکەیەوە گەڕایەوە، هەوساری ئەسپێکی خەمینی کەبەپێی خۆی نەدەهات، لەدووی خۆی ڕادەکێشا. ئەسپەکەی لە تەنیشت مژانەکە ڕاگرت، و قایش و قروشەکانی بەست و ماوەیەکی زۆر بە دەوریا سووڕایەوە تا لەتووند بەستنی مژان و نیر و شتەکانی دی دڵنیا ببێت، چونکە بەیەک دەست کاری دەکرد وبە دەستەکەی دیکەی چراکەی گرتبوو. وەختایەک ویستی بڕوات ئەسپی دووەم بێنێ، کە چاوی بە هەموو نەفەرەکان کەوت، بێ جووڵە وەستابوون و لە بەفرا سپی بوون پێی گوتن: - بۆچی سوار نابن؟ ئەوێ باشترە، بەلای کەمەوە پەنایە.

هەرگیز بیریان لەوە نەکردبووەوە، بۆیە بەهەشتاو خۆیان بەناو گالیسکەکەدا کرد. سیانیان، ژنەکانیان خستنە بنەبانی گالیسکەکەوەو پاشان خۆشیان سوار بوون. ئەوجا زەلامەکانی دی کەسەری خۆیان داپۆشی بوو، بێئەوەی تاقە قسەیەک بەیەکەوە بکەن سواربوون. ناو گالیسکەکە بە کا داپۆشرابوو، پێی ڕێبوارەکان دەچوو بە کایەکەدا. مەقەڵیەکانیان پێکرد و، دوای تۆزێک بە

ئەسپایی کەوتنە ژماردنی ئەرێنی و چاکییەکانی مەقەڵی و هەموو ئەو شتانەیان کەلە مێژ بوو دەیانزانی بۆ یەکیان دووبارە کردەوە.

ئەنجام وەختێ گالیسکەکەیان لە جیاتی چوار ئەسپ، بەهۆی گرانی بارەکەیەوە، لە شەش ئەسپ بەست و دەنگێک لە دەرێ ڕا پرسی:- هەمووان سوار بوون؟

لەناوەوە وەڵامیان دایەوە:- بەڵێ.

و ئیدی بەڕێکەوتن.

گالیسکەکە، هێدی هێدی دەڕۆیی. چەرخەکانی لە بەفرا ڕۆدەچوون. ناو گالیسکەکە، لەم سەر تا ئەوسەر، تەقەتەقێکی وشکی لێ بەرز دەبووەوە. ولاخەکان داخزین، هانکەهانکیان دەکرد و هەڵم لە دەم ولووتیانەوە بەرز دەبووەوە. قامچییە گەورەکەی عەرەبانچییەکە بەردەوام دەی فیشکاند و دایمە لە جووڵەدا بوو، وەکو مارێکی باریک لوولی دەخوارد، دەکرایەوەو لەناکاوا زەربەیەکی توندی دەوەشاند ودووبارە وخێراتر دەکشایەوە.

ڕۆژ بە ئاشکرا بەرز دەبووەوە. ئەو بەفرە وردەی، کە ڕێبوارێکی خەڵکی " روان " بە بارانی پەمووی شوبهاندبوو، ئیدی نەدەباری، خۆشی کردبووەوە. ڕوناکییەکی چڵکن، لە پشت پەڵە هەورە درشت وتاریک وبارانزاکانەوە، سەری دەکێشا و دەشتەکەی، کە هەندێجار ڕیزێک درەختی وشکی چلورە گرتوو و هەندێجار کولبەیەکی سەربە بەفری تیا دەبینرا، ڕوناکتر نیشاندەدا.

لەناو گالیسکەکەدا، ڕێبوارەکان بە کونجکاوی (لاپرەسەنی) و لەبەر ڕۆشنایی خەمناکی ئەو سپێدەیەدا تەمەشای یەکدییان دەکرد.

ئاغا وخانم لوازو، لە بنی بنەوە، لە باشترین شوێنی گالیسکەکەدا ڕووبەڕووی یەکدی دانیشتبوون، ئەم پیاوە گەورەترین بازرگانی شەرابی تاخ و دەڤەری" گران پون " بوو.

لوازو، کاتی خۆی سکرتێری گەورە بازرگانێک بوو کە نابووت بووبوو، ئیدی داراییەکەی ئەوی کڕی بووەوەو سەروەت وسامانێکی پێکەوە نابوو. ئەم پیاوە شەرابی زۆر خراپی بە نرخی هەرزان بە خوردە فرۆشیارانی دێهات دەفرۆشت و لە نێو دۆستان و ئاشنایانی خۆیدا بە فێڵبازی بێ ئامان و نۆرماندی پڕ فەندەڵ فێڵان و خۆشخوو ناسرابوو.

جگە لەمانە ئاغای لوازو، بە سێبەندیەتی و قۆشمەچیاتی و شۆخیانی ناشرین و جوان بەناوبانگ بوو، کەناوی دەهات کەس نەبوو وخۆبەخۆ هەڵنەداتێ ونەڵێت کە: " بەڕاستی ئەم لوازویە بێ قیمەتە! "

کابرایەک بوو بەقەد وبالا وردیلە وناحەز، ورگی دەتگوت میزەڵانە، لە سەرووی ئەو ورگەوە، دەم وچاوێکی سوور لەنێوان دوو تۆپەڵە ڕدێنی درێژی کەوەییدا، سەرەتاتکێی دەرد.

هاوسەرەکەی، ژنێکی زەلامی بەکەلەش بەئیرادەی دەنگ دلێر وخودان قەراری خێرابوو. بەنەزم و نیزام وبە داینەمۆی فرۆشگاکەیان دەژمێردرا و ئیدی جوڵە و ڕەونەقی تەواوی بەو دەزگایە دابوو.

کابرایەکی بەڕیزترو دەوڵەمەندتر لەوان کە ناوی "کارەلامادون" بوو وکەسایەتی و کاراکتەرێکی بەرجەستەی هەبوو، لەلای ئەوانەوە ڕۆنیشتبوو، ئەم پیاوە خەریکی بازرگانی لۆکە و پەموو بوو، خاوەنی سێ کارخانەی چنین و جۆلایی بوو و ئەفسەری "لژیون دونور" و ئەندامی ئەنجوومەنی گشتی بوو. ئەم پیاوە، بە درێژایی دەورانی ئیمپراتوری، سەرۆکی دەستەی دژبەرانی ئیمپراتۆر بوو، کە دژایەتی و ناڕەزایی خۆی بە شێوەیەکی ئاشتیانە و بە نەزاکەتەوە دەردەبڕی. ئەمەشی بەو تەماحە دەکرد کە دەرفەتێکی زیاتری ئاشتی لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا پەیدا بکات کە خۆی گوتەنی بە چەکی نەزاکەت شەڕی لەگەڵ دەکرد. خات کارەلامادون کە زۆر لە مێردەکەی گەنجتر بوو مایەی دڵخۆشی ئەو ئەفسەرانە بوو، کەلە بنەمالانی دەوڵەمەند بوون و بۆ سەربازگەی ڕوان دەگوازرانەوە.

ئەم ژنە لە چاو مێردەکەیدا زۆر وردیلە ونەرمۆڵە وفرە خشیک بوو، خۆی لە پاڵتۆ فەرووەکەیەوە پێچابوو و بەنیگایەکی خەمین دەیڕوانیە ناو گالیسکەکە.

دراوسێکانی، ئاغای کۆنت و خات کونتس " هوبرد وبرەڤیل " لەیەکێک لە کۆنترین و نەجیب ترین ماڵباتێن نورماندی بوون. کۆنت کە نەجیمزادەیەکی پیری زۆر ڕێک وپێک و پۆشتەوپەرداخ بوو، بەجۆری جل و بەرگ و دەست بەخۆدا هێنانەکەیا، دەیویست ئەوە بنوێنێ کە زۆر لە هنری چوارەم پاشای فەرەنسا دەچێت. بەگوێرەی ئەفسانان و حیکایەتە مێژووییەکان کەبە یەکێک لە شانازیە خانەوادەگیەکان دەژمێردرا، هنری چوارەم خانمێکی لە بنەماڵەی "برەڤیل" ئاوس کردبوو و مێردەکەی لە بری ئەم شانازیە، کرابوو بە کۆنت و فەرمانداری ئەو دەڤەرە.

کۆنت هوبر، هەڤکاری ئاغای کارەلامادون لە ئەنجوومەنی گشتیدا، نوێنەری حیزبی"ئورلیانیست" بوو لەو ئەنجوومەنەدا.

مێژووی زەماوەندی ئەو لەگەڵ کچی کابرایەکی کەشتیوانی خەڵکی " نانت "دا، یەکێک بوو لە ڕاز و نهێنییە شاردراوەکان، بەڵام کونتس چونکە بە ڕواڵەت لە ئەشرافزادە دەچوو و لە هەموو کەس باشتر میوانداری دەکرد و تەنانەت باوش بوو کە ڕۆژگارێک حەزلێکردەی یەکێک لە کوڕانی لویس فلیپی(پاشای فەرەنسا) بووە. هەموو نەجیبزادە و دەوڵەمەندەکان ڕێزیان دەگرت و دیوەخانەکەی

ئەو یەکێک بوو لە دیوەخانە دەرەجە یەکەکانی وڵات و تاقە جێیەکبوو کە هێشتا داب و نەریتی ڤیان و عیشوەگەری و ئاشقێنی بە ڕەسمی کۆن تیادا پارێزراو بوو و چوونە ئەوێ زۆر زەحمەت بوو.

 سەروەت وسامانی ماڵباتی برەڤیل کە هەرهەمووی بریتی بوو لە موڵک ومردەماڵ، بۆیە دەیانگوت دەرامەتی ساڵانەی دەگەییە سەد هەزار لیور.

ئەم شەش نەفەرە لە ناو گالیسکەکەدا کۆمەڵگەیەکی ئەلاحەدەیان پێک هێنابوو کە هەرهەموویان بە خەڵکانی پڕ دەرامەت ودەوڵەمەند وئارامیخواز و، بە دەسەڵات ودەستڕۆ و شەریف و بەڕێز، بە خەڵکانی پابەندی ئۆل ومەزەب، دەژمێردران.

بەڕێکەوت هەموو ژنەکان لەسەر یەک تەخت و لە تەنیشت کۆنتسەوە دانیشتبوون. دوو ڕەبەنیتە(ژنانی تەرکە دنیای مەسیحیەت، ماسێر)ی کلێساش دانیشتبوون، سەر ودەستحێبی درێژیان بەدەستەوە بوو و بەدەم دەستحێب گێڕانەوە، لەبن لێوانەوە وێرد ونزایان دەخوێند.

یەکێکیان پیرەژنێک بوو کە ئاوڵە دەموچاوی کونج کردبوو. دەتگوت ساچمە زەنێکیان لە دەم وچاویا خاڵی کردووە. ڕەبەنیتەکەی دی ژنێک بوو زۆر لاواز ومردەلۆخ، کە سەرە جوان و ئامال نەخۆشەکەی بەسەر سینگەبە ڕواڵەت سیلاویەکەیەوە شۆڕ بووبووەوە- سینەیەکی پارچە پارچە لە ئیمانێکی خۆرەئاسا کە ئیماندار دەگەیەنێتە پایەی شەهیدان وخاوەن ئیلهامان.

لە بەرانبەر ئەو دوو تەرکە دنیایەدا، پیاو وژنێک سەرنجی هەموانیان بۆلای خۆ ڕاکێشابوو.

پیاوەکە کەزۆر ناسراو بوو جەنابی " کورنودە "ی ئازادیخوازی بە نێوبانگ بوو وکەسێک بوو کە بەمایە وبایسی ترسی خەڵکی بەڕێزی شار دەهاتە ژماردن. بیست ساڵ دەبوو کە ئەم پیاوە، ڕدێنە سوور ودرێژەکەی خۆی لە پەرداخێن هەموو کافە دیموکراتیەکان وەردەدا وتەڕ دەکرد. سەروەتێکی زۆری لە بابیەوە، کە یەکێک بوو لە شیرینی فرۆشە کۆنەکان، بە میرات بۆ مابووەوە و هەرهەمووی لەگەڵ هاوڕێ ودۆستەکانی خۆیدا خواردبوو وئێستا بەوپەڕی بێ سەبری چاوەڕوانی ئەوەبوو وڵات ببێ بە کۆماری تا لەبری ئەو هەموو خەرجیە شۆڕشگێڕیەدا، پۆستێک، کەبە هەقی ڕەوای خۆی دەزانی، وەربگرێت.

لە چواری سێپتەمبەردا، وادیارە لە ئەنجامی سوعبەتێکی پێ ڕابواردنا کەلەگەڵ ئەویان کردبوو، بە تەسەوری ئەوەی بووە بە فەرمانداری شار، چووبوو کارەکەی وەربگرێ و دەست بەکارببێت، چونکە جگە لە پێشخزمەتەکانی دایەرە کەسی دی لەوێندەر نابێ و ئەوانیش ئیعتراف بە پۆست و

عینوانەکەی ناکەن، ناچار دەست لە گونان شۆڕتر دەگەڕێتەوە. وێڕای ئەمەش کوڕێکی زۆر چاک و بێوەی وخزمەتگوزار بوو ولە تەدارەکی بەرگری و بەڕەڤانی لە شار، هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دابوو. دەستووری دابوو، لە دەشتا ولە دەوری شار خەندەک و سەنگەر لێبدەن و درەختانی جەنگەڵەکانی دەوروبەر ببڕنەوە و لەسەر ڕێگا و بانەکاندا وەکو کۆسپ دای بنەن و، هەرکە دژمن نزیک بووبووەوە، سووک و ئاسان تەدارەکی بەرەڤانی خۆی بلەز بەرەوشار گواستبووەوە. ئێستا پێی وابوو کە بوونی لە "هاڤر" بە سوودتر دەبێ و ڕەنگە لەوێش پێویست بە سەنگەربەندی و خەندەک لێدانی تازە، ببێت.

ژنەکە، یەکێک بوو لەوانەی کە بە "ڕوسپی" بەناوبانگن و لەبەر زۆر قەڵەوی نازناوی توپولی (قەڵەو، خڕپن)یان لێنابوو.ژنێک بوو کورتەبالا و خڕخەپان، ئەوندە قەڵەو بوو کە بەدەنی یەکپارچە پیووچەوری بوو، قامکە قەڵەوەکانی ئەوەندە ئەستور بوون،دەتگوت سوسیسنن و لە پەتی کورت هەڵکێشراون. پێستی بەدەنی ساف و بریقەدار بوو، بەرخەبەبە قەڵەوەکەی بەجۆرێ هاتبووە خوارەوە، لەژێر کراسەکەیەوە دیاربوو. وێڕای ئەمەش، دەم وچاوی ئەوەندە تەڕ وبڕ وگەش بوو، تەماحی دەخستەبەر پیاو. دەم وچاوی لە سێوە لاسوورەیەک یان لە خونچەی ڕەبەنۆکێ دەچوو کە دەیویست بپشکوێت. دووچاوی مەست و کەژاڵ بە ڕوویەوە دەدرەوشانەوە کە ڕیزێک برژانگی چڕ ودرێژ سایەیان خستبووەسەر، دەمی جوان، ددانی ورد و بە بریقە، ئەمە جگە لەوەی کە دەیانگوت ئەم ژنە زۆر خەسێت و ئەرێنیانی گرانبەهای هەبوو.

ئامادەبووان هەرکە ناسییان، ئیدی چرپ وچۆپ کەوتەنێو ژنە نەجیبەکان و وشەێن وەکو "قەحپە " و " نەنگی کۆمەڵگە "یان بە ڕادەیەک بەدەنگی بەرز بە گوێی یەکدا دەدا کە ئەو سەری هەڵبڕی. ئیدی خێسەیەکی بوێرانەی لە یەک بەیەکی دراوسێکانی خۆی کرد کە یەکسەر بێدەنگیەکی قووڵ باڵی بەسەر هەمووانا کێشا و هەموو چاویان داخست وسەریان لەبەرخۆنا، تەنیا ئاغای لوازو نەبێ کەبەوپەڕی تامەزرۆیی و نەوسنیەوە، بەوپەڕی دزییەوەو ژێراوژێر تەمەشای دەکرد.

بەڵام، هەر زوو گفتوگۆیەکی گەرم لەبەینی ئەو سێ خانمەدا، کەبە ئامادەبوونی ئەم ژنە، لە ناکاوا بووبوون بە دۆستی گیانی بەگیانی، سەرلەنوێ دەستی پێکرد. بەبۆچوونی هەرسێکیان پێویست بوو کە پەردەیەک لە نێوان شەرافەتی مێرداری خۆیان و ئەم ژنە سووک و هەرزەیەدا دابنەن، چونکە عەشق وڤیانی شەرعی و یاسایی هەمیشە لە عەشق و ڤیانی ناشەرعی و نا یاسایی دڕدۆنگ وبێزارە.

سێ پیاوەکەش کەبە حوکمی سروشتی محافەزەکارانەی خۆیان بە دیتنی کورنودە لێکدی نزیک بووبوونەوەو بە ڕاوێژێکی تایبەتی، کەبەلای خەڵکی هەژارەوە ناپەسندە، باسی پارە وپولیان هێنایە ئاراوە. کۆنت هوبر باسی ئەو زیانانەی دەکرد کە پرووسییەکان لەویان دابوو و باسی ئەو زیانانەی دەکرد کەبەهۆی دزینی مەڕومالاَت و پەزان و فەوتانی دەغڵ و دانەوە لێی کەوتبوون و، بە ڕاوێژی مەلاکێکی گەورەی ئەوتۆوە قسەی دەکرد کە سەروەت وسامانەکەی لە دە ملیۆن زیاتر بێت و ئەم زیانانە زەحمەتە دەورانی تەنگانە و تەنگژەی دارایی ئەو بگەیەننە ساڵێک. ئاغای "کارەلامادون" کە لە پیشەسازی و پەموو ڕێسی و چنیندا زۆر ئازمودە و کارامە بوو، بۆ ئیحتیات و بۆ ڕۆژی تەنگانە شەش سەد هەزار فرانکی بۆ ئینگلستان ناردبوو. وەکو یەکێک کە یەک هەرمێی بۆ تینویەتی ڕۆژی تەنگانە هەڵگرتبێ. بەلاَم لوازو کارێکی کردبوو کە هەموو شەرابە ئاساییەکانی ژێرخانەکەی خۆی بە پێشکار وکونسولی گشتی ولاَتی فەرەنسا فرۆشتبوو، بەجۆرێ کە دەوڵەت پارەیەکی زۆر بەو قەرزار بوو و بەئومێد بوو کە ئەم پارەیە لە هاڤر وەربگرێت.

هەرسێکیان تەمەشای خێراو دۆستانەی یەکیان کرد. هەرچەندە ڕەوش ودۆخی جڤاکی جیاوازیان هەبوو، بەلاَم بەهۆی پارەداری و پەیوەندی بەرینی فراماسونی لە نێوان هەموو ئەو کەسانەدا کە سەروەت وسامانێکیان هەیە وکە دەست بۆ گیرفانی خۆ دەبەن زڕەی پارەی لێ هەڵدەستێ، سەبارەت بەیەکدی هەستیان بە برایەتی دەکرد.

گالیسکەکە ئەوەندە خاو دەڕۆیی کەلە سەعات دەی بەیانییەوە هێشتا چوار فەرسەخانی نەبڕی بوو. پیاوەکان سێ جاران دابەزی بوون تا هەورازە سەختەکان بە پێیان تەی بکەن. بەرە بەرە دڵیان کەوتە غایلە، چونکە قەراربوو فراڤین لە تت بخۆن و ئێستا ئومێدی ئەوەیان نەبوو کە بۆ خۆرئاواش بگەنە ئەوێ. هەموو بە تەمابوون لەسەر ڕێگا تووشی قاوەخانەیەک بن کەلەناکاوا گالیسکەکە کەوتە چاڵێکی پڕ بەفرەوەو بە دوو سەعاتان ئەوجا بۆیان دەرهاتەوە.

برسیەتی سات بە سات زۆری بۆ دێنان وهەستی دەوروژاندن، چونکە نزیک بوونەوەی پرووسیەکان وتێ پەڕبوونی مەفرەزەو دەستەکانی سوپای فەرەنسا، هەموو کاسبکارانی ترساندبوو، بۆیە نە مەشروب فرۆشییەک و نە چاخانەیەک لەسەر ڕێگاکە نەدەبینرا.

ئاغایان، بۆ پەیدا کردنی خواردنێ، خۆراکێ، بەهەشتاو ڕوویان کردە کەوێڵی جووتیارانی کەنار ڕێگاکە، لێ لەوێندەر تەنانەت نانی وشکیشیان دەست نەکەوت، چونکە جووتیار وگوندییەکان متمانە وباوەڕیان بەکەس نەبوو، لە ترسی تالاَنی سەربازان، کە خواردنیان دەست نەدەکەوت و هەرچیەکیان بدیبا بە زۆر لێیان دەسەندن، ئازووقەکانی خۆیان دەشاردەوە.

نزیکی سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ، لوازو ڕایگەیاند کەبەڕاستی هەست بە برسیەتیەکی زۆر دەکات. لەمێژبوو ئەوانی دیکەش وەکو ئەو لە برسا دەتلانەوەو پێویستیان بە شتێ بوو سکی خۆیانی پێ تێربکەن، برسیەتی سات بەسات پتر زۆری بۆ دێنان، تەواو پەرێشانی کردبوون و ورتەی لەبەر بڕیبوون.

جارجار یەکێک لە ڕێبوارەکان باوێشکێکی دەداو یەکێکی دیکەیان یەکسەر لە دوای ئەوەوە دووبارەی دەکردەوەو، بەمجۆرە هەریەکە لەلای خۆیەوە، بەگوێرەی ئەخلاق وئادابزانی و ڕەوشی کۆمەڵایەتی خۆی دەمی بە دەنگەوە یان بە ئەدەب و نەزاکەتەوە دەکردەوەو لە هەمان کاتدا بەردەمی ئەو چاڵە کراوەیەی کە هەڵمی لێ دەهاتە دەرێ ( دەم، زار ) بەدەست دەگرت.

 توپلی (قەڵەو، خڕخەپان) چەندین جار دانەوییەوە، دەتگوت لە ژێر خۆیا بۆ شتێک دەگەڕێ. کەمێک دەسڵەمییەوەو سەیرێکی ئەوانەی دەوروبەری خۆی دەکرد وپاشان بە ئەسپایی و بەکاوەخۆ قەدی ڕاست دەکردەوە. ڕوخسارەکان گرژ و پەست، ڕەنگیان بەڕووەوە نەمابوو. لوازو گوتی کە ئامادەیە هەزار فرانک بەیەک گرتکە گۆشتی ڕانی بەراز بدات. ژنەکەی جوڵەیەکی ناڕەزایی ئامیزی کرد و ئاوسا ئارامی گرت.

هەرکاتێ باسی وێڵخەرجی بهاتبا ئاراوە ئەو هەمیشە نیگەران وناڕەحەت دەبوو، تەنانەت سوعبەتیشی لەم ڕووەوە قەبووڵ نەبوو. ئاغای لونت گوتی: - ئەوەی ڕاست بێمنیش حاڵم خراپە. پێم سەیرە کە من چۆن بیرم لە خواردن نەکردبووەوە.

هەرکەسە بەجۆرێ گلەیی لەخۆ دەکرد.

وێڕای ئەمەش ئاغای کورنودە زەمزەمیەکی پڕ لە عارەقی پێبوو. خوڵکی کردن، بەڵام خوڵکەکەی بە ساردی ڕەتکرایەوە. تەنیا لوازو دوو قومی خواردەوەو کاتێ زمزەمیەکەی گەڕاندەوە سوپاسێکی کرد وگوتی: - "هەر باشە" بەلای کەمەوە ناو سکت گەرم دەکاتەوەو ئیشتیها فریو دەدات.

مەشرووبەکە سەری گەرم کرد، پێشنیازی کرد کە وەکو حیکایەتی ڕێبواری کەشتیەکە کە خەڵکی بە گۆرانی دەیڵێنەوە، ئامادەبوان قەڵەوترین ڕێبوار هەڵبژێرن وبیخۆن. ئەم ئاماژە ناڕاستەوخۆیە بۆ توپلی، ئەو کەسانەی کە موئەدەب تر بوون، ناڕەحەت کرد. هیچ کەسێک وەڵامی نەدایەوە. تەنیا کورنودە بزەیەکی کرد. دوو ڕەبەنیتە وتەرکە دنیاکە کە ئێستا لە تەزبیح گێڕان و وێرد ونزا خوێندن وەستابوون و دەستیان بردبووە ناو ئاسینە درێژەکانیانەوەو بە ئارامی و بێ جووڵە

دانیشتبوون و چاویان داخستبوو سەریان لەبەرخۆ نابوو و بێگومان، ئەو عەزابەیان کە خوا بۆی نازڵ کردبوون، دەبردە بەر قاپی خوا.

ئەنجام سەعات سێی پاش نیوەڕۆ، کە گەیی بوونە ناوەندی بیابانێک کە تا هەتری چاو هەر دەشت ودەر بوو و تەنانەت کوێرە دێیەکیش بەدی نەدەکرا، توپلی (خڕخەپان) لەپڕ دانەوییەوەو لەژێر تەختەکەوە سەبەتەیەکی گەورەی دەرێنا کەلە خاولییەکی سپیەوە پێچرابوو.

هەوەڵجار قاپێکی بچووکی چینی وپەرداخێکی تەنکی زیو و پاشان قاپلەمەیەکی گەورەی دەرهێنا کە دوو فرۆجی تەواوی پارچەپارچە کراوی چەوری تیابوو. سەبەتەکەی کۆمەڵێک شتی باشی دیکەی وەکو شیرینی تازە ومیوە وشەکرلەمە وخواردنی دیکەی تیابوو. هەرهەمووی جوان پێچرابووەوە، هەموو ئەمە بۆ سەفەرێکی سێ ڕۆژە ئامادە کرابوو تالە میوانخانەکاندا پێویستی بەهیچ خواردەمەنیەک نەبێت. گەردنی چوار بوتڵان لە نێو بەستە و پریاسکە خواردنەکانەوە هاتبووە دەرەوە. توپلی باڵە فرۆجێکی دەرهێنا و، بەیەکێک لەو نانە بچووکانەوە کەلە نورماندی (رژانس)ی پێدەڵێن، دەستی بە خواردنی کرد.

هەموو چاویان بڕییە ئەو، بۆنی خوارن بڵاوبووەوە، کونە کەپووان کرانەوە، ئاو زاییە زاران، کاژێران لە ژێر گوێیەکانەوە دەجوڵان. خانمەکان، بەجۆرێ ڕقیان لەم کچە هەستا، بەوان بوایە بیکوژن یان خۆی و پەرداخەکەی بە سەبەتە خۆراکەکەیەوە لە گالیسکەکەوە هەڵدەنە خوارەوەو فڕێی بدەنە ناو بەفرەکە.

لێ لوزاو، قاپلەمە فرۆجەکانی بەچاوان هەڵدەلووشی. ئەنجام گوتی:- خۆشبەختانە خانم لە ئێمە زیاتر مشووری خۆی خواردووە. خەڵکانێ هەن، کە هەمیشە بیر لە هەموو شتێک دەکەنەوەو مشووری خۆیان دەخۆن.

توپلی، سەری هەڵێنا، تەمەشایەکی ئەوی کرد وگوتی:- ئەگەر حەزدەکەی بفەرموو ئاغا! زۆر زەحمەتە مرۆڤ لە بەیانییەوە تا ئێستا هیچ نەخوات.

لوازو، ئیکلامێکی کێشا وگوتی:- ئەوەی ڕاستی بێ خانم ناتوانم خوڵکەکەت ڕەتبکەمەوە، چونکە لەوەی پتر خۆم پێناگیرێت. بەشەر لە جەنگا دەبێ جەنگی بێ، وانییە خانم؟

ئەوجا تەمەشایەکی دەوروبەری کرد ودیسان گوتی:- لە ڕۆژانی تەنگانەی ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆژەدا، زۆرخۆشە تووشی خەڵکانی خواردە وباش ببیت.

لوازو، که ڕۆژنامەیەکی پێبوو، ڕۆژنامەکەی لەسەر باوەشی پان کردەوە تا پانتۆڵەکەی پیس نەبێت و چەقۆیەکی لە بەرکی دەرێنا وبە نووکی چەقۆیەکە، ڕانێکی فروجەکەی، کە لە چەوریا دەبریقایەوە، لێکردەوە. پارچەیەکی بە ددان پچڕی و پاشان بە تاسووق و تامەزرۆییەکی ئەوتۆوە کەوتە جوینی کە ئاهێکی قووڵی پڕ لە نائومێدی و پەژارە لە نێو گالیسکەکە بەرز بووەوە.

بەڵام توپلی (خڕخەپان) بە ڕاوێژێکی خاکیانە و میهرەبان خوڵکی ڕەبەنیتەکانی کرد کە بەشداری خواردنی لەگەڵ بکەن. هەردووکیان یەکسەر قاییل بوون و دوای ورتەورتێکی منەتباری، بێئەوەی سەر هەڵبڕن، بە پەلە دەستیان بە خواردن کرد.

"کورنودە" ش خوڵکی هاوسێکەی خۆی ڕەت نەکردەوەو دەگەڵ خوشکانی تەرکە دنیادا، بە ڕاخستنی ڕۆژنامە لەسەر ئەژنۆ و باوەشی خۆیان، جۆرە خوانێکی نان خواردنیان دروستکرد.

زارەکان بەردەوام، دەکرانەوەو دادەخران و تامەزرۆیانە پاروویان دەگلاند، لوازو، لەو سووچەدا کە دانیشتبوو ئامانی کەسی نەدەدا وبە ئەسپایی ژنەکەشی هاندەدا کەوەکو ئەو بکات. خانم تا مودەتێک خۆی ڕاگرت، لێ دوای ئەوەی سکی کەوتە قۆڕەقۆڕ، ئەویش ڕادەست بوو. هەنگێ مێردە، بە ڕاوێژێکی نەزاکەت ئامێزترەوەلە "خانەخوێیە جوانەکە"ی پرسی کەئەگەر ئیجازەی بدات پاروویەکیش بۆ خاتلوازو بکات.

خڕخەپان (تپلی) گوتی:- بەڵێ ئاغا، بێگومان بێگومان!

بەدەم زەردەخەنەیەکی شیرینەوە قاپلەمەکەی لەبەردەمیا ڕاگرت.

کاتێ بوتڵی یەکەمی شەرابەکەیان (شەرابی بوردو) هەڵپچڕی دووچاری سەرگەردانی بوون، چونکە تەنیا یەک پەرداخیان هەبوو. بەناچاری هەمان پەرداخیان دوای خاوێن کردنەوەی، دەدا بەیەکدی. تەنیا کورنودە، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی توپولی، دەمی نا بەو شوێنەی پەرداخەکەوە، کە هێشتا تەڕایی لێوەکانی هاوسێ شەنگوڵەکەی پێوەبوو.

لەم کاتەدا کۆنت وکۆنتس دوبرەڤیل وئاغا وخانم کارەلامادون کەلەنێو کۆمەڵێک بخۆردا گیرمابوون و بۆنی خواردن لوولی کردبوون بەدەم عەزابێکەوە دەتلانەوە، مەگەر هەر تانتال عەزابی وای خواردبێ. ( تانتال: پاشای لیدی کە خودایانی دەعوەت کرد و کوڕەکەی خۆی بۆ سەر برین، جوبیتەر (زیوس)ی خوای خودایان، ئەوکارەی زۆر لەبەر گران دەبێت و لە سزای ئەم کارەدا تانتال بەوە مەحکووم دەکات کە تاماوە تینوو وبرسی لە پای درەختانی میوەدارو لەناوەندی شەتێکدا، هەڵبواسرێ، بە مەرجێ هەرگیز نە دەمی بگاتە ئاو و نە دەستی بگاتە

میوە.ئیدی عەزابی تانتال لە ئەدەبیاتدا بووە بە پەند.) لەناکاوا ژنە گەنجەکەی یارۆی خاوەن و بەڕێوەبەری کارخانەکانی چنینکاری و جۆلایی ئاهێکی ئەوتۆی هەڵکێشا کە هەمووان ئاوڕیان لێدایەوە. ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو، لە بەفری دەشت و دەرەکە سپی تر بووبوو. چاوانی نوقابوون و سەری خواربووبووەوە. لەخۆ چووبوو. مێردەکەی وەکو شێت هاواری بۆ هەمووان هێنا. هەمووان هەراسان و دەسەپاچەبووبوون کەلەناکاوا ڕەبەنیتە گەورەترەکە، سەری نەخۆشەکەی لەباوەشی خۆ نا و پەرداخەکەی توپولی (خڕوخەپان) بۆ لێوی ئەو برد و چەند دڵۆپە شەرابێکی بە دەمیەوە کرد. خانمی جوانکیلە تەکانێکی دا، چاوی کردەوەو بزەیەکی کرد وبە ڕاوێژێکی ئاوزینگ ئامێزەوە گوتی کە هەنووکە حاڵی زۆرباشە. لێ بۆ ئەوەی ئەم حاڵە دووبارە نەبێتەوە، ڕەبەنیتەکە ناچاری کرد کە پەرداخێک لەو شەرابی "بوردو " یە بخواتەوە و ئەوجا گوتی:- ئەمە لە سۆنگەی برسێتیەوەیە و هیچی دی نییە!

هەنگێ توپولی (خڕخەپان) بە ڕوخساری سوور هەڵگەڕاوە وبە شپرزەیی نیگایەکی هەرچوار ڕێبوارەکەی دی کرد کە هێشتا لە خورێنی بوون وگوتی: " خودایا! نازانم بوێرم ئەم ئاغایان و ئەم خانمانەش خولک بکەم.."

یەکسەر لە ترسی تەوس و توانجی وان بێدەنگ بوو.

لوازو، هاتەقسان وگوتی:- عەجایەب! لەکاتی وادا هەمووان بران و دەبێ کۆمەکی یەکدی بکەن! دەی خانمان! شەرم مەکەن! دەستی کەرەم نابێ ڕەت بکرێتەوە! کێ دەڵێ شوێنی مانەوەی شەومان دەست دەکەوێ؟ ئەم بایە لەم کونەوە بێ تا سبەی نیوەڕۆش ناگەینە " تت " .

هەموو دوودڵ بوون، کەس زاتی نەدەکرد بچێتە ژێرباری وتنی " بەڵێ " .

بەڵام کۆنت مەسەلەکەی حەل کرد. ڕوویکردە کچە خڕوخەپان و شەرمنەکە وبەکەش و فشێکی نەجیمزادانەوە گوتی:- خانم، ئێمە بە کەماڵی منەتبارییەوە دەعوەت وخولکەکەی تۆ قەبووڵ دەکەین!

گرینگ هەنگاوی یەکەم بوو، هەرکە ئەم هەنگاوە نرا، کێشەیەکی تریان بۆ پێشهات، سەبەتەکە بەتاڵ بوو. بەڵام هێشتا نانێکی بەشەکر کە گۆشت وجگەری لە توێدا بوو و ژمارەیەک نانی شیرین بە گۆشتی باڵندەوەو چەند گوڵاوی و هەرمێیەکی شامیوەی "کراسان " و برێک نانی بچووکی بە مرەبا و کوپێکی پڕ لە خەیارشۆر و پیازی ترشی بە سرکە لە بنی سەبەتەکەدا مابوو. چونکە " "توپولی" ش وەکو هەموو ژنانی دی زۆری حەز لە ترشیات بوو.

نەدەکرا کە خواردنەکانی ئەو کچە بخۆن وقسەی لەگەڵدا نەکەن. بۆیە هەوەڵجار بە پارێزەوە وپاشان کە دیتیان زۆر بە ئەدەب و ماقوولە بێهیچ دوو دڵییەک لەگەڵیا کەوتنە قسان. خانم دوبرەڤیل وخانم کارەلامادون کە یەجگار قەدرزان و بە ئەتەکێت بوون، لوتف و میهرەبانی و نەزاکەتێکی زۆریان نواند، بە تایبەتی کۆنتس. وەکو هەر خانمێکی ڕەسەن و ئەسڵزادە، بەوپەڕی ئەدەب و نەزاکەتەوە، بە دڵێکی ساف و پاکەوە، لوتف ومیهر ومەحەبەتێکی زۆری نواند. بەڵام خات لۆازو کە ڕوحێکی قوزاقانەی هەبوو، بەهەمان سەرسەختی خۆی مایەوەو کەمی گوت و زۆری خوارد.

ئاسایی بوو، کە باسی شەڕ و جەنگ هاتە ئاراوە. باسی کارە ترسناکەکانی پرووسیەکان و دلاوەری و قارەمانێتییەکانی فەرەنساییەکانیان کرد، هەموو ئەم کەسانەی کە خۆیان هەڵدەهاتن ستایشی ئازایەتی خەڵکانی دیکەیان دەکرد. ئەوسا قسەوباس هاتەسەر سەربهوردانی تایبەتی و زۆری نەبرد کە خڕخەپانبە هەڵچوون وسۆز و گودازێکی واقیعی و بەهەمان دەمگەرمی تایبەتیەوە کە زۆرجار کیژان لە دەربڕینی هەست و هەڵچوونی دەروونی خۆیاندا بەکاری دەبەن، باسی ئەوەی کرد کە چۆ " روان "ی بە جێهێشتووە. گوتی:- من هەوەڵجار وام خەیاڵدەکرد کە دکارم بمێنمەوە. ماڵەکەم پڕ بوو لە ئازووقە و خواردن و حەزم دەکرد نانی چەند سەربازێک بدەم بەڵام وڵات، کە نەمدەزانی کێوە بڕۆم، بەجێ نەهێڵم، لێ وەختایەک ئەم پرووسیانەم بینی ئیدی بۆم دەرکەوت کە تەحەمولی ئەوان لە توانای مندا نییە. ئەمانە کارێکیان کرد کەمن لە داخ و کەسەراندا نەخۆش کەوتم و یەک ڕۆژی تەواو لە تەریقی و شەرمەزاریدا گریام. ئاخ... خوزیا مردبام!... من لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە تەمەشای ئەم بەرازە زەلامانەم بە کڵاوخوودە قووچەکانیانەوە دەکرد و ئەگەر کارەکەرەکەم دەستی نەگرتبام، هەرچی کەل وپەلی ناو ماڵەکەم هەبوو، لەو سەرەوە، دەمدا بە سەریاندا. پاشان چەند کەسێکیان هاتن تالە ماڵەکەی مندا بارگە بخەن، بەڵام من دەستم نایە بینی یەکەمیان. خنکاندنی ئەمانە لە خنکاندنی خەڵکی دی قورستر نییە، باوەڕ بکەن ئەگەر قژیان ڕانەکێشابام، یارۆم دەکوشت.

دوای ئەو بویەرە ناچار خۆم شاردەوە. ئەنجام دەرفەتێکی لەبار ڕەخسا کە لەم شارە بڕۆم و ئەوەتا وام لەخزمەتی ئەنگۆدا.

هەرهەموو زۆریان ئافەرین کرد. ئیدی لەبەرچاوی هاوسەفەرەکانی کە  کە شتاقیان، ئەوجۆرە کەللە شەقیانەیان نەنواندبوو، سات بەسات بە قەدرتر دەبوو. کورنودە، بەدەم گوێگرتنەوە لە قسەکانی ئەو ناوبەناو بزەیەکی کەشیشانەی دەهاتێ کە نیشانەی باوەڕپێکردن و ئافەرین بوو، ڕێک وەکو کەشیشێک کە لە زمانی ئیماندارێکەوە گوێ لە مەدح و ستایشی خواوەند بگرێ، وەکو

ئەو دیموکراتە ڕدێن درێژانەی کە نیشتمانپەرستیان کردووە بە ئەرکی خۆیان، وەکو ئەو کەشیشە جبە لەبەرانەی کو ئۆل و مەزەب بە پیشەی خۆیان دەزانن، بە ڕاوێژێکی پڕ لەو قسە زلانەی، لەو دروشمانەوە کە ڕۆژانە بە دیوارەکانەوە هەڵیاندەواسین فێر بووبوو، دەستی بە قسان کرد، ئەنجام بە خوێندنەوەی کۆپلە شیعرێکی جوان کە زۆر وەستایانە دژی ناپلیونی سێیەم کەلەلایەن پرووسیەکانەوە شکستی خوارد، هۆنرابووەوە، کۆتایی بە قسەکانی خۆی هێنا.

لێ خرخەپان یەکسەر پەست بوو، چونکە ئالیگری بوناپارت بوو. ڕەنگی وەکو ئالۆبالۆ سوور بوو، لە قەهر وتووڕەییدا زمانی کەوتە تەتەڵە وگوتی:- حەزم دەکرد ئێوەگەل لەجێی ئەو بوایەن. بەڕاستی خۆش دەبوو! هەر ئێوەبوون کە خیانەتتان لەم پیاوە کرد! ئەگەر حکومەتەکەمان بەدەستی ترسنۆکانی وەکو ئێوە بەڕێوە ببرایە جگە لەوەی لە فەرەنسا هەڵێین و کۆچ بکەین، چ چارەیەکی دیمان دەبوو!

کورنودە، خوێنسارد وبێ خەم، هێشتا بزە حەقارەت ئامێز وسەرکەوتن خوازەکەی بەسەر لێوەوە بوو. بەڵام واهەست دەکرا، کۆمەڵێک قسەی زل وقەبە وقەڵەو لە پشت ئەو زەردەخەنەیەوە بێت. لێ ئاغای کۆنت لە ناکاوا کەوتە بەینەوەو بەزەحمەتێکی زۆر ئەو کیژە تووڕەیەی هێور کردەوەو بەوپەڕی ویقار وسەنگینییەوە گوتی: هەرباوەڕێکی ڕاستگۆیانە شایستەی ڕێزو حورمەتە. وێرای ئەمەش کۆنتس وخاتوونی کارخانەدار کە کینەیەکینالۆژیکی تایبەت بە چینی دەوڵەمەندانیان، سەبارەت بە کۆماری و مەحەبەتی غەیزی تایبەتی هەموو خانمانیان سەبارەت بە حکومەتانی پڕ بریق وباق ودکتاتۆری فەرەنسا لەدڵدا هەبوو، هەستیان دەکرد بەبێئەوەی لەدەستی خۆیاندا بێ، زیاتر بەلای ئەم ڕووسپیە شەریف وشکۆدارەدا، کە هەست و سۆزی ئەو، زۆر لە هەست و نەستی خۆیان دەچێ، دایدەکێشن.

سەبەتەکە خاڵی خاڵی بووبوو... ئەو دە نەفەرەی، بێهیچ زەحمەتێک گسکیان دابوو، داخی ئەوەیان دەخوارد کەبۆ گەورەتر نەبوو.

قسەوباس بەردەوام بوو، بەڵام لەوساوە کەلە خواردن بووبوونەوە جۆرە ساردییەک کەوتبووە قسەکان.

شەو بەڕێوەبوو، تاریکی بەرەبەرە زیاد دەبوو و سەرماکە لەکاتی هەرەسی خواردنا کاریگەری وباندۆری زیاتری دەبێت، خرخەپانی، وێڕای قەڵەویەکەی هێناوبووە لەرزین. هەنگێ خات دوبرەڤیل،خوڵکی بەر مەقەڵیەکەی خۆی کرد کەلە بەیانییەوە تا ئەو کاتە چەندین جار ڕەژووەکەی

گۆڕی بوو، توپولی (خڕخەپان)ش کە هەستی دەکرد پێیەکانی چاییون یەکسەر قەبووڵی کرد. خات کارەلامادون و خات لوازو، مەقەڵییەکانی خۆیان دایە جووتە ڕەبەنیتەکە.

یارۆی عەرەبانچی، فانۆسەکانی عەرەبانەکەی هەڵکردبوو. ڕوناکی بە شەوقی فانۆسەکان، ئەو هەڵمەی لەسەر کەفەڵی ئارەقە کردووی ئەسپەکان کۆ بووەوەو ئەو بەفرەی کە دەتگوت لەبەر پرتەوی گەڕۆکی فانۆسەکاندا پەخش دەبێتەوە، لەم بەرولەوبەری جادەکەدا، زیاتر بەرجەستە دەکرد.

ناو گالیسکەکە تاریکی تاریک بوو، هیچ شتێک نەدەبینرا، بەڵام لەناکاوا جم وجوڵێک لە نێوان توپولی و کورنودەدا پەیدا بوو و لوازو کەچاوی لە تاریکیەکەشدا کاری دەکرد، وای هاتەبەرچاو کە کابرای ڕدێن درێژ، وەکو ئەوەی زەربەیەکی بێدەنگی بەدەستدا کێشرابێ، بەتووندی دەستی کێشایەوە.

چەند خاڵێکی نیمچە ڕوناک لەسەر ڕێگاکە دەرکەوت. ئەوێ ئاوایی (تت) بوو. دوازدە سەعات بەڕێوەبوون، بەو دوو سەعاتە ئیسراحەتەوە کەلە چوار نۆرەدا بۆ وێنجە خواردن و ئیسراحەت بە ئەسپەکانیان دابوو، دەبوو بە چواردە سەعات. چوونە ناو ئاواییەکەوەو لەبەر (ئوتێلی دوکومرس) وەستان.

دەروازەی ئوتێلەکە کرایەوە، هەموو ڕێبوارەکانی ناو گالیسکەکە لە دەنگێک کەلە گوێی هەمووان‌دا ئاشنا بوو، ڕاچڵەکین. ئەم دەنگە، دەنگی بەرخوردی کێلانە شمشێرێک بوو کەبەسەر ئەرزەکەدا دەخشی. یەکسەر نارەتەی ئەڵمانیەک هاتە گوێ کە شتێکی گوت.

هەرچەندە گالیسکەکە لەجێی خۆی ڕاوەستابوو وجوڵەی نەدەکرد، کەس دانەدەبەزی، دەتگوت چاوەڕوانی ئەوەبوون، هەر هەموویان لەگەڵ دابەزیندا قەتڵوعام بکرێن. ئەوسا عەرەبانچیەکە هاتە پێشەوە. یەکێک لە فانۆسەکانی کە بەدەستەوە بوو هەڵبڕی و تیشکی فانۆسەکە تا بنەبانی گالیسکەکەی، بە دوو ڕیز کەللەی سڵ کردووەوە کە دەمیان داچەقی بوو وچاوانیان لە ترس و سەرسامیا ئەبڵەق بووبوون، ڕوناک کردەوە.

ئەفسەرێکی ئەڵمانی لای عەرەبانچیەکەوەو لەبەر ڕوناکی فانۆسەکە وەستابوو. گەنجێک بوو باڵابەرز وباریکەلە وقژ زەرد، بەجۆرێ لەجلە ئەفسەرییەکەی جەڕی بوو  لەتۆ وایە کیژێکە و "کورسیت "ی بەستووە. کاسکێتێکی ساف وبریقەداری بەلاقەدی خۆیدا هەڵواسی بوو، هەر لە پێشخزمەتی فەرمی هۆتێلانی ئینگلیزی دەچوو. سمێڵە زۆر درێژەکانی بەرەبەرە لەهەر دوولاوە تەنک و باریک دەبووەوەو بەداوە مویەکی زەرد کۆتایی دەهات کەئەو سەری بە باشی نەدەبینرا.

لەوە دەچوو ئەم سمێڵە باریکە بووبێ بەبار بەسەر لێویەوەو دەم وچاوی تەواو داچەکاندبێ یارۆی ئەفسەری ئاڵمانی، بە زمانی فەرەنسی و بە زاراوەی ئەلزاسی ئەمری بە ڕێبوارەکان کرد دابەزن و، بە ڕاوێژێکی وشک و دزێو گوتی:- ئاغایان، خانمان، دەتوانن بێزەحمەت دابەزن؟

هەوەڵجار، دوو تەرکە دنیایەکە، بە گوێڕایەڵی تایبەتی ڕەبەنیتان کە خوویان بە هەر گوێڕایەڵی یەکەوە گرتبوو، دابەزین. دوای ئەوان کۆنت وکۆنتس، دوای ئەوان کابرای کارخانەدار وژنەکەی و، پاشان ئاغای لوازو، لە کاتێکا ژنەکەی دابووەپێش، دابەزین.

دواکەس (لوازو) هەرکە پێی گەیاندە سەر ئەرزەکە بە یارۆی ئاڵمانی گوت:- سڵاو ئاغا. ئەم سڵاوە لە ترسا بوو نەک لە ئەدەبا.

ئەفسەری ئاڵمانی، بە هەمان بێشەرمی و بێئەدەبی هەموو دەسەڵاتدارێکەوە، بێئەوەی وەڵام بداتەوە نیگایەکی ئەوی کرد.

توپولی وکورنودە، هەرچەندە لە نزیکی دەرگاکەوە دانیشتبوون لە دوای هەمووانەوە دابەزین و هەردووکیان لە هەنبەر دژمنا سەربەرز وسەرفراز دیاربوون. کچەی خرپن و خڕوخۆڵ هەوڵی دەدا بەسەر خۆیدا زاڵ بێ و ئارامی خۆی کۆنترڵ بکات، وئاغای دیموکرات بە دەستێکی بێ حاڵ و کەمێک لەرزۆک یاری بە ڕدێنە سوورەکەی دەکرد. هەردووکیان دەیانویست عیزەتی نەفسی خۆیان بپارێزن و باوەڕیان وابوو کەلەم جۆرە هەڵوێست و بەرخودانەدا هەرکەسێک کەم دابێژێک نوێنەری وڵاتەکەی خۆیەتی.

توپولی، کەلە نەفس نزمی وبێ شەخسیەتی هاوسەفەرەکانی خۆی ناڕەحەت بووبوو دەیویست لەو ژنە نەجیب ودەوڵەمەندانە ئازارتر بێ وکورنودە کە زۆر چاک هەستی دەکرد دەبێ سەرمەشقی واقیع بێ و بەهەموو توانایەکی خۆیەوە بەردەوامی بەو ئەرکە بدات کە لە پێناوی بەرڤانی و بەرخودانددا گرتبوویە ئەستۆ و لەسەنگەر لێدانی سەر ڕێگاکانەوە دەستی پێکردبوو.

هەر هەموویان خۆیان بە مووبەقە گەورەکەی میوانخانەکەدا کرد وئەفسەرە ئاڵمانیەکە دوای ئەوەی بەوردی سەیری مۆڵەتی سەفەری ڕێبوارەکانی کرد کە فەرماندەی گشتی ئیمزای کردبوون و ناو ونیشان و کاری هەر ڕێبوارێکی تیا قەید کرابوو، تا ماوەیەکی زۆر لە قەڵافەتی یەک بە یەکی ئەم گروپە مۆڕ بووەوەو یەک بەیەکیانی لەگەڵ زانیاریەکانی ناو مۆڵەتنامەکەدا بەراورد کرد.

پاشان لەناکاوا گوتی:- زۆرچاکە.

وئیدی ڕۆیی.

هەنگی هەموو هەناسەی ئۆخەیان هەڵکێشا. برسیان بوو و ڕایان سپارد خواردنی شێویان بۆ ئامادە بکەن. نیوسەعاتێکی دەویست تا شێو ئامادەببێت. لەو ماوەیەدا کە دوو کارەکەر بە ڕواڵەت خەریکی ئامادە کردنی شێو بوون، ڕێبوارەکان چوون سەری ژوورەکان بدەن. ژوورەکان بە ڕیز کەوتبوونە ناو ڕاڕەوێکی دوور ودرێژەوە کەبە دەرگایەکی شووشەیی نمرەدارەوە کۆتایی دەهات.

ئەنجام لەو کاتەدا کە دەیانویست بچنە سەر خوان ومێزی شێو، سەروکەللەی بەڕێوەبەری میوانخانەکە پەیدا بوو. ئەم پیاوە جاران ئەسپ فرۆش بوو، پیاوێکی قەڵەوی بە کەلەش بوو، تەنگەنەفەسی لەگەڵدا بوو، بەردەوام خیزەی سینگی دەهات ودەی پرخاند وقسان لە ئەوکی دەگیرا. بابی ناوی نابوو " فولان ڤی "پرسی:- مادموزیل " ئیلیزابت روسە" کێیە؟

خڕخەپان، ڕاچڵەکی و سەری وەرگێڕاو گوتی:- منم.

- مادموزیل ئەفسەرە ئاڵمانیەکە دەیەوێ هەر ئێستا قسەت لەگەڵ بکات.

- لەگەڵ من؟

- بەڵێ، مەگەر تۆ مادموزیل ئیلیزابت روسە نیت؟

خڕخەپان(توپولی) نیگەران بوو، کەمێک دەبیرەوە چوو وپاشان ڕێک و ڕاست گوتی: با، بەڵام من ناچم.

جم وجوڵێک لە دەوروبەری ئەو هاتە ئاراوە. هەریەکەو قسەیەکی کرد و دەیویست هۆی ئەم فرمانە بزانێت. کۆنت هاتە پێشەوەو گوتی:

- خانم، غەدرەکەی نەڕۆیت، چونکە ئەم نەچوونەی تۆ لەگینە کێشەی گەورە نەک هەر بۆ شەخسی خۆت بەڵکو بۆ هاوسەفەرەکانیشت بنێتەوە. هەرگیز نابێ ڕووبەڕووی کەسانێک ببیەوە کەلەخۆت بەهێزترن. بێگومان چوونی تۆ هیچ مەترسییەکی تیانییە و وادیارە لەبەر هەندێ تەشریفاتی کارگێڕی کە فەرامۆشت کردووە، داوای کردوویت.

هەمووان، هاودەنگ لەگەڵ کۆنت دا، داوایان لە کیژێ کرد و پێ داگریان لێکرد و سوێندیان دا، تا ئاقیبەت ڕازیان کرد، چونکە هەموویان لەو کێشانە دەترسان کەلەگین بوو بەهۆی کەللەشەقی ئەوەوە چێ ببن. ئەنجام (خڕخەپان) گوتی:- زۆرچاکە، بەڵام دڵنیابن کەلەبەر خاتری ئەنگۆ دەڕۆم.

کۆنتس، دەستی گوشی وگوتی:- ئێمەش هەمووممان مەمنوونی تۆین!

خڕخەپان(توپولی)، لە دەرگاکە وەدەرکەوت. چاوەڕێیان کرد تا پێکەوە شێو بخۆن.

هەموو داخیان دەخوارد کەبۆچی لە جیاتی ئەم کچە سەرکێش و دڵناسکە ئەوان داوا نەکراون و لە زەینی خۆیاندا هەندێک بابەتیان ئامادە دەکرد کەئەگەر لە جیاتی ئەو داوا بکرێن، لە وەڵامدا بیڵێن.

بەڵام دوای دە خولەکێک، خڕخەپان بە هانکەهانک هاتەوە، تەواو هەڵچووبوو، سوور ومۆر بووبووەوە، لەبن لێوانەوەو بە ئەسپایی گوتی:- هەی بەدفەڕی خوێڕی و بێ شەرەف!

هەموو کەوتنە جم وجوڵ تا زووتر لە مەسەلەکە حاڵی ببن، لێ ئەو هیچی نەگوت. بەڵام کە کۆنت پێداگری لێکرد، ئەو بەویقار و سەرفرازییەوە گوتی:- ئەم بابەتە پەیوەندی بە ئەنگۆوە نییە. من نامەوێ قسە بکەم!

هەنگێ هەمووان لە دەوری قاپێکی گەورەی پڕ لە سوپ کە بۆنێکی خۆشی کەلەرمی لێدەهات، خڕبوونەوە. وێڕای ئەم پێشهاتە ترسناکە، شێو بە شادی وخۆشی خورا. شەربەتی سێوەکە خۆش بوو و ژن و مێرد لوازو وجووتە ڕەبەنیتەکە بە قنیاتەوە لە شەربەتەکەیان خواردەوە.ئەوانی دی داوای شەرابیان کرد و کورنودە داوای بیرەی کرد. ئەم پیاوە شێوازی تایبەتی خۆی لە هەڵپچڕینی بوتڵەکە و تێکردنی بیرەدا هەبوو. بیرەکەی دێنایە کەف و پەرداخەکەی خوار دەکردەوەو لە نێوان چراکە وچاوی خۆیدا ڕایدەگرت تا بە باشی تەمەشای ڕەنگەکەی بکات. کاتێ بیرەکەی بەسەرەوە دەنا ڕدێنە درێژەکەی کە تۆزێ لەو مەشرووبە خۆشەویستەی بە سەردا دەپرژا، لە شەوق و زەوقا لەرزان دەهاتە بەرچاو. چاوانی خێل دەکردنەوە تا پەرداخەکەی لە کاتی خواردنەوەدا، لەچاوی دوور نەبێت وحاڵەتێکی وەهای لەخۆ دێنا لە تۆ وایە بۆ ئەم کارە هاتووەتە دنیاوە. دەتگوت لە زەینی خۆیا لە خەمی دۆزینەوەی لێکچوونی نێوان ئەم دوو ئەشقەدایە، ئەشقی شۆڕش و ئەشقی خواردنەوە، هەڵبەتە نەیدەتوانی بەبێ بیرکردنەوە لە هەر دووکیان هیچ لەزەتێ ببینێ.

ئاغا وخانم " فولان ڤی " لەوسەری مێزەکە شێویان دەخوارد. ئەم بۆرە پیاوە وەکو مەکینەی شکاوی قیتار هەر خڕەخڕی بوو و هەواکێشی سینەی ئەوەندە باش نەبوو کە بتوانێت بەدەم نانخواردنەوە قسان بکات، ژنەکەی بە پێچەوانەی ئەوەوە بۆ یەک ساتیش دەمی تێک نەدەنا. هەرچییەکی هەبوو لە هاتنی پرووسییەکانەوەو چییان کردبوو و چییان گوتبوو هەرهەمووی لە سیری تا پیازی گێڕایەوەو نەفرەت ونەعلەتی بۆناردن، یەکەم لەسەر ئەوەی خەرجی دنیایان پێکردبوو، دووەم لەبەر ئەوەی دوو کوڕی لە سوپادا بوون. بە تایبەتی زیاتر قسەی لەگەڵ کۆنتس دا دەکرد، زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کەلەگەڵ خانمێکی دیار و بە شەخسیەتدا گفتوگۆ دەکات.

پاشان دەنگی خۆی هێواشتر دەکرد تا هەندێ شتی هەستیارتر بڵێ و مێردەکەشی جارجار قسەکەی پێدەبڕی ودەیگوت:- ئای مەدام فولان ڤی، واباشە بێدەنگ بیت!

لێ ئەو گوێی لە قسەکەی مێردەکەی نەبوو و بەمجۆرە لەسەری ڕۆیی:- بەڵێ خانم، ئەمانە هەر دەخۆن، پەتاتە و بەراز دەخۆن، ئەوجا پاک و خاوێنیش نین. نە، بەهیچ کلۆجێ! دوو لەڕووی تۆ بۆنی بۆگەنیان دنیای پڕ کردووە. کە تەمەشاش دەکەیت، بە درێژایی سەعات و ڕۆژان مژوولی مەشق و ڕاهێنانن، هەرهەموویان لەو دەشت ودەرە خڕدەبنەوە و وەرەو ببینە، بەردەوام بۆ پێشەوە برۆ! بۆ دواوە بگەڕێوە! بۆلای ڕاست وەرگەڕێ، بۆلای چەپ وەرگەڕێ!... بریا ئەمانە زەویان کێلابا، کشتوکاڵیان کردبا، یا بەلای کەمەوە جادەکانی مەملەکەتی خۆیان دروست کردبا! بەڵام خانم ئەم قوزاقبازی و عەسکەرتاریەتە، بەکەڵکی کەس نایەت. ئاخر ئەمە ئینسافە میللەتی هەژار نان بەمانە بدات تا جگەلە مرۆڤکوژی هیچی دی فێر نەبن؟ دروستە کەمن پیرەژنێکی، بێ سیواتم، لێ کاتێ دەبینم ئەمانە لە بەیانیەوە تا شەوێ هێندە لاق بە عاردیدا دەکوتن تا شل وکوت دەبن، لە دڵی خۆدا دەڵێم:- کاتێ خەڵکانێ پەیدا دەبن کە ئەو هەموو کەشف و داهێنانە دەکەن تا سوود بە خەڵکی بگەیەنن و ببن بە سەرچاوەی خێروخۆشی، هەقە خەڵکانێکیش وەکو ئەمانە ئەوەندە زەحمەت بەخۆ بدەن کە زیان بە خەڵکی بگەیەنن و ببن بە سەرچاوەی زیان وزەرەر؟ ئایا ئایا ڕیسوایی نییە کە خەڵکی بکوژن، ئیدی ئەو خەڵکە چ پرووسی بن، چ ئینگلیزی، چ پۆلاندی بن چ فەرەنسی، ئەگەر تۆ تۆڵە لە کەسێک بکەیەوە کە خراپەی دەرهەق کردبیت، ئەم کارە بەخراپ دەزانن و لۆمەت دەکەن. بەڵام وەختایەک گەنجانی مە وەکو نێچیران ڕاو دەکەن و بەر گوللەیان دەدەن ودەیانکوژن، ئەم کارە بەباش دەزانن و نیشان و میداڵ بە کەسێک دەدەن کە زۆرترین بەشەر بکوژێت، باوەڕ بکە من سەر لەم کارە دەرناکەم!

کورنودە دەنگی لێهەڵبڕی وگوتی:- جەنگ وەختێک دژی دراوسێیەکی بێوەی و ئاشتیخواز بێت، ئەوپەڕی دڕندەیی و هۆڤیگەرییە، بەڵام ئەگەر بۆ بەرەڤانی و بەرگری لە نیشتمان بێت، ئەرکێکی پیرۆزە!

پیرەژن سەری لەبەرخۆ نا وگوتی:- بەڵێ، بەرەڤانی لە نیشتمان شتێکی دیکەیە. بەڵام ئایا باشتر نییە هەموو ئەو فەرمانڕەوایانەی کەلەبەر کەیف و سەفای خۆ شەڕ بەرپا دەکەن، بکوژن؟

چاوانی کورنودە، پرشنگیان داو گوتی:- ئافەرین بۆ تۆ هاوشاری. بەڕاستی ئافەرین!

ئاغای کارەلامادون، دەبیرێکی قووڵەوە چووبوو. هەرچەندە پیاوێکی کۆنەپەرست بوو، خۆشەویستی و تاسووبی سەبارەت بە سەردارانی ناسراو هەبوو، بەڵام فامایی و واقیعبینی ئەم ژنە گوندییە، ئەوی واداری ئەم بیرە کردبوو کەبەڕاست ئەگەر ئەم هەموو بازووە بێکارە، ئەم

هەموو هێزە بەفیڕۆ چووە، لە کارێن پیشەسازی گەورەدا، کە ئەنجامدانی سەدان ساڵی پێویستە، بە کاربرایە چ نیعمەت و ئاسوودەییەکی گەورە بەسەر هەر وڵاتێکا دەڕژا و دەهاتە ئاراوە!

لێ لوازو، لەجێی خۆی هەستا و ڕۆیی تا بە ئەسپایی قسە دەگەڵ ئوتێل چیەکەدا بکات. ئەوپیاوە ورگ زلە، پێدەکەنی ودەکۆکی و تفی ڕۆدەکردو ورگە زلەکەی بەدەم لەزەتی شۆخی و شوعبەتەکانی بەرانبەرەکەیەوە، بەرز و نزم دەبووەوە و شەش خەمری گەورەی شەرابی "بوردو" ی بە وەعدی بەهار کە وەختێ پرووسییەکان ڕۆیشتبن لە ئاغای لوازو کڕی.

شێو خورا و نەخورا، ئەوندە ماندوو وکفت وکەشەنگ بوون کە هەمووان خەویان لێکەوت.

لوازو، کە هەندێ شتی بەچاوی خۆی دیتبوو، ژنەکەی کردە خەو و پاشان، جارێ گوێ و جارێ چاوی بە کونی قفڵەکەوە دەنا تا ئەو شتەی، کە ناوی نابوو " ڕازی ڕاڕەو" هکە کەشف بکات.

دوای نزیکەی سەعاتێک، دەنگی خشەخشێک هاتە گوێی و خێرا لە کونی قفڵەکەوە تەمەشای کرد. (خڕخەپان)ی بینی کە بیجامەیەکی شاڵی شینی پەراوێز سپی لەبەربوو، بەو بیجامەیەوە قەڵەوتر دەهاتەبەرچاو. کیژێ شەمدانێکی بەدەستەوە بوو و بەرەو کۆتایی ڕاڕەوەکە کەبە خەتی درشت نمرەیەک بەسەر شووشەکەیەوە نووسرابوو ڕۆیی. بەڵام یەکێک لە دەرگا لاوەکیەکان نیوەکرانەوەیەک کرایەوە، کاتێ کیژێ دوای چەند خولەکێک گەڕایەوە کورنودە، بە دەرپێ قووتەکەیەوە دوای کەوت. هەردووکیان زۆر بە ئەسپایی قسانیان دەکرد، دوایی هەردووکیان وەستان. دیاربوو کە خڕخەپان زۆر بە جدی هەوڵیدەدا کە نەیەڵێ یارۆ بێتە ژوورەکەیەوە. حەیفێ لوازو نەیدەتوانی قسەکان بژنەوێت، بەڵام ئەنجام کە دەنگیان کەمێک بەرزتر بووەوە، توانی چەند ڕستەیەک بژنەوێ. کورنودە مکووڕی دەکرد ودەیگوت:- گوێ بگرە! بۆخۆت کەر دەکەی؟... مەگەر چ دەقەومێ؟

دیاربوو کە خڕخەپان تووڕەیە، چونکە لە وەڵاما گوتی:- نە گیانەکەم، هەندێ کات هەیەکەنابێ ئەم کارانە بکرێ. لێرەدا کاری وا عەیبە.

لێ ئەو ئەم قسانەی بە گوێدا نەدەچوو و بەردەوام دەیپرسی:- بۆچی؟ هەنگێ خڕخەپان دەنگی بەرزتر کردەوە وگوتی:- بۆچی؟ یانی تۆ تێناگەی بۆ؟ مەگەر نابینی کە پرووسییەکان لەم بینایەدان و تەنانەت دوورنییە لەم ژوورەی تەنیشتمانیش بن؟

کورنودە بێدەنگ بوو. ئەم داوێنپاکی و تەقوایە، کە زادەی هەستی نیشتمانپەرستی ژنێکی هەرزە بوو کە بەهیچ کلۆجێ ئامادە نەبوو لەپاڵ دژمندا، هەڤخەوی لەگەڵ کەسدا بکات، غیرەتی نیوەگیانی

کورنودەی بەجۆرێ بێدارکردەوە کە بە ماچێک لێی ڕازی بوو و هێدی هێدی بۆ ژوورەکەی خۆی زڤڕییەوە.

لوازو کەزۆر وڕوژابوو لە ڕوانگەکەی خۆی دوورکەوتەوە، لە ناوەندی ژوورەکەدا پێچێکی کردەوە، بیجامە وجلکی خەوی لە بەرکرد. ئەو لێفەیەی، کە ژنە قەڵەوەکەی بە ڕووتی لە ژێریا ڕاکشابوو، بەرز کردەوە، بە ماچێک خەبەری کردەوەو لەبن لێوانەوە گوتی:- ئازیزگیان، خۆشت دەوێم؟

هەنگێ بێدەنگی باڵی بەسەر تەواوی ئەو میوانخانەیەدا کێشا. لێ دوای ماوەیەکی کەم، لە لایەکەوە، لەلایەکی نادیارەوە، کە دوور نەبوو ژێرزەمین یان عەمار بێت، دەنگی پڕخوهۆڕێکی تووند ویەکنەوا و ڕێک، دەنگێکی نزم و دوور ودرێژ کە زیاتر لە لەرزینی مەنجەڵێکی لە کوڵ وجۆش دەچوو، هاتە گوێ:- ئاغای فولان ڤی بوو کە خەوی لێکەوتبوو.

چونکە بڕیاریان دابوو بەیانی سەعات هەشت بڕۆن، بەیانی هەموویان بێدار بوونەوە، لێ گالیسکەکە کە توێژاڵێک بەفر سەرەکەی داپۆشی بوو، بەبێ ئەسپ و بەبێ عەرەبانچی لە ناوەندی حەوشەکەدا کەوتبوو. ئیدی لە تەویلە و کادێن و گالیسکەخانەکاندا بۆ یارۆی عەرەبانچی گەڕان، بەڵام لە هیچ کونێکەوە دیار نەبوو. ئیدی هەموو پیاوەکان ناچار بڕیاریان دا کە بچن ناو ئاواییەکەی بۆ بگەڕێن، هەمووان لە میوانخانەکە هاتنەدەرێ. گەیشتنە مەیدانێک کە ئەوسەری مەیدانەکە کڵێسایەک بوو. کۆمەڵێک خانووی نزمی بەدەورەوە بوو، کۆمەڵێک سەربازێن پرووسی لەبەردەم خانووەکان بوون. یەکەم سەرباز خەریک بوو پەتاتەی پاک دەکرد، کەمێک لەولاترەوە سەربازی دووەم مژوولی شۆردن و خاوێنکردنەوەی دووکانی سەرتاشی بوو. سەربازێکی دیکە کە ڕدێنی تا ژێر چاوی هاتبوو، منداڵێکی شیرەخۆرەی کە دەگریا، ماچ دەکرد و لەسەر ئەژنۆی خۆی ڕایدەژەند تا ژیری بکاتەوە. ژنانی زبری دێهاتی کە مێردەکانیان لەگەڵ سوپادا چووبوونە جەنگ هەر کارێکیان بویستایە، لە دار شکاندن و نان تێگوشین و قاوە هاڕین... هتد بە ئاماژە فەرمانیان بە داگیرکەرانی ملکەچ و گوێڕایەڵی خۆیان دەدا، تەنانەت یەکێکیان نوێن وجلە چڵکنەکانی خانەخوێیەکەی خۆی، کە پیرەژنێکی زۆر پیر وبێ توانا بوو، دەشت.

کۆنت کە سەری لەم دیمەنانە سوڕمابوو، چەند پرسیارێکی لە جانکوشی کڵێساکە (جانکوش: مجێوری کڵێسا، خزمەتکاری کڵێسا) کەلەو کاتەدا لە دێرێکەوە دەهاتە دەرێ، کرد. پیرە مشکی کڵێساکە لە وەڵاما گوتی:

– ئاغاگیان ئەمانە خەڵکانی خراپ نین. وەکو ئەوەی کە باوە ئەمانە ئەسڵەن پرووسی نین، بەڵکو لە شوێنانی دوورترەوە، کە نازانم کوێیە هاتوون. هەموو ئەمانە ژن ومنداڵانی خۆیان لە دیارو دەڤەری خۆیان بەجێهێشتووە، بۆیە هیچیان دڵیان بەشەڕ خۆش نییە. من دڵنیام کە لە دیارو دەڤەری ئەوانیش ژنان بۆ مێردانی خۆ دەگرین، لەوێش وەکو ئێرە شین و واوەیلایە. ئەوجاش، حاڵی حازر بەدبەختی و نەگبەتی لێرە کەمترە لەوێ، چونکە ئەم پیاوانە خراپە لەگەڵ کەسدا ناکەن وبەجۆرێ کار دەکەن وەکو ئەوەی لە ماڵی خۆیاندا بن. تۆ ملاحەزە بفەرموو، ئاغا، بەوحاڵەشەوە هەژارانی بێچارە بەدادی یەکا دەگەن.. ئەوانەی شەڕ دەنەنەوەو هەڵدەگیرسێنن تەنیا گەورەکانن.

کورنودە، کە لەم هاودڵییەی نێوان داگیرکەرو داگیرکراو تووڕە بوو و وای بە چاک زانی بگەڕێتەوەو لە میوانخانەکەدا بمێنێتەوە. لوازو هەر بۆ شۆخی وپێکەنین پلارێکی هاوێشت وگوتی:– ئەمانە جێگەی خەسارەتەکان، بە زاوزێ و منداڵ خستنەوە پڕ دەکەنەوە.

ئاغای کارەلامادون، نێوچاوانی تێکنا وگوتی:– وێرانیەکان ئاوەدان و نۆژەن دەکەنەوە.

بەڵام هیچ هەواڵێک لە کابرای عەرەبانچییەوە نەبوو. ئەنجام لە قاوەخانەکەی ئاواییدا دۆزیانەوە کە دەگەڵ خولامی ئەفسەرە ئاڵمانیەکەدا دۆستانە لە دەوری مێزێک دانیشتبوون. کۆنت لێی پرسی:

– مەگەر پێیان نەگوتبووی کە سەعات هەشتی بەیانی گالیسکەکە ببەستیت؟

– بۆنا؟ بەڵام دواتر دەستوورێکی دیکەیان بەمن دا.

– چ دەستوورێک؟

– کەبەهیچ جۆرێ بۆم نییە گالیسکەکە ببەستم.

– کێ ئەو دەستوورەی پێدایت؟

– فەرماندەی پرووسیەکان.

– بۆچی؟

– من چوزانم؟ بڕۆن لەخۆی بپرسن. بە منیان گوت گالیسکەکە مەبەستە و منیش نەمبەست و تەواو!

– ئەو بەخۆی ئەو دەستوورەی دایێ.

– نە، یارۆی ئوتێلچی، بەناوی ئەوەوە پێی گوتم.

– کەی؟

– دوێشەو، ئەوکاتەی کە ویستم بڕۆم بخەوم.

هەرسێ پیاوەکە، هەراسان و پەرێشان بۆ میوانخانەکە گەڕانەوە. تاقیبی ئاغای " فولان ڤی " یان کرد، لێ کارەکەر و قەرەواشی میوانخانەکە گوتی کە ئاغا بەهۆی ئەو تەنگە نەفەسیەی کە هەیەتی هیچ کاتێ لە سەعات دەی بەیانی زووتر ڕانابێ، تەنانەت قەدەغەی کردووە کەجگە لە کاتی ڕوودانی شەوات و ئاگرکەوتنەوە، هەرگیز لە سەعات دە زووتر بێداری نەکەنەوە.

ویستیان ئەفسەرە ئالمانیەکە ببینن، بەڵام هەرچەندە لە هەمان میوانخانە ئاکنجی بوو، دیداری مەحاڵ بوو، تەنیا فولان ڤی بۆی هەبوو سەبارەت بە کاروباری نە لەشکری قسەی دەگەڵدا بکات. ناچار چاوەڕوانیان کرد. ژنەکان دووبارە بۆ ژوورەکانی خۆیان چوونەوەو کەوتنە خەیاڵپڵاوی بێ بنج و بناوان.

کورنودە لەپاڵ سۆپا بەرزەکەی مووبەقەکەدا، کە گڕێکی زۆری هەبوو، پاڵکەوت. داوای کرد و یەکێک لەو تەپڵەکانەی کافەکەیان لە بەردەمیا دانا و بوتڵێک بیرەشیان بۆ هێنا و، پاشان پایپە بەناو بانگەکەی خۆی، کەلەنێو دیموکراتەکاندا بەقەد خاوەنەکەی قەدر وئیحتوباری هەبوو و دەتگوت بە خزمەتکردنی کورنودە، خزمەت بە نیشتمان دەکات، لە گیرفانی دەرهێنا. ئەم پایپە لە بەردی دەریایی دروستکرابوو وبە هۆی بەکارهێنانی زۆرەوە لووس وسیقاڵ بووبوو و، وەکو دانی خاونەکەی ڕەش بووبوو، بەڵام بۆنخۆش و دەسک خوار وبەبریقە و خۆشدەست بوو، زۆر لە سەر وقەڵافەتی خاونەکەی دەهات. کورنودە بەبێ جوڵە لەوێ دانیشتبوو. هەندێجار لە ئاگری سۆپاکە وهەندێ جاریش لە کەفی پەرداخە بیرەکە ورد دەبووەوە، هەرجارێ کە قومێکی دەخواردەوە، بە خۆشیەوە قامکە درێژ ولاوازەکانی، بە قژە چڕەکەیدا دەکرد و ئەو کەفی بیرەیەی کە بەر سمێڵی دەگرت، هەڵدەمژی.

لوازو، بەناوی دەرکردنی سڕی پاوە بۆ ناو ئاوایی ڕۆیی تا شەراب بە خوردە فرۆشانی گوندی بفرۆشێت. کۆنت وکابرای کارخانەدار کەوتنە باسی سیاسەت وپێشبینی ئایندەی فەرەنسایان دەکرد. یەکێکیان باوەڕی بە بنەماڵەی " ئورلیان " هکان هەبوو و، ئەوی دی قەناعەت و باوەڕی وابوو کە سەردەمی نائومێدی و بەدبەختی کۆتایی هاتووەو فریاڕەسێکی نەناس، قارەمانێکی نەتەوەیی، یەکێکی وەکو "دوگسکلن" یان ژاندارک ویان وەکو ناپلیونی گەورە پەیدا دەبێ و، دەیگوت:– ئاخ، خۆزگە وەلیعاد ئەوەندە بچووک نەبوایە!

کورنوده، که گوێی له قسەکانی وان دەگرت، وەکو یەکێک ئاگای له چارەنووس هەبێت، بزەیەکی بۆ دەکرد. بۆنی خۆشی پایپەکەی مووبەقەکەی پڕکردبوو.

کاتێ زەنگی سەعاتەکە، دەی بەیانی ڕاگەیاند، فولان ڤی پەیدا بوو. یەکسەر مەسەلەکەیان لەو پرسی، ئەویش دوو سێ جار، بێ کەمترین گۆڕانێک ئەم قسانەی دووبارە کردەوە:- ئەفسەری ئاڵمانی ناردی بە شوێنما و گوتی ئاغای فولان ڤی، نەیەڵی سبەینێ گالیسکەکەی ئەم ڕێبوارانە بڕوات، من نامەوێ ئەوانە بەبێ ئەمری من بڕۆن، تێدەگەی؟ تەواو؟

هەنگێ داوایان کرد ئەفسەرە ئاڵمانیەکە بدینن. ئاغای کۆنت کارتی ناو و ئەدرەسەکەی خۆی، که ئاغای کارەلامادونش ناو و ئەدرەسەکەی خۆی خستەسەری، بۆنارد. ئەفسەرە ئەڵمانیەکە وەڵامی پەیامەکەی دایەوە که دوای فراڤین، سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ، ئەو دوونەفەرە دەبینێت.

خانمەکان دووبارە پەیدا بوونەوە، وێڕای نیگەرانی و پەرێشانی، سووکە نانێکیان خوارد. خڕخەپان نەخۆش دیار بوو و زۆر هەراسان و پەرێشان بوو.

تازە چا وقاوە خورابووەوە که خوڵام و بەردەستەکەی یارۆی ئەفسەر له دووی ئاغایان هات.

"لوازو" ش لەگەڵ دوو نەفەرەکەدا ڕۆیی. مکووڕییان لەسەر ئەوەکرد که کورنودەش لەگەڵ خۆیاندا ببەن تا سەنگ و ئیحتوبارێ بە چوونەکەی خۆیان بدەن. لێ ئەو بە کەماڵی غرووڕەوە ڕایگەیاند که هەرگیز نایەوێ سەروکاری لەگەڵ ئاڵمانیەکاندا هەبێ. دیسان لەبەر سۆپاکە ڕۆنیشت و داوای بیرەیەکی دی کرد.

سێ پیاوەکەی دی بە پلیکانەکاندا سەرکەوتن وچوونە جوانترین ژووری میوانخانەکە، که ئەفسەرە ئاڵمانیەکە لەوێ پێشوازی دەکردن. ئەفسەرەکە لەسەر قەنەفەیەکی نەرم پاڵی لێدابووەوە و پێیەکانی نابوونە لێواری سۆپاکە، پایپێکی چینی نابووە لا لێویەوەو بیجامەیەکی ڕەنگاوڕەنگی لەبەردا بوو که بێگومان له ماڵێکی چۆڵکراوی دەوڵەمەندێکی بەد سەلیقە دزرابوو. نه لەجێی خۆی هەستا ونه بەرسڤی سڵاوەکەیانی دایەوە، تەنانەت هەر تەمەشاشی نەکردن، شێوە وشکڵی ڕێک ئاوێنەی خوێڕیەتی سوپاییانی داگیرکەر بوو.

دوای چەند ساتێک، ئاخری هاتە قسان وگوتی:- ئێوە چ کارێکتان بە ئێمە هەبوو؟

کۆنت، گوتی:- قوربان ئێمە دەمانویست بڕۆین!

- نا! نارۆن!

- دەکرێ هۆی ئەم نەهێشتنەتان بزانین؟

- چونکە من نامەوێ!

- قوربان، عەرزی جەنابی با سەعادەتتان بێ کە فەرمانددەی گشتی ئێوە، ڕێگەی سەفەری تا " دی یپ "ی بە ئێمە فەرمووەو من تەسەور ناکەم هیچ خەتایەکمان کردبێ کە مایەی تووڕەبوونی جەنابی پایەبەرزتان بین.

- گوتم، نامەوێ. تەواو، بڕۆن!

هەرسێکیان سەریان داخست و لە ژوورەکە هاتنەدەرێ.

دوا نیوەڕۆیەکی ناخۆشیان لێگوزەرا. سەریان لەم عینادیەی ئەفسەرە ئاڵمانیەکە دەرنەدەکرد و بیروخەیاڵێن سەیر مێشکی مژوول کردبوون. هەموویان لە مووبەقەکەدا خڕبووبوونەوەو دەستیان بە چەند وچوون وگەنگەشەیەکی بێ ئەنجام کردبوو ومەزەنەی ناواقیعیان لێدەدا:- ڕەنگە بیانەوێ بە بارمتە بیانگرن؟

- بەڵام ئاخر بۆ و بەچ مەبەستێک؟

- یان بە دیلی بیانبەن؟

- یان داوای سەرانەیەکی زۆریان لێبکەن؟

ئیدی بەدەم ئەم بیرانەوە، ترسێکی زۆریان لێنیشت، خەریک بوو شێت دەبوون، ئەوانەی کە دەوڵەمەندتر بوون، زۆرتر دەترسان، چونکە ناچاربوون بۆئەوەی خۆیان بکڕنەوە بە کیسە، زێڕ بکەنە دەست ئەم قوزاقە (سەرباز) بێ شەرمەوە.

مێشکی خۆیان دەگوشی تا هەندێک درۆیانی بەجێ بدۆزنەوە بۆ ئەوەی سەروەت و سامانەکەی خۆیان بشارنەوەو وا بنوێنن کە هەژار و زۆریش هەژارن. لوازو، زنجیری سەعاتەکەی کردەوەو خستیە گیرفانیەوە. کە شەو داهات ترس و نیگەرانیەکەیان زیاتر بوو. چراکان هەڵکران و چونکە هێشتا دوو سەعاتێکیبۆ کاتی شێو مابوو خات لوازو پێشنیازی کرد کە دەستێک یاری " سی و یەک" بکەن. ئەم یارییە بۆ ئەوان بەلای کەمەوە سەرگەرمییەک بوو. هەموو قاییل بوون. کورنودەش، وەکو ڕێزێک پایپەکەی کوژاندەوەو لە یارییەکەدا بەشداری کرد.

کۆنت وەرەقەکانی تێک دا و دابەشی کرد و خڕخەپان دەستی یەکەم "سی ویەکی" هێنا. یارییەکە بەرەبەرە، ئەو ترسەی، کەبە سەریاندا زاڵ بووبوو، لێ ڕەواندنەوە. بەڵام کورنودە، هەستیکرد کە لوازو وژنەکەی مژوولی فەندەڵ فێڵێکی ژێراوژێر ونهێنین.

کاتێ چوونەسەر مێزی شێو خواردن، سەروکەللەی جەنابی فولان ڤی پەیدا بوو، بە دەنگێک بیەوێ گەرووی خۆی ساف بکات، بەدەنگی بەرز گوتی:- ئەفسەری پرووسی جوابی بۆ مادموزیل ئیلیزابت روسە ناردووە کە ئایا هێشتا ڕای خۆی نەگۆڕیوە؟

خڕخەپان، ڕەنگی زەرد بوو، قەدی ڕاستکردەوە، ئەوجا ڕەنگی سوور و مۆر بووەوە، لە تووڕەیی دا، بە جۆرێ هەڵچوو کە نەیدەتوانی قسەبکات. ئەنجام هاواریکرد:- برۆ بەو نا نەجیبی ناڕەسەنی خوێڕیە پرووسییە بڵێ کە من هەرگیز کاری واناکەم، تێدەگەی؟ هەرگیزاوهەرگیز!

ئوتێلچیە قەڵەوەکە لە ژوورەکە وەدەرکەوت. یەکسەر هەمووان لە دەوری خڕخەپان خڕبوونەوە و پرسیار پێچیان کرد. هەموو داوایان دەکرد کە پەردە لەسەر ڕازی دیدارەکەی خۆی لاببات. لە هەوەڵەوە ڕازی نەبوو، لێ ئەنجام لە تووڕەییدا هاتەقسان وگوتی:- دەپرسن چی دەوێ؟ چی دەوێ؟... دەیەوێ لەگەڵما بخەوێت!

هەموو بە بیستنی ئەو قسەیە تووڕە بوون، کورنودە، پەرداخی بیرەکەی هێندە بە توندی بە مێزەکەدا کێشا، پەرداخەکە شکا. ئەم حەرەکەتە بۆخۆی کاردانەوە بوو بەرانبەر بەو قوزاقە بێ ئەدەبە، هەڵکردنی بای تووڕەیی بوو، بانگەوازی یەکێتییەک بوو کەلە نێوان هەمووواندا بۆ بەرخودان دەهاتە ئاراوە. دەتگوت داوای بەشێک لەم فیداکاریەیان لەهەر یەکێکیان کردووە. کۆنت گوتی ئەم پرووسیانە وەکو هۆڤیانی سەردەمی کۆن ڕەفتاردەکەن. بەتایبەتی ژنەکان، هاوخەمیەکی توندی مەحەبەتامێزیان سەبارەت بە خڕخەپان دەربڕی. ڕەبەنیتەکان کەجگەلە کاتی نانخواردن دەرنەدەکەوتن سەریان لەبەرخۆ نابوو و هیچیان نەدەگوت.

هەرکە تووڕەییەکەیان کەمێک سووک بوو، شێویان خوارد، لێ کەمیان قسە کرد، هەموویان لە فکران ڕاچووبوون.

ژنەکان، زوو بۆ ژوورەکانی خۆیان چوونەوە، لێ پیاوەکان بەدەم جگەرە کێشانەوە، کۆڕێکی وەرەقبازیان پێک هێنا و ئاغای " فولان ڤی " شیان دەعوەت کرد. دەیانویست بەهەر جۆرێ بووە لێی بپرسن و بزانن چۆن ئەم سەرسەختیەی یارۆی ئەفسەری پرووسی بەتاڵ و پوچەڵ بکەنەوە. بەڵام ئەو جگەلە وەرەقەکانی دەستی بیری لە هیچی دی نەدەکردەوەو نەگوێی دەگرت و نە بەرسڤی دەدایەوەو بەردەوام دەیگوت و دەیگوتەوە:- ئاغایان، یاریەکەتان بکەن، یاری!

ئەوەندە حەواسی لای وەرەقەکان بوو کە کۆکین و تف ڕۆکردنیشی لە بیر چووبوو. لەبەر ئەوە جارجار دەنگێکی وەکو دەنگی خاڵێن هەڵوەستەی میوزیک لە گەرووویەوە دەهاتەدەرێ. لە سینگە قرخنەکەیەوە، کە دایمە دەی خیزاند ودیاربوو کە تووشی نەخۆشی تەنگەنەفەسی بووبوو، هەرجۆرە دەنگێک لە بەرزترین نەغمەی موسیقییەوە تا نزمترین دەنگی ئەو نێرە فڕوجانەی کە تازە دەیانەوێ بێنە خوێندن، دەردەهات.

تەنانەت ژنەکەشی کە خەریک بوو لە خەواڵوویی خۆیدا بکەوێ، کاتێ لە دووی هات، ئەو لە گەڵیا نەچوو. ژنە ناچار بوو بەتەنیا ڕۆیی. چونکە ڕۆژکار بوو، هەموو ڕۆژێک سپێدە زوو، لەگەڵ هەلاتنی خۆردا ڕادەبوو، بەڵام مێردەکەی شەو کاربوو وئامادەبوو هەموو شەوێک، تەواوی شەوەکە لەگەڵ دۆستەکانیا بەسەر ببات. پیاوە بە ژنەکەی گوت:- شێرەکەی من زەردێنەی هێلکەی تێبکە و لە قەراخ ئاگرەکە داینە!

دیسان دەستی بە یاریەکە کردەوە. وەختایەک هەمووان بۆیان دەرکەوت کە ناتوانن هیچ شتێک لەم بۆرە پیاوە دەربێنن، گوتیان ئیدی درەنگە وکاتی خەوەو هەرکەسە وبۆسەر جێگای خۆ چوون.

بەیانی، دیسان بە ئومێدێکی نادیارەوە، بەوهیوایەی زوو لێرە نەجاتیان بێ و بڕۆن، ڕۆژێکی دی لەم میوانخانە پیس و ناخۆشە نەمێننەوە زووتر لەخەو ڕابوون.

مخابن!... ئەسپەکان هێشتا لە تەویلەکەدا بوون و عارەبانچیەکە لە هیچ کونێکەوە دیارنەبوو. لە بێکاریا کەوتنە سوڕانەوە بەدەوری گالیسکەکەدا.

نیوەڕۆژە، بە حاڵێکی زۆر خەمینەوە خورا. ساردیەکی تایبەتی سەبارەت بە خرخەپان پەیدا بووبوو، چونکە شەو، هەمیشە بە ڕووداوان ئاوسە، بیروبۆچوونەکان گۆڕابوون. ئێستا هەمووان لەم کیژە پەست ودڕدۆنگ بوون کە بۆچی شەوێ بە دزییەوە بۆلای ئەفسەرە پرووسیەکە نەچووە، تا کارەکە ڕایی بکات و بەیانی لە کاتی ڕابووندا، دۆستەکانی لەو ئاستەنگەی هاتبووە پێشی ڕزگاربکات و خۆشحاڵیان بکات! ئاخر چ کارێک لەوە ئاسانتر بوو؟ ئاخر کێ پێی دەزانی؟ ئەگەر هەر بۆ ڕواڵەتیش بوایە دەیتوانی ئەفسەرە پرووسیەکە تێبگەیەنێ کەدڵی بە ئاوارەیی و سەرگەردانی هاوسەفەرەکانی دەسووتێ، دەنا هیچ پێویستی بەم کارە نییە!

بەڵام هێشتا هیچ کەسێک ئەم بیرانەی دەرنەدەبڕی.

دوای نیوەڕۆ، کە هەموویان بێتاقەت بوون، کۆنت پێشنیازی کرد، کەبۆ پیاسە و ڕاوێچکە بڕۆن بۆ قەراخ ئاوایی. هەموو بە پارێزەوە خۆیان پێچایەوە، هەرهەموویان جگەلە کورنودە کە حەزیدەکرد

به دیار ئاگرەکەوە وەمێنێ وجگەلە جووتە تەرکە دنیاکە کە ڕۆژیان یا لە کڵێساکە دەگوزەراند یالەلای کەشیشی گوندەکە بەسەر دەبرد، کەوتنەڕێ.

سەرما کە ڕۆژبەڕۆژ توندتر دەبوو، کەپوو وگوێچکانی دەتەزاند. پێیان لە سەرما عاردی نەدەگرت، بە زەحمەت هەنگاویان بۆ دەنرا، کە دەشت و دەرەکە بەدیار کەوت، لە ژێر ئەو پەردە سپیە بێ سنوور وبێ پایانەدا، ئەوەندە غەمناک و ترسناک هاتەبەرچاو کە هەر هەموویان، بلەزی لەز، بەدڵێکی سارد وسڕ وگیراوەوە گەڕانەوە. چوار ژنەکە لە پێشەوە ڕێیان دەکرد و سێ پیاوەکەش بە مەودایەکی کەم لە دوای ئەوانەوە دەهاتن.

لوازو، کەپەی بە ڕەوشی نالەبار و دژواری گروپەکە بردبوو، لە ناکاوا پرسی کە: " ئەم ژنە هەرزەیە" دەیەوێ تاکەی ئەمان لێرە ماتەڵ بکات. کۆنت کە هەمیشە پیاوێکی بە ئەدەب بوو گوتی ناکرێ چاوەڕوانی فیداکارییەکی ئاوا نەنگین لە ژنێک بکرێ، مەگەر خۆبەخۆ هەستێکی وەهای لەلا دروست ببێت. ئاغای کارەلامادون گوتی ئەگەر ئەو بانگەشە و دەنگۆیەی کە گوایە فەرەنسیەکان بە نیازن دژە هێرشێک لە "دی یپ" ەوە بکەن، ڕاست بێ، لەوانەیە بەرخورد و پێکادانی هەردوولا، لێرە لە تت ڕوو بدات. ئەم بۆچوونە دووانەکەی دیکەی خەمبار کرد. لوازو گوتی:- چۆنە بە پێیان هەڵێین؟

کۆنت شانی هەڵتەکاند وگوتی:- شتی وا و بەم بەفر و سەرما و ژنانەوە؟ خۆ یەکسەر دەکەونە تاقیبمان و دوای دە خولەک دەمانگرن و بەدیلی دەمان هێننەوەو هەنگێ سەروکارمان دەکەوێتە لای سەربازان.

ئەم قسەیە دروست بوو. هەموو بێدەنگ بوون. ژنەکان باسی ئارایشتیان دەکرد، بەڵام وادیار بوو لەسەر بابەتێکی تایبەتی ناکۆکی و ناتەباییان کەوتبووە بەینەوە.

لەناکاوا سەروکەللەی ئەفسەرە پرووسیەکە لە کۆتایی کۆڵانەکەوە پەیدا بوو.

سێبەری بەژنە بەرز وناوقەدە باریکەکەی ئەو بە یونیفۆرمی سوپاییەوە، کەوتبووە سەر ئەو بەفرەی چاوی دەخستە ڕێشکەوپێشکە.بە هەنگاوی هەڕاو هەڕاو دەڕۆیی وشێوەی ڕەفتاری تایبەتی سوپاییانی هەبوو کە بە پێی توانا هەوڵدەدەن پۆستاڵە بۆیاخکراوەکانیان پیس نەبێت.

وەختێ بەلای ژنەکانا تێپەڕی سەرێکی بەڕێزەوەی دانەواند، بەڵام تەمەشایەکی حەقارەت ئامێزی پیاوەکانی کردو، ئەوانیش بەلای کەمەوە ئەوەندەیان غیرەت نواند کە کڵاوەکانیان لەسەر دانەگرن، هەرچەندە لوازو سووکە جووڵەیەکی کرد کە کڵاوەکەی لەسەر دابگرێ.

خڕخەپان، سووری سوور بووەوە. ئەو سێ ژنە مێردارە، کە هاوڕێ لەگەڵ ئەم کیژە هەرزەیەدا تووشی ئەو ئەفسەرە بوون کە چاوی تەماحی بڕی بووە کیژەی تاین، هەستیان بە شەرمەزاری و تەریقییەکی بێ ئەندازە کرد.

ئەوسا کەوتنە باسی ئەو وسەرووەزع و سەروسیمای ئەو. خات کارەلامادون کە ئەفسەرانێکی زۆری ناسی بوو و وەکو پسپۆڕێکی واقیعی هەڵسەنگاندنی بۆدەکردن، باوەڕی وابوو کە ئەم ئەفسەرە خراپ نییە، تەنانەت خەفەتی بۆ ئەوە دەخوارد کە بۆچی فەرەنسی نییە، دەنا یەکیک دەبوو لەو ئەفسەرە سوارە قۆزانەی کە هەموو ژنان شێت و شەیدای دەبوون.

کەبۆ میوانخانەکە گەڕانەوە کەس نەیدەزانی چ بکات. تەنانەت هەندێ قسەی ناخۆشیشیان دەربارەی بابەتی هیچ وپوچ کەوتە نێوانەوە.

شێوەکەیان بەبێدەنگی و لەزبلەز خوارد وبۆ ئەوەی کاتەکەیان بەخەو ببەنەسەر هەمووان بۆ خەوگەی خۆ چوون.

بەیانی، هەمووان بە قەلافەتی ماندوو و دڵی نائومێدەوە هاتنەخوارەوە. ژنەکان، بەزەحمەت قسەیان لەگەڵ خڕخەپاندا دەکرد و، وەکو جاران ڕوویان نەدەدایێ.

دەنگی زەنگێک بەرز بووەوە. دیاربوو یەکێکیان غوسڵی تەعمید دەکرد. خڕخەپان منداڵێکی هەبوو کەلەلای جووتیارانی " ئیوتو " بەخودان دەکرا. ساڵێ یەک جاریش ئەم منداڵەی خۆی نەدەبینی و هەرگیز بە بیریا نەدەهات، بەڵام ئێستا بەو خەیاڵەی کە یەکێک غوسلی تەعمید دەکەن، لەناکاوا میهرێکی دایکانەی توندی سەبارەت بە منداڵەکەی خۆی کەوتە دڵ و بە مکووڕیەوە دەیویست کەلە ڕێوڕەسم و تەشریفاتی ئەم غوسڵی تەعمیدەدا بەشداری بکات.

هەرکە خڕخەپان ڕۆیی، هەمووان ڕوانیانە یەکدی، پاشان کورسییەکانیان لێکدی نزیک کردەوە، هەستیان دەکرد ئیدی هەرچۆنێ بووە دەبێ چارەیەک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە. لوازو بیرێکی بە خەیاڵدا هات: باوەڕی وابوو پێشنیازی ئەوە بۆ ئەفسەرە ئاڵمانیەکە بکەن کە خڕخەپان بە تەنیا گلبداتەوەو ڕێگە بەوانیدی بدات کە بڕۆن.

دیسان "فولان ڤی" یان ڕاسپارد ئەو پەیامە بگەیەنێت، بەڵام هێشتا نەکەوتبووە ڕێ گەڕایەوە. ئەفسەری ئاڵمانی کە دەماری بەشەری چاک دەناسی، یەکسەر لە دەرگاوە دەری کردبوو و گوتبووی تا بە مرادی خۆی نەگات، هەرهەموویان گل دەداتەوە.

هەنگیٚ، ژنە ڕوخسار دێهاتیەکەی لوازو هەڵیدایە وگوتی:- ئەی بابە، نەدەبوو ئەوەندە لێرە بمێنینەوە تالە پیریا بمرین، لەکاتێکا ئەم کیژە سەلێتەیە کاری ئەمەیە کەلەگەڵ هەموو پیاوێکا بخەویٚ. بە باوەڕی من هەق نییە ئەمەش ڕەت بکاتەوە. ئاخر من ناڵیٚم ئێوە بڵێن ئەم ژنۆکەیە لە "ڕوان" بەهەرکەس و ناکەسێکی داوە، تەنانەت بە عەرەبانچیانیش! بەڵیٚ خانم بە عارەبانچی یەکەی شارەوانی! من خۆم دەزانم، ئەو مێردەک وبۆرە پیاوە لە دووکانی مە شەراب دەکریٚ. ئێستا کە مەسەلەی نەجاتی مە لە ئارادایە، ئەم بەد کردارە ئەدا وئەتوار دەنوێنیٚ و لەبەد شانسی مەدا بەرماڵی بەسەر ئاوەوە دەگەڕیٚ!..

بەباوەڕی من ئەم ئەفسەرە کارێکی باش دەکات. ڕەنگە لەمێژ بیٚ بیٚ تووتن بیٚ، ئەگەر ئێمە هەرسێکمان لەویٚ بواین، بێگومان ئێمەی بەسەر ئەوا پەسند دەدا، لیٚ نا، ئەو بەویەکە قاییل دەبیٚ، ئەو بەسەر ئێمەدا پەسند دەدات، چونکە ڕێزی ژنانی بەمێردی لایە. ئێوە جوان بیری لێبکەنەوە، ئەو کابرایە لێرە خاوەن دەسەڵاتی ڕەهایە و ئەوەندە بەس بوو بڵیٚ: "من ژنم دەویٚ!" هەنگیٚ دەیتوانی بە سەربازەکانی خۆی، ئێمە بە تۆپزی بەرێت.

دوو ژنەکەی دی موچوڕکەیەکیان پێداهات. چاوانی خات کارەلامان پرشنگیان دا، ڕەنگی کەمێک پەڕی بوو، لەتۆوایە ئەفسەرە ئاڵمانیەکە، بە تۆپزی بردوویەتی وزەفتی کردووە.

پیاوەکان کە بەجیا گفتوگۆ وگەنگەشەیان دەکرد، هاتنە نزیکترەوە. لوازو کە زۆر پەست وتوورە بوو، دەیویست ئەم " ژنۆکە هەرزەیە " بەدەست وپیٚ بەستراوی ڕادەستی دژمن بکات. بەلاّم کۆنت کەسیٚ پشتی سەفیر بوون و بەخۆیشی سەری لە سیاسەت دەخورا، قەناعەتی وابوو کە دەبیٚ ئەم کارە بە تەگبیر یەکلابکرێتەوە وگوتی:- دەبیٚ ئەو ڕازی بکرێت.

هەنگیٚ کەوتنە بیرکردنەوە لە دانانی نەخشەیەک.

ژنەکان زیاتر چوونە پاڵ یەک وڕاوێژی قسەکانیان هێواشتر کردەوە. ئیدی گفتوگۆ و چەند وچوونەکان شەقڵی گشتیان وەرگرت و هەرکەسە وبۆچوونێکی دەردەبڕی. خۆش ئەوەبوو کە ئەم خانمانە بۆ دەربڕینی دزێوترین بابەتی داوێن تەڕی و داوێن پیسی، کینایە و ئاماژە نوکتە و کۆمێنتی زۆر ناسکیان دەدۆزییەوە. بە ڕادەیەک ئەدەب و نەزاکەت لە قسەکانیاندا ڕەچاو دەکرا کە کەسی غەریب وبێگانە هیچ لە قسەکانیان حاڵی نەدەبوو. بەلاّم چونکە ئەو پەردە ناسکەی پاک داوێنی وتەقوایە کە ڕواڵەتی هەموو ژنانی دنیای داپۆشیوە، زۆر سەتحی و سەرڤەسەرڤەیە. ئەو خانمانە بەدەم باسی ئەم بابەتە بیٚ پەردە و دوور لە ئەخلاقەوە لە ناخا گەزگەز بالاّیان دەکرد و

لەدڵی خۆدا زۆر لەزەتیان لێ دەبرد، چونکە غەریزەو تەبیعەتی ژنانەیان هاڕوژابوو، وەکو چۆن ئاشپەزێکی نەوسن کە خواردنی خەڵکی دی لێدەنێ، بەو ئاوایە ئەشقیان تام وچێژ دەکرد.

ئاقیبەت ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی ئەوەندە سەیر وجوان کەوتەڕوو کە شادی خۆبەخۆ دڵی ئاوا کردنەوە. کۆنت زنجیرەیەک شۆخیانی بڕێک دزێوی هێنایە ناو ناوان، بەڵام ئەوەندە وەستایانە دەیگێڕانەوە کە هەمووان بزەیان دەهاتێ. " لوازو"ش لە لای خۆیەوە هەندێک شۆخی ئاشکراو بێ شەرمانەی کرد کە هیچ کەسێک پێی نەڕەنجا. ئەو بیرۆکەیەی کە ژنەکەی بەو بێ شەرمییە دەری بڕی بوو، مێشکی هەمووانی مژوول دەکرد. ئێستاکە ئەم ژنۆکە سەڵیتەیە ئیش و پیشەی ئەمەیە، بۆچی دەست بەڕووی ئەم کابرایەوە دەنێت؟ لەتۆوایە خات کارەلامانی میهرەبانی بە کەشم ونەشمیش بیری لەوە دەکردەوە کەئەگەر لەجیاتی خڕخەپان بوایە، فەرقی ئەم وئەوی نەدەکرد. لەوان دوور کەوتبووەوەو خۆی وا دەنواند کە زۆر لەوجۆرە کارانە دوورە. هەموویان بە ڕادەیەک تێکەڵی بابەتەکە بووبوون کە گوێیان لە دەنگی هاتنە ژوورەوەی خڕخەپان نەبوو. بەڵام کۆنت بە ئەسپایی گوتی:- وس!

هەموو بە ڕادەیەک پەشۆکان کە زمانیان بەسترا وهەوەڵجار نەیان توانی هیچ قسەیەکی لەگەڵدا بکەن، کۆنتس کەلەوانی دی پتر بە ڕەوش و ڕیای هۆڵ و دیوەخانە ئەشرافیەکان ئاشنا بوو لێی پرسی:- ئێ، ئەم غوسڵی تەعمیدە خۆشبوو؟

کیژەی خڕوخەپان کە هێشتا سارد نەبووبووەوە، هەموو شتێکی لە سەروسیماکانەوە بیگرە تا شکۆ وجەلال و هەیبەتی کڵێساکەی، لە سیری تا پیازی بۆ گێڕانەوەو ئەنجام گوتی:- چەند باشە مرۆڤ هەندێجاریش نوێژ ونزا بکات!

بەهەرحاڵ، خانمەکان، تا کاتی فراڤین، زۆریان ڕوودایە، تا متمانە وئامادەگی وی بۆ قەبوڵکردنی ئامۆژگاری، زیاتر بکەن.

هەرکە لەسەر مێزی نیوەڕۆژە دانیشتن بەرەبەرە دەرگای بابەتەکەیان کردەوە. لە هەوەڵەوە گفت وگۆیەکی گشتی و هەندێک ناڕاستەوخۆیان دەربارەی فیداکاری کرد وناوی گەلێک لەوانەیان هێنا کەلە بەرەبەیانی مێژووەوە بووبوون بە سەرمەشقی فیداکاری. ناوی " ژودیت و هولوفرن " یان هێنا ( ژودیت: ژنێکی جوولەکە بوو کەلە پێناوی ڕزگاری شاری بەیت لەحمدا، " هولوفرن " ی سەرداری دژمنی فریودا ولە خەوا سەری بڕی) وپاشان بێ هیچ بەڵگەیەک ناوی " لوکرس وسکستوس " یان هێنا ( لوکرس: ژنێکی جوانی ڕووسی بوو کە لەلایەن یەکێک لە کوڕانی تارکن ی پاشای ڕۆمەوە دەستدرێژی سێکسی کرایە سەرو خۆی کوشت و ئەم بویەرە بووە مایەی

سەقامگیری ڕژێمی کۆماری لە ڕوم، ساڵی ٥١٠ پ.ز، سکستوس: پزیشک و فەیلەسوف و ئەستێرەناسی یونانی سەدەی سییەمی زاینی بوو.) "کلیوپاترا " یان بە نموونە هێنایەوە کەلە ڕێگەی هەڤخەویەوە لەگەڵ سەردارانی دژمندا، هەموویانی کردبوو بە خزمەتکار و کۆیلەی خۆی.

ئەوجا گێڕانەوەی حیکایەت وچیرۆکێن خەیاڵی کە دەستکردوزادەی خەیاڵی ئەم میلیۆنێرە گەوجانە بوو، دەستی پێکرد. بە گوێرەی ئەم چیرۆکانە ژنانی ڕوومی بۆ کاپۆ بۆلای ئانیبال ی سەرداری کارتاجی دەچوون و لەگەڵ ئەو و سەربازە بەکرێگیراوەکانی ئەودا رایان دەبوارد و هاوخەویان دەکرد. ئەنجام باسیکی هەموو ئەو ژنانەیان کرد کە ڕێگەیان لە داگیرکەران گرتبوو لەشی خۆیان کردبوو بە مەیدانی شەڕ وچەکی سەرکەوتن بەسەر دژمنداو بە نەوازشی قارەمانانەی خۆیان شکستیان بە دژمنی ڕەزا قورس و قێزەون هێنابوو وداوێنپاکی و پارسایی و شەرەفی خۆیان لە پێناوی خاک وخەڵکدا فیدا کردبوو.

تەنانەت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی ئەو ژنە نەجیمزادە ئینگلیزەشیان کرد کە بە ئانقەست خۆی دووچاری نەخۆشیەکی گیرۆ وترسناک کردبوو، تا بۆ ناپلیون بوناپارتی بگوازێتەوە، ئیدی بۆناپارت خۆی و شانسی لە ژوانگەکەدا، دووچاری سستیەکی سێکسی لە ناکاوا بوو و بەو شێوە پەرجوو ئاسایە لەو تالوکەیە خەلەسی.

هەرهەموو ئەم چیرۆکانە، هێندە بە ئاو وتاو دەگێڕدرانەوە کە هەندێجار گوێگرانی دێنایە جۆش ولەوەبوو هەستی خۆزیخوازی و چاولێکەریان لەلا دروست بکات.

سەرەنجام لەگین بوو ئەم باوەڕە چێ ببێت کە تاقە ڕۆڵی ژن لەم دنیایەدا، بریتیە لە فیداکردنی بەردەوامی جەستەی خۆیان و ڕادەست بوون بە هەوا وهەوەسی پیاوانی قوزاق تەبیعەت.

جووتە ڕەبەنیتەکە دەتگوت گوێزیان بۆ دەژمێرن، لە بیری قووڵی خۆیاندا نقوم بووبوون. خڕخەپان هیچی نەدەگوت.

***

دوا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، بە درێژایی وەختەکە، ئەویان بە تەنیا هێشتەوە تا بیربکاتەوە. بەڵام لە جیاتی عینوانی " مەدام " کە تا ئەوکاتە بەو عینوانە دەیاندواند، ئەمجارە تەنیا بە عینوان وناوی "مادموزیل" دەیاندوان، بێ ئەوەی هیچکەسێک هۆی گۆڕینی ئەم عینوانە بزانێت، دەتگوت دەیانەوێ ئەو لە لوتکەی ئەو عیزەت و حورمەتەوە کە پێی گەیی بوو، پلەیەک بیننە خوارەوەو ڕەوشە نزم و نەنگینەکەی بەڕووا بدەنەوە.

لەو کاتەدا کە گۆشتاوی شێوەکەیان هێنایە سەر سفرەوخوان دیسان ئاغای فولان ڤی پەیدا بووەوە، هەمان ڕستەکەی دوێشەوی دووبارە کردەوە:- ئەفسەرە پرووسییەکە، دەڵێت ئایا مادموزیل ئیلیزابت هێشتا ڕای خۆی نەگۆڕیوە؟

خڕخەپان بە ڕاوێژێکی توند تەنیا ئەوەندەی گوت کە:- نەخێر ئاغا؟

بەڵام لەسەر شیو خواردن، یەکێتی بۆچوونەکە سست بوو. لوازو سێ ڕستەی بێ سەروبەری دەرپەڕاند. هەریەکەیان گوشاری لەخۆی دەکرد تا بەڵگە و نموونەیەکی تازە بدۆزێتەوەو وەبیری خۆی بێنێتەوە، بەڵام بیری بەهیچ کوێ ڕانەدەگەیی، لەم کاتەدا کۆنتس، بێ هیچ پێشەکی و ئامادەسازییەکی پێشوەختە وپێدەچوو بەهۆی جۆرە ڕێزێکی گۆنگەوە بۆ ئاین بووبێ لە ڕەبەنیتە بە تەمەنترەکەی داواکرد کەباسی ماجەرا گرینگەکانی ژیانی گەورە پیاوانی ئاینیان بۆبکات. هەڵبەتە گەلێک لەو گەورە پیاوانە لە ژیانیاندا کاری وایان کردبوو کەبەلای ئێمەمانانەوە گوناح بوون، بەڵام ئەم گوناحانە ئەگەر لەڕای خودا بان و بەخێر ولە بەرژەوەندی هاوڕەگەزاندا بوایەن، کڵێسا سووک وئاسان قەڵەمی عەفو وبەخشینیلێ دەدان. ئەمە بەڵگەی بێ چەند وچوون بوو وکۆنتس ئەمەی بەهەل زانی. ئەوسا پیرە ڕەبەنیتە ئایا بەهۆی ڕێکەوتنێکی ژێربەژێرەوە بوو، یان بەهۆی کەودەنیەوە بوو، بەبێ ئەوەی بەخۆ بزانێ، بەهەموو توانایەکی خۆیەوە کەوتە پشتیوانی لەم پیلانە. هەمووان ئەویان بە ژنێکی شەرمن و کەم ڕوو دەزانی، لێ دەرکەوت کە زۆر گۆساخ و دەماوەر وهەرزەچەنە وسەرسەختە. زەینی ئەم ژنە بە باوەڕێن " خواناسانی ئالیگری ویژدان " ئاخێنرابوو، بنەمای بیروباوەڕەکانی وەکو پۆڵا بوو. زەڕەیەک دوودڵی لە ئیمانیا نەبوو، زەڕەیەک وازوازی لە ویژدانی مەزەبی ئەودا نەبوو. فیداکاری ئیبراهیمی، بە کارێکی زۆر سادە وەردەگرت، چونکە ئیبراهیم، لەبەر ڕۆشنایی ئەو فەرمانەی کەلە عەرشەوە پێی دەگەیی ئامادەبوو باب و داکی خۆیشی بکوژێت. بە باوەڕی ئەو هیچ کارێک لای خوا، ئەگەر بە نیاز ونیەتێکی چاک و خێرخوازانەوە ئەنجام بدرێ، خراپ وگوناح نییە. کۆنتس، بە پشتیوانی دەسەڵات و توانای ڕوحانی هاودەستە چاوەڕوان نەکراوەکەی خۆی، دەیجوڵاند تا لە ڕوانگەی ئاینییەوە باسی پڕەنسیپی ئەخلاقی" کە ئامانج ڕەوا بوو،ڕێگای گەیشتن ناڕەواش بێ گرینگ نییە"

کۆنتس، لە ڕەبەنیتەکەی پرسی:- " ئێ، ماسێر ،( ماسێر: خوشک، بە تایبەتی بە ڕەبەنیتە و تەرکە دنیا دەگوترێ.) بەباوەڕی تۆ کاتێ ئامانج و مەبەست ڕەوا وحەڵاڵ بێ، گەر پەنا بۆ ڕێگای ناڕەواش ببرێ خوا چاوپۆشی لێدەکات و بە گوناحی نانووسێت؟

بەڵێ خانم کێ دەتوانێ نکۆڵی لەوە بکات؟کارێک کەلە بنج وبناواندا قێزەونە، زۆرجار، بە گوێرەی ئەو نیازە خێرەی کە سەدەمی ئەنجامدانیەتی، لەلای خوا بە چاکە دەشکێتەوە.

بەمجۆرە، ماسێر درێژەی بە قسەکانی دا وخواستەکانی خوای تێکەڵ کرد ودەربارەی مەشیەتی خوا قسەی کرد و هەندێ شتی بێ مانای دایەپاڵ خوا.

هەموو ئەم سیناریۆیانە، ناڕاستەوخۆ و لێهاتووانە وئاڵۆز وگۆنگ بوو. بەڵام هەر وشەیەکی ماسێری کڵاو بەسەر، درزێکی دەخستە بەرەڤانی وبەرخودانی نەفرەتامێزی ئەوژنە هەرزە وبەرەڵڵایە. پاشان بابەتی باس و گفتوگۆیەکە کەمێک گۆڕا و ژنەی دەستحێببەدەست، کەوتەباسی کڵێساکەی خۆی، سەرانی خۆی، باسی خۆی و هاوڕێ و هاودەمە نازدارەکەی، ماسێر "سنت نیسەفر " . دەیگوت لە هاڤرەوە ناردوویانە لە دوویان تالە نەخۆشخانەکاندا، سەرپەرشتی و پەرستاری سەدان سەربازی دووچاری ئاوڵە بکەن. پاشان کەوتە باسی ڕەوشی ئەو نەخۆشە بەدبەختانە و بەدوور ودرێژی باسی نەخۆشیەکەی وانی کرد. دەیگوت کە ئێستا لەبەر هەوا وهەوەسی ئەم پرووسییە مەلعوونە، ماتەڵ ماوین، ڕەنگە گەلێک لەو فەرەنسیانەی کە ئەگەر ئێمە بیانگەینێ، لەمەرگ بخەلسێن، بمرن. دەیگوت پسپۆڕی من لە پەرستاری سەربازاندایە. من لە قرم و ئیتاڵیا و نەمسا بووم، ئەوسا باسی ئەو شەڕانەی کرد کە بەشداری تیایاندا کردبوو، لە ناکاوا دەرکەوت ماسێر جەربەزەیەکە لەو گۆڕە و خوا دایناوە بۆ ئەوەی بچێتە مەیدانی شەڕ و کۆکردنەوەو هەڵگرتنەوەی بریندارن لەناو جەرگەی شەڕا، لە فەرماندەیەک باشتر دەیتوانی بەیەک قسە، بەرەڵڵاترین سەربازانی لاسارو سەرکێش کۆنترۆڵ بکات. ماسێری سەرکێش و خۆسەر بەو دەم وچاوە ئاسیودیدە وکون کونەوە، وێنەیەکی زیندووی کارەسات و ماڵوێرانیەکانی جەنگ بوو.

قسەکانی ماسێر، ئەوەندە کاریگەر بوون کە هیچ کەسێک لەدوای ئەو هیچی نەگوت. هەرکە نانی شێو خورا هەمووان یەکسەر بۆ خەوگاکانی خۆ ڕۆیشتن و،قەراربوو بەیانی درەنگتر بێنەخوارەووە.

تێشت بە ئارامی خورا. دەرفەتیان بەو دانەوێڵەیەی، کە شەوی ڕابردوو دایان چاندبوو، دەدا تا بڕوێت و بێتەبەر.

کۆنتس، پێشنیازی کرد کە دوای نیوەڕو بچنە گەڕان و پیاسە. هەنگێ کۆنت، بە گوێرەی ئەو بڕیارەی دابوویان، قۆڵی بە قۆڵی خڕخەپاندا کرد و، بە دوو قۆڵی دوای ئەوانی دی کەوتنەڕێ.

کۆنت، بە ڕاوێژێکی زۆر ڕاشکاوانە و باوکانە و بڕێک تووند کە عادەتەن پیاوانی بە ویقارو بەڕێز لەگەڵ کیژاندا بەکاری دەبەن، قسەی کرد، بە " کچۆڵە ئازیزەکەم " دواندی و لە ڕەفتاری خۆیا

بەرانبەر بە وێ پایەی بەرزی کۆمەڵایەتی وحورمەتی خۆی ڕەچاو دەکرد. بێ هێچ پێشەکییەک، بابەتەکەی کردەوە وگوتی:- باشە تۆ پێت ڕەوایە کە ئێمە لێرەدا، وەکو خۆت دووچاری جۆرەها ناخۆشی و تەعدا ببین و ڕووبەڕووی ئەم پرووسیە نەحلەتیەمان بکەیتەوەو، مل بۆ ئەو ڕابواردنە نەدەیت کە دەیان جار لە ژیانی خۆتا، مومارەسەت کردووە؟

خڕخەپان، وەڵامی نەدایەوە.

کۆنت، بە لوتف و نەرم ونیانی دەستی بە قسان کردەوە، بەڵام لە هەموو حاڵەکاندا ڕێزی پایەی " کۆنتی " خۆی دەگرت و بەگوێرەی پێداویستی هەوڵوێستەکە، مدارای دەکرد و سۆز ومیهرەبانی یەکی زۆری نواند، ستایشی ئەو خزمەتەی کرد کە ئەو (خڕخەپان) دەرهەق بەوانی دەکرد و باسی منەتباری جەماعەتی بۆکرد. ئەوجا لە ناکاوا بە ڕاناوی " تۆ " دواندی و بە پێکەنینەوە گوتی:- ڕاستی ئازیزگیان، دەزانی کەئەم ئەفسەرە دەتوانێت شانازی بەوەوە بکات کەبە ویساڵی کیژێکی جوان دڵخۆشە کە هاوتای ئەوی لە وڵاتی خۆیدا دەست ناکەوێ؟

خڕخەپان، ئەمجارەش بەرسڤی نەدایەوەو خۆی گەیاندە جەماعەت.

کەبۆ میوانخانەکە گەڕانەوە، خڕخەپان چوو بۆ ژوورەکەی خۆی و ئیدی بەدیار نەکەوت. نیگەرانی گەیی بووە لوتکە. ئەم کیژە بەتەمای چی بوو، دەیویست چی بکات؟ ئەگەر لەسەر ئەم هەڵوێستە ڕژد بێ، ئەوان چ بکەن!

کاتی شێو هات. چاوەڕوانیان کرد، لێ هیچ هەواڵێکی نەبوو. هەنگێ ئاغای فولان ڤی لە دەرگاکەوە سەری کێشا وپێی ڕاگەیاندن کە مادموزیل ڕوسە نەخۆشە و بۆ شێو چاوەنۆڕی نەبن. هەموو گوێیان هەڵخست. کۆنت لە ئوتێلچیەکە نزیک بووەوە وبە ئەسپایی پرسی:- لەوێیە؟

وەڵامی دایەوە:- بەڵێ.

بەڵام بە ڕەچاوکردنی ئەدەب هیچی بە هاوڕێکانی نەگوت، تەنیا بە سەر سووکە ئاماژەیەکی بۆکردن. یەکسەر هەناسەیەکی ئۆخەیان هەڵکێشاو جۆرە ئارامییەک نیشتەسەر ڕوخساریان. لوازو، هاواری کرد:- بەهبەه! من ئامادەم هەمووتان دەعوەتی شامپانیا بکەم بەومەرجەی لێرەدا شامپانیا هەبێت.

کاتێ خاوەن ئوتێلەکە بە چوار بوتڵ شامپانیاوە هاتەوە خات لوازو هەستی بە نیگەرانیەکی تایبەتی لەخۆیا کرد. هەمووان لە ناکاوا ڕوویان گەشابووەوە وخەندە وپێکەنین کەوتە سەر زاریان وجۆش وخرۆشێکی ئاوێتە بە حەنەک و شۆخیان دڵ و دەروونی ئاوەدان کردنەوە. کۆنت تازە بۆی

دەرکەوتبوو کە خات کارەلامادون چەند جوان ونازدارە وئاغای کارخانەداریش مجامەلەی کۆنتسی دەکرد. ئیدی گفتوگۆیەکان پڕبوو لە جۆش وخرۆش وئاماژە وکینایە.

لوازو لە ناکاوا، دەستەکانی بەرزکردنەوە وگوتی: وس! هەموو بێدەنگ بوون، حەپەسان، بگرە ترسان. هەنگێ لوازو دووبارە گوتی:- وس. چاوی بڕییە بن میچەکە، گوێی هەڵخست وبە ڕاوێژێکی ئاسایی گوتی:- کوڕینە تەواو، دڵنیابن کە کارەکە بەدڵی خۆمان دەبێت.

ئەوانی دی، هەوەڵجار لەمەسەلەکە حاڵی نەبوون، لێ دوایی بزەیان کەوتەسەر لێوان.

دوای چارەکێک، لوازو دەستی بە مەسخەرەبازییەکانی خۆی کردەوەو شەوێش هەمان گەمانی دووبارە کردەوە. وەکو ئەوە بوو کەلەگەڵ کەسێکی قاتی سەرەوەدا قسەبکات وپەندو ئامۆژگارییە دووفاقییەکانی خۆی بەوبدات. جارجاریش جۆرەدڵسۆزی و هاوخەمیەکی لەخۆ دێنا وئاهێکی هەڵدەکێشا و دەیگوت:

- داماو خۆت کیژێ، ژارۆ، بەلەنگازۆ! یان لەبن لێوانەوەو بە تووڕەیی دەیگوت:- هەی پرووسی هیچ وپووچ، هەی ناڕەسەنی نانەجیب! هەندێجاریش کەبە خەیاڵی کەسدا نەدەهات بە ڕاوێژێکی لەرزۆک، چەند جارێک دەیگوت؛- بەس! بەس!

ئەوجا وەکو ئەوەی لەگەڵ خۆیدا قسان بکات، دەیگوت:

- هەر خوابکات جارێکی دیکە بیدینینەوە. ئەگەر ئەم بێ شەرەفە نەیکوژێت باشە!

هەرچەندە ئەم شۆخی وگاڵتانە لایەنی کرێت ودزێویان هەبوو لێ بایسی خەندە وخۆشی هەمووان بوو و هیچ کەسێک پێی ناخۆش نەبوو، چونکە پێناخۆش بوون پەیوەندی بە ژینگە و ڕەوش وحاڵانەوە هەیە، ئەو ژینگەیەی لەنێوان ئەو گرووپەدا هاتبووە ئاراوە، پڕبوو لە شۆخیبازی و هەرزەیی.

لە کاتی خواردنی شیرینی ومیوەدا، ژنەکانیش چەند ئاماژەیەکی بە تەوس وشۆخیئامێزیان کرد. چاوان دەبریسکانەوە. هەمووان زۆریان مەشرووب خواردبووەوە. کۆنت کەلە ناپارێزییەکانی خۆشیا، هەر ڕواڵەتی ڕێزداری خۆی دەپاراست، بەراوردێکی ناسک وجوانی لەنێوان ڕەوشی خۆیان وشادی کەشتیەکی لە جەمسەرا بەجێماو، دوای تواندنەوەی سەهۆڵان و دۆزینەوەی ڕێگایەک بەرەو باشوور، کرد.

لوازو، کەتەواو خرۆشابوو، بە پێکە شامپانیاکەی دەستیەوە هەستا وگوتی:-بەخۆشی ڕازگاربوونی خۆمانەوە دەخۆمەوە!

هەموو هەستانە سەرپێیان وچەپڵەیان بۆلێدا. ماسێرانی پیرۆزیش کە ژنەکان دەعوەتیان کردبوون، ئامادەبوون بەو مەشرووبە کەفاویە کەبە عەمراتیان شتی وایان نەخواردبووەوە، دەمێ تەڕبکەن. هەردووکیان گوتیان کە ئەم شەرابە لە نۆشابەی گازدار دەچێت، بەڵام لە نۆشابە باشترە.

لوازو، لە کۆتاییدا گوتی:- حەیفێ کە پیانۆمان لانییە تا ئاوازێک لێبدەین!

بە درێژایی ئەو ماوەیە کورنودە نە تاقە قسەیەکی کردبوو و نە جووڵەیەک، تەنانەت وادەهاتە بەرچاو کەدەبیرێکی خەمناکەوە چووە، هەندێجاریش بە تووڕەیی ڕدێنە درێژەکەی خۆی ڕادەکێشا، لەتۆوایە دەیەوێ درێژتری بکات. ئەنجام نزیکی نیوەشەو کە دەیانویست جیابنەوە، لوازو بەدەم لەتردانەوە، مشتێکی بە سکیدا کێشا وبەدەم مینگەمینگەوە گوتی:- هاوشاری، تۆ ئەمشەو لەوەدەچێ کەیفت ساز نەبێ، نە قسەیەک دەکەی نە پێدەکەنیت!

لێ کورنودە سەری هەڵبڕی و خێسەیەکی تووڕەی لە جەماعەت کرد وگوتی:

- من بە هەمووتان دەڵێم کە کارێکی زۆر نامەردانە و بێ شەرمانەتان کرد!

ئەوجا هەستا، بەرەو دەرگاکە ڕۆیی وجارێکی دیکە گوتی:- بەڵێ کارێکی نامەردانە وبێ شەرمانە!

ودیارنەما.

ئەم ڕەفتارە لە هەوەڵەوە ساردیەکی خستەناو جەماعەتەوە. لوازو کە پەست بووبوو، ماوەیەک، حایروحەپەساو، گێژوویژ لە جێی خۆی ڕاوەستا، لێ هەر زوو، جۆش وخرۆشەکەی وەبەرهاتەوە، پاشان لەناکاوا گوتی:- سەیرە، بەڕاستی ئەمانە زۆر ناشی و نائازموودەن، زۆر ناشین!

چونکە ئەوانی دی تێنەگەیشتن، کەوتە گێڕانەوەی "ڕازی ڕاڕەوەکە" . دیسان شادییەکی بێ ئەندازە جەماعەتی داگرت. ژنەکان قژقژ پێدەکەنین وشادییان دەکرد. کۆنت و کارەلامادون ئەوەندە پێکەنین، ڕوندک بەچاویاندا هاتەخوارێ. بەهیچ جۆرێ نەیاندەتوانی باوەڕ بەم مەسەلەیە بکەن، گوتیان:- چۆن؟ تۆ دڵنیایی؟ یانی دەیویست..

- دەڵێم بەچاوی خۆم بینیم.

- ئەو نەیدەهێشت؟

- بەڵێ، چونکە ئەفسەرە پرووسییەکە لە ژوورەکەی تەنیشتەوە بوو.

- ئاخر شتی وا چۆن دەبێ؟

- سوێند دەخۆم.

کۆنت خەریک بوو لە پێکەنینا دەخنکا. یارۆی کارخانەدار بەهەردوودەست سکی گرتبوو. لوازو دیسان گوتی:- هەڵبەتە ئاگادارن کە ئەمشەو ئیدی یارۆ نادۆزێتەوە. ئەمشەو ئیدی هیچ هەواڵێک نییە.

هەنگێ هەرسێکیان خەریک بوو لە پێکەنینا دەبوورانەوەو هەناسەیان سوار بوو.

پاشان هەموویان لێکدی جیا بوونەوە. بەڵام خات لوازو وەکو گەزگەزک لەکاتی خەوا بە مێردەکەیەوە نووسا وگوتی:- ئەم ژنۆکە بێ ئەخلاقەی کارەلامادون، بەدرێژایی ئەمشەو، بە تۆپزی پێدەکەنی. تۆکە دەزانی ئەم ژنانە وەختێ چاویان بە ئەفسەرێک دەکەوێ، هەرزۆر ناشیرین نەبێت، ئیدی بەلایانەوە گرینگ نییە فەرەنسی بێ یان پرووسی. پەنا بەخوا!.

بە درێژایی ئەو شەوە، لە تاریکی ڕاڕەوەکەدا، دەنگێن سووک، وەکو دەنگی لەرزین و هەناسەدان بە ئاستەم دەبیستراو دەنگی پێی پەتی بەسەر زەمینەی ڕاڕەوەکەوە وخشەخشی بە ئاستەمی کرانەوە وداخرانی دەرگاکان دەهات. بێگومان ئەوشەوە هەمووان درەنگ خەوتن چونکە تا ماوەیەکی زۆر تیلماسکە تیشکێکی ڕوناکی لەژێر دەرگاکانەوە دەهاتە دەرێ. ئاخر شامپانی باندۆری خۆی هەیە ودەڵێن خەو دەزڕێنێت.

سبەینێ، هەتاوی ڕۆشنی زستان بەفرەکانی هێنابووە بریسکانەوە. ئەنجام گالیسکەکە لەبەر دەرگاکە حازر وئامادە چاوەڕوان بوو. لەوکاتەدا پۆلە کۆترێکی سپی کە پەڕەکانی مل وگەردنیان گڤ کردبووەوە، بە چاوە پەمەییەکانیانەوە کە خاڵێکی ڕەشیان لەناوەڕاستا بوو، لەژێر دەست و پێی ئەسپەکانا دەگەڕان و دەسووڕانەوە لەناو تەرسەقولی ئەسپەکاندا بۆ قووتی خۆیان دەگەڕان.

کابرای عەرەبانچی خۆی لە پۆسینەکەی پێچابوو، لەسەر کورسیەکەی خۆی دانیشتبوو و خەریکی پایپ کێشان بوو، نەفەرەکان شاد ودەم بەخەندە، بە پەلە توێشووی ڕێگایان دەکڕی و داوایان دەکرد بۆیان بەستەبەندی بکەن.

ئەو! برێک پەرێشان و پەشیمان دەهاتە بەرچاو. بەشەرمەزاری بەرەولای هاوسەفەرەکانی ڕۆیی، بەڵام ئەوان ڕوویانلێوەرگێڕا، دەتگوت هەر نەیان بینیوە. کۆنت، بە ویقار وکەش وفشی تەواوەوە باسکی ژنەکەی گرت و ئەوی لەم بەرخوردە ناپاکە دوورخستەوە.

خڕخەپان، مات وخامۆش لەجێی خۆی وەستا. هەنگێ زاتی وەبەر خۆی نا، زۆر خاکیانە و بە ئەسپایی گوتی: " سڵاو خانم! " و بەرەولای ژنی کابرای کارخانەدار ڕۆیی. ئەو بە ئاماژەی سەر

وەڵامێکی ساردوسڕی دایەوەو ئەوجا بە چاوێکی سووک وەکو ژنێک کە شەرەف و ئابڕووی پێشێل کرابێ تەمەشای کرد. هەموو وایان دەنواند کە سەرگەرمی کاری خۆیانن و خۆیان لەو دوور دەگرت، دەتگوت لەژێر داوێنی خۆیەوە نەخۆشییەکی گیرۆی هێنابوو. ئەوسا هەموو بە هەشتاو بەرەو گالیسکەکە چوون، ئەو دواکەس بوو کە سواربوو ولەهەمان جێگای قۆناغی یەکەمی ڕێگاکە مات وبێدەنگ دانیشت.

دەتگوت نە دیویانە ونە دەیناسن، لێ خات لوازو کەلە دوورەوە بەچاوی حەقارەتەوە سەیری ئەوی دەکرد، لەبن لێوانەوە بە مێردەکەی گوت:- چەند باش بوو کە نەکەوتمەلای ئەوەوە!

گالیسکەکە بە قورسی جوڵاو سەفەرەکە سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە. سەرەتا کەس قسەی نەدەکرد. (خڕخەپان) زاتی نەدەکرد سەر بەرزبکاتەوەو لە هەمان کاتدا هەستی دەکرد لەبەرچاوی هاوسەفەرەکانی سووک وچرووک بووە. شەرمی دەکرد کەخۆی ڕادەست کردبوو وبە ماچەکانی ئەو ئەفسەرە پرووسیە، کە هاوسەفەرەکانی ڕیاکارانە ئەمیان خستبووە باوەشی، گڵاوبووە.

لێ کۆنتس، ڕووی بۆلای خات کارەلامادون وەرگێڕا وئەو بێدەنگییە بەسوێیەی شکاند:- خانم، تۆ مەدام دوترول دەناسی؟

- بەڵێ، یەکێکە لە دۆستەکانم.

- چەند ژنێکی بەڕێز ونازەنینە!

- هەر نازەنین! ئەلهەقی نموونەیە. زۆر خوێنەوار و بە تەربێتە، ئەمەجگەلەوەی کە هونەرمەندێکی فرە بەتوانایە، گۆرانیەک دەڵێ هەر حەزدەکەی گوێی لێبگریت ولەواری نیگارکێشیشدا ئەوە هەر باسی مەکە.

یارۆی کارخانەدار دەگەڵ کۆنتدا قسەی دەکرد، هەندێجار بەدەم لەرە لەرو سەروسەدای شووشەی پەنجەرەی گالیسکەکەوە، هەندێ زاراوەی وەک: " ئەوراقی بەهادار، ڕەسید، بەرزی پشک، ئیعتبار " دەهاتەگوێ.

لوازو کە وەرەقە کۆن وچڵکنەکانی، سەرمێزە پیسەکەی دزی بوون، کە چڵک وچەوری پێنج سالیان پێوەبوو، لەگەڵ ژنەکەیدا دەستی بە وەرەقبازی کرد.

ماسێران، کە تەزبیحەکانیان بەناو قەدیانەوە کردبوو، کردەوەو بە دووقۆڵی نیشانەی خاچیان کێشا، لێویان بلەزوخێرا جوڵاند و دەستیان بە زەمزەمە گونگەکەی خۆیان کرد. دەتگوت دەیانەوێ

نوێژی "مەسیح" بخوێنن، جارجارێک میدالێکیان ماچ دەکرد و دووبارە نیشانەی خاچیان دەکێشا، پاشان سەرلەنوێ دەستیان بەوێردە خێرا و بەردەوامەکانیان دەکردەوە.

کورنودە، جووڵەی نەدەکرد و لەفکران ڕۆچووبوو.

دوای سێ سەعاتە ڕێ لوازو، وەرەقەکانی کۆکردەوەوگوتی:- من برسیمە.

هەنگێ ژنەکەی بەستەیەکی بەداو پێچراوی کردەوە، پارچەیەک گۆشتی ساردی گوێرەکەی لێ دەرهێنا وپاک وخاوێن، توێ توێ و تەنک وەکو کاغەزی تەنک بڕی. بە دوو قۆڵی دەستیان بە خواردن کرد.

کۆنتس گوتی:- ئێمەش نانەکەمان بخۆین!

ڕەزامەندی دراو، ئەویش خواردنەکانی خۆی کە بەشی دوو خێزانی دەکرد، کردەوە. قاپێکی درێژکۆڵەی چینی نە ئەسڵ بوو، کە وێنەی کەروێشکێک لەسەر قەپاخەکەی نەخشابوو تا نیشانی بدەن کە لەژێر ئەو قەپاخەوە کەروێشکێکی برژاو نووستووە. داوی باریکی دووگ، وەکو ڕووبارێکی سپی، بەسەر گۆشتە ئاماڵ قاوەییەکەوە هاتبووە خوارەوە، ئەم گۆشتە، گۆشتی قیمەکراوی دیکەشی تێکەڵ کرابوو. قالبێکی چوارگۆشەی پەنیریش لە ڕۆژنامەیەکەوە پێچرابوو کە شوێنەواری نووسین وپیتەکانی ڕۆژنامەکە بەسەر پەنیرەکەوە نەخش بووبوو بە ئاسانی دەخوێنرایەوە.

ڕەبەنیتەکان، ئەڵقەیەکی "باسترمە" یان کەبۆنی سیری لێدەهات، کردەوە. بەڵام کورنودە، بە کەڕەتێ هەردوو دەستی خۆی بە گیرفانە گەورەکانی پاڵتۆکەیدا کرد، لە یەکێکیاندا چوار هێلکەی کوڵاو ولەوی دیکەیاندا نانێکی دەرهێنا. هێلکەکانی پاک کردن و توێکڵەکانی فڕێدایە کایەکەی ژێر پێیانەوەو ئەوجا کەوتە نان وهێلکە خواردن، وردە زەردێنەی هێلکەکان دەکەوتنە ناو ڕدێنە چڕەکەیەوە ولەبەینی ئەو مووە ڕەشانەوە لە ئەستێرە دەچوون.

خڕخەپان، هێندە بە پەلە پروزێ هەستابوو کە بیری لە توێشووی ڕێگا نەکردبووەوە. تووڕە و ناڕەحەت دەی ڕوانیە ئەم حەشیمەتە کە بەو خوێنساردی و ئارامیە بەربووبوونە خواردن. یەکەمجار، تووڕەییەکی بەترەف مێشکی گوشی، دەمی کردەوە، تا دەمرێژێک جوێنی مزریان، کەتا سەری زمانی هاتبوو، بەسەردا برێژێت. لێ ڕق و تووڕەیی بەجۆرێ ئەوکی گرتبوو کە توانای قسەکردنی نەبوو.

هیچکەسێک نە تەمەشای دەکرد و نەلە خەمی ئەودا بوو. بەستەزمانە هەستی دەکرد لەناو ڕق وکینەی ئەم بەد کردەوە شەریفانەدا، کە هەوەڵجار ئەویان کردە قوربانی و پاشان وەکو پەڕۆیەکی پیس تووڕیان دا، نقووم بووە. هەنگێ سەبەتە پڕ لە خۆراکە بەلەزەتەکانی خۆی بیرکەوتەوە، کێک وچۆرەک و شیرینی و گولاوی و چوار بوتڵە شەرابەکەی خۆی بیرکەوتەوە. تووڕەییەکەی، وەکو چۆن تەنافێک زۆر ڕابکێشیت و بپچڕێ، لەناکاوا نیشتەوەو هەستیکرد دەیەوێت بگری. زۆر کۆشا و بە تۆپزی وەکو منداڵ گریانەکەی خۆی خواردەوە، بەڵام ڕوندک دەزاییە چاوانی و لە سووچی پێڵوەکانیەوە سەرەتاتکێیان دەکرد، بەڵام زۆری نەبرد کە دوو دڵۆپە ڕوندکی درشت، وەکو چۆن تکەی ئاو لەبن تاوێرێکەوە، بدڵۆپێتەوە، بەو ئاوایە لە چاوانی ترازان و بەسەر سینگ ومەمکیا داڕژا. بەو حاڵەوە بە چاوانی ئەبڵەق و ڕوخساری گرژ و ڕەنگی هەڵبزڕکاوەوە دانیشتبوو و وای دەزانی کە نایبینن.

لێ کۆنتس، بینی وبە ئاماژە مێردەکەی ئاگادار کردەوە. مێردەکەی شانی هەڵتەکاند، وەکو ئەوەی بیەوێ بڵێت:- هەقم چیە، جا من چی بکەم!

خات لوازو سووکە بزەیەکی سەرکەوتووانەی کرد و لەبن لێوانەوە گوتی:- لە شەرمەزاری خۆیا دەگری!

جووتە ماسێر، پاش ئەوەی پاشماوەی "سوسیونە" کەیان لە کاغەزێکەوە پێچا، سەرلەنوێ دەستیان بە وێردخوانی خۆ کردەوە.

هەنگێ کورنودە، کە بە هەرسی هێلکەکانی خۆیەوە مژوول بوو، لاقە درێژەکانی تاژێر تەختەکەی بەرانبەر ڕاکێشا و پشتی دایەوە و بازووەکانی خاچ ئاسا تێک ئاڵاندن و وەکو یەکێک کە گەمەیەکی خۆشی بیر کەوتبێتەوە بزەیەکی بۆکرد و دەستی بە گوتنی سروودی (مارسی یز) کرد.

چارەکان گرژبوون. هەڵبەتە هاوسەفەرەکانی وی، حەزیان لەم ئاهەنگە نەتەوەییە نەدەکرد. هەموویان پەست ونیگەران بوون، وەکو کۆمەڵە سەگێک کەلە ناکاوا گوێیان لە موسیقایەکی جەنجاڵ بێت، ئامادەی وەڕین بوون. کورنودە ئاگادار بوو، درێژەی بە سروودەکە دا، هەندێجار، تەکەزی لە شیعری سروودەکە دەکرد:

ئەی ڤیانی پیرۆزی نیشتمان

بازوانی حەقە وەسێنی مە بپارێزە

وئاراستەی بکە!

ئەی ئازادی، ئازادی ئازیز

شان بەشانی زێڕەڤانانی

خۆت بجەنگە.

چونکە بەفرەکە پەسترابووەوە لەزتر ڕێیان دەکرد و تا شاری "دی یپ" لە ماوەی دووردودرێژو خەمناکی سەفەرەکەدا، لە هەڵتەک هەڵتەکی گالیسکەکە بەسەر جادەکەوە، لەو شەوەدا کە بەرە بەرە تاریک وتاریکتر دەبوو ولە تاریکیە مەندەکەی ناو گالیسکەکەوە، کورنودە، بە عینادیەکی زۆرەوە درێژەی بە گوتنی سرووده هەقەوەسێن ویەکنەواکەی خۆی دەداو بیرە ماندوو وپەرێشانەکانی ناچار دەکرد کە لە هەوەڵەوە تا کۆتایی پەیگیری سروودەکە بکەن و وشە بەوشە بە گوێرەی ئاهەنگەکە بیڵێنەوە.

خڕخەپان، دەگریا، هەندێجار کە گریانەکەی بێ ئختیاری خۆی، بەرز دەبووەوە، لەنێوان دووبەندی شیعری سروودەکەدا لە تاریکییەکەدا دەنگی دەدایەوە.

# میراتی

## ( ١ )

هەرچەندە هێشتا سەعات دە نەبووبوو، فەرمانبەران و کارمەندان لەهەر چوارنکاڵی پاریسەوە، بەهەشتاو، وەکو شەپۆل خۆیان دەکوتا وخۆیان دەگەیاندە وەزارەتی دەریاوانی، چونکە سەرەتای ساڵ کە وەختی نواندنی جدیەت وکاتی سەرمووچە و تەرفیعات و بەرزبوونەوەیە، نزیکە. دەنگی تووندی پێیان لە ڕاڕەوەکانی ئەو بینا گەورەیەدا، کە وەکو دەخمەیەکی پڕپێچاوپێچ بوو و لەوێوە جۆرەها دەرگا بۆ ژوورەکان دەبوونەوە، دەنگی دەدایەوە.

هەر کارمەندێک دەچووە ژووری خۆی، دەستی هاوکارەکەی، کەلەو زووتر گەیی بوو، دەگوشی و کۆتەکەی دادەکەند، جلکی کۆنی کارکردنی لەبەر دەکرد ولەپشت مێزەکەی خۆیەوە، لە خەرمانێک کاغەز ودۆسیە لەسەری چاوەڕوان بوو، دادەنیشت. پاشان هەموو بۆ زانین و وەدەست هێنانی هەواڵ و نوچەێن تازە دەچوونە ژوورەکانی تەنیشت خۆیان و پێش هەموو شتێک تاقیبی ئەوەیان

دەکرد کە سەرۆکی دایەرە هاتووە یان نا، سەرحاڵ و بەکەیفە، یان نا، نووسراوانی هاتووی ڕۆژ زۆرە یان نا.

ئەندیکاتورنووسی دایەرە، جەنابی سزار کارشلن، کەجاران دەرەجەداری هێزی دەریایی بوو و هەنووکە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بووبوو بە سەرۆکی دایەرە، هەموو ئەو نامە و نووسراوانەی کە سکرتێر بۆی هێنابوو وبۆی دەهێنا، لە تۆمارێکی گەورەدا تۆماری دەکردن. لە بەرانبەر ئەودا کاتبی ئیدارە، باباساون، کە پیرەمێرێکی خەڵەفاو بوو، لە بەدشانسی خۆیا لە مەسەلەی پەیوەندی خێزانداری و ژن ومێردایەتیدا لە سەرانسەری وەزارەتخانەکەدا بەنامێ بوو، بەدەستێکی لەرزۆکەوە خەریکی کۆپی نووسی بروسکە و تەلەگرافەکانی سەرۆکی دایەرە بوو. بە جەستەی چەماوەو بەچاوی خەپ وخێلەوە، لە نووسیندا زۆر دیقەتی دەکرد وحاڵەتی میرزا بنووسانی وازوازی لەخۆ هێنابوو. جەنابی کاشلن کە پیاوێکی کەتەی زەلام بوو، پۆڕە سپی و کورتەکەی وەکو فلّچەی شت پاککردنەوە، بەسەر سەریەوە دەرزی ئاسا ڕەپ وەستابوو، بەدەم ئەنجامدانی کاری ڕۆژانەوە قسەی دەکرد:- " سی و دوو تەلەگراف و بروسکە تەنیا لە تولونەوە هاتووە. ئەم بەندەرە بە تاقی تەنیا لەهەر چوار بەندەرەکەی دیکە، زیاتر مامەڵە و نووسراوی هەیە. " پاشان ئەو پرسیارەی کە هەموو بەیانییەک لە باباساونی دەکرد، دووبارە کردەوەو گوتی:- ئێ باباساون، خانم حاڵی چۆنە؟

پیرەمێرد، بێئەوەی کارەکەی ڕابگرێت، بەرسڤی دایەوە:- جەنابی کالشن، بەخۆت دەزانی، من بەم مەسەلەیە زۆر ناڕەحەت دەبم.

ئەندیکاتور نووسەکە، وەکو چۆن هەموو ڕۆژێک بە بیستنی ئەم وەڵامە پێدەکەنی، بەو ئاوایە کەوتە قاقای پێکەنین. دەرگای ژوورەکە کرایەوە وئاغای ماز وەژوورکەوت. ماز گەنجێکی قۆز وسوور وسپی بوو وجلکی زۆر شیکی لەبەر دەکرد، بە مەزەندەی خۆی بەو پلەوپایەیە نەگەیی بوو کە خۆی بە شایستەی دەزانی، چونکە قەد وقەڵافەت و تەرزی ڕەفتاری خۆی بە باڵاتر لە پێگە ئیداری وکارگێڕییەکەی خۆی دەزانی. موستیلەی گەورەو درشتی لە دەستدا بوو. زنجیرێکی ئەستووری سەعات لە کونی قوپچەی ئێلەکەکەیەوە شۆڕ بوو بووەوەو هەر بۆ فیز وخۆنواندن چاویلکەیەکی یەک چاوی لەچاو دەکرد، لەکاتی کارکردنا چاویلکەکەی دادەکەند. هەمیشە مەچەکەکانی دەستی دەجووڵاند تا سەری ئاسین و بزمەی کراسەکەی، کە دوگمەی بریقەدار ودرشتی لێ نابوون، بەدەربکەوێ.

ئاغای ماز هەرلەبەر دەرگاوە پرسی:- ئەمڕۆ کار زۆرە؟

جەنابی کاشلن بەرسڤی دایەوە:- هەرچییەک هەیە ودێت لە تولونەوە دێت. دیارە کە ڕۆژی هەوەڵی ساڵ نزیکە و ئەوانیش لەوێندەر زۆر مژوولی کارن.

لێ کارمەندێکی دیکە بەنێوی ئاغای پیتولە کە پیاوێکی لێبوک و زمان شیرین و حەنەکچی بوو، خۆی لە قسەکان هەڵقورتاند و بەدەم پێکەنینەوە پرسی:- ئێ باشە بۆ ئێمەش هەندێک خۆ ماندوو نەکەین، بە جدی کار نەکەین؟

ئەوجا سەعاتەکەی لە گیرفانی دەرهێنا ولەسەری ڕۆیی:- سەعات دە کەم حەوت خولەکە و هەمووان لەسەر کاری خۆیانن. ئاغای ماز تۆ لەمبارەیەوە چ دەڵێی؟ من گرێو دەکەم کە جەنابی هێژا " لوسایڵ " ش سەری سەعات نۆ لە گەڵ سەرۆکی ئیدارەدا هاتووە.

یارۆی ئەندیکاتۆرنووس دەستی لە نووسین هەڵگرت، قەڵەمەکەی نایە پشت گوێی، ئانیشکی دادایە سەر مێزی کارکردنەکەی وگوتی:- " ئاە نازانم چیت عەرز بکەم، ئەو بەڕێز و هێژایە، ئەگەر سەرکەوتنێکیشی پەیدا نەکردبێت، لە سۆنگەی کەم کارییەوە نییە. "

ئاغای پیتولە کەلە سووچێکی مێزەکەوە دانیشتبوو ولاقە هەڵواسراوەکانی خۆی ڕادەژەند، لە وەڵامدا گوتی:- لێ بابا کاشلن تۆ دڵنیابە کە ئەو هەر سەردەکەوێت. من ئامادەم گرێو لە سەر بیست فرانک بکەم، کە دە ساڵی دی پێناچێ، سەرۆکی دایەرەیە.

ئاغای ماز، کە پێیەکانی لەبەر موغەیرییەکە گەرم دەکردەوەو خەریکی سیغار پێچانەوە بوو، گوتی:- پیف من حەزدەکەم تا ماوم بەم شێوەیە بمێنمەوەووەکو ئەو شیلەی گیانم نەمژن.

پیتولە، لە سەر پاژنەی پێ وەرچەرخا وبە ڕاوێژێکی تانەئامێزەوە گوتی:- بەڵێ گیانە، بۆیە دەبینم کە ئەمڕۆ، ١٢/٢٠ پێش سەعات دە بۆ دەوام هاتوویت.

لێ ماز، بەبێ موبالاتی، شانی هەڵتەکاند وگوتی:- حەزیش ناکەم هەمووان سواری کۆڵی من بن. ئەگەر تۆ سپێدە زوو بۆ ئێرە بێی منیش دێم، بەڵام دڵم بەم هەموو جدیەتی کارکردنەی تۆ دەسووتێ. تۆ ئەگەر بەتەمای ئەوەی کەمن وەکو ئاغای لوسابڵ مەرایی بۆ سەرۆکی ئیدارە بکەم و پێی بڵێم " جەناب گیان " وسەعات شەش و نیوی خۆرئاوا لە دایەرە وەدەر بکەوم و ئیشەکان بەرمەماڵەوە، ئەوا بە سەهوو چوویت. لەمەش بترازێ من مرۆڤێکی کۆمەڵایەتیم وئەرک و وەزیفەی دیکەم هەن کە وەختم لێدەگرن.

ئاغای کاشلن، دەستی لە نووسین و تۆمارکردنی نووسراوەکان هەڵگرت و دەفکرەوە چوو و چاوانی بڕی بوونە بەردەم خۆی. ئەنجام پرسی:

- ئێوه باوەڕدەکەن کە ئەمساڵیش سەرمووچە وەربگرێت؟

پیتوله گوتی:- من دڵنیام که ده هێندەی جاران وەردەگرێت. ئەم گۆساخی و بێموبالاتیەی له خۆڕایی نییه.

وهەنگێ دەربارەی مەسەلەی هەمیشەیی زێده مووچه وپاداشتان که پتر له یەک مانگ بوو، هەموو ئاکنجیانی ئەم شاره زەردەواڵه ئیداری وکارگێڕییەی له نهۆمی خوارەوه تا سەربانی دوانهۆمی هێنابووه جۆش وخرۆش- کەوتنه گەنگەشه وگفتوگۆ.

دەربارەی بەخت و یەغباڵی هەر یەکێک له کارمەندەکان مەزەندەیان لێدەدا، هەندێک ژمارەیان پێشبینی دەکرد، عینوانەکانیان تاوتوێ دەکرد، داخیان له بێ عەدالەتیه ئیحتیمالیەکان دەخوارد و پیشیان دەخواردەوە. سەرلەنوێ دەستیان بەو گفت وگۆیانه دەکردەوه که دوێنێ دەستیان پێکردبوو و ئەم گفت وگۆیانه له ڕۆژی دواتریشدا به هەمان شرۆڤه ولێکدانەوەو بەهەمان بەڵگەکانی دوێنێ و پێرێوه، بەهەمان وشه ودەستەواژه بەردەوام دەبوو.

کارمەندێکی تازه که کابرایەکی وردیله ئەندام ورەنگ زەرد وقەڵافەتێکی چوون نەخۆشانی هەبوو وناوی بواسڵ بوو، و دەتگوت لەیەکێک له ڕۆمانەکانی " ئەلکساندر دومای باوک " دا دەژی، بەناو کەوت. هەموو شتێکی سواوپواوی لەلا دەبوو به بویەرێکی گەورەو نائاسایی و هەموو ڕۆژێک چیرۆک وبەسەرهاتی بەرخوردە سەیرەکانی خۆی که ڕۆژی ڕابردوو له بەیانییەوه تا ئێوارێ بۆی پێشهاتبوون و دیمەنه خەیاڵیەکانی ئەو ڕووداوەی له ماڵەکەی خۆیدا ڕوویدابوو ئەو هەراوزەنایانەی له کۆڵانەوه بەرز بووبوونەوەو ناچاریان کردبوو که سەعات سێ و بیست خولەکی دوێشەو پەنجەرەکه بکاتەوه، هەموو ئەو شتانەی له سیری تا پیازی بۆ دۆست و هاوکارەکەی، پیتوله دەگێڕایەوه. ئەو، به قسەی خۆی هەموو ڕۆژێ ئەو خەڵکانەی که بەشەڕ دەهاتن لێکدی جودا دەکردەوەو ئەسپانی ڕەڤۆکی دەگرتەوەو ئەو ژنانەی که دەکەوتنه مەترسی و تالوکەوه، ڕزگار دەکرد، هەرچەند کابرایەکی ڕێوەڵه و مردەلۆخ بوو، بەڵام هەمیشه بەدەنگی بەرز و بەلاف وگەزافەوه باسی ئەو قارەمانیه بەدەنیانەی دەکرد کەگوایه بەزۆری بازوو ئەنجامی دابوون.

هەرکه زانی بابەتی قسەوباسی ئامادەبووان ئاغای لوسابڵه گوتی:- تا چەند ڕۆژێکی دی چاری ئەم کابرا چڵمنه دەکەم. ئەگەر بیەوێ بەسەر پشتی مندا سەربکەوێ، بەجۆرێ هەقی له قولی مستی دەنەم که هیچ کاتێک نەوێرێ خۆی له قەرەی من بدات وگەڕ لەمن بئاڵێنێت.

ماز، بەدەم جگەرەکێشانەوە پۆزخەنێکی بۆ کرد وگوتی:- باشتر وایە لە ئەمڕۆوە دەست پێبکەیت، چونکە من لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە زانیومە کە ئەمساڵ تۆیان ئەفروز کردەوە، تا هەقەکەی تۆ بە لوسابڵ بدەن.

بواسل، دەستی بەرزکردەوەوگوتی:- من سوێند دەخۆمکە ئەگەر...

جارێکی دی دەرگا ڤەبوو، گەنجێکی کورتەباڵا، کە ڕدێنێکی چوون ڕدێنی دەریاوانان یان ئەوقاتانی دادگای هەبوو و یەخەیەکی پان وڕەقی دانابوو وهێندە بلەز دەئاخفی کە دەتگوت فریای تەواوکردنی قسەکانی ناکەوێت، بەهەشتاو وەکو کەسێک کەکارێکی بەپەلەی هەبێت، خۆی بە ژوورەکەدا کردووەکو یەکێک دەرەتانی وەخت بە فیرۆدانی نەبێت، تەوقەیەکی سەرڤەسەرڤەی لەگەڵ هەمووواندا کرد، پاشان لە ئەندیکاتورنووسەکە نزیک بووەوەو گوتی:- کاشلن گیان، بەئەرک نەبێت دەتوانی دۆسیەی " شاپلو "ی تایبەت بە زەویەکانی تولون کەلەژێر ژمارەی ئەلف-ت-و-١٨٧٥ ـە بەمن بدەی؟

کارمەندەی ناڤبری لەجێی خۆی هەستا، کارتۆنێکی هێنایە خوارەوەو بەستەیەک سەنەد وقەواڵەی خەرجیانی کەلەناو فایلێکی شیندا بوو، هێنایەدەرێ، بۆیارۆی تازە هاتووی درێژکرد و گوتی:

- فەرموو ئاغای لوسابڵ، ئاگاداریت کە جەنابی سەرۆک دوێنێ سێ بروسکەی لەم دۆسیەیە دەرهێناوە؟

- بەڵێ ئاگادارم، بروسکەکان لای منن. سوپاس.

و پیاوە گەنجەکە بەهەشتاو لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

هەرکە ئەو ڕۆیی، ماز گوتی:- یارۆ چەند پۆشتە وپەرداخ بوو، لە ئێستاوە دەڵێی بووە بە سەرۆک.

پیتولە بەرسڤی دایەوە:- سەبرکەن سەبر، باوەڕ بکەن لەهەموومان زووتر دەبێت بە سەرۆک.

ئاغای کاشلن، هێشتا دووبارە دەستی بەکارەکانی خۆی نەکردبووەوە ( پێدەچوو بیرێکی جێگیر زەینی مژوول کردبێت ) کە دووبارە گوتی:- ئەم گەنجە ئایندەیەکی ڕۆشنی هەیە!

وماز، بە بێزاری و، لەبن لێوانەوە گوتی:- بەڵێ بۆ ئەوانەی کەوا خەیاڵدەکەن وەزارەت پێگە وپایەیەکە، قسەی تۆیە، بەوجۆرەیە کە تۆ دەیڵێیت، لێ بۆخەڵکانی دی شتێکی گرینگ نییە.

پیتولە قسەکەی پێبڕی وگوتی:- وابزانم تۆش بەتەمای ببیت بە سەفیر؟

ئەویش، بە بێتاقەتییەوە گوتی:- مەسەلەکە من نیم. من ئەسڵەن گوێ بەم قسانە نادەم، مەسەلەکە ئەمەیە کە پۆستی سەرۆکی سکرتاریەت وئەرشیڤخانە قەت لە دنیادا گرینگ نەبووە وگرنگ نابێت.

باباساون، کۆپی نووسی ئیدارە، بۆ تاقەساتێک دەستبەرداری کاری کۆپی نووسی نەبووبوو. لێ چەندساتێک بوو کە هەر تاوناتاوێک، قەڵەمەکەی دەکرد بە شووشە مەرەکەبەکەداو، بێخود بەو ئیسفەنجە تەڕەی کەلە قاپێکی تایبەتیدا دانرابوو، پاکی دەکردەوە، بێئەوەی بکارێ تاقە وشەیەکی پێ بنووسێت. مەرەکەبی ڕەش لە نووکی کانزایی قەڵەمەکەیەوە، لەشیوەی پەڵەێن ڕەشدا، دەڕژایە سەر کاغەزەکە. ئەم پیاوە داماوە، هەراسان وپەرێشان، ڕوانیە ئەو پاکنووسەی کە دەبووا سەرلەنوێ بینووسێتەوە (چونکە مودەتێک بوو، بەردەوام کارەکەی تێکدەچوو و هەمووجارێ سەرلەنوێ دەستی پێدەکردەوە) و بە ڕاوێژێکی کز وخەمناک گوتی:- دیسان مەرەکەبەکە ساختەیە..

هەموو لە قاقای پێکەنینان دا. کاشلن بە ورگی مێزەکەی تەکان دەدا! ماز، وەکو یەکێک بیەوێ پاشەوپاش بچێتە ناو موغەیرییەکەوە، دوولا کۆمابووەوە. پیتولە، پای بە عاردیدا دەکێشا، دەکۆکی ووەک ئەوەی تەڕبووبێ دەستی ڕاستی تەکان دەدا. " بواسل " ش، هەرچەندە زیاتر لەلایەنە ڕەشبینی وخەمینیەکەوە دەیڕوانییە هەر بابەتێک، ئەمجارەیان بۆ نەگبەتی پێکەنینێک گرتی هەر خەریک بوو دەخنکا.

لێ باباساون، کە ئەنجام نووکی قەڵەمەکەی بە داوێنی پاڵتۆ درێژەکەی سڕی بوو، سەرلەنوێ دەستی بە قسان کردەوەو گوتی:- ئەمە پێکەنینی ناوێ. من هەمیشە ناچارم کارەکەم دوو سێ چەلاندووبارە بکەمەوە.

ئەوجا لە چەکمەجەکەی بەردەمیا پەڕە کاغەزێکی دی دەرهێنا، خستیە ژێر زەڕەبینەکەی و دووبارە لە سەرەتاو دەستپێکی عینوانی نووسراوەکەوە دەستی بە پاکنووس کردەوە:-" ئاغای وەزیر وهاوکاری ئازیزم... " نها قەڵەمەکە، قەڵەمەکە، مەرەکەبەکەی لەخۆدەگرت و نەی دەدەڵان و حەرفەکانی خویا وخوانا دەردێنا. پیرەمێرد دیسان خۆی خوارکردەوەو کەوتە ڕوونووسی. ئەوانی دی هێشتا هەر پێدەکەنین و خەریک بوو لە پێکەنینا دەخنکان. ئەلهەقی پتر لە شەش دانەمانگ بوو کەبە بەردەوامی سەریان دەکردە سەر پیرەمێرد وئەوئاگای لە مەحموودی بێ زەواد نەبوو، هەربەخۆیشی نەدەزانی. یانی کەچەند دڵۆپە چەورییەکیان دەکردەسەر ئەو ئیسفەنجە تەڕەی کە نووکی قەڵەمەکەی پێدەسڕی ونووکی قەڵەمەکە کە ئەو چەورییەکی بەردەکەوت ئیدی مەرکەبەکەی ڕانەدەگرت وئەم داماوە، بە سەعاتان دۆش دادەما، هەرچەندە قەڵەم و مەرەکەبەکەی

دەگۆڕی فایدەی نەبوو و نەبوو، ئەنجام دەیگوت هەموو قیرتاسیەکانی ئیدارە تێک چوون و خراپ بوون!

ئیدی کاری ئەم ڕابواردنانە گەییە ئەزیەت و ئازار: بۆ نموونە باروتیان دەکردە توتنەکەیەوە، یان حەبیان دەکردە ناو ئەو شەربەیەوە کە پیرەمێرد جارجارێ ئاوی لێدەخواردەوە، پیرەمێرد بەرەبەرە هاتبووە سەر ئەو ڕایەی کەلە زەمانی دەسەلاّت و حکوومەتی " کومون " بە دواوە، زۆر کەرەستە وپێداویستی ڕۆژانە وئاسایی لە لایەن سوسیالیستەکانەوە، دەسکاری و عەیبدار دەکرێن، تا خەتای ئەم خراپەکاریانە بخەنە گەردن وئەستۆی دەوڵەت وڕێگە بۆ شۆڕش هەموار وخۆشبکەن.

پیرەمێرد، ڕق و نەفرەتێکی زۆر گەورەی لە ئاژاوەچییان پەیدا کردبوو و وای تەسەور دەکرد، هەموو ئاین و ئۆینەکان لەژێرسەری واندایە و لەهەموو کون و کەلەبەرێکدا خۆیان مەلاّس داوە، ترسێکی زۆری لە نەناسێکی پەنهان وترسناک هەبوو.

لێ لەناکاوا دەنگی زەنگی ئاگادار کردنەوە لە ڕاڕەوەکەدابەرز بووەوە. هەمووان ئەم دەنگەیان کە گوزارشتی لە تووڕەیی دەکرد دەناسی و دەیانزانی کە زەنگی ئاغای " ترشبوف "ی سەرۆکی دایەرەکەیە. هەموو بلەز بەرەو دەرگاکە غاریان دا تا هەرکەسە بۆ ژووری خۆی وبۆسەر مێزەکەی بزڤرێتەوە.

کاشلن، دووبارە دەستی بەتۆمارکردنی نووسراوەکان کردەوە. لێ دوای تۆزێک، دووبارە قەڵەمەکەی لەسەرمێزەکە دانا، سەری لەنێو هەر دوو دەستی ناو لە فکران ڕاچوو.

بیری لە خەیاڵێک دەکردەوە کە ماوەیەک بووپێوەی دەتلایەوە. دەرەجەداری جارانی هێزی دەریایی، کە ڕۆژگارێ سێ برینی کوشندەی پێوەبوو، یەکێکیان لە سینیگال و دوانیان لە کامبوج، پاشان چاک بووبووەوەو بە واسیتە وواسیتەکاری بۆ سکرتاریەتی وەزارەتخانە نەقڵ بووبوو. لەماوەی دەورانی دوورو درێژی خزمەتدا، دژواری وبەدبەختی و نامرادی زۆری بینی بوو. لەبەرئەمە، بەچاوی جوانترین شتی دنیا، سەیری دەسەلاّت، واتە مەقام و پایەی فەرمی کارگێڕی دەکرد. سەرۆکی دایەرە لە نۆرینی ئەوەوە، بوونەوەرێکی ئاوارتە بوو کەلە فەزایەکی سەرووی فەزا و هاماجی ئەوەوە دەژیا و هەروەها ئەو کارمەندانەش کە لەم ولەوەوە شتی دەربارەیان دەژنەوت: " یارۆ زۆر زۆڵە و زۆر زوو شتێکی بۆخۆی پچڕی. " بەلای ئەوەوە لە نەژاد و قوماشێکی دیکە بوون، وەکو ئەو نەبوون.

بۆیە، حورمەت وڕێزێکی یەجگار زۆری بۆ "لوسابل"ی هاوکاری خۆی هەبوو، ئەم ڕێزوحورمەتە بە ڕادەیەک بوو کە هەندێجار ئیکلامی بۆ دەکێشاو لەدڵی خۆدا زۆر حەزیدەکرد کە کیژەکەی بدات بەو..

کیژەکەی ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبووبە کەسێکی دەوڵەمەند وزۆریش دەوڵەمەند. تێکڕای کارمەندانی وەزارەتخانەکە بەم مەسەلەیەیان دەزانی، چونکە خوشکەکەی کاشلن بەنێوی خاکاشلن، یەک ملیون پوولی کاشی هەبوو کە دەیانگوت بە فسق وفجوڕ پەیدای کردووەو پاشان لە ڕێگای تۆبە و پارسایی زۆرەوە حەلالّی کردووە.

پیرەکچ کە ڕۆژگارێک زۆر جوان و بەناز وکریشمە بوو، بە پێنج سەد هەزار فرانک خانەنشین بووبوو، لە ماوەی هەژدەساڵ خانەنشینیدا، لە ڕێگەی ڕژدی بخۆ ومەمرو گوزەرانی نزمتر لە گەدایی، ئەم نەختینەیەی گەیاندبووە دوو چەنانە. دەمێک بوولە ماڵی براکەی، کە ژنەکەی مردبوو، دەگەڵ کچۆڵەیەکی بچووکیا بەنێوی " کورالی " دەژیا و بەشدارییەکی یەجگار کەمی لە خەرجی ماڵەکەدا دەکردو بەردەوام پارەکانی خۆی لەسەریەک هەڵدەچنی و بەردەوام بە " کاشلن"ی دەگوت:- خەمت نەبێ، من هەرچییەکم هەیە بۆ کچەکەی تۆیە، بەڵام زوو بە مێردی بدە، چونکە حەزدەکەم نەوەکانی خۆم بدینم. تەنیا کچەکەتە کە لەزەتی ماچکردنی منداڵێکی بچووک لە خوێنی ماڵباتەکەی خۆمان، بە نەسیبی من دەکات.

لە دایەرە هەمووان بەم مەسەلەیەیان دەزانی و خوازگارانی کچەش کەم نەبوون. دەیانگوت خودی ماز، هەمان مازی قۆز کەبە شێری دایەرەکە بەنێوبانگ بوو، بە نیازێکی زۆر ئاشکراوە، دەوروخولی بابا کاشلنی دەدا. لێ سەردەستەی دێرین، کابرایەکی حیلەباز بوو، قەت لە شوێنێ نەدەخەوت ئاو بچێتە ژێری، لەدووی کوڕێک دەگەڕا ئایندەی هەبێت، کوڕێک کە ببێ بە سەرۆک و ڕێز وحورمەتێک بۆ ئەو کۆنە دەرەجەدارە پەیدا بکات، لوسابل کەسێک بوو کە زۆرچاک بەکەڵکی وی دەهات، بە دڵی ئەو بوو و کاشلن لەمێژ بوو، لە ڕێگەیەک دەگەڕا کە ئەو بکێشێتە ماڵەکەی خۆی.

لەناکاوا لەجێی خۆی هەستا و دەستەکانی لێکدی ماڵین:- ئەم ڕێگەیەی دۆزی بووەوە.

ئەو خاڵی لاواز ودەماری هەریەکێک لە کارمەندەکانی بەباشی دەزانی ودەناسی ودەیزانی لوسابل، تەنیا بە هەڵدان و بزواندنی هەستی غروروری پیشەکەی دێتە ڕەدا، ئەوەبوو کە لێبڕا بۆلای بڕوات و وەکو ئەوەی داوای پشتیوانی لە سیناتۆرێک یان ئەندام پەرلەمانێک یان گەورە فەرمانبەرێکی ئیداری بکات، داوای پشتیوانی لەو بکات.

کاشلن، چونکە پێنج ساڵ بوو تەرفیعی نەکردبوو، دڵنیابوو کە ئەمساڵ تەرفیع دەکات. ئیدی باشترین ڕێگە ئەوەبوو وابنوێنێ کە ئەم تەرفیعە لەچاوی ئەو دەزانێ و ئیدی بەناوی منەتباری و سوپاسگوزارییەوە، دەعوەتی شێوی بکات و بەو بیانووەوە بۆماڵی خۆی بەرێتەوە.

هەرکە نەخشەی کارەکەی کێشا، ئەوجا دەستی بە جێبەجێکردنی کرد. ئەو پاڵتۆ کۆنەیەی کەلەکاتی کارکردنا لەبەری دەکرد، داکەند وپاڵتۆیەکی خاوێنی، کەلە شەقام و دەرەوەی دایەرە لەبەری دەکرد، لە دۆڵابەکە دەرهێنا و لەبەری کرد. پاشان هەموو نووسراوە تۆمارکراوەکانی، کە پەیوەندییان بە کاری هاوکارەکەیەوە هەبوو هەڵگرت وچوو بۆ ئەو ژوورەی کە لوسابل، بەهۆی ئیمتیازی تایبەتی و جدیەتی کارەکانی و گرینگی وەزیفەکەیەوە، بەتەنیا تیایدا دادەنیشت.

یارۆی گەنج لەپشت مێزێکی گەورەوە، لە ناوەندی کۆمایەک دۆسیەی کراوەو کاغەزێن پەخش و بڵاودا، کەبە مەرەکەبی سوور وشین، ژمارەگوزاری کرابوون، مژوولی نووسین بوو.

هەرکەچاوی بە ئەندیکاتورنووسەکەی دایەرە کەوت کەلە دەرگای ژوورەکە هاتووەتە ژوورەوە، بە ڕاوێژێکی دۆستانەی حورمەت ئامێزەوە پرسی: - سڵاو هاوڕێ، لەوەدەچێ کارێکی زۆرت بۆ هێنابم؟

- بەڵێ خراپ نییە، بەڵام من عەرزێکیشم هەبوو.

- فەرموو هاوڕێ، گوێم لێتە.

کاشلن دانیشت، کۆکەیەکی کرد، جۆرە نیگەرانی و ناڕەحەتیەکی لەخۆ هێنا و پاشان بەدەنگێکی لەرزۆک گوتی:-جەنابی لوسابل، ئەو بابەتەی کە بووە مایەی ئەوەی بە حوزوری ئێوە شەرەفمەند ببم ئەمەیە کە... زیاد بە تانیا ناچم، من وەکو کۆنەسەربازێک، بە ڕاشکاوی قسە دەکەم... هاتووم تکا لە ئێوە بکەم کە لوتفێک دەرهەق بەمن بکەن.

- چ لوتفێک؟

- بە دوو وشە دەیبڕمەوە: من پێویستم بەوەیە کە ئەمساڵ تەرفیع بکەم و هەقی خۆمە، جا چونکە هیچ پشت و پشتیوانێکم نییە، وام هات بەبیرا کە هانا بۆ تۆ بێنم.

لوسابل، تاوێک سوور بووەوە، سەرسام وخۆشحاڵ بوو، جۆرە غروورێک گرتی، وێڕای ئەوەش لە وەڵاما گوتی:- بەڵام هاوڕێ من هیچ کارە نیم. تەنانەت لە خودی تۆش کە بەو زووانە دەبنە سەرۆکی دایەرە، لەخوارترم. من هیچ کارێکم لە دەست نایەت. باوەڕ بکە کە..

کاشلن، به پەلە وبەڕێزەوە قسەکەی پێبڕی وگوتی:- ببورە ئاغا سەرۆکی دایەرە گوێ لە جەنابت دەگرێ، بەقسەی تۆ دەکات، ئەگەر یەک قسەی خێر سەبارەت بەمن بەوبڵێی ئیدی هەموو شتێک تەواوە. ئەوەش ڕەچاو بفەرموو کەمن دوای هەژدە مانگی دی هەقی ئەوەم هەیە کە خانەنشین ببم وئەگەر لەمانگی یەکی ئەمساڵدا تەرفیعەکەم بۆ نەیەتەوە، مووچەی خانەنشینییەکەم پێنج سەد فرانک دێتەخوارەوە. من چاک دەزانم کەلەم دایەرەیەدا هەمووان دەڵێن:- کاشلن هەر بە خەیاڵیا نایەت، خوشکەکەی خاوەنی یەک ملیون پارەیە. هەڵبەتە ڕاستە خوشکەکەم یەک ملیۆن سەروەتی هەیە، بەڵام ئەو بەم یەک ملیۆنە دەژی وخستوویەتیە کارەوەو ئامادەنییە تاقە پوولێکی بەهیچ کەسێک بدات. ڕاستە ئەم پارەیە بە کچەکەی من دەبڕێت، بەڵام من وکچەکەم دووکەسی جیاین. ئەوکاتەی کە کچەکەم و زاواکەم بە گالیسکە دەچنە گەشت و سەیران، ئیدی من پیربووم ولەگینە موحتاج بەنانی شەو بم. ئێستا حاڵی عەرزم هەی، وانییە؟

لوسابل، سەری ئەرێی بۆ لەقاند وگوتی:- قسەکەت زۆر دروستە و ئەگەریش زۆرە کە زاوای ئایندەت دەگەڵتا نەگونجێ. هەرچەندە پیاو قەول بەکەس نەدات ئاسوودەترە، بەڵام من بەڵێنت دەدەمێ کە هەرچییەکم لەدەست بێت درێغی نەکەم. من قسە لەگەڵ سەرۆکی دایەرەدا دەکەم و مەوزوعەکەی لە گەڵدا دەکەمەوەو ئەگەر پێویست بکات پێداگریش دەکەم. خەمت نەبێ لەمنی بزانە.

کاشلن، لەجێی خۆی هەستا، بەهەر دوودەست، دەستی هاوکارەکەی خۆی گوشی وبەگەرم وگوڕی سوپاسیانەوە دەستی تەکاندا و لەبن لێوانەوە گوتی:- سوپاس، مەمنوونم، خۆزگە دەرفەت و دەرەتانێکم بۆ هەڵدەکەوت و ئەم چاکەیەم... خۆزگە ڕۆژێک هەلم بۆ هەلبکەوێ و بتوانم..

بەڵام چونکە هیچ قسەیەکی بۆ نەهات کە ڕستەکەی خۆی تەواوبکات، ڕستەکەی بە نیوەچڵی هێشتەوەو، لە حاڵێکدا کە دەنگدانەوەی هەنگاوە بەڕیتم و هاوسەنگەکانی وەکو هی کۆنە سەربازان لە ڕاڕەوەکەدا، دەنگی دەدایەوە، لە دووی کاری خۆی ڕۆیی.

بەڵام لە دوورەوە دەنگی زەنگێکی تووڕە لە گوێیدا زرینگایەوە کە پەیتاپەیتا لێی دەدا، بۆیە دەستی بە غاردانێ کرد، چونکە دەنگی زەنگەکەی دەناسییەوە، جەنابی " ترشبوف"ی سەرۆکی دایەرە بوو، کە داوای ئەندیکاتورنووسەکەی خۆی دەکرد.

هەشت ڕۆژ دوای ئەوە، کاشلن بەیانیەک، نامەیەکی داخراوی سەربەمۆری لەسەر مێزەکەی خۆی بینی کە ناوەڕۆکەکەی بەمجۆرە بوو:

"هاوکاری ئازیزم، خۆشحاڵم کە مژدەی ئەوەت بدەمێ کە مەقامی وەزارەت، لەسەر پێشنیازی سەرۆکی ئیدارە، دوێنێ فەرمانی دانانی ئێوەی بۆ سەرۆکایەتی دایەرە، ئیمزا فەرمووەو فەرمانی فەرمی سبەینێ بە ئێوە ڕادەگەیەنرێت. بێگومان ئێوە ئاگاتان لەم بابەتە نییە، وانییە؟

دڵسۆزتان، لوسابڵ"

سزار یەکسەر بە هەشتاو بۆ ژوورەکەی هاوکارە گەنجەکەی خۆی ڕۆیی، سوپاسی کرد، تەوازی بۆ هێنایەوە کە زەحمەتی داوە، دڵسۆزی و سوپاسگوزاری و منەتباری خۆی بۆ دەربڕی.

ئیدی سبەینێ هەمووان زانیان کە هەردوو ئاغای لوسابڵ وکاشلن تەرفیعیان کردووە. باقی کارمەندەکان دەبوایە چاوەڕوانی ساڵێکی باشتر بکەن، لێ دەبوایە بەهەر یەکەیان پاداشتێک بدرێت کە بڕەکەی بەگوێرەی ڕێژە لەنێوان سەد وپەنجا فرانک و سێسەد فرانک دا بوو.

ئاغای بواسل، ڕایگەیاند کەلەیەکیک لەم شەوانەدا، لە نیوەشەودا لە سووچی کۆڵانێکی چۆڵدا، بۆسەیەک بۆ ئاغای لوسابڵ دەنێتەوەو مستێکی پێدا دەکێشێت کە یەکسەر تەختی زەوی ببێت. کارمەندەکانی دی هەموو بێدەنگ بوون.

دوو شەمەی پاشێ، کاشلن هەرکە گەییە دایەرە چوو بۆ ژووری پشتیوانەکەی خۆی، بەوپەڕی ویقار وکەش وفشەوە وەژوورکەوت وبە ڕاوێژێکی تەشریفاتی گوتی:- هیوادارم شەرەفی ئەوەم پێ ببەخشیت کە ئێوارەیەک بۆ شێو گەورەم بکەیت و ماڵەکەم ڕوناک بکەیتەوە... خۆتان کاتەکە دیاری بکەن.

یارۆی گەنج کە واقی وڕمابوو، دوای تۆزێک سەری هەڵێنا، چاوی لە دووڕچاوی هاوکارەکەی بڕی، پاشان بێئەوەی چاوی لێ بگوازێتەوە، تا بتوانێ ناخی ئەو بخوێنێتەوە لە وەڵامیا گوتی:

- لێ دۆستی ئازیزم، ڕاستت دەوێ کە... تا ماوەیەک هیچ دەرفەتێکم نابێت و بەدرێژایی شەو هەر مژوولم.

کاشلن، بە ڕاوێژێکی دڵسافانە پێداگری کرد وگوتی:- ئاغاگیان، دوای ئەو پیاوەتیە گەورەیەی لەگەڵ مندا کردت، بە ڕەفزکردنی دەعوەتەکەم خەمبارم مەکە. من بەناوی خۆم و خانەوادەکەمەوە تکات لێدەکەم کە دەعوەتەکەمان قەبووڵ بفەرموون.

لوسابڵ، حاير وحەپەساو دوودڵ بوو. لە مەبەستی کاشلن حاڵی دەبوو، لێ نەیدەزانی چ وەڵامێکی بداتەوە. چونکە دەرفەتی هەڵسەنگاندنی لایەنی ئەرێنی ونەرێنی ئەم دەعوەتەی بۆ نەڕەخسابوو.

ئەنجام لە دڵی خۆیدا گوتی:- دەچم بەڵام هیچ بەڵێنێک نادەم.

بۆیە بە شادییەکی ڕواڵەتییەوە قەبووڵی کرد و، کاتەکەشی خستە ڕۆژی شەممەی ئاینده. ئەوسا بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:

- بۆ ئەوەی سبەینێ شەوی میوانییەکە ناچار نەبم زوو لەخەو ڕابم.

( ٢ )

ئاغای کاشلن، لە سەرووی کوچەی "روشە شوار" لە نهۆمی پێنجەمی ئاپارتمانێکی چکۆلەدا دەژیا، کەلەوێوە هەموو شاری پاریس دیاربوو. لەو ئاپارتمانەدا سێ ژووری لەبن دەستدا بوو، یەکێکی بۆ خوشکەکەی و یەکێکی بۆ کچەکەی و یەکێکی بۆ خۆی تەرخان کردبوو. ژووری نان خواردن، وەکو ژووری پێشوازی و میوانیش بەکار دەبرا.

کاشلن بە درێژایی ڕۆژانی ئەو هەفتەیە لەخەمی کڕینی کەرەستەی دەعوەتی ناڤبریدا بوو. ماوەیەکی زۆر، گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی سازدان و ڕێکخستنی دەعوەت و شێوێکی ئەشرافانە و بەشکۆ کرا. ئەنجام قەرار درا کە بەرنامەی شێوەکەی بەمجۆرە بێت: سوپ، هێلکەی مریشک، بەرکوڵ، قرژانگ و سوسیسون، خۆراکی قرژانگی سپی، مریشکی سوورەوەکراو، نۆکی قوتووبەن و جگەری بەراز، زەڵاتە، بەستەنی ومیوە.

جگەری قوتووبەندیان لە قەسابەکەی دراوسێیان کە گۆشتی بەرازی دەفرۆشت کڕی و موغازەکەیان ڕاسپارد کە باشترین جگەریان بۆ دروست بکات. ئەو زەمانە یەک قاپ جگەری کوڵاو بایی سێ فرانک وپەنجا سانتیم بوو. سەبارەت بە شەراب، کاشلن چووەلای شەرابفرۆشەکەی سیلەی شەقامەکە کە هەمیشە شەرابی سووری بە لیتر بۆ ئامادە دەکرد، کەجارجار دەمێکی بە شەراب تەڕ دەکرد.

کاشلن بۆیە نەدەچووە مەشرووب فرۆشیە گەورەو سەرەکییەکان چونکە پێی وابوو خاوەن دووکانە بچووکەکان، مشتەری باشیان کەمە و مەشرووبەکانیان ماوەیەکی زۆر لە ژێرزەمینی موغازە و دووکانەکانیاندا دەمێنێتەوە و بۆیە مەشرووبی عال تەنیا لای ئەوان دەست دەکەوێ.

ڕۆژی شەممە زووتر لە ڕۆژانی ئاسایی بۆ ماڵ گەڕایەوە تا دڵنیابێت کە هەموو شتێک ئامادەیە، کارەکەری ماڵەکە، کە دەرگای لێکردەوەوەکو تەماتە سووربووبووەوە، چونکە وجاخ و ئاگردانەکە، لە ترسی ئەوەی نەبا شێوەکە لە وەختا پێنەگات، لە نیوەڕۆوە پێکرابوو و گڕی ئاگرەکە بە درێژایی ڕۆژەکە، بەر سەروچاوی ئەو کەوتبوو وسوور هەڵگەڕابوو. ئەمە جگەلەوەی کە نیگەرانی و هەڵچوونەکەش هێندەی دی دەم وچاوی سوور هەڵگەڕاندبوو.

کاشلن، خۆی بەژووری نانخواردنەکەدا کرد تا هەموو شتەکان سەح بکاتەوە. مێزە خڕەکە لەناوەڕاستی ئەو ژوورە بچووکەکەدا ولەژێر تیشکی بەشەوقی چرای بن میچەکەدا کە شووشەیەکی ئامال کەسک دەوری گرتبوو، لە پەڵەیەکی سپی گەورە دەچوو.

لەسەر مێزەکە چوار قاپ و لەسەر هەر قاپێک دەسماڵێک، لە شێوەی شەوکڵاوی کەشیشان دا بەدەستی خاکاشلن، پووری کیژی خاوەن ماڵەکە دانرابوو. لەتەنیشت هەر قاپێکەوە چەقۆ وچنگاڵی سپی لە گەڵ دوو پەرداخدا یەکیکی گەورە و یەکێکی بچووکدا دانرابوون.

سزار، لەیەکەم نیگادا سفرە وخوانەکەی نوقسان هاتە بەرچاو بانگی کرد:

- شارلوت!

دەرگای دەستەچەپ کرایەوەو پیرەژنێکی کورتەباڵا وەژوورکەوت. پیرەژن کە دە ساڵ لە برایەکەی گەورەتر بوو، دەم وچاوێکی پانی هەبوو، گێسوە سپیە لوول کراوەکانی کەلە ئەڵقەی کاغەزەوە پێچرابوون بەلا ڕوومەتەکانیا هاتبوونە خوارەوە. دەنگە ناسکەکەی لە چاو هەیکەلی لاواز وچەماوەیدا، کز بوو. لە کاتی جوڵاندا، پێیەکانی بە عاردیدا ڕادەکێشا و بەخاو وخلیچکی ڕێی دەکرد. کاتی خۆی کە گەنج بوو، پێیان دەگوت:- چەند ژنێکی ناسک و جوانە.

لێ هەنووکە پیرەژنێکی ڕەقەڵە و مردەلۆخ و بەگوێرەی داب ونەریتی پێشینیان زۆر خاوێن و بە ئیراد و سەرسەخت و کورتبین و وازوازی و تۆرینۆک بوو، چونکە زۆر خووی دابووە پارسایی و خواناسی وپارێزکاری، بە ڕواڵەت وا دەردەکەوت کە هەموو بەسەرهات وماجەراکانی سەردەمی گەنجی خۆی فەرامۆش کردووە.

پیرەژن پرسی:- چیت دەوێ؟

کاشلن بەرسڤی دایەوە:- بەڕای من دوو پەرداخ کەمە، بە تایبەتی ئەگەر بمانەوێ شامپانیاش دابنەین... زیادکردنی شامپانیا لەسێ چوار فرانک زیاتری تێناچێت، بەڕای من ئەگەر پەرداخی

درێژی شامپانیا خواردنەوەش لە سەر مێزەکە دابنەین، باشترەو ئەمە دیمەنی ژوورەکە بە تەواوی دەگۆڕێت.

خاشارلوت، بەرسڤی دایەوە وگوتی:- من هیچ حیکمەتێک لەم زیادە مەسرەفەدا نابینم. بەهەرحاڵ تۆ دەبێ پارەی شامپانیا بدەیت، من هەقم نییە، پەیوەندی بەمنەوە نییە.

کاشلن، دوودڵ بوو، لە هەنجەتێک دەگەڕا تا خۆی قانیع بکات:- دڵنیابە کەواهی باشترە. ئەمە جگەلەوەی کە کێکی " ئاهەنگی شاهان " لەگەڵ شامپانیادا ڕەونەقێکی تازە بە خوانەکە دەدات.

ئەم هەنجەتە ڕژدتری کرد. کڵاوەکەی داکەند. بەهەشتاو بە پلیکانەکاندا داگەڕا، دوای پێنج خولەک بە بوتڵێک شامپانیاوە، گەڕایەوە کە مارکەیەکی سپی پێوەنرابوو وبە پیتی درشت لەسەری نووسرابوو: " شەرابی نایابی کەفداری شامپانی کۆنت دوشاتل رنو" و بە گوڵ وگیا ڕازابووەوە. گوتی:- بایی سی فرانک زیاتر نەبوو و دیارە شەرابێکی بە لەزەتە.

هەرخۆی پەرداخە قووڵەکانی لەنێو دۆڵابەکان دەرهێنا ولەبەردەم قاپەکانی سەر مێزەکە دایانان.

دەرگای دەستەڕاست کرایەوەو کیژەکەی کاشلن وەژوور کەوت. کیژێک بوو باڵابەرز وقەڵەو و سوور وسپی، جوان وسەرحاڵ وشەنگوڵ، قژ ڕەش وچاوشین. کراسێکی سادە، ئەندامی خڕوخەپان و نەرم ونۆڵ و ناسکی بەرجەستە دەکرد. دەنگە گڕەکەی کە زیاتر لەدەنگی پیاو دەچوو، دەنگەدانەوەیەکی تیژی هەبوو، لەو دەنگانەی کە ئەعساب دێننە لەرزە. کیژێ بەدەنگی بەرز گوتی:- بەهبەه! شامپانیاش هاتووە! کە باشە.

وەکو منداڵ لە خۆشیا چەپڵەی لێدا.

بابی پێی گوت:- ئەم پیاوە کە خزمەتێکی زۆری مەی کردووە، هەندێ مدارای بکە ولەگەڵیا بە لوتف بە.

کیژێ قاقایەکی لێدا کە ماناکەی ئەمەبوو:- خۆم دەزانم.

زەنگی ڕاڕەوەکە لێدرا. دەرگاکان کرانەوەو داخران. لوساباڵ بەدیارکەوت. جلێکی ڕەشی لەبەر، بۆینباخیسپی لە مل و دەستکێشی سپی لەدەست کردبوو. جووڵەیەکی بۆ خۆ ڕانان کرد.

کاشلن، شاد وشەرمن بە هەشتاو بە پیری میوانەکەیەوە چوو وگوتی:- لێ هاوڕێ ئازیز، دەعوەتەکەمان خۆمانی بوو، بزانە من جلی ئاساییم لەبەر کردووە.

یارۆی گەنج بەرسڤی دایەوە وگوتی:- بەڵێ دەزانم. تۆ پێت گوتبووم، لێ من عادەتم نییە هیچ شەوێک بەبێ جلکی فەرمی لەماڵ دەرچم.

لە حاڵێکا کە کڵاوە قووچەکەی نابووە ژێر باخەڵی وگوڵێکی لە یەخەی چاکەتەکەی دابوو، سڵاوی لە هەمووان کرد. سزار کەوتە ناساندنیان بەیەکدی:- خوشکم، مادموزیل شارلوت و کیژەکەم کورالی، کە ئێمە لەنێو خۆمانا بە " کورا " بانگی دەکەین.

هەموو بەڕێزەوە سەریان فرو هێنا وکاشلن لەسەری ڕۆیی:- ئێمە هۆڵی پێشوازیمان نییە و لەم ڕووەوە برێک سەغلەتین، لێ بەهەرحاڵ دەگوزەرێ.

لوسابل گوتی:- زۆریش جوانە.

پاشان کڵاوەکەیان لەدەست میوانەکە، کە دەیویست لای خۆی بێ، وەرگرت و بەخۆی یەکسەر کەوتە داکەندنی دەستەوانەکانی.

هەموو دانیشتن. هەموو لەوبەری مێزەکەوە تەمەشای ئەویان دەکرد وهێشتا کەس قسەی نەدەکرد.

کاشلن پرسی:- ئەمڕۆ سەرۆک زۆر لە دایەرە مایەوە؟ من زوو هاتمەدەرێ تا لەماڵەوە یارمەتی ئەم خانمانەبدەم.

لوسابڵ، بە بێ موبالاتی بەرسڤی دایەوە:- نە، پێکەوە هاتینە دەرێ چونکە دەبوایە بۆ چارەسەری مەسەلەی مشەماکان، پێکەوە قسە بکەین. ئەمە مەسەلەیەکی یەجگار ئاڵۆزەکە ئەنجام تووشی سەریەشەمان دەکات.

کاشلن، بیری کردەوە کە پێویستە خوشکەکەی بێنێتەناو مەسەلەکەوە.  ئەوجا ڕووی کردە ئەو و گوتی:- جەنابی لوسابڵ لە دایەرە، بە هەموو مەسەلە ئاڵۆزەکان ڕادەگات. یانی دەتوانم بڵێم کە جەنابیان دەستەڕاستی سەرۆکی دایەرەکەن.

پیرە کچ، بە ئەدەبەوە سەری داگرت وگوتی:- ئاە! بەڵێ، من دەزانم کە جەنابیان کەسێکی بە توانا و بە لیاقەتە.

کارەکەری ماڵەکە، بە ئەژنۆ دەرگاکەی کردەوە، بەدوو قاپی گەورەی سوپ و شۆرباوە هاتە ژوورەوە. هەنگێ خانەخوێ بەدەنگی بەرز گوتی:- فەرموونە سەر مێزەکە، ئێوەجەنابی لوسابڵ، لێرە لە نێوان خوشکەکەمو کچەکەما دانیشن. پێم وانیە شەرم لە خانمان بکەیت.

ئیدی خواردنی شێو دەستی پێکرد.

لوسابڵ، بە ویقارێکی تایبەتیەوەو تەقریبەن لەبەر خاتری ماڵخۆکان، خۆی زۆر میرەبان دەنواند، ژێراوژێر تەمەشای کیژە گەنجەکەی دەکردو واقی لە تەڕوبڕیّ و سەلامەتی و شەنگوڵی شەهوەت ئەنگیزی ئەو وڕمابوو. خا شارلوت، کە ئاگاداری نیاز و مەبەستی براکەی بوو، بەردەوام پلارو قسەی بازاڕیبەسەر قسەکاندا دێنا. کاشلن شاد و خەنۆڵ بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد، پەیتاپەیتا لەو شەرابەی تێدەکرد کە سەعاتێ لەوەپێش لە دووکانەکەی سەری کۆلانەکەی کڕی بوو و، دەیگوت:- جەنابی لوسابڵ، بێزەحمەت پێکی لەم شەرابە بورگونییە بخۆوە. بەدەمی خۆم نەبێ شەرابێکی یەجگار باشە ولە عەماردا ماوەتەوەو نایابی نایابە. دڵنیابە بێ وێنەیە، لە دۆستانی ئەوبەرییەوە بۆمان دێت.

کیژە گەنجەکە هیچ قسەیەکی نەدەکرد، کەمێک سوور بووبووەوە و تۆزێک شەرمی دەکرد و لە هەڤنشینی کابرایەک کە بیرەکانی ئەمی دەخوێندەوە ناڕەحەت بوو.

کاتێ خۆراکی قرژاڵ هێنرایە سەر سفرەکە، سزار گوتی:- ئەمەش هی کەسایەتیەکی بەرجەستەیە کەمن شانازی بە ئاشنایەتی ئەوەوە دەکەم.

لوسابڵ بەدەم زەردەخەنەوە گێڕایەوە کە یەکێک لە نووسەرەکان قرژانگی، ناو ناوە " خەلیفەی دەریا" ونەیزانیوە کەئەم حەیوانە بەرلەوەی بکوڵێت ڕەشە. کاشلن قژقژ کەوتە پێکەنین و پەیتاپەیتا دەیگوت:- "ها، ها،ها، چ ناوێکی سەیرە."

لێ خا شارلوت، بە تووڕەیی و بەپەستی گوتی:- هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئەم دووانەدا نابینم. ئەم نووسەرە پیاوێکی نەزان بووە. من هەموو سوعبەتێکم قەبووڵە، بەڵام دژی ئەوەم کەسێک لە حوزوور و هەنتەری مندا، گاڵتە بە ڕوحانیان (پیاوانی ئاین) بکات.

میوانە گەنجەکە کە دەیویست دڵی پیرەکچ ڕابگرێت وئەم هەلەی قۆستەوەو وەفاداری و باوەڕداری خۆی بە ئۆل و مەزەبی کاتولیک دەربڕی، باسی ئەو خەڵکە بێ سەلیقانەی کرد کە بە شێوەیەکی سەرڤەسەرڤە بەسەر حەقیقەتە بێ چەند وچوونەکاندا، ڕادەبرن. ولە دواییدا گەییە ئەم ئەنجامگیرییە:- من ڕێزو حورمەتی ئۆل وئاینی باب و کالانم دەگرم، سەری ڕێزیان بۆ دادەنەوێنم. من بەو باوەڕە پەروەردە کراوم و تا مردن پابەندی دەبم.

کاشلن، ئێستا پێنەدەکەنی. لەکاتێکا پارچەنانێکی بەدەستەوە بوو، لەبن لێوانەوە گوتی:- دروستە، دروستە.

ئەوجا بابەتی قسەکەی، کە بێتاقەتی دەکرد، گۆڕی و بە لێهاتوویی و کارامەیی کەسانێکەوە کە لە کارێکا قاڵ بووبنەوە پرسی:

– ئەرێ ئەم مازەقۆزە، کە ئەمساڵ تەرفیعی نەکرد، دەهری نەبووە؟

لوسابڵ، بە پێکەنینەوە گوتی:– دەتویست ببێ بەچی؟ هەرکەسە وبەگوێرەی کاری خۆی.

ئەوجا، سەبارەت بە وەزارەتخانە، کە هەمووان تاسەمەندی بیستنی بوون، قسەیان هێنایە پێشێ، ئەو دوو ئافرەتە ئەوەندەیان شت لەبارەی کارمەندانەوە ژنەوتبوو، هەموو کارمەندەکانیان، بەقەد خودی کاشلن دەناسی.

خاشارلوت، بەردەوام باسی "بواسل" ی دەکرد، چونکە ئەو پیاوە بەو ماجەرا و بەسەرهاتانەوە کە بەو خەیاڵپەروەری وئاو وتاوەوە دەیگێڕانەوە مایەی دڵبەندی ئەو بوو. بەڵام خاکورا، بە دزییەوە دڵی لەلای مازی قۆز بوو. هەڵبەتە ئەم خانمانە، هەرگیز ئەو پیاوانەیان نەبینی بوو.

لوسابڵ، کە باسی ئەوانی دەکرد، خۆی زۆر لەوان بە گەورەتر دەزانی، ڕێک وەکو وەزیرێک کە باسی کارمەندانی خۆی بکات. ئەو قسەی دەکرد و ئەمان گوێیان دەگرت:

– هەڵبەتە ماز پیاوێکی کەم توانایە وبۆ بەرزبوونەوە، بۆ پلەوپۆستی باڵاتر دەبێ زیاتر خۆی ماندوو بکات. ئەم زیاتر ئەهلی ماشەرەت و ڕابواردنە، ئەم شتانەش بیر وبیرکردنەوە دەشێوێنێ بۆیە، هەر بەم دەقەوە دەمێنێتەوەو لەمە بەرزتر نابێتەوە. ئەمەش خەتای خۆیەتی:– لەگینە بەهۆی ئەو دەسەلات وئیحتوبارەوە کە هەیەتی تا پۆستی یاریدەدەریش بڕوات، بەڵام لەوە هێوەتر ناڕوات. بەڵام پیتولە، قەڵەم و ئینشایەکی باشی هەیە، پیاو هەق بڵێ دارشتنێکی جوانی هەیە، بەڵام نووسینەکانی هەر ئینشایە وبێ ناوەڕۆکن وسەرڤەسەرڤەن. ناتوانرێ ئەم کورە لەسەر کارێکی هەستیار دابنرێ، بەڵام ئەگەر سەرۆکێکی ئاقڵی هەبێت، دەتوانێ کاری باشی لێبکێشێتەوە.

خاشارلوت پرسی:– ئەدی بواسل چۆنە؟

لوسابڵ، شانی هەڵتەکاند وگوتی:– ئەو کەسێکی داماوەو هیچ شتێک لەئاستی ڕاستەقینەی خۆیدا نابینێت. هەندێ خەیاڵ پڵاوی هەیە، پیاو بێتاقەت دەکات، ئەو لە نۆرینی مەدا کەسێکی کەم و بێ بایەخە.

کاشلن لە قاقای پێکەنینی دا وگوتی:– باباساون لە هەموویان باشترە.

هەموویان بەم قسەیە کەوتنە پێکەنین.

ئەوجا هاتنەسەر باسی شانۆ و شانۆنامەکانی ساڵ. لوسابڵ بە هەمان توانا و زەبەر دەستیەوە، ڕاوبۆچوونی خۆی دەربارەی ئەدەبیاتی دراماتیک وشانۆیی دەربڕی و بە دڵنیایی تایبەتی ئەو پیاوانەوە کەخۆیان لەهەر هەڵە و سەهوویەک بەدەر وخۆیان زۆر پێ زانا و شارەزایە، لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەر یەکێکیانی ژمارد. خواردنی کەباب و برژاوان تەواو بووبوو. سزار، بە پارێز و دیقەتێکی تایبەتیەوە کە ڕەنگدانەوەی عال بوونی ناواخنەکە بوو، قەپاخی سەرقاپی جگەری بەرازەکەی هەڵدایەوە وگوتی:- نازانم ئەم خواردنە باش دەرچووە یان نا. ئەم جۆرە جگەرانە پسمامێکمان کە لە "ستراسبورگ" ە بۆمانی دەنێرێت.

هەموویان، بە نەزاکەتەوە، لەو جگەرەیان، کەلەناو دیزەیەکی گڵێنی زەردا بوو، خوارد.

کاتێ بەستەنییان هێنا، هەموو نێو چەوانیان تێک نا لەجیاتی بەستەنی شتێک بوو لە شۆربا یان شلەیەک دەچوو کەلە پیاڵەیەکی کەمپوتخۆریدا شەپۆلی دەدا، کارەکەرەکە داوای لە شاگردی شیرینی فرۆشەکە کردبوو کە سەعات حەوت بۆ ئەوێندەر بێت، تابەخۆی بەستەنییەکە لە قاڵب دەربێنێ چونکە دەترسا بەخۆی لە عۆیەی ئەو کارە نەیەت.

کاشلن، خەمگین بوو ودەیویست بەستەنیەکە بنێرێتەوە، لێ کە "کێکی شاهان" ەکەی بیرکەوتەوە ژێوان بووەوە. ئیدی خۆی ئەو کێکەی کە دەتگوت ڕاز و نهێنییەکی زۆر گرینگی تیابوو، بەشێوەیەکی نهێنی ئامێز دابەشکرد. هەموو چاویان بڕی بووە ئەو شیرینییە نهێنی ئامێزە، دوای ئەوەی داوا لە هەموویان کرا کە هەرکەسە و بەچاوی نوقاوەوە پشکی خۆی هەڵگرێت، کێکەکە بەسەر هەمواندا گێڕدرا.

دەنکە پاقلەکە، بەرکێ دەکەوێت؟(لە کێکی شاهان دا، دەنکە فاسۆلیا یان پاقلەیەک دەشاردرێتەوە، ئەگەر بەر هەرکەسێک بکەوێ دەبێت بە شای کۆڕ و مەجلیسەکە و دەتوانێ شابانوو هەڵبژێرێت) بزەیەکی ساکارانە بەسەر لێوی ئامادە بوواندادەگەڕا. لەناکاوا جەنابی لوسابڵ، لە ڕووی سەرسامییەوە ئاهێکی هەڵکێشاو یەک دەنکە پاقلەی درشت و سپی، کە هێشتا شیرینییەکەی پێوە بوو، لەنێوان هەر دوو قامکی دۆشاومژە و ئەسپێ کوژەدا بەهەموان نیشاندا. کاشلن دەستی بە چەپڵەلێدان کرد و بەدەنگی بەرز گوتی:- شابانوو هەڵبژێرە، شابانوو هەڵبژێرە.

دوو دڵیەکی کورتخایەن لە زەینی (شا) دا پەیدا بوو. ئایا ئەگەرخاشارلوتی هەڵبژاردبا، ئەمە نەیدەکردە کارێکی سیاسیانە؟ بەو کارە پیرە کیژ دڵی خۆش دەبوو ودڵی دەهاتەوە جێ، بەڵام لوسابڵ پاشان بیری کردەوەکە ئەسڵەن ئەم دەعوەتە لەبەرخاتری ئەو و خاکورا ئەنجام دراوە، ئەگەر پورەکەی هەڵبژێرێ کارێکی بەڕواڵەت گەوجانەی کردووە. ئەوەبوو ڕووی کردە دراوسێ

گەنجەکەی خۆی و دەنکە پاقلەکەی، پاقلەی شاهی، لەبەردەم ئەودا ڕاگرت وگوتی:- مادموزیل ئیجازە دەفەرموویت ئەم دیارییەتان پێشکەش بکەم؟

هەردووکیان بۆ یەکەمجار ڕووبەڕوو ڕوانیانە یەکدی. کیژێ گوتی:- سوپاس ئاغا!

ونیشانی شکۆداری قەبووڵ کرد.

لوسابڵ، لەدڵی خۆیدا دەیگوت:- ئەلهەقی کە ئەم کیژە جوانە! چ چاوانێکی ڕەشی هەن! کە کیژێکی سەنگینە!

دەنگی تەقینەوەیەکبەرز بووەوە کە هەردوو خانم لەجێی خۆیان ڕاپەڕین. تومەز کاشلن، سەری بوتڵە شامپانیاکەی هەڵپچری بوو وشامپانیاکە بەدەم هەڵچوونەوە لە دەمی بوتڵەکەوە سەری کردبوو ودەڕژایە سەر سفرەوخوانەکە. ئەوسا جامەکان لە شامپانیا تەژی کران وخانەخوێ گوتی:- دەبینن چ شامپانیایەکی باشە.

لێ لەو ساتەدا کە لوسابڵ جامەکەی خۆی هەڵگرت تا کەمێکی لێ بخواتەوە و نەیەڵی شامپانیاکە بڕژێ، سزار هاواریکرد:- شا دەخواتەوە، شا دەخواتەوە!

"خا شارلوت" ش کە لەخۆشیا هاتبووە جۆش، بە دەنگە گڕەکەی خۆی دووبارەی کردەوە:- شا دەخواتەوە، شا دەخواتەوە!

لوسابڵ، جامەکەی خۆی بە شێنەیی وکەماڵی دڵنیایی خوارەوە، جامەکەی دووبارە لەسەر مێزەکە دانایەوە. گوتی:- دەبینن کەمن چەند متمانەم بەخۆم هەیە!

ئەوجا ڕوویکردە خا کورا وگوتی:- هەنووکە نۆرەی تۆیە مادموزیل!

ئەویش دەیویست جامەکەی بۆ دەمی ببات، بەڵام چونکە هاوار لەهەمووان بەرز بووەوە کە: " شابانوو دەخواتەوە! شابانوو دەخواتەوە! " سوورهەڵگەڕا و دەستی بە پێکەنین کرد و پەرداخە قووڵەکەی دووبارە لەبەردەم خۆیدا دانا.

ئاهەنگ و ئێوارەخوانەکە، بەخۆشی و شادی تەواو بوو " شا " وەکو تاسەمەند و ئاشقێک خۆی بۆ "شابانوو" دەنواند. پاشان کە ساردەمەنی و نۆشابە خورانەوە. کاشلن داوای کرد:

- دەی ئێستا، قاپ و ئامانان خڕ بکەنەوە، تا جێگەیەکی زیاترمان بۆ ڤەبێ. ئەگەر باران نەباریێت، دەتوانینبچینە هەیوان و بانێژەی بەردەم شوقەکە.

هەچەندە دنیا شەو بوو، ڕژد بوو لەسەر ئەوەی کە دیمەنی دەرەوەمان نیشان بدات.

بۆیە دەرگا شووشەییەکەی بەر هەیوان و بانێژەکەیان کردەوەو شنەبایەکی فێنک خۆی بە ژووردا کرد. لە دەرێ ڕا هەوا- وەکو هەوای هەیڤی چوار- خۆش بوو و هەموو لەو تاک پلەیەوە، کە ژووری نانخواردنی لە بەلەکۆنە گەورەکەی بەردەم شوقەکە جیادەکردەوە، سەرکەوتن. جگەلەو ڕوناکییە کزەی کە بەسەر شارە گەورەکەوە لە جەوەلاندا بوو و لەو تاجە ئاگرینانە دەچوو کە دەخرێنەسەر هەنیەی قەدیسان و پیاوچاکان، هیچی دی نەدەبینرا. خاڵ بەخاڵی ئەم ڕوناکیانە درەخشانتر دەیاننواندو، کاشلن دەستی بە ڕوونکردنەوەو شرۆڤان کرد:- تەمەشاکەن، ئەو خوارەوە، باخی عەدەنەکە بەوجۆرە دەدرەوشێتەوە. ئەو هێڵە نورانیەی کە جوان دیارە، درێژەی بولڤارەکانە. دیمەنی ئێرە بە ڕۆژەوە یەجگار عالە. باوەڕ بکەن ئەگەر چووبانە سەفەریش دیمەنی لەمە جوانترتان نەدەبینی.

لوسابڵ، لە تەنیشت کوراوە، کە حایر وحەپەساو دەیڕوانییە تاریکیەکە سستی و پەستیەکی خەمناک، لەوجۆرانەی کە ڕۆح فەتح دەکات و لە پەلوپۆی دەخات، باڵی بەسەریا کێشابوو، خۆی دابوو بەسەرموحەجەرە ئاسنەکەدا. خا شارلوت لە ترسی سەرما، بۆناو ژوورەکە گەڕایەوە. کاشلن هەر بەو دەقەوە دەستی درێژ کردبوو پایە و ئەستوونەکانی " ئەنوالید " و تروکادرو " و تاقی سەرکەوتنی " ئەتوال "ی نیشاندەدان و پەیتاپەیتا قسەی دەکرد.

لوسابڵ، بەدەنگێکی نزم پرسی: تۆ مادموزیل کورا،دەتەوێ لە سەرێ ڕا تەمەشای پاریس بکەیت؟

کیژێ وەکو یەکێک لەخەو ڕاپەڕی بێ، تەکانێکی دا ولە وەڵامدا گوتی:- من دەفەرمووی؟... بەڵێ حەز دەکەم. بەتایبەتی لە شەوا، بیر لەهەندێ بویەران دەکەمەوە کەبە بەرچاوی مەوە ڕادەبرن. چەند خەڵکی بەختەوەر و چەند خەڵکی نەگبەت و بەدبەخت لەم خانووانەدا هەن! ئەگەر دەرفەت و دەرەتان هەبووایە هەموو شتێک ببینین، زۆرشت فێر دەبووین.

لەم کاتەدا لوسابڵ، ئەوەندە خۆی لە کیژێ نزیک کردبووەوە کە ئانیشک و شانیان بەیەک دەکەوتن. گوتی:- دیمەنی ئێرە لە شەوانی هەیڤە شەودا دەبێ زۆر شاعیرانە بێ.

کیژێ لەبن لێوانەوە گوتی:- تەسەور دەکەم وایە، ڕێک وەکو تابلۆکانی گوستاف دورە. پیاسەی دوورودرێژی سەربانان چ کەیف و خۆشییەک بە مرۆڤ دەدات.

هەنگێ لوسابڵ، هەندێ پرسیاری لەمەڕ زەوق و سەلیقە و خەون و خولیاکانی کیژی گەنج و دەربارەی ئەو شتانەی کە لەزەتی پێ دەبەخشن کرد، کیژێ بەکاوەخۆ، ڕێک وەکو کیژێکی بە ئاوەز وفامیدە و لە هەمان کاتدا نە لە ڕادەبەدەر خەیاڵڕێس، وەڵامی دایەوە. لوسابڵ، کیژێی زۆر ئاقڵ و بە ئاوەز هاتەبەرچاو.

وای هاتە بەرچاو کە سەعاتان و شەوان وهەفتان لە تەنیشت ئەوەوە، بەهەمان حاڵەوە، ئانیشکی داداوەتە سەر محەجەرە ئاسنەکە وهەستی بەبوونی ئەو لەلای خۆیەوە کردووەو لەزەتی تەماسی بەدەنی ئەو چووەتە وجوودیەوەو، شتێکی وەکو هەستی شاعیرانە دڵی ئەوی، لە بەرانبەر پاریس دا، ئەوشارەی کەلە هەنبەریا ڕاکشابوو و لە ڕوناکیدا نقووم بووبوو، و ژیانی پڕ لەزەت و پڕ فسق وفجوڕی خۆی دەگوزەراند، هێنابووە داخورپان. وای دەهاتە بەرچاو کەخۆی بەسەر ئەو شارە مەزنەدا، باڵا دەستە و بەسەریا جەوەلان دەکات. هەستی دەکرد چەند خۆشە، هەموو شەوێک لەم بەلەکۆنەدا، لەلای ژنێکی واوە، خۆی بەسەر موحەجەرەکەدا بدات و ئاشقێنی بکەن و دەم لەناو دەم یەکدی ڕامووسن و بەسەر ئەم شارە بەرینەدا، بەسەرهەموو ئەو ئەشق و ڤیانانەدا کەلەخۆی گرتوون، بەسەر هەموو خۆشی و شادیە بازاڕی و هەموو هەوا وهەوەسە عەوامیەکاندا، بەلای ئەستێرەکانەوە یەکدی تووند لە هەمێز بگرن وبگوشن.

شەوانێک هەن کە بێ حاڵترین بوونەوەران، بەجۆرێ خەیاڵی دەبن لەتۆوایە باڵیان گرتووە. لەوەدەچوو لوسابڵ کەمێک مەست بێ.

کاشلن چووە تاقیبی پایپەکەی، بەدەم پێکردنی پایپەکەیەوە گەڕایەوە وگوتی:- من دەزانم کە تۆ جگەرەکێش نیت، بۆیە خوڵکی جگەرەت ناکەم. بەڵام شوێنی لەمە باشتر بۆ جگەرەکێشان نییە. من ئەگەر ماڵم لە نهۆمی خوارەوە بووایە دەمردم. هەڵبەتە دەمانتوانی ئەم کارەش بکەین، چونکە ئەم خانووە هی خوشکەکەمە. هەروەها دوو خانووەکەی ئەملا وئەولاشمان، ئەوەی دەستەچەپ و دەستە ڕاستیش هەرهی خوشکەکەمە. دەرامەتێکی باشی لەم خانووانە دەست دەکەوێت. ئەم خانووانەی لەو دەوروزەمانەدا هەرزان دەست کەوتووە.

ئەوجا، ڕووی بۆ هۆڵی پێشوازییەکە وەرگێرا و هاواریکرد: شارلوت، ئەرێ تۆ ئەرزەکەی ئێرەت بەچەند کڕی؟

لەوکاتەدا، دەنگی ناسازی پیرەکچ بەرز بووەوە کە شتێکی دەگوت. لوسابڵ، جگەلە چەند ڕستەیەکی سەروگوێ شکاو هیچی دی نەدەژنەوت:

- ... لە هەزار و هەشت سەد و شەست وسێ دا... سی وپێنج فرانک... دوای ئەوە کرا بە بینا... هەرسێ خانووەکە... کابرایەکی کارمەندی بانک... دووبارە بە پێنج هەزار فرانکی فرۆشتەوە..

پیرەکچ، بە کەش وفش وغرووریکی ئەوتۆوە چیرۆک و حیکایەتی سەروەت وسامانەکەی خۆی دەگێڕایەوە، مەگەر سەربازێکی پیر بەوجۆرە باسی شەڕەکانی خۆی بگێڕێتەوە. کڕین و مامەڵەکانی دواتری خۆی و قازانجەکانی خۆی یەک یەک ژمارد.

لوسابڵ، کەبە تەواوەتی گیرۆدەی ئەم قسانە بووبوو، هەنووکە ڕووی وەرگێڕابوو و پشتی بە محەجەرە ئاسنینەکەوە بوو. لێ چونکە جگەلە چەند وشەیەکی پچڕپچڕ، هیچی دیکەی نەدەبیست، لە ناکاوا، هاوڕێ جوانەکەی خۆی بەجێهێشت وچوو بۆ ژووری نانخواردن، تا گوێی لە هەموو قسەکان ببێت. لەلای خا شارلوتەوە دانیشت و ماوەیەکی زۆر دەربارەی ئەگەری زیادبوونی کرێ خانوو و ئایا پارەی نەخت سوودی زیاترە یان موڵک، قسەی لەگەڵدا کرد.

دەوروبەری نیوەشەو ڕۆیی و بەڵێنی دا کە جارێکی دیکەش سەریان بدات.

دوای مانگێک تەواوی قسەوباسی ناو وەزارەتخانە جگەلە باسی زەماوەندی ئاغای " جاک لیوپلد لوسابڵ " و خا " سلست کورالی کاشلن " هیچی دیکە نەبوو.

( ٣ )

بووک و زاوا لەهەمان ئاپارتماندا کە کاشلن و خا شارلوت تیایدا دەژیان لە شوقەیەکی وەکو ئەوەی ئەواندا کە کرێچیەکەیان دەرکردبوو، ئاکنجی بوون.

وێڕای ئەوەش نیگەرانییەکی تایبەتی بیری لوسابڵی نارەحەت دەکرد:

پورێ ڕازی نەبووبوو کە میراتی خۆی بە قەواڵەی فەرمی بخاتەسەر کورا، لێ ڕازی بووبوو کەلە حوزوری خوادا سوێند بخوات کە پێشتر وەسێتی کردووەو وەسێتنامەکەی لە مەحزەری ئاغای " بلوم " سەردەفتەری قەواڵەی فەرمی، بە ئەمانەت سپاردووە. هەروەها بەڵێنی دابوو، کە هەر میراتیەکی لەپاش بەجێ بمێنێ بە برازاکەی ببڕێت، بەڵام بەیەک مەرج. چەندیان پێ داگری لێکرد کە ئەو مەرجە بڵێت نەچووە ژێر بار، لێ لەهەمان کاتدا بەدەم بزەیەکی ئومێدبەخشەوە سوێندی دەخوارد کە ئەنجامدانی ئەو مەرجە کارێکی زۆر ئاسانە.

لوسابڵ، لە هەنبەر ئەم داخۆیان وئەم ڕژدیەی پیرەکچ دا، باوەڕی وابوو کە باشتر وایە دەستبەرداری خێری ئەم مامەڵەیە ببێت، بەڵام چونکە کچۆڵەکەی زۆر خۆشدەویست، ئارەزووەکانی بەسەر دوودڵیەکانیا زاڵ بوو، ڕادەستی پێداگرییەکانی کاشلن بوو.

ئەو هەنووکە، هەرچەندە بەدگومانی ناخی دەخوارد، بەختەوەر بوو. لەلایەکەوە هاوسەرەکەی، کە هەرگیز لە ڕاو ئەمری دەرنەچووبوو، خۆش دەویست. ژیانی بە ئارامی و یەکنەوایی دەڕۆیی. لە زەرفی چەند هەفتەیەکدا بە ڕەوشی تازەی خۆی کە بووبوو بە پیاوێکی ژندار ڕاهات و لە دایەرەشدا وەکو جاران کارمەندێکی بەرز بوو.

ساڵ بووری و ڕۆژی یەکەمی ساڵی تازە هات. بە کەماڵی سەرسامی ئەو تەرفیعەی وەرنەگرت کە چاوەڕوانی بوو، تەنیا ماز وپیتولە یەک پلە بەرز بوونەوە، لوسابڵ بە دزییەوە بە کاشلنی گوت کەبەتەمایە شەوێک، وەختایەک لە دایەرە دەردەچن، لەبەر دەرگا گەورەکەو بەبەرچاوی عالەمەوە، حەسیر مەیدانێکی باشی هەردوو هاوکارەکەی خۆی بکات، لێ ئەو کارەی نەکرد.

لوسابڵ، لەداخی ئەمەی، بە هەموو هەوڵ و جدییەتێکی خۆیەوە تەرفیعی نەکردبوو، هەشت دانە ڕۆژی تەواو خەو نەچووە چاوانی.

وێڕای ئەوەش وەکو سەگی هار کاری دەکرد. لە خوت و خۆڕاییش جەوری ئاغای " رابو " یاریدەدەری ئیدارەشی کە نۆمانگی ساڵ لە نەخۆشخانەی " ڤالی دوگراس " کەوتبوو، دەکێشا کارەکانی ئەویشی دەکرد.

هەموو بەیانییەک سەعات هەشت ونیو لە دایەرە ئامادە دەبوو و سەعات شەش و نیوی ئێوارە دەهاتە دەرێ. ئیدی لەوەی زیاتر چییان لێ دەویست؟ ئەگەر بەم هەموو هەوڵ و جدیەتەی نەزانن و قەدری نەگرن، ئەویش وەکو خەڵکانی دی دەکات. وەسەلام و بڕایەوە. هەرکەسە وبەگوێرەی کار و زەحمەتی خۆی. ئاخر ئاغای ترشبوف، کەوەکو ئەولادی خۆی ڕەفتاری لەگەڵ ئەودا دەکرد، چۆن قاییل بووبوو ئەوبکات بە قوربانی؟ حەزی دەکرد ئەم بابەتەی لە دڵدا نەبێ بە گرێ، لێبڕا بڕوات و کێشەکەی لەگەڵ خودی سەرۆکدا باس بکات.

ئەوەبوو، ڕۆژێک بەیانی دووشەممە، پێش هاتنی هاوکارەکانی، لە دەرگای ئەو ڕێزدارەی دا، دەنگێکی تاڵ بەرز بووەوە کە " وەرە ژوورێ " و لوسابڵ وەژوورکەوت.

جەنابی ترشبوف، لەپشت مێزێکی گەورەوە، کە کاغەز ودۆسیەی دنیای بەسەرەوە بوو، بە جەستە چکۆلە وسەرە زلەکەیەوە دانیشتبوو خەریکی نووسین بوو، کەچاوی بە ئەندامە پێشکەوتووەکەی، لوسابڵ، کەوت گوتی:- سڵاو لوسابڵ، حاڵت چۆنە؟

کارمەندە گەنجەکە بەرسڤی دایەوەو گوتی:- سڵاو سەرۆکی هێژام، حاڵی من باشە، ئەدی حاڵی ئێوە چۆنە؟

سەرۆک، دەستی لە نووسین هەڵگرت وکورسییە خولاوەکەی خۆی وەرسووڕانەوە. جەستە لاواز وباریک وبنێسەکەی کە لە پاڵتۆ ڕەشە فەرمییەکەیدا جەڕی بوو، لەگەڵ ئەو کورسییە گەورە چەرمیە پشتی دارەدا، تێکی نەدەکردەوە. میداڵ ونیشانی ڕێزلێنانی " لژیون دونور " گەورە وبریقەدار، کە هەرگیز لەگەڵ جەستەی وردیلەکەیدا نەدەگونجا، بەسەر سینگە چکۆلە و

داتەکیوەکەیا و لەژێر گوشاری ئەو کەللە زلەیدا، وەکو سکڵێکی گەشاوە دەدرەوشایەوە، سەری ئەوەندە زل بوو، دەتگوت کارگە و(قارچک) لەشێوەی گومەزدا هەڵتۆقیوە.

شەولاگەی (کاژێرە) تیژ ودرێژ بوو، گۆناکانی قوپابوون، چاوەکانی دەرپۆقی بوون و هەنیە دزیوەکەی یەکپارچە مووی سپی بوو کە بۆ سەرەوە هەڵی دابووەوە.

جەنابی ترشبوف گوتی:- دانیشە دۆستی من، کارێکت هەبوو؟

ئەو سەبارەت بە کارمەندان، بەهەمان تەکوزی و زاکونی سوپاییەوە ڕەفتاری دەکرد و خۆی بە فەرماندەی کەشتییەکی جەنگی دەزانی کەلەسەر کەشتیەکە بێت، چونکە وەزارەتخانە لە گۆشە نیگای ئەوەوە لە کەشتیەک دەچوو کەلە ڕیزی پێشەوەی هێزە جەنگیەکانی فەرەنسادایە.

لوسابڵ، بەکەمێک نیگەرانی و تۆزێک پەشێوی و پەشۆکاویەوە، بەدەمە لاڵکێوە گوتی:- بۆیە هاتمە خزمەتتان تا لە سەرۆکایەتی بەڕێز بپرسم، ئایا هیچ هۆیەک هەیە، کەبەمجۆرە فەرامۆش کراوم؟

- نەخێر دۆستی ئازیز، بۆ ئەم پرسیارە دەکەی؟

- چونکە سەرم سوڕماوە، بۆچی ئەمساڵ وەکو ساڵانی بووری تەرفیعم نەکرد. تکا لە سەرۆکی هێژا وخۆشەویست دەکەم ڕێگەم بدەیت تا نیاز ومەبەستی خۆم تا کۆتایی ڕوون بکەمەوەو دواوی بووردن دەکەم کە ئەم پرکێشیە لەڕووی جەنابتان دەکەم. زۆر ببورە. من دەزانم کە تاکو ئێستا مەشمولی ڕیعایەت و عینایەتی ئاوارتەی جەنابتان بووم و زۆر ئیمتیازی چاوەڕوان نەکراوم لەلایەن جەنابتانەوە پێدراوەو من دەزانم کە تەرفیع بەشێوەیەکی گشتی هەر دووساڵ یان سێ ساڵ جارێک دەدرێت، بەڵام ئیجازە دەفەرموون ئەم خاڵەش بە عەرزی جەناب عالی با سەعادەتتان بگەیەنم کەمن لەم دایەرەیەدا تەقریبەن چوارهێندەی یەک کارمەندی ئاسایی کار دەکەم و بەلای کەمەوە دوو هێندەی وەختی دیاریکراو لە دایەرە دەمێنمەوە. بۆیە ئەگەر هەوڵ و زەحمەتی من لەگەڵ ئەو مووچە و پاداشتەدا کە وەری دەگرم، بخەنە دوو تاکی شایەنەوە (تەرازوو) تاکی جدییەت و زەحمەتی من، زۆر قورستر دەبێ لەتای ئەو مووچە و پاداشتەی وەری دەگرم.

لوسابڵ، ئەم ڕستەیەی پێشوەختە وزۆر بە وردی ئامادە کردبوو و زۆر بەباشی ئەزبەری بوو.

جەنابی ترشبوف، سەری سوڕمابوو ولەوەلام دەگەڕا. ئەنجام بە ڕاوێژێکی سارد گوتی:- هەرچەندە لەڕووی یاسا وڕێساوە، باس و گەنگەشەی ئەم مەسەلانە لە نێوان سەرۆک وکارمەندا ڕێگەپێدراو نییە، بەڵام ئەمجارە، لەبەر خزمەتە زۆر و بەهادارەکانت ئامادەم وەڵامت بدەمەوە. من

ئەمساڵیش، وەکو سالآنی پێشوو پێشنیازی تەرفیعم بۆتۆ کردبوو، لیَ بەڕێوەبەری گشتی بە بیانووی ئەمەی کە ژنهێنانەکەی تۆ ئایندەیەکی ڕوناکی بۆ تۆ دابین کردووە، ئایندەیەکی لە ڕادەبەدەر باش وسەروەت وسامانێکی ئەوتۆ کەهیچ یەکێک لە هاوکارە بچووکەکانی تۆ بە خەویش پێی ناگەن، ناوەکەی تۆی سڕییەوە. باشە ئەمە دادپەروەرانە نییە، هەرکەسە هەقی خۆی بدرێتیَ؟ تۆ دەوڵەمەند دەبیت و زۆریش دەوڵەمەند دەبیت. سێسەد فرانکی زیادە لە ساڵێکا بۆ تۆ ناکاتە هیچ، بەلآم ئەم سووکە زیادەیە بۆ خەڵکانی دی زۆرەو کەلێنێکیان بۆ پڕدەکاتەوە، بەڵیَ هاوڕیَ، ئەمە بووەهۆی دواکەوتنی تەرفیعەکەی ئەمسالّی تۆ.

لوسابڵ، بە تووڕەیی و شەرمەزاری هاتەدەرەوە.

شەویَ لەسەر نانخواردن، مجێزی لەبەرچاوی ژنەکەی نائاسایی دیاربوو. ژنەکەی، خۆی خۆشخوو و خۆمانی، بەلآم جدی و ڕژد دەنواند وهەرکاتیَ شتێکی بویستایە، هیچ کاتێک ڕادەستی بۆچوونی بەرانبەرەکەی نەدەبوو، ئێستا ئەو لوتف وجەزەبە سێکسییەی جارانی بۆ مێردەکەی نەبوو وهەرچەندە بەهۆی تەڕوبڕی وجوانی وشەنگوڵی ئەوەوە هێشتا هەستی هەوەسڕانی لای مێردەکەی بەهێز بوو، جارجار هەستی پەشیمانییەکی نزیک بە دڵ تێکەڵهاتن، کە عادەتەن لە ژیانی هاوبەشی دووکەسدا چێدەبیَ، تووشی لوباسڵ دەبوو.

هەزاران مەسەلەی بازاڕی وناماقوولی ژیانی وەک فەرامۆشکردنی ئارایشی بەیانیان و ڕۆبی خوری کۆنە و نیوداشتی ئاغا و جلکی کۆن و کاڵەوەبووی خانم کە هەرهەموو ئەمانە نیشانەی هەژاری خانەوادەن و هەروەها هەموو ئەو کارە زەرووریانەی کە نیشانەی خانەوادەی هەژارن، کاتیَ لە نزیکەوە زەینی ئەو شتانە دەدرا، ڕەنگ و ڕەونەقی دەستکردی زەماوەندەکەیان دەبرد و ئەو گوڵی ڕۆمانتیکی و شاعیرانەیەی کەلە دوورەوە دەستگیرانانی فریو دەدا، پەژموردە دەکرد.

پووره "شارلوت" ش تەبیعەتە ناخۆش و ناپەسەندەکەی خۆی ئاشکرا کردبوو و دەستی لە ڕەفتارە ناهەموارەکەی خۆی هەڵنەدەگرت. خۆی لە هەموو کارێک هەڵدەقورتاند. دەیویست بەخۆی هەموو بابەتێک چارەسەر بکات و لە هەر کێشە و ئاریشەیەکدا بۆچوون و نۆڕینی خۆی هەبێت. دەیویست لەهەموو مەنجەڵێکدا ئەسکویَ بیَ. جا چونکە ژن و مێرد ترسێکی زۆریان لە ڕەنجاندنی ئەو هەبوو، بۆیە هەموو ڕەفتارێکی ئەویان بیَ چەندوچوون و لەهەمان کاتدا بە نائومێدییەکی پەنهانیەوە، قەبووڵ دەکرد.

پیرە کچ، بە هەنگاوە قورسەکانیەوەو بەخشەخش بەناو شوقەکەدا دەهات ودەچوو و بەو دەنگە ناسازەی بەردەوام دەیبۆڵاند:- بۆچی واتان نەکردووە؟

گاڤێ ژن ومێر، هەر دووبەدوو و بەتەنیا دەبوون. لوسابڵ بە توورەیی دەیگوت:- پوورت تەحەموول ناکرێ. من چیتر باری ئەم وەزعەم بۆ نابرێ، گوێت لێیە؟ باری ئەم ڕەوشە نابەم. کورا، بە بێموبالاتی وەڵامی دایەوە:- جا من چی بکەم؟

هەنگێ لوسابڵ، دەهری دەبوو و، دەیگوت:- بەڕاستی ئەوجۆرە کەس وکارە مایەی شەرمەزارین!

ئەویش، بەرسڤی دایەوە:- بەڵێ ئەو جۆرە خزم وخوێشە مایەی شەرمەزارییە، بەڵام میراتیەکەشی زۆر چاک وچەورە، وانییە؟ لەبەر ئەمە خۆت کەر مەکە، تۆش بەقەدەر من لە مداراکرنی حاڵی پووریێدا، سوودمەندیت.

لوسابڵ، کە نەیدەزانی چ وەڵامێک بداتەوە، بێدەنگ دەبوو.

ئیستا پوورێ، بەردەوام ئەم ژن ومێردەی بەگیر هێنابوو داوای لێدەکردن کە منداڵیان ببێت، بەتەواوەتی لە زەواقی نابوون، زۆرجار "لوسابڵ" ی لە گۆشەو کەناری ماڵەکەدا بەگیر دەهێنا وبە گوێیا دەخوێند:- زاواکەی من، من چاوەڕوانی ئەوەم، بەرلە مەرگی من ببیتە باوک. من حەزدەکەم میراتگری خۆم بدینم. هیوادارم بیانووی ئەوەم بۆ نەیەنیتەوە کە کورا، منداڵی نابێت بۆ ئەوە نەخوڵقاوە کە ببێت بە دایک. خوا بۆ ئەوەی داناوە سەیری قەد وبالای بکەیت. مرۆڤ کە زەماوەند دەکات بۆ ئەوەیە ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەی زیاد بکات ونەوەو زوڕیەت بخاتەوە. دایکە پیرۆزەکەی کڵێساکەی مە، مەنع کردنی منداڵبوونی حەرام کردووە. من چاک دەزانم کە ئەنگۆ زەنگین و دەوڵەمەند نین و منداڵ بوون، مەسرەفی دەوێ، لێ ئەوە بزانن کە دوای من هیچ کەم و کوڕییەکتان لە ژیاندا نابێت. من یەک " لوسابڵ " ی بچووکم دەوێ، بەڵێ دەمەوێ، تێدەگەی چ دەڵێم؟

چونکە پازدە هەیڤان بەسەر زەماوەندی واندا ڕادەبرد و هێشتا حەز و ئارەزووەکەی پیرە کچ نەهێنرابووە دی، گومان و دوو دڵی کەوتە دڵ، ئەوەبوو کێچ کەوتە کەوڵی و ژێراوژێر هەندێ دەستوور و ڕێنمایی بە کورا دەدا، ڕێنمایی پراکتیکی ژنێک کە پێشتر هەموو فەند و فێڵەکانی تاقی کردبووەوە وهێشتاش بە گوێرەی پێویست، دەیتوانی پەنایان وەبەر ببات.

بەڵام قەیرە کچ بەیانییەک هەستی بە نەخۆشی کرد، بەڕادەیەک کە نەیتوانی لە جێگا هەستێت. چونکە تا ئەوکاتە قەت نەخۆش نەکەوتبوو، کاشلن زۆر شپرزە و نیگەران بوو ولەدەرگای ژووری زاواکەی دا و پێی گوت:- خێرا برۆ بۆلای دکتۆر "باریت" و بەسەرۆکی دایەرەش بڵێ کەمن ئەمڕۆ لەبەر ئەم پێشهاتە بۆ دایەرە نایەم.

لوسابڵ، ڕۆژێکی ناڕەحەتی بەسەربرد، ئەوندە نیگەران و ناڕەحەت بوو دەستی نەدەچووە کار و نەیدەتوانی کار بکات، شت بنووسێت و بەکارەکان رابگات. جەنابی ترشبوف، سەری سوڕما و لێی پرسی:- ئاغای لوسابڵ، چ بووە کە ئەمڕۆ حەواست جەم وجۆر نییە؟

لوسابڵ، بە نیگەرانی بەرسڤی دایەوە:- جەنابی سەرۆک، من زۆر ماندووم، دوێشەو هەتا بەیانی بەدیار پوورێوە بووم کە حاڵی زۆر شڕە.

بەڵام سەرۆک بە خوێنساردییەوە گوتی:- هەر ئاغای کاشلن بە دیارییەوە بوایە بەس بوو. من ناتوانم ڕێگا بدەم لەبەر خاتری هەندێ کاروباری شەخسی کارمەندەکانم، شیرازەی دایەرەکەم لەبەر یەک هەڵوەشێتەوە.

لوسابڵ، سەعاتەکەی لە سەر مێزەکەی بەرانبەر خۆی داناو بە پەشۆکاوییەکی زۆرەوە چاوەڕوانی سەعات پێنجی پاش نیوەڕۆ بوو. هەرکە سەعاتە چاڵمە گەورەکەی قەد دیواری حەوشەی دایەرەکە، زەنگی سەعات پێنجی لێدا، بە هەشتاو چووە دەرەوەو بۆ یەکەمجار لە کاتی دیاریکراودا لە دایەرە وەدەرکەوت.

ئەوەندە بەپەلە بوو کە تەنانەت بۆ چوونە ماڵەوەش گالیسکەیەکی بەکرێ گرت و هەرکە گەییە ماڵەوە، بەپەلە بە قاڵدرمەکاندا هەڵگەڕا.

کارەکەرەکە دەرگاکەی کردەوە، ئەویش بە مینگەمینگ پرسی:- حاڵی چۆنە؟

- دکتۆر دەڵێت حاڵی زۆر شڕە.

لە ناکاوا لێدانی دڵی لوسابڵ توووند بوو، نیگەران و ناڕەحەت گوتی:- ئاە! پیرەژن نەمرێ!

لوسابڵ، هەنووکە زاتی نەدەکرد بچێتە ژووری نەخۆشەکە، بۆیە داوای کرد کاشلن، کەبەدیار خوشکەکەیەوە بوو، بێتە دەرەوە.

سەروکەڵلەی خەزووری، لە حاڵێکا بە پارێزەوە دەرگای دەکردەوە پەیدا بوو. ڕێک وەکو ئەوکاتانەی کە شەوانی خۆشی لەپای ئاگری موغەیرییەکە بەسەردەبرد، ڕۆبەکەی لەبەر و شەوکڵاوە یونانییەکەی لەسەربوو. کاشلن لەبن لێوانەوە گوتی:- حاڵی شڕە، زۆریش شڕە، چواردانە سەعاتە بێهۆشە، ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ دەرمانیان داێی.

ئەوسا، لوسابڵ، هەستی بە سستی ولاوازییەکی زۆر کرد، خۆی بەپێوە نەدەگرت. لەسەر ئەرزەکە ڕۆنیشت و گوتی:- ژنەکەم لە کوێیە؟

- بەدیار نەخۆشەکەوەیە.

- ئەدی دکتۆر چ دەڵێت؟

- دکتۆر دەڵێت دووچاری بوورانەوە بووە، لەوەیە وەهۆش بێتەوەو لەوەشە ئەمشەو بمرێت.

- پێویستی بەمن هەیە؟ ئەگەر پێویست بەمن نییە بێمە ژوورەوە چونکە حەزناکەم بەو حاڵەوە بیبینم.

- نا، برۆ بۆ ژوورەکەی خۆت، ئەگەر شتێکی تازە ڕوویدا یەکسەر بانگت دەکەم.

لوسابڵ، بۆ شوقەکەی خۆی زڤڕییەوە. ئاپارتمانەکە لەبەرچاوی گۆڕابوو، یانی گەورەترو ڕوناکتر بووبوو، لێ چونکە لەهیچ شوێنێک ئۆقرەی نەدەگرت، بۆ بەلەکۆنەکە چوو.

ئاخروئۆخری مانگی تەمووز بوو، هەتاو خەریک بوو لەپشت هەردوو بورجەکەی " تروکادرو " وە ئاوا دەبوو، نوور و ڕوناکی باران ئاسا بەسەر سەربانە بێ شومارەکانی شارا دەباری.

فەزا کەلەپای ئەو بینا گەورەیەدا سووری دەنواند، لە سەرووترەوە ڕەنگی دەگۆڕا و دەبوو بە ڕەنگی زێڕین، پاشان ڕەنگی جیاوازی زەرد وڕەنگی جیاوازی سەوز- سەوزی ئاچوغ و نوورانی- لەخۆ دەگرت و پاشان، لەئاستی تەپڵی سەردا، دەگۆڕا بە ڕەنگێکی شینی خالیسە و زندوو.

تەیرە ئەبابیلە وەکو تیر تێدەپەڕین، هێندە بە تیژی تێدەپەرین بە زەحمەت دەبینران و، لە زەمینەی ڕەنگ ئەرخەوانی ئاسماندا بەرجەستە دەبوون. هەورێکی چڵکن، بە سەر خانووە بێ شومارەکانی شارو بە سەر دەشت وبیابانە دوورە دەستەکانەوەو تروپکی تیژی ساختمانە گەورەکان، لەبەینی هەورەکانەوە، وەکو نووکی زەنگێن جەژن وئاهەنگی "ئولوهیەتی ئیمتراتورانی ڕوما " چووبوون بە ئاسمانا. تاقی سەرکەوتنی ئەتوال، لە ئاسۆی ئاگریندا، گەورەو ڕەش دەهاتە بەرچاو، گومەزی بینای " ئەنوالید " لە هەتاوێکی دی دەچوو کەلە بەرزایی ئاسمانەوە کەوتبێتە سەربانێک.

لوسابڵ، هەردوو دەستی بە مەحەجەرە ئاسنینەکەی بەر هەیوانەکەوە گرتبوو، لەدڵی خۆیدا هەستی بە شادیەکی زۆر وسەرکەوتووانە دەکرد، بە ڕادەیەک شاد بوو کە هەواکەی وەکو شەراب هەڵدەمژی و حەزیدەکرد کە بجووڵێت و هاوار بکات. ژیانی خۆش و، ئایندەی پڕ لەشادی دەهاتە بەرچاو. لە ئێستا بەدواوە دەیویست چ بکات؟

دەخەون وخەیاڵێکی شیرینەوە چوو.دەنگێک لە پشتەوە لەو خەون و خەیاڵەی دەرهێنا. ژنەکەی بوو. چاوانی سوور هەڵگەڕابوون و گۆناکانی ئاوسابوون و کەشەنگ و شەکەت دەهاتە بەرچاو.

هەنیەی خۆی هێنایە پێشەوە تا مێردەکەی ماچی بکات و ئەوجا گوتی:- بۆ ئێوارە لەماڵی بابە دەبین تا ئاگامان لە نەخۆشەکە بێت. ئەوکاتەی کە ئێمە خەریکی شێف خواردن دەبین، کارەکەرەکە بەدیارییەوە دەبێت.

لوسابڵ، بەدوای ژنەکەیا چوو بۆ شوقەکەی تەنیشتەوە.

کاشلن، پێشوەختە لە سەر سفرەکە ڕۆنیشتبوو وچاوەڕوانی کچەکەی وزاواکەی بوو. مریشکە سارد بووەکە وقاپی زەلاتەی پەتاتە و کەمپوتخۆری پڕ لە کەمپوتی تووەفەڕەنگی لەسەر دۆلابی قاپەکان بوو، شۆربا و سوپ لەناو قاپەکانەوە هەڵمی دەکرد.

دانیشتن و کاشلن گوتی:- خەریکە ڕۆژانێ بەڕێ دەکەین کەمن هەرگیز ئارەزووم نەکردوون. بەڵێ ڕۆژانێکی باش نین.

ئەو قسەیەی بە ڕاوێژێکی بێ موبالاتانە کرد وجۆرە نیشانەیەکی ڕەزامەندی و شادی بە سیمایەوە دیار بوو. ئەوجا وەکو پیاوێک کە ئیشتیایەکی زۆری خواردنی هەبێ، دەستی بە خواردن کرد. فڕوجەکەی بەلاوە عال و زەلاتەی پەتاتەکەی زۆر پێخۆش و بەلەزەت بوو.

لێ لوسابڵ، هەستیدەکرد، گەدەی قورس و ڕوحی ناڕەحەتە. بەزەحمەت پارووبەکی لەزاری دەنا و گوێی هەڵخستبوو و دڵی لەلای ژوورەکەی تەنیشتەوە بوو، کەلە بێدەنگیدا نقووم بووبوو، ئەوندە مات وخامۆش بوو دەتگوت کەسی تیانییە. " کورا"ش برسی نەبوو و نیگەران و پەرێشان دەهاتە بەرچاو. چاوی بەگریان بوون و جارجار گۆشەی چاوی بە دەستماڵ سفرەکە دەسڕی.

کاشلن پرسی:- سەرۆکی دایەرە چی دەگوت؟

لوسابڵ، هەموو ئەو شتانەی کە خەزووری دەیویست بیزانێ، لە سیری تا پیازی گێڕایەوە. کاشلن، چەندین جار ناچاری کرد شتەکانی بۆ دووبارە بکاتەوەو رژدبوو لەسەر ئەوەی کە هەموو شتێک بزانێ، لەتۆوایە یەک دانەساڵ بوو لە دەوامی وەزارەتخانەدوور بوو.

- دەبوایە هەواڵی نەخۆشینی خوشکەکەم، لە دایەرەدا نیگەرانییەکی زۆری ئیجاد بکردایە.

کاشلن، بیری لەوە دەکردەوە کە دوای مردنی خوشکەکەی بۆ دایەرە بگەڕێتەوەو سەرۆکایەتی هاوکارەکانی بگرێتە دەست. وێڕای ئەوەش، بۆ وەلامدانەوەی لۆمە و سەرزەنشتی ویژدان، کەلە ناکاوا لێی بێدار بووبووەوە، گوتی:- وانەزانن من بەمردنی ئەم ژنە ئازیزە خۆشحاڵ دەبم. خوا بەوسەرەوە شایەدە کەمن حەزم دەکرد ساڵەهای ساڵ خزمەتی بکەم. بەهەرحاڵ ئیدی هیچ شتێک لەگەڵ قەدەردا ناکرێت، قەدەر ڕەت کردنەوەی نییە.

تازە دەستیان بە خواردنی  تووە فەڕەنگیەکە کردبوو کەلەناکاوا دەرگای ژووری نەخۆشەکە کرایەوە. جەماعەتی سەر سفرەکە بەجۆرێ ڕاچڵەکین کە هەرسێکیان هەراسان و پەرێشان لە جێی خۆ ڕاپەڕین و بەرزەپێ هەستان. کارەکەرەکە کە ئارامی و خوێنساردی خۆی لەدەست نەدابوو، هاتە بەر ئاستانەی دەرگاکە وبە هێمی گوتی:- هەناسە نادات.

کاشلن، دەستماڵ سفرەکەی خۆی هەڵدایە سەر قاپەکان و وەکو شێتان غاری دا. کورا، کە دڵی کەوتبووە پەلەپەل، لەدووی ڕۆیی. بەڵام لوسابڵ، لە نزیکی دەرگاکەدا وەستا. لە دوورەوە کەوتە تەمەشای ئەو پەڵە زەردباوەی سەر تەختە خەوەکەی نەخۆشەکە، کەبەزەحمەت لەبەر ڕۆشنایی زەردەپەڕی هەتاوی ئێوارە دیاربوو. لەوێوە پشتی خەزووری دەبینی کەبەدیار جێگای نەخۆشەکەوە دانەوی بووەوەو جووڵەی نەدەکرد وبەواقی وڕەوە تەمەشای دەکرد. لەناکاوا دەنگی ئەوی هاتەگوێ، دەنگێک کە دەتگوت لە دوورەوە لە ڕێگەیەکی زۆر دوورەوە، لەوسەری دنیاوە دێت، دەنگێک کەلە خەونان‌دا دێتەگوێ و شتی سەیروسەمەرە دەڵێت. دەنگەکە دەیگوت؛- ئیدی تەواو. دەنگی هەناسەی نایەت.

وژنەکەی بینی کەلەپای تەختەکەدا هاتبووە سەرچۆکان و هەنیەی نابووە سەر لێفەکە و بەدەم هەنسک هەڵدانەوە بەکوڵ دەگریا. هەنگێ ئەوژی بڕیاری دا بچێتە ژوورەوە، چونکە لەوکاتەدا کاشلن، لەدیار جەنازەکە هەستابوو، لوسابڵ، لەسەر سەرینە سپیەکەوە چاوی بە سەروچاوی پووره شارلوت کەوت، چاوانی نوقاوی پیرەژن بە ڕادەیەک لە قووڵەوە چووبوون و پێستی دەم وچاوی بەجۆرێ داکشابوو و ڕەنگی زەرد بووبوو کە لەجەستەیەکی مۆمیاکراو دەچوو.

لوسابڵ، بە نیگەرانییەکی تایبەتیەوە گوتی:- تەواو بووە؟

کاشلن، کە دەیڕوانییە جەستەی خوشکەکەی، ڕووی بۆلای زاواکەی وەرگێڕاو هەردووکیان تەمەشای یەکیان کرد. لە وەڵامی ئەودا گوتی:- بەڵێ.

و ویستی بە خورتی خەم لە دەم وچاوی خۆی بێنێ، لێ هەردوو پیاوەکە لە چاو تروکانێکا، هێندەی بڵێی یەک و دوو ناخ و دەروونی یەکیان خوێندەوەو بێئەوەی بزانن بۆ، بە حوکمی غەریزە تەوقەیەکیان لەگەڵ یەکدیدا کرد. دەتگوت دەیانویست بەو شێوەیە سەبارەت بەوکارەی هەر یەکێکیان بۆ ئەوی تریانی کردبوو، سوپاسی یەکدی بکەن.

ئەوسا،  بێئەوەی کات بە فیڕۆ بدەن، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کەدەبێ بۆ هەر مردوویەک بکرێ، کەوتنەخۆ.

لوسابڵ، ڕاسپێرددرا کەلەدووی دکتۆر بڕاوت و هەرچی زووترە سەری ئەو شوێنانە بدات، کە پێویستە سەریان بدات.

کڵاوەکەی لە سەر کرد وبەهەڵەداوان لە پلیکانەکانەوە داگەڕا. پەلەی بوو کە زووتر بگاتە سەر شەقامەکە تا بەتەنیا هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشێت وبیرێک بکاتەوەو لەزەت لەو شادمانی وبەختەوەرییە ببینێ کە ڕووی کردووەتە ئەو.

کە ڕاسپاردەکانی تەواو کرد، لەجیاتی ئەوەی بۆماڵ بگەڕێتەوە بەتاسەی دیداری خەڵکییەوە بۆ بولڤار ڕۆیی تا ئاوێتەی جم وجوڵی جەماوەری خەڵک و ژیانی پڕ جووڵەی زەردەپەڕی ئێوارەی پاریس ببێت. حەزیدەکرد، پڕبەزار هاوار بەگوێی ڕێبوارانیدا بدات کە:- من ئێستا خاوەنی پەنجا هەزار "لیور" م. هەروەها کەدەستی لە گیرفانەکانی نابوو لەبەردەم موغازەکاندا وەستا وبەو نیازە دەیڕوانیە کوتاڵ و قوماشە گرانبەها وجەواهێرات وموبێلە جوانەکان کە:- ئێستا دەتوانم ئەمانە بکڕم.

لەناکاوا، لەبەردەم موغازەیەکدا، کە شتومەکی تایبەت بە تازیەباری دەفرۆشت، ڕەت بوو، لەپڕ بیرێکی بە مێشکا هات:- ئەدی باشە ئەگەر نەمردبێ چی؟ ئەگەر بەهەڵە چووبن؟

لە حاڵێکا کە ئەم گومانە لە یادگەیدا شەپۆلی دەدا، بە هەنگاوی هەڕاوەوە بۆماڵ گەڕایەوە. هەرکە گەییەوە ماڵێ پرسی:- دکتۆرەکە هات؟

کاشلن بەرسڤی دایەوەوگوتی:- بەڵێ، دکتۆر فەوتەکەی ( مردن ) سەلماند و قەولی دا کە لایەنێن پەیوەندیدار ئاگادار بکاتەوە.

هەردووکیان بۆ ژووری مردووەکە گەڕانەوە. کورا، کەلەسەر تاک قەنەفەیەکی دەسکدار دانیشتبوو، هێشتا هەر دەگریا. گریانەکەی نەرم و ئاسایی بوو، هیچ خۆی نەدەڕەنجان، بەهەمان ئاسانیەوە کە ژنان ڕوندک دەڕێژن، لەسەر گریانی خۆی بەردەوام بوو.

هەرکە هەرسێکیان بەتەنیا لە ئاپارتمانەکەدا مانەوە کاشلن بە ئەسپایی گوتی:- ئێستا کە کارەکەرەکە ڕۆیشتووە بخەوێ ئێمە دەتوانین هەموو شوێنێک بگەڕێین تا بزانین شتێک لە موبێلە ودۆڵابەکاندا شاردراوەتەوە یان نا؟

هەردوو پیاوەکە دەست بەکار بوون. دۆڵاب وکۆمەدیەکانیان خاڵی دەکرد، گیرفانی جلەکان دەگەڕان و هەر پارچە کاغەزێکیان بەردەست کەوتبا دەیانکردەوەو دەیانخوێندەوە. تا نیوەشەو

هیچ شتێکیان نەدۆزی بووەوە کەمایەی سەرنج بێت. کورا خەوی لێکەوتبوو، بەدەم خەوەوە سووکە پرخەیەکی بەردەوامی دەکرد. سزار پرسی:- باشە ئێمە دەبێ تا بەیانی لێرەبین؟

لوسابڵ، کە هەراسان و پەرێشان بوو، گوتی باشترین شت ئەمەیە تا بەیانی لەوێندەر بمێنینەوە. هەنگێ خەزووری بڕیاری خۆی دا وگوتی:

- لەم حاڵەدا دەبێ بڕۆین کورسیە دەسکدارەکان بێنین.

بەدوو قۆڵی دوو کورسی دەسکداری نەرمیان لە ژووری میوانی ژن و مێردەی گەنج هێنا.

دوای سەعاتێک هەرسێکیان بەدەم پرخ وهۆڕی نا ڕێک وپێکەوە لە هەنبەر جەستە ساردو سڕکەی پیرەژندا، کەلە بێدەنگی ئەبەدی خۆیدا ئارامی گرتبوو، خەویان لێکەوت.

بەیانی وەختایەک کارەکەرەکە وەژوورکەوت هەموو بێدار بوونەوە.کاشلن، چاوانی هەڵگلۆفت وگوتی:- بەڵێ، من ئاگادار بووم تەنانەت یەک چرکەش نەخەوتم. تەنیا چاوم نوقاندبوون تا کەمێ ئیسراحەت بکەم.

کورا بۆ ماڵەکەی خۆی گەڕایەوە. لەوکاتەدا لوسابڵ، بەبێ موبالاتیەکی ئاشکراوە پرسی:- کەی بچین بۆلای مەحزەردار تالە دەقی وەسێتنامەکە ئاگاداربین؟

- بەکەیفی تۆ... حەزدەکەی ئەمڕۆ بەیانی دەڕۆین.

- پێویست دەکا " کورا "ش لەگەڵ خۆدا بەرین؟

- پێموایە ئەوبێت باشترە، چونکە بەهەرحاڵ میراتگر ئەوە.

- کەواتە من دەڕۆم پێی دەڵێم کەخۆی ئامادە بکات.

لوسابڵ، بە پێنگاڤی لەز لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

مەحزەری ئاغای " بلوم " سەردەفتەری قەواڵەێن فەرمی، تازە خەریک بوو دەکرایەوە کە کاشلن و لوسابڵ و ژنەکەی بە جلکی تازیەباری و قەلافەتی خەمبارەوە گەیینەجێ.

مەحزەردار، یەکسەر پێشوازی کردن وخولکی دانیشتنی کردن. کاشلن هەودای قسەکردنی گرتەدەست وگوتی:- هەڵبەتە جەنابت بەندە دەناسیت. من برای "خا شارلوت کاشلن" م. ئەم خانمە کچی من و ئەو ئاغایە زاوامە. خوشکە داماوەکەی من دوێنێ چووە بەر دلۆڤانی خوداو ئێمە سبەینێ بەخاکی دەسپێرین. چونکە ئەو ڕەحمەتیە لە مەحزەر و نووسینگەکەی ئێوە وەسێتی

کردووه، بۆیە هاتووینە خزمەتتان تا بزانین ئایا سەبارەت بە ناشتنی خۆی هیچ وەسیێتێکی تایبەتی کردووەو ئایا ئێوە شتێکتان لەلایە بە ئێمەی بڵێن یان نا.

یارۆی مەحزەردار چەکمەجەیەکی ڕاکێشا وگوتی:- بفەرموون ئاغا، ئەمە کۆپی وەسیێتنامەکەیە کەمن دەتوانم یەکسەر دەقەکەیتان بخەمە خزمەت. نوسخە ئەسڵیەکە عەینی ئەم نوسخەیەیە و دەبێ لەلای من بمێنێتەوە.

ئەوجا بەمجۆرە دەستی بە خوێندنەوە کرد:- بەندە کەلە خوارەوە ئیمزام کردووە، ڤیکتورین شارلوت کاشلن، وەسیێتنامەی خۆم بەم ناوەڕۆکەی خوارەوە ئیقرار کردووە:

" کۆی میراتی من کە نزیکەی یەک ملیۆن و سەد وبیست هەزار فرانکە بۆ ئەو منداڵانە دەبێت کە لە "سلست کورالی کاشلن" برازام دەبن، بەم مەرجەی کە باب و داکی ئەو منداڵانە، تا گەورەبوونی منداڵە نۆبەرەکەیان، هەقی ئەوەیان هەیە سوود لە قازانجی ئەو پارەیە وەربگرن.

ئەم ڕێسایانەی خوارەوە، پشکی هەر منداڵێک و پشکی تایبەت بە باب وداک کەتا لە ژیانابن مافی سوود وەرگرتنیان لە قازانجی ئەو پارەیە پارێزراوە، دیاری دەکات.

لە حاڵێکا ئەگەر مەرگی من پێش ئەو کاتە بکەوێ کە برازایەکەم منداڵی ببێت، هەموو سەروەت و سامانەکەم بۆماوەی سێ ساڵ بەو مەبەستەی کەلەسەرێ ڕا ئاماژەم بۆ کردووە، لەلای مەحزەردارەکەی من دەمێنێت، تا ئەگەر لەو ماوەیەدا منداڵێک هاتە دنیایێ وەسیێتەکەی من ئەنجام بدات.

لێ هەرکاتێ، لەماوەی سێ ساڵدا، کەبەسەر مەرگی مندا ڕابرد، خواوەند منداڵێکی بە کورالی عەتا نەفەرمووە، هەنگێ مەحزەرداری من لە سەرپێتی سەروەت و سامانەکەی من بەسەر هەژاران و ئەو دام و دەزگا خێرخوازیانەی کە ناویان لەم لیست وپاشکۆیەدا هاتووە دابەش بکات.

لیستێکی دوورودرێژی ناوی دەزگا خێرخوازیەکان و ژمارە و دەستوور و وەسیێتان هاوپێچی وەسیێتنامەکە کرابوو.

پاشان ئاغای بلوم بە ئەدەبەوە کاغەزەکەی دایە دەست کاشلن کە زۆر نارەحەت و هەراسان بوو. چونکە بە پێویستی زانی کە هەندێک داخۆیان و ڕوونکردنەوەی زیاتری بداتێ گوتی:- خا کاشلن، کاتێ بۆ یەکەمجار ئەم شەرەف و شانازیەی دابە من کە ببم بە سەروەسیێتی وی، بەمنی ڕاگەیاند کە پڕ بەدڵ حەزدەکات میراتگرێک لە نەژاد وماڵباتی خۆی بدینێت. لە وەڵامی ئەو بەڵگە و هەنجەتانەدا کەمن دەم هێنانەوە، ویستی فەرمی و نەگۆڕی خۆی کەبەهەرحاڵ هەڵقوڵاو و زادەی

هەست و باوەڕێن مەزەبی خۆی بوو، ڕوونکردەوە. ئەو باوەڕی وابوو کەهەر وەسڵەتێکی نەزۆک و بێ بەر نیشانەی لەعنەتی خودایە. بۆیە من بەهیچ کلۆجێ نەمتوانی کەمترین گۆڕانکاری لە ویستی ئەودا بکەم. باوەڕ بکەن من لەمبارەیەوە زۆر ناڕەحەتم.

ئەوسا، خەندەیەکی بە ڕووی کورالیدا داوگوتی:- گومانم نییە کە ئەم خانمە بەم زووانە ئارەزووی ڕەحمەتی بەدی دێنێت.

هەرسێکیان، خەمبارتر لەوەی بتوانن بیر لەهیچ بکەنەوە، لەوێندەر هاتنەدەرێ. شان بەشانی یەک، مات وخامۆش، شەرمەزار وتووڕە، وەکو ئەوەی دزییان لە یەکدی کردبێت، بۆ ماڵ زڤڕینەوە. لەناکاوا هەموو خەم و پەژارەیەکی کورا ڕەوییەوە، هەقنەناسی پووری کردیەکارێک کەچیتر بۆ مردنەکەی نەگری. لوسابڵ، کەلە داخا لێوەکانی زەرد هەڵگەڕابوون، بە خەزووری گوت:- کوا ئەم قەواڵەیەم وێدە تا بەچاوی خۆم ناوەڕۆکەکەی بدینم.

کاشلن قەواڵەکەی دایێ و ئەویش دەستی بە خوێندنەوەی کرد. لە قەراخ شۆستەکە وەستابوو و لە کاتێکا کە ڕێبواران شانیان لە شانی دەدا، ماوەیەکی زۆر وەستا و بەچاوانی تیژ، ناوەڕۆکی وشەکانی پشکنی. دوو نەفەرەکەی دی، دووشەقاوێک لە پێشترەوە چاوەڕوانیان دەکرد و خامۆش وبێدەنگ بوون. پاشان لوسابڵ، وەسێتنامەکەی دایە وگوتی:- هیچ کارێک ناکرێ، عەجەب کڵاوێکی ناوەتە سەرمان.

کاشلن، کە پاشەکشەی ئاوات وئامانجەکانی تووڕەی کردبوو، بەرسڤی دایەوەوگوتی:- خەتای تۆی نەحلەتیە کە منداڵێکت نەخستەوە، تۆ کەدەتزانی ئەو لەمێژ بوو چاوەڕوانی منداڵێک بوو.

لوسابڵ، بێئەوەی وەڵام بداتەوە، شانی هەڵتەکاند.

وەختێ گەیینەوە ماڵ، خەڵکێکی زۆر چاوەڕوانیان بوون ئەم خەڵکانە کەسانێک بوون کە کاروکاسبیان کفن ودفنی مردووان و کاروباری تایبەت بە مردووان بوو. لوسابڵ، چوو بۆ ماڵەکەی خۆی و بڕیاری دا کە هەقی بەسەر هیچەوە نەبێو خۆی لە هیچ کاروبارێک هەڵنەقورتێنێ.

سزار، لەگەڵ هەمووواندا بە توونودی قسەی کردو هاواری بەسەراکردن کە وازی لێبێنن و داوای لێکردن کە زووتر کۆتایی بە هەموو شتێک بێنن و بەپەلە شەڕی ئەم جەنازەیەی لەکۆڵ بکەنەوە. کورا، کەلە ژوورەکەی خۆیدا بوو، هیچ دەنگێکی لێوە نەدەهات. لێ کاشلن، دوای یەک سەعات، لە دەرگای ژووری زاواکەی دا و پێی گوت:- " لیوپلد"ی ئازیزم، هاتووم تا هەندێ بۆچوونی خۆمت لەمبارەیەوە پێ بڵێم، چونکە ئەنجام هەرچۆنێ بێ دەبێ ڕێکەوتنێک بکرێ. من پێموایە دەبێ

ڕێوڕەسمێکی تازیەباری ئابڕوومەندانە بەرپا بکرێت تا وەزارەتخانە گومان نەکەن. بۆ خەرجی ئەم کارەش پێکەوە دەچینە ژێرباری. ئەمە جگەلەوەی کە ئێمە هێشتا هیچمان لەدەست نەداوە. چونکە ماوەیەکی زۆر نییە کە ئێوە زەماوەندتان کردووە. ئەوەی مایەی نەگبەتی بێ، ئەوەیە کە ئەنگۆ نەتوانن منداڵ بخەنەوە. هەر هیمەتێ بکەن، ئیدی کارەکە تەواوە. جارێ با بەپەلە کارەکان ڕایی بکەین، تۆ ئامادەی جارجارێ سەرێکی وەزارەتخانە بدەیت؟ منیش ناونیشانی کارتەکانی ڕاگەیاندنی مردنەکە دەنووسم.

لوسابڵ، بەڕووی گرژی و نەبەدڵی، قەبووڵی کرد کە هەق بە خەزووریەتی و هەردووکیان ڕووبەڕووی یەکدی، لەم بەرولەوبەری مێزێکی درێژا ڕۆنیشتن تا ناوەڕۆکی مەرگنامەکە کە چوارچێوەیەکی ڕەشی لە دەور کێشرابوو بنووسن و پڕ بکەنەوە. پاشان فراڤینیان خوارد. کورا، بە خەمساردی وبێ موبالاتی هاتەوە، وەکو ئەوە وابوو، کە ئەو بوویەرو ڕووداوانە هیچ پەیوەنییەکیان بەوەوە نەبێت. چونکە شەوێ شیڤی نەخواردبوو خواردنێکی زۆری خوارد.

هەرکە لەنێوەڕۆژە بوونەوە، کورا بۆ ژوورەکەی خۆی زڤڕییەوە. لوسابڵ، چووە دەرێ تا بۆ وەزارەتی دەریاوانی بڕوات. کاشلن لە هەیوانەکەدا لەسەر کورسییەک پاڵی دایەوە تا پایپێک بکێشێت. هەتاوی قورسی ڕۆژێکی هاوینە، بە توندی دەیدا لەسەربانە تێکڕژاوەکان کە هەندێکیان هەورەبانی شووشە بەندیان هەبوو، کە تیشکی خۆرەکە لەو شووشانەی دەدا، وەکو ئاگر دەدرەوشایەوەو چاوی دەخستە ڕێشکەوپێشکە و..

کاشلن، بەتۆی تاقە کراسێک، بەچاوە پرووشەکانیەوە، لەژێر ئەو نوور بارانەوە، دەیڕوانیە گردە سەوزەکانی پاینی ئەوشارە گەورەیەی لە تەپ وتۆزا غەرق بووبوو. بیری دەکردەوە، کە ڕووباری سن لەپای ئەم گردە سەوزانەدا، ئەم گردە جوانانەی کە داوێنیان یەکپارچە درەخت بوو، ئارام و فێنک دەڕوات، چەند حەزی دەکرد کە بیتوانیبا لە ڕەخی ڕوبارەکەدا، لەژێر درەختەکاندا، لەسەر سەوزە گیاکەدا بەدەما درێژ ببێت و هەموو دەمێک ئاو لەدەمی وەربدات، بەڵام لە بەڵەکۆنە گەرم و داغەکەی ماڵی خۆیدا نەبوایە. نارەحەتیەکی تایبەت، کە زادەی ئەو ناکامی وبەد شانسیە چاوەڕوان نەکراوە بوو کە بەسەریان هاتبوو- کە پێشتر بە ئومێدێکی زۆرەوە چاوەڕوان بوون — دڵی دەگوشی. لە ناکاوا بەدەنگی بەرز، وەکو چۆن یەکێک لە ئەنجامی بیرکردنەوەی زۆر وهەڵچوونەوە مێشکی تێک بچێت، هاواریکرد:- ئەی بەد سروشتی نارەسەنی چەپەڵ!

لە ژوورەکەدا و لەپشت سەری خۆیەوە، گوێی لە دەنگی هاتوچۆی مامورانی کاروباری مردووان و تەقەتەقی بەردەوامی چەکوش دەبوو کە بزماری تابووتەکەیان دادەکوتا. لەو کاتەوە کە چووبوو بۆلای کابرای خاوەن مەحزەر، ئیدی ڕووی خوشکەکەی نەبینی بوو.

لێ بەرە بەرە گەرمی هەواو ڕۆشنایی ئەو ڕۆژە هاوینییە تین وتاوی بەجەستە وگیانی بەخشی و هەنگێ بیری کردەوە کە هێشتا هەموو شتێک لەدەست نەچووە. ئاخر چۆن دەبێ کیژەکەی منداڵی نەبێت؟ خۆ هێشتا دووساڵ بەسەر بوکێنی وێدا نەبوریەوە.

زاواکەی هەرچەندە کەسێکی کورتەباڵا بوو، لێ بەهێز وکەتە وچوارشانە وساغ و سەلامەت دەهاتە بەرچاو. بێگومان منداڵیان دەبوو، زۆر پێویست بوو منداڵیان ببێت.

لەولاشەوە لوسابڵ، بەبێدەنگی خۆی بە وەزارەتخانەکەدا کردبوو ویەکسەری بۆ ژوورەکەی خۆی داخزی بوو. کاغەزێکی لە سەر مێزەکەی خۆی بینی کەلێی نووسرابوو:- سەرۆک ئێوەی دەوێ.

سەرەتا، زۆر بێتاقەت بوو. زۆر لە دکتاتۆریەتی ئەم دەزگایە کە سواری سەری بووبوو بێزار بوو و بە ناڕەزاییەوە دەستێکی هەڵتەکاند، پاشان ئارەزوویەکی توند و ناگەهانی بەرز بوونەوە و تەرفیع ختووکەیەکی دا، بیری کردەوە کە ئەویش ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێ بە سەرۆک و بەو زووانە تەرەقی دەکات.

لوسابڵ بێئەوەی چاکەتی دەرەوە لەبەرخۆی داکەنێت، یەکسەر چوو بۆلای جەنابی ترشبوف، سیمایەکی ماتەمباری، نەک لەو جۆرەی لە کاتی خەم وپەژارەی ئاساییدا لە خۆ دەگرن، بەڵکو زۆر لەوە زیاتری لەخۆهێنا ونیشانەی خەمێکی ڕاستەقینە وقووڵی لە سەر وسیمای خۆی هێنا. سیمای نائومێدی ورەشبینییەکی ئەوەندە قووڵی پێوە دیاربوو، مەگەر تەنیا لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشە و ئاریشەێن گەورەدا، بە ڕوخساری مرۆڤەوە دەربکەوێت.

سەرۆک، کە سەر وکەللە زەلامەکەی بەسەر کاغەزاندا دانەواندبووەوە، هەڵبڕی و بە ڕاوێژێکی لە ناخافڵەوە پرسی:- من ئەم بەیانیە زۆر کارم بە تۆ هەبوو، بۆچی نەهاتبوویت؟

لوسابڵ بەرسڤی دایەوەوگوتی:- جەنابی سەرۆک، بەداخەوە پوورە شارلوت ئەمری خوای کرد و من هەنووکە هاتووم کە تکا لە جەنابتان بکەم، بەبەشداری لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەیدا کە سبەینێ ئەنجام دەدرێ گەورەمان بکەیت.

قەلافەتی جەنابی ترشبوف یەکسەر هێور بووەوەو بە ڕاوێژێکی ڕێزئامێز وهاوخەمییەوە گوتی:- لەم حاڵەدا دۆستی ئازیزم مەسەلەکە فەرق دەکات. سوپاست دەکەم و برۆ مەرەخەسیت چونکە ئەرک وکارێکی زۆرت لەسەرە کەدەبێ پێیان ڕابگەیت.

لێ لوسابڵ، دەیویست خۆی جدی نیشانبدات، بۆیە گوتی:- مەمنوونم جەنابی سەرۆک، هیچ کارێکم لە دەرەوە نەماوەو دەمەوێ تا کۆتایی دەوام لە دایەرە بمێنمەوە.

ئەوەی گوت و بۆ ژوورەکەی خۆی زڤڕییەوە.

ئەم هەواڵە لە هەموو بەشەکانی دایەرەدا بڵاو بووەوەو هەمووان دەهاتن وسەرخۆشیان لێدەکرد، سەرخۆشییەک بەتامی پیرۆزبایی، زیاتر بۆ ئەوە دەهاتن تا قەلافەت و جلەکانی دوای ئەم ڕووداوەی ئەو ببینن. لوسابڵ، هەموو ڕستە ونیگا مانادارەکانی، بەڕواڵەتی فریوبیازی، ئەکتەرێکی لێهاتوو و بە کارامەیەکی سەیرەوە تەحەموول دەکرد.

هەندێک دەیانگوت:- چ ئەدا وئەتوارێک دەنوێنێ. ئەوانی دیش دەیانگوت:- ئەو خەمی چییە، دەبێ لە دڵی خۆیدا زۆر خۆشحاڵ بێ..

ماز، کەلە هەمووان ڕوودارتر بوو، بە گۆساخی خەڵکانی لات و لەوێرەوە پرسی:- بەدروستی دەزانی چەندی لەپاش بەجێماوە؟

لوسابڵ، وەکو یەکێک مەسەلەکە هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نەبێت و چاوی لە میراتی ئەوەوە نەبێ، وەلامی دایەوە:

- نە، بە تەواوی نایزانم، وەسێتنامەکە دەڵێت نزیکەی یەک ملیۆن و دووسەد هەزار فرانکە. ئەمەش لەوێوە دەزانم کە یارۆی مەحزەردار ناچاربوو یەکسەر هەندێ لە تێچوو وکاروباری کفن و دفنەکەیمان پێ بڵێت.

هەمووان لەو باوەڕەدا بوون کە لوسابڵ چیتر لە دایەرە نامێنێت. مرۆڤ ئامادە نییە بە دەرامەتێکی ساڵانەی شەست هەزار فرانکی ئەم هەموو ڕەنجە بدات، چونکە ئەم جۆرە خەڵکە بۆ خۆ شتن ودەتوانن ببنە هەرشتێک کە خۆیان بیانەوێ. هەندێک وای بۆ دەچوون کە لەوەیە حەزبکات بچێتە ئەنجوومەنی وەزیران و هەندێکی دی پێیان وابوو دەیەوێ ببێت بە ئەندام پەرلەمان. سەرۆکی ئیدارەش چاوەڕوان بوو کە ئیستیقالەنامەکەی ئەوی پێبگات تا بیخاتە بەردەست بەڕێوەبەری گشتی.

هەموو کارمەندانی ئیدارە لە خەتمەکەیدا بەشدارییان کرد و پێیان وابوو خەتمێکی هەژارانەیان بۆ پیرەژن کردووە. لێ دەنگۆیەکیش لە ئارادا بوو کە خا کاشلن خۆی وای ویستووەو ئەوەی لە وەسێتنامەکەیا بە ئاشکرا گوتووە.

لە سبەینێی ئەو ڕۆژەوە، ئیدی کاشلن بە بەردەوامی دەچووە دایەرەو دەوامی خۆی دەکرد، "لوسابڵ"ش دوای یەک هەفتە نەخۆشین بۆ خزمەت ودەوام گەڕایەوە. هەرچەندە لەڕ ولاواز وڕەنگ زەرد بووبوو، بەڵام وەکو هەمیشە کۆشیار وجدیبوو. وادەهاتەبەرچاو کە هیچ گۆڕانێک لە ژیانیا ڕووی نەداوە. بەڵام ئەوەی دەبینرا، ئەوە بوو کە بەخۆ ڕانانی تەواوەوە، بەوپەڕی کەش و فشەوە چرووتیان دەکێشا وباسی دەرامەت و ڕێگەی ئاسن و ئیعتیباراتی گەورەیان دەکرد. ڕێک وەکو ئەوانەی کە ئیعتیبارنامەی گرینگیان لە گیرفاندا بێت. ئەنجام، دوای ماوەیەک هەمووان زانیان کە خانوویەکی هاوینەیان لە دەوروبەری پاریس بەکرێ گرتووە تا پشووەکانی هاوین لەوێندەر بقەتێنن.

خەڵکی وایان بیر دەکردەوە: ئەمانەش وەکو پیرەژنی ڕەحمەتی ڕژد وپیسکەن. ئەم خووە لەناو هەموو خانەوادەکەیاندا بڵاوە وهەموویان تان وپۆی یەک شاڵن. بەهەرحاڵ، هیچ خۆش نییە پیاو بەم هەموو سەروەت و سامانەوە، لە خزمەتی دایەرەدا بمێنێتەوە.

دوای ماوەیەک، ئیدی کەس باسی نەدەکردن، هەمووان بۆچوون ونۆڕینی خۆیان سەبارەت بەوان دەربڕی بوو، کەلە چ قوماشێکن وچماڵێکن.

( ٤ )

لوسابڵ، لەو دەمەدا کەلە دووی جەنازەکەی پوورە شالوت دەڕۆیی بیری لە میراتیە ملیۆن فرانکیەکەی ئەو دەکردەوەو توورەیی ئەوەش کە دەبوایە ئەمە لە دڵی خۆیدا بیلێتەوە، هێندەی دی خوێنی جگەری دەخواردەوە، ئەو نامرادی خۆی لەچاوی هەمووساندا دەبینی ولەخۆی دەپرسی:- باشە بۆچی لە زەرفی ئەم دووساڵەدا کە ژنم گواستووەتەوە منداڵم نەبووە؟ ولەترسی ئەمەی نەبا وچاخ کوێر بێ، دڵی بە توندی لێی دەدا.

ئەوسا وەکو کوڕێژگەیەک کەبە تەماحی بردنەوەی خەڵاتێک بڕوانێتە ترۆپکی ئەستوون و کۆڵەکەیەکی بەرز ولە دڵی خۆیدا بڕیار بدات بە هەوڵ وتەقەلا و کاری پێویست، هەرچۆنێ بووە خۆی بگەیەنێتە ترۆپکی ئەستوون وکۆڵەکەکە، بەوئاوایە لوسابڵ بڕیاری دا کە ببێت بە باوک؟ دنیاو بنیا بوون بە باوک بۆ ئەو نەبێت بە باوک؟ڕەنگە تا ئێستا لەبەر خەمساردی و بێ موبالاتی خۆی، بیری لەوە نەکردبووبێتەوە کە زووڕیەت ومیراتگرێک بۆخۆی بخاتەوەو هیچ کاتێک هەوڵی

جدی بۆ گەیشتن بەم مەبەستە نەدابێ. لەدڵی خۆیدا گوتی لە ئێستا بەداوە هەموو هەوڵێکی خۆی بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان دەکات ودەستبەرداری هیچ هەوڵ و کۆششێک نابێت و چونکە بەدڵ خوازیاری ئەم مەبەستەیە، هەر سەردەکەوێ و دەیگاتێ.

لێ کە بۆماڵ گەڕایەوە هەستی بە نەخۆشی کرد و بەناچاری لەجێدا کەوت. ئەنجامی نامرادی و ناکامیەکی تووند بوو و ئەو باجەکەی دەدا.

پزیشک گوتی حاڵی زۆر خراپەو دەستووری دا کە ئیسراحەت بکات وتا ماوەیەکی زۆرداودەرمان بەکار بێنێ. لەوە دەترسان کە تای نەخۆشەکە، تای مێشک بێ.

وێڕای ئەوەش دوای هەشت ڕۆژ لەبەکارهێنانی دەواودەرمان هەستایەوەو چوو بۆ وەزارەتخانە ودەستی بە دەوامی خۆی کردەوە. بەڵام چونکە هێشتا هەستی بە نەخۆشی و بێتاقەتی دەکرد، نەیدەوێرا لەگەڵ ژنەکەیدا بخەوێت. وەکو چۆن فەرماندەیەک بیەوێ بچێتە شەڕێکی چارەنووس سازەوەو دوودڵ بێ وبترسێت، بەوئاوایە دوودڵ بوو. کاری ئەمشەوی دەخستە سبەی شەو وبەئومێدی ئەوە بوو کە بەتەواوەتی چاک ببێتەوە وهەست بکات کە توانای تەواوی بۆ ئەنجامدانی هەرکارێک هەیە. هەر ساناساتێ نەبزی خۆی دەگرت، کە هەستی بە سستی لێدانی دڵی بکردایە خێرا یان شەربەتی قوەتی دەخوارد یان گۆشتی دەخوارد و بەرلەوەی بۆ ماڵ بگەڕێتەوە، بۆ وەی گوڕێکی وەبەربێتەوە رێ پەیماییەکی زۆری دەکرد.

چونکە، حاڵی بەدڵی خۆی باش نەدەبوو، کەوتە بیری ئەوەی کە بڕوات وەرزی هاوین لە دەوروبەری پاییز بەسەربەرێت. ئیدی ئەم قەناعەتەی لەلا دروست بوو کە هەوای ئازادی زۆزان، مجێزی شێواوی وی دێنێتەوە تایم وئارامی دەروونی پێدەبەخشێت، بۆیە ئومێدی تەواوی بەسەرکەوتنی ئایندەی خۆی پەیدا کرد و زۆرجار بە کینایەی تایبەتیەوە بە خەزووری دەگوت:- کە بچینە زۆزان و هاوینەهەوار مجێزی من باشتر دەبێت و هەموو شتێک بەدڵی خۆمان دەبێت.

و وشەی هاوینەهەوار لە نۆرینی ویدا مانایەکی نهێنی ئامێزی هەبوو.

بەڵێ، لە گوندی "بزون" خانوویەکی بچووکیان بەکرێ گرت وهەرسێکیان بۆ ئەوێندەر گواستیانەوە. ئەو دووپیاوە هەموو ڕۆژێ لە بەیانییەوە بە پێیان بە نێو ئەو دەشت ودەرە دەکەوتن و تا وێستگەی ئاسنی " کلمب " نەدەوەستانەوەو عەسر لەوێندەرەوە بەپای پیادە بۆماڵ دەگەڕانەوە.

کورا، کە شاد وسەرمەستی ژیانی کەنار ڕوبارە جوانەکەی گوند بوو، بە ڕۆژەوە دەڕۆیی لە ڕەخی ڕوبارەکە ڕۆدەنیشت وگوڵی کێوی دەچنی و چەپکە گیای جوان وناسک و زەردی لەگەڵ خۆیدا دێنایەوە.

شەوان بە سێ قۆڵی بەڕەخی ڕوبارەکەدا بە دەم پیاسەوە تا بەنداوی "مورو" دەڕۆیشتن و بۆ بیرەخواردنەوە، خۆیان بە ڕیستورانی "تیول"دا دەکرد. ڕوبارەکە لەو کەرخەوە بە ڕیزێک کۆڵەکەی دارین بەربەستێکی بۆ کرابوو، بەتووندی سەری خۆی بە کۆڵەکەکاندا دەکێشا ولە پانتاییەکی سەد مەتریدا بەرز دەبووەوەو هەڵدەچوو و کەفی دەکرد. هاڕەوهاژەی داڕژانی ئاوەکە، ئەرزەکەی دێنایە لەرزەو بۆخارێکی شێدار وفێنک لە شێوەی تەنکە هەورێکا، کە وەکو تەنکە دووکەڵێک لە قەڵبەزە وتاڤگەکەوە بەرز دەبووەوە، لە ئاسماندا شەپۆلی دەدا وبۆنی ئاو وسیاناوی بە دەورو بەردا بڵاودەکردەوە.

شەو دادەهات. لەخواری خوارەوە ڕوناکییەکی گەورە پاریسی ڕوناک دەکردەوەو هەموو شەوێک کاشلن ئەم ڕستەیەی دووبارە دەکردەوە:- عەجەب شارێکی گەورەیە!

جارجارێ ڤیتارێک بەسەر پردێکی ئاسندا، کە کۆتایی دورگەکەی دەبڕی، تێدەپەڕی، گرمەگرمێکی بریسکە ئاسای دەکرد ویەکسەر بەسەمتی چەپ وڕاستا، واتە ڕوولە پاریس یا دەریا، پێچی دەکردەوەو دیار نەدەما.

هەرسێکیان بە پیاسەو ڕاوێچکە دەگەڕانەوەو سەیری هەڵهاتنی هەیڤیان دەکرد. پاشا لە قەراخ خەندەکێک دادەنیشتن و تەمەشایان دەکرد ودەتگوت مانگەکە لەگەڵ ئاوەکەدا دەڕوات و چینی سەر ئاوەکە، وەکو شەپۆلی ئاگر، تەکانی دەخوارد. قوڕباقان بەدەنگی وشک و کورت دەیان قیڕاند. دەنگی باڵندانی شەو لە حەوادا دەنگی دەدایەوە. جارجار تارمایی و سێبەرێکی گەورەو خامۆش بەسەر ئاوی ڕوبارەکەدا دادەخزی و ڕەوتی ڕۆشن و هێمنی ڕوبارەکەی دەشیواند. ئەم سێبەرو تارماییە، بەلەمی ڕاوەماسی قاچاخچیان بوو کەلە ناکاوا تۆڕی قوچەکی خۆیان هەڵدەداو ئەو تۆڕە گەورە و بۆرباوەی کە پڕ دەبوو لە ماسییانی درەخشان و لەرزان، وەکو ئەوەی گەنجینەیەک لە ژێر ئاوەوە هەڵکێشن – گەنجینەیەکی زندوو لە ماسیانی سپیواژ – دەیانهێنایە ناو بەلەمەکەوە.

کورا، هەراسان وپەرێشان، بە میهر ومەحەبەتەوە خۆی دەدا بەسەر بازووی مێردەکەیدا و هەرچەندە بە ئاشکرا باسی هیچ شتێکیان پێکەوە نەکردبوو، بەڵام پێشبینی نەخشەکانی مێردەکەی دەکرد. ئەم دەورانە بۆ وان دەورانی تازەی دەزگیرانداری و چاوەڕوانی ماچ ماچێن و ڕاموسان و ماتەماتی ئاشقانە بوو. هەندێجار لوسابڵ، ماچێکی چکۆلە و بەدزی بناگوێی کورای دەکرد، یانی

ئەو گۆشە نەرم وناسکەی جەستەی ئەوی ڕادەموسی کە یەکەمین پێچی گێسوەکانی، لەسەری خەرمانەیان دابوو و، کورا بە گوشینێکی دەستی وی وەڵامی دەدایەوە. دیاربوو هەردووکیان خوازیاری ویساڵی یەکترن، بەڵام بەهۆی ویست و ئیرادەیەکی بەهێزتر لە شەهوەت وسێکس، یانی لە ترسی تاپۆی یەک ملیۆن فرانک، بەیەکیان ڕەوا نەدەبینی، چونکە هێشتا کات و شوێنەکەیان بە گونجاو نەدەزانی. کاشلن جۆرە ئومێدێکی کەوتبووە دڵ، جۆەر ئومێدێکی لە دەوروبەری خۆیا بەدی دەکرد، بۆیە تا ڕادەیەک ئارامی گرتبوو وشاد وخەندان بوو. مەشرووبی بەبێ مەزە دەخواردەوە، خواردنی زۆر دەخوارد و لە دڵی خۆیدا، لە ئاسۆی لێڵ و تاریکی قەیرانە شاعیرانە و ڕۆمانتیکیەکانی خۆیدا، هەستی دەکرد کە جۆرە سۆز ومیهرێکی ساکارانە لە حاڵی دەرکەوتندایە، سۆزێک کەلە هەنبەر دیمەنێن جوان و خەیاڵئەنگیزی بیابان وسارا- بۆ نموونە بارانێک لە نور بەسەر لق وپۆپ وگەڵای درەختاندا، یان ئاوابوونی خۆر لەودیوی گردە سەوز وجوانە دوورەکاندا، یان عەکس بوونەوەی تیشکی ئەرخەوانی لە ڕوباردا- هەموو ئەم دیمەنانە سۆزی مرۆڤ دەجولێنن. ئەو لەو حاڵ و ئەحوالەدا بوو کە گوتی:- من لە هەنبەر ئەم شتانەدایە کە باوەڕ بە خوا دێنم، ئەم دیمەنانە دڵ دەکەنەوە.

ئەوجا ورگی خۆی نیشان دەدا ولەسەری دەڕۆیی:- من هەستدەکەم کە تەواو گۆڕاوم، ژێروژوور بووم، هەستدەکەم خەریکە دەبم بە کەسێکی سەیر. وایم دێتە بەرچاو لە حەمامێکیان هەڵکێشاوم و پڕبەدڵ حەزدەکەم بگریم.

لەم بەینەدا لوسابڵ، ڕوو لە چاکبوونەوە دەچوو. لە ناکاوا شەوێک جۆش وخرۆش وگەرم وگوڕییەکی ئەوتۆی بەخۆوە بینی کە تائێستا شتی وای بەخۆوە نەبینی بوو. هەستی کرد کە وەکو جوانوو ئەسپێک پێویستی بە غاردان و هەڵتیزانە، پێویستی بەوەیە لەسەر سەوزە گیاکان خۆی بگەوزێنێ و دەیەوێ لە خۆشیا هاواربکات.

هەستی کرد کەکاتی گونجاو و لەبار هاتووە. ئەو شەوە شەوی ویساڵی ڕاستەقینە بوو.

پاشان یەک مانگی هەنگوین، مانگێکی سەرڕێژ لە نەوازش و ئەشق و ئومێدیان پێکەوە بردەسەر. دوای ئەوە تێگەیشتن کە هەوڵ و تەقەلاکانی وان بێ بەر وخاترجەمی و دڵنیابوونەکەیان بێهودە بووە. نائومێدی و هیوابڕاوی و کارەسات بوو. لێ لوسابڵ، بۆری نەخوراد، کۆڵی نەدا. بە هەوڵ و تەقەلایەکی میتا بەشەرییەوە، لەدووی مەبەست و ئامانجی خۆی دەچوو. ژنەکەی کە لە سۆنگەی هەمان هەوەس وئارەزووەوە، هاتبووە جۆش و لە ترسێکی گەورەتر دەترسا ودەلەرزی، بەدەم

هەواو وهەوەسە سێکسیەکانی مێردەکەیەوە دەچوو، لەگەلیا دەچووە پەنا وپەسێران و چاوبڕێکێ و ئاشقێنی دەگەڵ دەکرد، هەمیشە هەوا وهەوەسی ساردوسڕی ئەوی دەبزواند.

هەمووان لە ڕۆژانی هەوەڵی هەیڤی ئوکتوبەردا بۆ پاریس گەڕانەوە. ژیانیان بەرە بەرە دژوارو ناخۆش دەبوو. قسەیان ڕەق و بەئازار، کاشلن کە هەستی بە دژواری ڕەوشەکە دەکرد. ئەوانی بە تەشەرێن تاڵ و تانووتی ناهەموار و تایبەت بە کۆنە سەربازان، پەست وبێزار دەکرد.

بیرێکی جێگیر وبێ ئامان بەرۆکی بەرنەدەدان. ڕوحیانی ئازار دەدا، ئاگری بوغز وکینەیانی دەرهەق بەیەکدی دەگەشاندەوە، ئەویش بیری ئەو میراتیە دوورە دەستە بوو، ئێستا کورا داشی سواربوو وبە زبری ڕەفتاری دەگەڵ شووەکەیدا دەکرد. بەچاوی کوڕێژگەیەکی شاگردی ماڵەکەیان یان پیاوێکی ناشایستە تەمەشای دەکرد و " کاشلن " ش هەموو ئێوارەیەک لەسەر شام ( شێڤ، شێو، خواردنی ئێوارێ ) ئەم قەوانەی لێدەدایەوە:- من ئەگەر پیاوێکی دەوڵەمەند بوایەم، منالی زۆرم دەخستەوە ودەبوو... بەڵام کە پیاو هەژار بوو، بەلای کەمەوە دەبێ ئەقڵ و هۆشی هەبێت.

ئەوسا ڕوویدەکردە کیژەکەی و دەیگوت:- تۆش وادیارە دەبێ وەکو من بیت... لێ حەیفێ کە..

ویەکسەر، بە تەوس وتەوهینەوە شانەکانی هەڵدەتەکاند، نیگایەکی بە ماناوەی زاواکەی دەکرد.

لوسابڵ، وەکو خەڵکانێکی ڕەسەن و نەجیب کەلەماڵی خەڵکێکی ئاڵچاخ و لات ولەوێرا گیری خواردبێ، هیچ وەڵامێکی نەدەدایەوە. لە وەزارەتخانەدا هەمیشە پەست وگرژ ومۆن دیاربوو، هەموو کارمەندەکان هەستیان پێدەکرد. ڕۆژێ خودی سەرۆک لێی پرسی:- خۆ نەخۆش نیت؟ تۆ کەمێک گۆڕاوی.

هەموو ئومێدێکی بە تەرفیعەکەی کۆتایی ساڵ بوو، بۆیە هەر بەو ئومیدە هەموو هەوڵ و کۆششێکی جارانی، وەکو کارمەندی نموونەیی، گرتبووەوە بەر.

لەکۆتایی ساڵدا، تەنیا سووکە پاداشتێکیان، کەلەهی هەمووان کەمتربوو دایێ و هیچیان بە خەزووری نەدا.

لوسابڵ، بەدڵی شکاوەوە بۆلای سەرۆک چوو، بۆ یەکەمین جار تەنیا بە وشەی ئاغا دواندی وگوتی:- ئاغا، باشە ئەم هەموو هەوڵ و کۆششەی من کە هیچ بەرێکی لێ نەدورمەوە، بەکەڵکی چی من دێت؟

ئاغای ترشبوف، سەرە زلەکەی دانەواندو گوتی:- ئاغای لوسابڵ، من پێشتر پێم گوتیت کە ئەمجۆرە گەنگەشە وچەند وچوونە لەنێوان ڕەئیس ومەڕئوسا، ڕێگەپێدراونییە. من دووبارەی دەکەمەوە کە ئەو  ئیدیعایەی تۆ بە سەروەتی ئێستاتەوە دەیکەی، لەگەڵ هەژاری و هەڤکارەکانتا بەراورد ناکرێ..

لوسابڵ، لەمە زیاتر خۆی پێنەگیرا:- بەڵام ئاغا، من کەهیچم نییە، پووری ڕحمەتی خێزانەکەم، سەروەتەکەی خۆی بۆ یەکەمین منداڵ تەرخان کردووە کە لەم زەماوەندەی ئێمەوە پەیدا ببێت.

من وخەزوورم جگەلە مووچەکانمان هیچ سەرچاوەیەکی بژێوی دیکەمان نییە.

سەرۆک سەری سوڕما وگوتی:- باشە ئەگەر ئەمڕۆش سەروەت وسامانێکت نەبێ، بەهەرحاڵ سبەی دەتبێ، بەم پێیە هەر قسەکەی منە.

لوسابڵ، کەبۆ تەرفیعە لەدەست چووەکەی زۆر لە میراتیە بەدەست نەهاتووەکەی، خەفەتبار بوو، هاتەدەرەوە. لێ دوای چەند ڕۆژێک کاتێ کاشلن، تازە دەهاتە ناو ئیدارە، مازی قۆز، دەم بە پێکەنین هاتە ژوورەکەی، پاشان پیتولە، بەچاوانی ئەبڵەقەوە پەیدا بوو، دوای ئەو بواسل، دەرگاکەی دەلەک داوبە نیگەرانی وەژوورکەوت. ژارخەنێکی تەوسامیزی بەسەر لێوەوە بوو، بە نیگایەکی دەسیسە ئامێزەوە دەیڕوانییە ئەوانی دی. باباساون لەسەر کورسییە بەرزەکەی خۆی دانیشتبوو و وەکو منداڵە مەکتەبلیان، هەردووپای نابوونە سەر بۆریەکەی ناوەندی پایەی مێزەکە و پایپە گڵێنەکەی نابووە لالێویەوە.

کەس، هیچی نەدەگوت. پێدەچوو هەمووان چاوەڕوانی شتێک بن. کاشلن قەواڵە و نووسراوی خەرجی تۆمار دەکرد، ئیدی وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی، بەدەنگی بەرز دەقی نووسراوەکەی دەخوێندەوە؛- تولون، کەل وپەل و پێداویستی ژووری ئەفسەرانی کەشتی ریشلیو- لوریان، جل و پێداویستی نوقموانان بۆ کەشتی دزە- برست، تاقیکردنەوەی قوماشی ئینگلیزی تایبەت بە بایەوانی کەشتی!

لوسابڵ، هاتە ژوورەوە. لوسابڵ ئێستا هەموو بەیانییەکبەخۆی دەهات وکارەکانیخۆی دەبرد، چونکە خەزووری ئیدی ئەم زەحمەتەی بەخۆی نەدەدا کەبە فەڕاش وپێشخزمەتا کارەکانی بۆ بنێرێت.

لەوساتەدا کە لوسابڵ،لە ناو کاغەزە زۆر و زەبەندەکانی سەر مێزەکەی خەزووریا، بۆ ئەو نووسراوانە دەگەڕا کە پەیوەندیان بەخۆیەوە هەبوو، ماز، بەتیلەی چاو سەیری دەکردو

دەستەکانی لێکدی دەماڵین و پیتولە کە خەریکی سیغار پێچانەوە بوو، ناوبەناو لێوی هەڵدەقورتاند. ئەم ئەتوارانە هەمووی نیشانەی تەوس و توانج و گاڵتە و پێ ڕابواردنێکی ئەوەندە زەق بوون، کەبەکەس نەدەشاردرانەوە. پیتولە ڕووی لەلای یارۆی کۆپی نووس کرد وگوتی:- باباساون، باشە تۆ ئەزموونێکی زۆرت لە ژیانەوە وەرنەگرتووە، زۆرشتان لە ژیانەوە فێر نەبووی؟

پیرەمێرد کە تێگەیی دەیانەوێ پێی ڕابوێرن وباسی ژنەکەی بکەن، وەڵامی نەدایەوە.

پیتولە، دووبارە گوتی:- باشە هەر تۆنەبووی کە ڕازی منداڵ خستنەوەت کەشف کرد؟ چونکە بەخۆت بووی بە خاوەن منداڵێکی زۆر.

پیرەمێرد سەری هەڵبڕی وگوتی:- ئاغای پیتولە تۆ دەزانی من حەزملەم جۆرە سوعبەتانە نییە. من لە بەدشانسی خۆما جارێک هەڵەیەکم کرد و ژنێکی دێهاتیم هێنا و وەختایەک خیانەتی ئەوم بۆ ساغ بووەوە، ئیدی لێی جیابوومەوە وبڕایەوە.

ماز، بە ڕاوێژێکی جدی وبێئەوەی پێبکەنێت پرسی:- بێگومان خیانەتی ئەوت چەندجارێک بۆ ساغ بووەوە، وانییە؟

باباساون، بەتووندی بەرسڤی دایەوە- بەڵێ ئاغا.

پیتولە، سەرلەنوێ هەڵیدایە وگوتی:- بەڵام ئەمە مانای وانییە کە تۆ هەنووکە بابی چەندین منداڵ نیت، سێ چوار منداڵت هەن.

پیرەمێرد، تەواوتەواو سوور بووەوەو بەدەم مینگەمینگەوە گوتی:

- تۆ ئاغای پیتولە، دەتەوێ من تووڕە بکەیت، بەڵام ناتوانیت. بەڵێ ڕاستە، ژنەکەی من سێ منداڵی بووە، گریمان یەکەمیان لە منە، بەڵام دووانەکەی دی ڕەت دەکەمەوە. لەمن نین.

پیتولە دیسان گوتی:- بەڵێ، هەموو خەڵکی دەڵێن منداڵی یەکەم لە تۆیە و هی تۆیە و ئەمە کافیە. زۆرباشە پیاو یەک منداڵی هەبێت، بەڵێ زۆر باشە وئەوپەڕی بەختەوەرییە. من گرێو دەکەم کە ئاغای "لوسابل" ش زۆر خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر بتوانێ وەکو تۆ ببێت بە خاوەنی یەک منداڵ، مەگەر وانییە؟

کاشلن، ئێستا دەستی لە تۆمارکردنی قەواڵەی خەرجیان هەڵگرتبوو. هەرچەندە باباسارون جەورکێشی گەپجاڕییە ئاساییەکانی ئەو بوو و ئەو لەم جۆرە دەرفەتانەدا دەمی لێ بەرەڵڵا دەکرد

و هەرچی تانە وتەشەرێکی نەشیاوی، لەبارەی ژن و مێردایەتی ئەم پیرەمێردە نەگبەتەوە، لە هەگبەدا هەبوو، بەسەری ئەو نەگبەتەیدا هەڵدەڕشت، لەگەڵ ئەوەشا پێنەدەکەنی.

لوسابڵ، نامە ونووسراوەکانی خۆیکۆکردبووەوە تا براوت، بەڵام چونکە هەستیدەکرد، هەموو ئەو تانەوتەشەر و تەوس و توانج و ژارخەنانە بۆ ئەوە، بووکێ لەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێبێ. هەستی غروور هانیدەدا کە نەڕوات. کی ڕازی وی لەلای ئەم خەڵکە ئاشکرا کردووە. ئەوجا گفتوگۆیەکەی خۆی دەگەڵ سەرۆکی دایەرەدا وەبیر هێنایەوەو یەکسەر بۆی دەرکەوت کە ئەگەر نەیەوێ لە وەزارەتخانەدا ببێ بە گەپجاڕی هەرکەس و ناکەسێک، دەبێ هەر ئێستا خۆی بنوێنێ، سام و هەیبەتی خۆی نیشانبدات.

بواسل، بە ناو ژوورەکەدا دەهات ودەچوو و بەردەوام پۆزخەنی لێدەدا. لاسایی دەنگی گڕی منداڵانی ڕۆژنامەفرۆشی دەکردەوە و بەدەم هاوارەوە دەیگوت؛- نهێنی بوونە خاوەن منداڵ، بەدە ساهی! ڕازی منداڵ دروستکردن بە قەڵەمی باباساون، بەوێنەوە.

جگە لە لوسابڵ و خەزووری، هەمووان لەقاقای پێکەنینیان دا.

پیتولە، لەپڕ ئاوڕی لای ئەندیکاتورنووسەکەی دایەرەی دایەوە وگوتی:

- چیتە کاشلن، بۆ وەکو هەمیشە ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین نیت. وادیارە پێتسەیر نییە کە باباساون، منداڵێکی لە ژنەکەی پەیدا کردبێ. بەلای منەوە زۆر کومیدیە، مایەی پێکەنینە. ئەم کارە کاری هەموو کەسێک نییە.

لوسابڵ، دووبارە سەری داخست وکەوتە هەڵدانەوەی نامە ونووسراوەکانی سەر مێزەکەی خەزووری، وا خۆی دەنواند گوایە خەریکی خوێندنەوەیە و گویی لە قسەی کەس نییە، بەڵام ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو.

بواسل، بەهەمان دەنگی سەرسەریانە لەسەری ڕۆیی:- سەبارەت بە سوودی میراتگری و وەرگرتنی بەشە میرات بە دە شاهی.

هەنگێ ماز، کە ئەم جۆرە تەوس و توانجانەی بەکەم و بە بچووک دەزانی، لە خوتوخۆڕایی ڕقی لە لوسابڵ بوو، لەبەر ئەوەی لوسابڵ، ئومێدی بەدەست هینانی سەروەتێکی مۆڵی، کە ساڵەها بوو خەوی پێوە دەبینی، لەدەست ئەو دابوو، ڕاستەوخۆ ڕوویکردە ئەو و گوتی:

- ئاغای لوسابڵ، چییە ڕەنگت بۆ وا زەرد بووە؟

لوسابڵ، سەری هەڵێنا و ڕاستەوڕاست لە هاوکارەکەی خۆی مۆر بووەوە. هەڵوەستەیەکی چەند چرکەیی کرد، لێوەکانی لە تووڕەییدا دەلەرزین، لە نوکتەیەکی مستەهەق وگورچکبڕ ودوو زەردێنە دەگەڕا، بەڵام چونکە ئەوەی نەدۆزییەوە کە خۆی دەیویست، بەرسڤی دایەوەو گوتی:

- من هیچم نییە، بەڵام پێم سەیرە کەتۆ ئەم هەموو ڕووداریەت لە کوێوە هێناوە؟

ماز، کە پشتی لە موغەیریەکە بوو، وبەهەر دوو دەستی دوو گۆشەی پشت چاکەتەکەی هەڵبڕی بوو، بە پێکەنینەوە گوتی:-ئەرێ گیانە، پیاو هەر کارێکی لەدەست بێت، دەبێ بیکات، بەڵام ئێمەش وەکو تۆ هەموو جارێ سەرناکەوین..

قاقایەکی بەرز قسەکەی ئەوی بڕی. باباساون کە کەم دابێژێک حاڵی بووبوو ڕووی قسان لەونییە وگاڵتە بەوناکەن، حایر وحەپەساو، قەڵەمەکەی بەدەستەوە گرتبوو. کاشلن، کۆڵەمستی گرد وکۆ کردبووەوە و ئامادەبوو پەلاماری هەرکەسێک بدات کە بکەوێتە بەردەستی و چاوەڕوانی ئەوە بوو بزانێ ئاقیبەتی ئەم کارە دەگاتە کوێ. لوسابڵ، بە مینگە مینگەوە گوتی:- نازانم من لە چ شتێکدا سەرکەوتوو نەبووم؟

مازی قۆز، سووچێکی چاکەتەکەی بەردا تا بەو دەستەی سمێڵی بابدات و بە ڕاوێژێکی نەرم و شیرین گوتی:- من دەزانم کە تۆ دەست بدەیتە هەرکارێک، موەفەق دەبیت، بۆیە من هەڵەم کرد کە باسی تۆم کرد. ئەمە جگەلەوەی کە باسەکەمان لە بنەڕەتەوە باسی منداڵەکانی باباساون بوو نەک باسی منداڵانی تۆ. چونکە تۆ منداڵت نین و تۆ دەست بدەیتە هەرکارێک سەرکەوتوو دەبیت، جاکە منداڵت نییە، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە خۆت نەتویستووە منداڵ بخەیتەوە.

لوسابڵ، بەتووندی گوتی:- ئەمە چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە کە تەدەخول دەکەیت؟

لە هەنبەر ئەم ڕاوێژە توونددا "ماز"ش دەنگی هەڵبڕی و گوتی:- ئەوە چ دەڵێی؟ تۆزێ بە ئەدەب بە و ئاگات لەدەمی خۆت بێ، دەنا خراپت پێ نیشان دەدەم و بزانە لەگەڵ کێدا قسە دەکەی.

لێ لوسابڵ، لە تووڕەییدا دەلەرزی و هاوسەنگی خۆی لەدەست دابوو.

- من نە وەکو تۆ کەسێکیسێبەندی و لات ولەوێرم و نە منداڵێکی نازدار وجوان. تکایە لێرە بە دواوە قەت قسەم لەگەڵ مەکە. من نە لەتۆ و نەلە کەسانی وەکو تۆ دەترسم و حیساب بۆ کەستان ناکەم.

نیگایەکی مەیدانخوازی ، پیتولە و "بواسل"ی کرد.

ماز، له ناكاوابۆی دەرکەوت، هێزی ڕاستەقینە لە خوێنساردی مەخسەرەبازیدایە و چونکە دەماری گیرابوو، ویستی جەزرەبەیەکی کاری، بەدڵی حەریف و هەڤڕکەکەی بگەیەنێت، بۆیە بە ڕاوێژێکی نەرمی دڵسۆزی ئامیزی ڕاوێژکارێکی خێرخوازەوە کەلە هەمان کاتدا، چاوەکانی تەژی غەزەب بوون، گوتی:- ئاغای لوسابڵی ئازیز تۆ خەریکە پێ لەبەرەی خۆت زیاتر ڕادەکێشیت. من زۆر چاک دەزانم کە کوێت دێشێت. لەدەستدانی سەروەتێکی مۆڵ لەسەر ئەم شتە بچووکە، لەسەر شتێکی ئاوا سادە وئاسان، ناخۆشە... سەیرکە ئەگەر حەزدەکەی من ئامادەم لە ڕووی دۆستایەتیەوە ئەم خزمەتە بەتۆ بکەم. تەنیا کاری پێنج خولەکە..

هیشتا قسەی دەکرد کە لوسابڵ، شووشە مەرەکەبەکەی باباساونی هەڵگرت و تاهێز لە بازوویدا بوو کێشای بە سینگی حەریف و هەڤڕکەکەیدا. شەپۆلێکی مەرەکەب بە سەروچاوی مازدا هەڵپژا ولە چاوتروکانێکا دەم وچاوی ڕەش هەڵگەڕا وبووبە قولە ڕەشێکی حەبەشی. ماز کە سپێنەی چاوەکانی دەلەرزین دەستی هەڵبڕی و بەرەو لوسابڵ هێرشی برد، بەڵام کاشلن خۆی کرد بە قەڵغانی زاواکەی، باوەشی بە مازدا کرد، دەڵەکی دا، بە مست وکوڵەمستان کەوتە گیانی و بە دیوارەکەیدا کوتا، ماز، بە گوێ پچڕ گوێ پچڕ خۆی ڕزگارکرد، دەرگاکەی کردەوەو هاواری بەسەر ئەو دووانەدا کرد کە:- ڕاوەستن بۆم، بە خزمەتتان دەگەم! و ئەوسا دیار نەما.

پیتولە و "بواسل"ش بەدوای ئەودا ڕۆیشتن. بواسل، پاساوی بۆ بەشداری نەکردنی خۆی لە شەڕەکەدا هێنایەوەو گوتی ترسام ئەگەر بەشداری شەڕەکەم کردبا، کەسێکم بکوشتبایە.

ماز، کە بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە، هەوڵیدا سەروچاو وجلەکانی خۆی بسڕێ وپاک بکاتەوە، بەڵام موەفەق نەبوو. مەرەکەبێکی وەنەوشەیی خەستی پێوە بووبوو کە دەیانگوت قەت لێی نابێتەوە.

خەمبار وتووڕە لە بەر ئاوێنەدا وەستابوو وبەوپەڕی ناڕەحەتی و نیگەرانییەوە، خاولیەکی تەڕی بەسەروچاویا دێنا. ئەوەندەی خاولی بە دەم وچاویا هێنابوو، خوێن زایی بووە دەم وچاوی و مەرەکەبەکەی سەر دەم وچاوی، زیاتر سوورێکی ئاماڵ ڕەشی دەنواند.

بواسل و پیتولە، لە گەڵ ئەودا هاتبوونە ژوورەکە وئامۆژگاریان دەکرد. ئەم دەیگوت دەبێ دەم وچاوت بە زەیتی زەیتونی ساغ بشۆیت و ئەو دەیگوت کەبە ئامونیاک، پاک دەبێتەوەو دەڕوات. پێشخزمەتی دایەرەکەیان نارد تالە دەرمانخانەیەکی ئەو نزیکانە پرسیاری چارەسەربکات. پێشخزمەتەکە بە دەرمانێکی شلی زەرد و بەردەپێیەکەوە گەڕایەوە. ئەوەش هیچ فایدەیەکی نەبوو.

ماز، بە نائومێدی دانیشت وگوتی:- بڕۆن بە ئاغای لوسابڵ بڵێن کە یا – وەکو پیاو – عوزرخواییم بۆ بکات یان بە چەک ڕووبەڕووم ببێتەوە؟

هەردووکیان، داواکەیان قەبووڵ کرد وکەوتنە هەوڵی ناوبژیوانی. ئەمانە هیچ ئەزموون و زانیارییەکیان دەربارەی ئەم جۆرە شتانە نەبوو، بەڵام نەیاندەویست دان بە نەشارەزایی خۆیاندا بنەن وچونکە لە خەمی ئەوەدا بوون نۆرِینێکی دروست لەو بارەیەوە بدەن، بۆچوونی هەڤدژو ئاوێتە بە شەرم و ترسیان پێشنیاز دەکرد. دوا بڕیاریان ئەمە بوو ڕاوێژ وشیرەت بە نەقیبێکی هێزی دەریایی گرێدای (مربوط) وەزارەتخانە وبەرپرسی کاروباری زوخاڵ، بکەن. ئەویش لەوان شارەزاتر نەبوو، هەڕی لە بڕ نەدەکردەوە. وێڕای ئەوەش دوای ماوەیەک بیرکردنەوە، ئامۆژگاری کردن کە بچن بۆلای لوسابڵ و داوای لێبکەن کە ئەوان بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، بنێرێ بۆلای دووان لە دۆستەکانی خۆی.

لەوکاتەدا کەبە دوو قۆڵی دەچوون بۆ ئۆفیسی هاوکارەکەی خۆیان، بواسل، لەناکاوا وەستا وگوتی:- باشە پێویست نییە دەستەوانەمان لەدەستدا بێ؟

پیتولە، هەڵوەستەیەکی کرد وئەوجا گوتی:- با، ڕەنگە پێویست بێ.

بەڵام بۆ پەیداکردنی پەنجەوانە دەبوایە لە دایەرە بچنەدەرێ و سەرۆک ئەو سوعبەتانەی نەدەچووە ئەقڵەوە. ناچار دیسان پێشخزمەتی دایەرەکەیان ڤڕێ کرد تا لە موغازەیەکدا، دەستکێشی دڵخوازی وان بکڕێ وبیهێنێ. سەبارەت بە ڕەنگی دەستەوانەکە ماوەیەک چەند وچوونیان کرد. بواسل دەیگوت دەبێ ڕەش بێ و پیتولە ڕەنگی ڕەشی بۆ ئەم جۆرە بۆنەیە بە نەگونجاو دەزانی. ئەنجام لەسەر ڕەنگی وەنەوشەیی ڕێک کەوتن. لوسابڵ، بە دیتنی ئەم دوو زەلامە دەستکێش لەدەستە وبەو قەلافەتە فەرمییەوە، سەری هەڵبڕی ولەناکاوا پرسی:- ها دیسان چیتان لەمن دەوێ؟

پیتولە، بەرسڤی دایەوەوگوتی:- ئاغا، ئێمە لەلایەن ئاغای مازی دۆستمانەوە ڕاسپێردراوین تا داواتان لێبکەین لە هەنبەر ئەو تەعدایەدا کە لێت کرد یان تەوازی بۆ بێنیتەوەو عوزرخوایی بکەی یان بە چەک(دوئێل) ڕووبەڕووی ببیتەوە.

لێ لوسابڵ، کە هێشتا تووڕە بوو هاواریکرد:- یانی چی، ئەو جنێوی بەمن دا و هێشتا ئەو داوای دوئێل وشەڕی تەن بەتەن دەکات؟ پێی بڵێن من لەو بێزارم، بین بێزارم و هەرچییەک دەڵێ ودەکات، بێ منەت بێ، من بە هیچی نازانم.

بواسل، بە سیمایەکی خەمبارەوە چووە پێشترەوە گوتی:- ئاغا تۆ ئێمە ناچار دەکەیت کە ئێمە کۆنووسێک لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبکەینەوە کە کاریگەری و باندۆرێکی خراپی بۆ تۆ دەبێت.

پیتولە، بە زۆڵیەتیەکی تەواوەوە لەسەری ڕۆیی:- بە تایبەتی کە زەربەیەکی خراپ لە حەیاو ئیحتوباری تۆ و تەرفیعی ئایندەت دەدا.

لوسابڵ، کە تەواو گیری خواردبوو، تەمەشای دەکردن. چ بکات، تەگبیری چییە؟ بیری کردەوە کە مۆڵەتێ وەربگرێت، بۆیە گوتی:- ئاغایان من تا دە دەقیقەی دی وەڵامتان دەدەمەوە. دەکرێ لە ژوورەکەی ئاغای پیتولە چاوەڕوان بکەن؟

کەبە تەنیا مایەوە، تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد. وەکو ئەوە بوو، لە شیرەت و تەگبیرێک یان لە پشتیوانێک بگەڕێت. شەڕی تەن بەتەن، یانی دەبێ مل بۆ دوئێل و شەڕی تەن بەتەن بدات؟

وەکو پیاوێکی ئارام و ئاشتیخواز کە هەرگیز بیری لەم جۆرە چارەسەرە نەکردبێتەوە، خۆی بۆ ئەمجۆرە ڕیسک وسەرکێشیانە ئامادە نەکردبێت و هەرگیز پێشبینی ئەم جۆرە بویەرە ترسناکانەی نەکردبێت، حایر وحەپەساو، ترساوولەرزان لەجێی خۆی دانیشتبوو. ویستی لە جێی خۆی هەستێت، بەڵام دڵی کەوتە لێدان وداخورپان، لاقی سست بوون، دیسان خۆی بەسەر کورسییەکەیا دا، لە ناکاوا توورەییەکەی نیشتەوە، نەما. بەڵام بیر وخەیاڵی ئەمەی کەلە وەزارەتخانەدا چۆن باسی ئەو دەکەن و چ دەڵێن و بیر وخەیاڵی ئەو سەروسەدا و دەنگۆیەی کە سەبارەت بەم بابەتە لە ژووربەژووری ئیدارەدا دەنگدەداتەوە، هەموو ئەمانە غیرەتی سست بوویان دەمزەرد کردەوە و چونکە نەیدەزانی چ بڕیارێک بدات یەکسەر بۆ ژووری سەرۆک ڕۆیی تا ڕاوبۆچوونی ئەو بپرسێت.

جەنابی ترشبوف، سەری سوڕما، حەپەسا. بەڕای ئەو پەنابردنە بەرچەک پێویست نەبوو، بەتایبەتی کەپێی وابوو ئەم بویەر وماجەرایە نێوبانگی دایەرەکەی ئەو دەشکێنێ وتەکوزی و زاکونی دایەرەکەی تێک دەدات. وێڕای ئەوەش لێکدا لێکدا دەیگوت:- من ناتوانم هیچ ڕاوبۆچوونێک لەم بارەیەوە بدەم. ئەمە مەسەلەی شەرەفە و پەیوەندی بە منەوە نییە. دەتەوێ بە کاپتن "بوک" ت بناسێنم؟ ئەو پیاوێکە کەلەم بوارانەدا شارەزایە و دەتوانێت ڕێنماییت بکات.

لوسابڵ، قەبووڵی کردو چوو بۆ لای کاپتن "بوک" و ئەو ئامادە بوو کەلەم دوئێلەدا، شایەدی ئەو بێ. بۆ شایەدی دووەمیش یەکێک لە یاریدەدەرەکانی پێشنیاز کرد.

بواسل وپیتوله، دەستەوانە لەدەس چاوەڕوانی ئەو بوون. دوو کورسییان لە ژوورەکەی تەنیشتەوە بە ئەمانەت هێنابوو، تا جێگای دانیشتن بۆ هەر چوار نەفەرەکە هەبێت.

سڵاوێکی وشک وفەرمیان لێکدی کرد. پیتولە هەودای قسانی گرتە دەست وهەڵوێستەکەی شرۆڤە کرد. کاپتن، دوای ئەوەی گوێی لە قسەکانی ئەو گرت، لە وەڵاما گوتی:- مەسەلەکە گەورەیە، بەڵام پێم وانییە چارەی نەبێت، هەر مەسەلەیەک بەندە بەنیازو نیەتی هەردوولای کێشەکەوە.

ئەم کاپتنە، دەریاوانێکی زیرەک وعەیار بوو، بە هەمووانی ڕادەبوارد. گفت وگۆیەکی دوور ودرێژ کرا، چوار پێشنیازی یەک لە دووی یەک بە نووسین ڕێکخران کەبە گوێرەی دوا پێشنیاز دەبوایە هەردوولا تەوازی بۆ یەکدی بێننەوە. لەم پێشنیازەدا نووسرابوو کە ئەگەر ئاغای،ماز قەبووڵ بکات کە لە بنەڕەتدا، مەبەستی بێڕیزی وسووکایەتی کردن بە ئاغای لوسابڵ نەبووە، ئەمیش بەکەماڵی مەیل دان بە هەڵەکەی خۆیدا دەنێت کە نەدەبوو شووشە مەرەکەبەکە بسرەوێنێتە ماز وداوای لێ بووردنی لێدەکات.

و هەرچوار وەکیلەکە بۆلای موەکیلەکانی خۆیان گەڕانەوە. ماز کە هەنووکە لە پشت مێزەکەی خۆیەوە دانیشتبوو و وێرای ئەوەی وای وینا دەکردکە حەریفەکەی بۆر بخوات، بەڵام دڵی لەترسی ئەگەری دوئێلەکە لێی دەدا. لە ئاوێنەیەکی چکۆلە وخڕدا- کە هەموو کارمەندەکان لە چەکمەجەی مێزەکانیاندا هەیان بوو تا ئێوارێ لە کاتی ڕۆیشتنەوە ڕدێن وقژ وبۆینباخەکانی خۆیانی لەبەر ڕێکبخەن، سەیری گۆنا وسەروچاوی خۆی دەکرد.

ئەو پێشنیازانەی، کە دابوویانێ خوێندەوەو بە خۆشحاڵیەکی ئاشکراوە گوتی:- ئەم پێشنیازە بەڕای من دادپەروەرانەیە و ئامادەم ئیمزای بکەم.

لەولاشەوە، ئەو شەرح و شرۆڤانەی کە شایەدەکانی ئەو دایان ڕشتبوو، بێ چەند وچوون قەبووڵ کرد وگوتی:- کەڕای ئێوە لەسەر ئەمەیە من ناتوانم لەقسەتان دەربچم.

جارێکی دی هەر چوار وەکیلە سەلاحیەتدارەکە، کۆبوونەوە. نامەکان ڕەد وبەدەل کران. هەردوولا سڵاوی فەرمیان لێکدی کردو دوای ئەوەی فیتنە وئاشووبەکە کۆتایی هات، لێکدی جیابوونەوە.

پەشێویەکی نائاسایی باڵی بەسەر وەزارەتخانەکەدا کێشابوو. کارمەندان، بۆ خەبەر وهەواڵ زانین ژووربەژوور دەگەڕان و لە ڕاڕەوەکاندا دەوەستان و سەری قسانیان دادەمەزراند.

وەختێ هەمووان زانیان کە کێشەکە چارەسەر بووە، هەمووان خەمبار بوون. یەکێکیان گوتی:- بە هەرحاڵ ئەمە بۆ لوسابڵ نابێ بەمنداڵ و جێی منداڵی بۆ ناگرێتەوە.

ئەم قسەیە دەماودەم ڕۆیی. کارمەندێکی دیکە ئەم بابەتەی کرد بە گۆرانییەک و گۆرانیەکی پێدا هەڵگوت. لێ لەو دەمەدا کە وێنا دەکرا هەموو شتێک کۆتایی هاتووە، کێشەیەکی تازە سەری هەڵدا کە لەلایەن "بواسل" وە خرایەڕوو:- لەمە بەدواوە ڕەفتاری جووتە حەریف، ئەگەر تووشی یەکدی بوون چۆن دەبێت؟ ئایا سڵاو لە یەکدی دەکەن، یان خۆ لە گێلی دەدەن؟

ئیدی وا قەرار درا کە ئەگەر بەڕێکەوت، لەژووری سەرۆکدا تووشی یەکدی بوون لە هەنتەر وحوزووری جەنابی ترشبوفدا چەند قسەیەکی بە ئەدەبانە لەگەڵ یەکدیدا بکەن. ئیدی ئەم تەشریفاتە بەزوویی ئەنجام درا. ماز، داوای گالیسکەیەکی کرد و بۆ ماڵ گەڕایەوە، تا سەروچاو و جلەکانی خاوین بکاتەوە.

لوسابڵ و کاشلن پێکەوە و بێئەوەی چ قسەیەک بکەن، بۆ ژوورەکەی خۆیان گەڕانەوەو وەکو ئەوەی ئەم بویەر وشەڕە لەبەینی ئەواندا ڕووی دابێت لەیەکدی تووڕە و پەست بوون. لوسابڵ هەرکەبۆماڵ گەڕایەوە، بەپەستی کڵاوەکەی هەڵدایە سەر کۆمەدیەکە و هاواری بەسەر ژنەکەیدا کرد:- ئیدی کاسەی سەبرم پڕ بوو. من دەبێ لەبەر خاتری تۆ بچمە دوئێل و شەڕی تەن بەتەن!

ژنەکەی هاتە نزیکەوەو گوتی:- لەبەرخاتری من؟ ئاخر چۆن؟ لوسابڵ، کەبە پەستی خۆی دابوو بە کۆڵی کورسیەکەدا گوتی:

- هیچ، هەروا، ماز جوێنی پێدام... لەوە زیاتر پێویست ناکا هیچی دی بەتۆ بڵێم.

لێ ژنەکەی دەیویست بچێتە بنج و بناوانی مەسەلەکە.

- من دەمەوێ ئەو جنێوانەی کە دەربارەی من بە تۆی داوە، دووبارە بکەیتەوە.

لوسابڵ، سوور بووەوە. ئەوجا بە منجەمنج گوتی:- ئەو بە منی گوت.... کە.... سەبارەت بە نەزۆکی تۆ قسەی کرد.

ژنەی تاین تەکانێکی دا، ئەوجا تووڕەییەکیلە ڕادەبەدەر بەجۆرێ بەسەریا زاڵ بوو، کە پەردەی حەیا وشەرمی ژنانەی ئەوی دڕی، دەهری بوو و هاواریکرد:- من؟ من نەزۆکم؟ ئەم مێردەکە خوێڕییە چووزانێ؟ لەگەڵ تۆدا نەزۆکم، چونکە تۆ پیاونیت، ئەگەر شووم بە هەر کەرێکی دیکە کردبایە، بێگومان تا ئێستا منداڵم بووبوو، تێدەگەی؟ ڕاست دەکەی قسە بکە، شووکردن بە

کەسێکی بێ غیرەتی وەکو تۆ، بۆ من زۆر گران کەوتووە... ئێ، تۆ چ وەڵامێکی ئەو سواڵکەرە هیچ وپوچ وجلْفەت دایەوە؟

لوسابڵ، کەلە هەنبەر ئەم تۆفانی توورەییدا، تەواو شپرزە بووبوو، بەدەم مینگەمینگەوە گوتی:- من... دارکاریم کرد، حەسیر مەیدانم کرد.

ژنەی تاین بە سەرسامی تەمەشای کرد وگوتی:- ئەدی ئەو چی کرد؟

- هیچ... شایەدی بۆلا ناردم و داوای دوئێلی لێکردم.

ژنەکەی لوسابڵ، وەکو هەموو ژنێک کە شەیدای ماجەرای قارەمانی دەبن، ئیدی خولیای ئەم بابەتەی کەوتە سەر. بۆماوەی چرکەیەک نەرم وهێدی بووەوەو لە ناکاوا هەستی ڕێز وحورمەتی دەرهەق بە مێردەکەی لەلا پەیدا بوو، ئەو مێردەی لەبەر خاتری ئەو ئامادەبوو گیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە، پرسی:- کەی دوئێلەکە دەکەی؟

لوسابڵ بە بێموبالاتی گوتی:- تەواو دوئێل ناکەین، چونکە شایەدەکان کێشەکەیان بە ئاشتی چارەسەر کرد و ماز عوزرخوایی بۆ کردم.

ژنەی تاین، سەراپای بە نیگا دابێژت وبە ڕاوێژێکی پڕ نەفرەت و ڕق گوتی:- پیف! لەبەردەم تۆدا سووکایەتی و بێ ڕێزییان بەمن کردووە و تۆ هیچت نەگوتووە و ئێستاش ئامادەنیت لەبەرخاتری من دوئێل بکەیت؟ تۆ تەنیا لە ترسنۆکیت کەم بوو.

پیاوە لە جێی خۆی ڕاپەڕی وگوتی:- پێت دەڵێم دەمت داخە، من تەکلیفی حەیا وحورمەتی خۆم لەتۆ باشتر دەزانم. ئەمەش ئەو نامەیەیە کە ماز نووسیویەتی، هانێ بیگرەو بیخوێنەوە تا تێبگەیت.

ژنەی تاین، نامەکەی وەرگرت وخوێندیەوەو هەموو شتێک تێگەیی. بزەیەکی بە تانووتەوەی کرد و گوتی:- تۆش نامەت بۆ ئەو نووسیوە؟ کەواتەوادیارە هەر دووکتان لەیەکدی ترساون. بەڕاستی خێڵی پیاوان بێ غیرەتن. ئەگەر ئێمەی ژنان لە جێگەی ئێوە باین... بەهەرحاڵ لەم بەینەدا سووکایەتیەکە بەمن کراوە، منێ کە ژنی تۆم، ئیدی تۆ بەوقسانە قەناعەتت کردووە؟ ئێستا هیچ بەلامەوە سەیر نییە کەتۆ نەتوانی منداڵ دروست بکەی. تۆ چەند بەرانبەر ژنان شل ونەرمی، بەرانبەر پیاوانیش هەروایت. ئوف! چاوم ڕۆشن کەبووم بە ژنی چ قورمساغێک!

لە ناکاوا هەمان دەنگ وڕەفتاری کاشلنی واتا ڕەفتار وئەتواری ڕەزیلانەی کۆنە قوزاقان و لەرزەی دەنگی پیاوانەی پەیدا کردبوو. دەستەکانی نابوونە کەللەکەی، سینگی دەرپەڕاندبوو، دەم وچاوی سوور هەڵگەڕابوو، دەنگی بەرز کردبووەوە، لەکاتێکا جۆشی غیرەت خوێنی زایاندبووە

گۆناکانی و گۆناکانی وەکو گۆنای کیژانی تازە پێ گەییوو ئاڵ کردبوو، بەرانبەری لە مێردەکەی گرتبوو و، دەیڕوانیە ئەو پیاوە کورتە باڵا و ڕەنگ زەرد و توزێ کەچەڵەیکە ڕدێنی بەشێواز و ستایلی ئەوقات و پارێزەرانی دادگا دانابوو و ئێستا لەبەردەم ژنەکەیدا بوو. حەزی دەکرد پان وپلیشی بکاتەوە. دیسان گوتی:- تۆ بەکەڵکی هیچ کارێک نایەی، هیچ کارێک. ئەنجام هەمووان پێ دەنەنە سەر پشتی تۆ و بەسەرپشتی تۆدا سەر دەکەون و دەچنە سەرێ و تۆش لەجێی خۆت هەمان کارمەند دەبیت کە هەیت.

دەرگا کرایەوەو کاشلن کەبەدەم هەراو زەناکەوە هاتبوو پرسی:- چ خەبەرە؟

کیژێ ئاوڕی دایەوە وگوتی:- خەریکم هەقی ئەم لێبوکە لە قولی مستی دەنەم.

لوسابڵ، کەسەری هەڵبڕی لێکچوونی ئەو دووانەی بۆ دەرکەوت. وای هاتەبەرچاو کە پەردەیەک لابراوە و باب و کیژیان، وەکو خۆیان، وەکو شیوە وشەکڵی واقیعی خۆیان، کەلەیەک خوێن و لەیەک نەژادی هیچ وپووچن، بەو نیشانداوە. خۆی بە زایە زانی، خۆی بە مەحکوومێکی ئەبەدەی هاتەبەرچاو کەدەبێ تاماوە لەنێوان ئەو دوانەدا بژی. کاشلن گوتی:- بریا دەتتوانی بەلای کەمەوە تەلاقی خۆت وەربگریت. شووکردن بەم کەڵەشێرە خەسیوە خۆش نییە.

لوسابڵ، لەجێی خۆی ڕاپەڕی، بەو قسەیە دەهری بووبوو و لە حەژمەتاندا دەلەرزی. یەکسەر بەرەولای خەزووری ڕۆیی و هاواری کرد وگوتی:- لێرە برۆ دەرێ... برۆ دەرەوە... ئێرەماڵی منە، بۆم هەیە دەرت بکەم، تێدەگەی؟..

بوتڵێک ئاوی ڕەوانی لە سەر کومەدیەکە بوو، بوتڵەکەی هەڵگرت و وەکو کوتەک بایدا.

کاشلن، کە ترسابوو، پشتاوپشت چووە دەرێ ولەبن لێوانەوە گوتی:- ئیستا ئیدی چ گلاراوێکییەتی؟

لێ تووڕەیی لوسابڵ هەر نەدەنیشتەوە، چونکە لە ڕادە دەرچووبوو. ڕووی بەرەولای ژنەکەی، کە هێشتا هەر سەیری ئەوی دەکرد و کەمێک سەری لەم کاردانەوە کوت وپڕەی ئەو سوورمابوو، ورگێڕا و پاش ئەوەی بوتڵەکەی لەسەر کومەدیەکە دانایەوە، هاواریکرد:- بەڵام سەبارەت بە تۆ.. سەبارەت بەتۆ..

بەڵام چونکە هیچ قسەیەکی نەبوو بەوی بڵێ، هیچ ئیرادێکیشی نەبوو لێی بگرێت، بەهەمان قەلافەتی تووڕە و ڕاوێژی هەراسانەوە، لە هەنبەریا وەستا.

ژنە دەستی بەپێکەنین کرد.

لەهەنبەر ئەم خوشحاڵی وپێکەنینەدا کە بە نۆرینی لوسابڵ بێڕێزی وسووکایەتیەکی تازە بوو، تەواو دەهری بوو، شێت وشبر بوو، هەر ڕاپەڕی ودەستی چەپی نایەبینی ژنەکەی و بەدەستیڕاست بە زللە تێی بەربوو.

ژنە هەراسان وترساو، بەدەم هەناسە بڕکێوە دانیشت، پێی لە پایەی تەختە خەوەکە گیراو بەپشتا کەوتە سەر تەختە خەوەکە. کابرا هەر وازی لێ نەهێنا و بەردەوام لێی دەدا، لێ لەناکاوا، لەم کارەی خۆی تەریق بووەوەو شەکەت وماندوو هەستا وبە مینگەمینگ گوتی:- باشە، ئیسراحەتت کرد، دەبخۆ دەی!

لێ ژنەکە جووڵەی نەدەکرد، دەتگوت کابرا کوشتوویەتی. بە پشتا لە قەراخی تەختە خەوەکە کەوتبوو، دەم وچاوی لەنێو هەردوو دەستی نابوو. پیاوە چووە نزیکترەوە. ویژدانی عەزابی دەدا و لە دڵەڕاوکەی ئەوەدا بوو کە چ ڕوو دەداو چاوەڕوانی ئەوەبوو کە ژنە دەست لەسەر ڕوخساری هەڵگرێت وتا ئەو ببینێ کەئەو لەچ دەروون پەرێشیەکدایە. دوای چەند چرکەیەک نیگەرانی و پەرێشانیەکەی زۆرتر بوو و لەبن لێوانەوە گوتی:-- کورا، قسەبکە، کورا!

کورا وەڵامی نەدایەوەو جوڵەی نەکرد. چیەتی؟ چی دەکرد و دەیویست دەست بداتە چ کارێت؟

کاتێ توورەیی ئەو بە هەمان خێرایی کە پەیدا بووبوو، ڕەوییەوە، هەستی کرد پیاوێکی نەفرەت ئەنگێز ونیمچە تاوانبارە. لە ژنێکی دابوو، لە ژنی خۆی. ئەو کە بە تەبیعەت پیاوێکی فامیدە وخوێنسارد وبە تەربیەت و هەمیشە بە ئینساف بوو. بە ڕاستی لەو کردەوەیەی خۆی ژێوان بوو، لە کانگای دڵەوە هەستی بە پەشیمانی دەکرد، حەزی دەکرد داوای بوردن بکات وبکەوێتە سەرپای و وەکو چۆن لێی دابوو بەو ئاوایەش ماچی بکات و ئاشتی بکاتەوە. بە ئەسپایی نووکی قامکی بەیەکێک لەدەستەکانی وێدا، کەنابووی بەدەم وچاویەوە،هێنا. ژنە وای نواند کە بەهیچ جۆرێ هەستی پێنەکردووە، کابرا نەوازشی کرد، وەکو چۆن سەگێکی بە خورتی دەرکراو نەوازش دەکەن، بەو ئاوایە کەوتە نەوازشتی. ئەو خۆی لە گێلی دا. کابرا دیسان گوتی:

- کورا، گوێ بگرە، من خەتام کرد.. گوێ بگرە!

وادەهاتە بەرچاو کە کورا مردووە. هەنگێ پیاوە، دەستی ئەوی لەسەر ڕوخساری لابرد. دەستەکە بە ئاسانی لاکەوت وپیاوە سەیری کرد کە چاوانی ژنە کراونەتەوەو هەراسان و پەرێشان تەمەشای ئەو دەکات. پیاوە دیسان گوتی:- گوێ بگرە کورا، من توورە بووم و جڵەوی خۆم لەدەست بەربوو. خەتای بابت بوو کە شێت و شبری کردم. نابێ بەوجۆرە جنێو بە پیاوێکی بەڕێز بدرێت.

ژنە وەکو ئەوەی گوێی لە هیچ شتێک نەبووبێ بەرسڤی نەدایەوە. پیاوە نەیدەزانی چ بڵێ و چ بکات. پەنا گویی ژنەکەی ماچ کرد وکە هەستا دڵۆپە ڕوندکێکی لە گۆشەی چاوی ئەودا بەدی کرد. دڵۆپێکی درشت کەلە ژێر پێڵوەکەیەوە داخزی و بلەز بە گۆنایا غل بووەوە. پێڵوی چاوی کەوتە تروکان ولێکدا لێکدا دادەخراو دەکرایەوە.

پیاوە دڵی پڕبوو، هاڕوژا، باوەشی کردەوەو خۆی دابەسەر جەستەی ڕاکشاوی ژنەکەیدا. بەلێوی خۆی دەستەکەی دیکەی ئەوی لە سەر ڕوخساری لادا وکەوتە ماچ بارانی دەم وچاوی و بەدەم پاڕانەوەوە دەیگوت:- کورا گیان بمبورە، لێم دەبووری، دەبڵێ لێت بوراوم!

ژنە هەر دەگریا، گریانێکی بێدەنگ و بێشیوەن، وەکو گریانی کاتی خەم وپەژارەی گەورە.

پیاوە، هێشتا هەر باوەشی پێدا کردبوو و بە خۆوەی دەگوشی، هەر قسەیەکی نەرم و شیرینی بە زاردا دەهات، بە گوێیدا دەدا، بەڵام ئەو هەر نەدەهاتە ڕەدایە ودڵی نەدەهاتەوە جێ.

لەم کاتەدا ژنە لە گریان وەستا. هەردووکیان ماوەیەکی زۆر بەو دەقەوە لە هەمێزی یەکتردا مانەوە.

شەو دادەهات و ئەو ژوورە بچووکەی پڕ لە تاریکی دەکرد و کاتێ ژوورەکە بە تەواوەتی تاریک بوو، پیاوە زاتی وەبەر خۆنا، دووبارە داوای پۆزشی لە ژنەکەی کرد کارێکی کرد کە دووبارە ئومێدیان زندوو بووەوە.

وەختێ هەردووکیان لە جێ هەستان پیاوە دەنگ وقەڵافەتی ئاسایی خۆی پەیدا کردبووەوە، دەتگوت هیچ بوویەرێک ڕووی نەداوە. ژنە بە پێچەوانەوە، میهرەبان بووبوو، بە ڕاوێژێکی نەرمتر لە ڕاوێژی ئاسایی قسەی دەکرد و بەچاوانی نەوازشگەرەوە دەیڕوانیە مێردەکەی، وەکو ئەوە بوو ئەم سزا و تەمبێ چاوەڕوان نەکراوە، دڵی نەرم کردبێت. پیاوە بە خوێنساردی گوتی:- بابت لە ماڵەکەیا بە تەنیایە و بێگومان نەخۆش دەکەوێت. هەقە بڕۆیت و لەگەڵ خۆتا بیهێنی بۆ ئێرە. وا وەختی شێویشە.

ژنە، لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

ڕێک سەعات حەوت بوو کە کارەکەرەکە وەختی ئامادەبوونی شیوی ڕاگەیاند. ئەوجا کاشلن، هێور ودەم بە پێکەنین لەگەڵ کچەکەیدا پەیدا بوو. لەسەر مێزەکە دانیشتن و ئەو شەوە بە خۆشی و سەفایەکی زۆرترەوە، کەلەمێژ بوو شتی وایان لەنێوانا نەبینرابوو، قسەیان کرد، دەتگوت شادمانیەکی چاوەڕوان نەکراو ڕووی کردبووە هەمووان.

بەڵام ئومێدیان بەو دەقەوە بەرقەرار بوو هەمیشە تازە دەبووەوە، هەرگیز نەدەگەییە ئەنجام و نەدەهاتەدی. چاوەڕوانی بە دی نەهاتگی وان، سەرباری هەوڵ و تەقەلای لوسابڵ ونیاز پاکی هاوسەرەکەی، مانگ لە دووی مانگ پتر ترس وئومێدی دەخستنە دڵەوە. هەریەکەیان خەتای ئەم ناکامی و بە ئاوات نەگەیشتنەی بەملی ئەوی دیدا دەدا. مێردەی بێنەوا، نائومێد ولاواز وماندوو، زۆر خەفەتی دەخوارد، بەتایبەتی لە ئەدا و ئەتواری کاشلن پەست و بێزار بوو کە بەنێوی خۆیەوە بانگی نەدەکرد، بەڵکو لە دنیای تایبەتی سەربازیدا و بێگومان بەیادی ئەو ڕۆژەوە کە خەریک بوو لە سەر وشەی "کەڵەشێری خەسیو" بوتڵێک ئاو بە سەروچاویا بکێشێت، ئەوی بە ناوی ئاغای " کەڵەشێر" بانگ دەکرد.

کاشلن وکچەکەی کەبە حوکمی تەبع و تەبیعەت هاودەست بوون، بەردەوام بیریان لای ئەو سەروەت وسامانە مۆڵە بوو کە بەو ئاسانیە لێیان چووبووە قوللەی قاف، ونەیاندەزانی چۆن بەدەستی بێنن، لەداخا خۆایان نەمابوو، هەموو بەدبەختیەکی خۆیان لە چارەی ئەو دەزانی، بۆیە نەیاندەزانی بە چ شێوەیەک بێڕێزی و سووکایەتی بەم کابرا داماوە بکەن.

کورا، هەموو ڕۆژێ کە هەمووان لەسەر سفرە کۆدەبوونەوە دەیگوت:

- ئەمڕۆ بۆ فراڤین هیچمان نییە، ئەگەر دەوڵەمەند باین ڕەوشەکە جۆرێکی دی دەبوو. چ بکەم خەتا، خەتای من نییە.

کە لوسابڵ، بەنیازی چوونە دەوام و ئیدارە لەماڵ وەدەردەکەوت، ژنەکەی لەبنەبانی ژوورەکەوە هاواری لێدەکرد:- چەترەکەت لەگەڵ خۆدا ببە، با وەکو چەرخی گالیسکە بە قوڕ و چڵپاوەوە بۆ ماڵ نەگەڕێیتەوە، بەهەرحاڵ خەتای من نییە کە تۆدەبێ بە مووچەی بژی و مەمر ژیان بەسەر بەریت.

کاتێ کە خۆی دەیویست بڕاوتە دەرێ، هەمیشە دەیگوت:- ئەگەر شووم بە پیاوێکی دی کردبا، ئێستا گالیسکەی تایبەتی خۆم دەبوو.

کورا، هەموو سەعات وخولەک وکاتێک بیری لای ئەم مەسەلەیە بوو، تانە وتەشەری لە مێردەکەی دەدا، سەرکۆنەی دەکرد، جمێنی پێدەدا، تەنیا ئەوی بە کەمتەرخەم وخەتابار دەزانی و بەرپرسیاریەتی لەدەست چوونی ئەم پارە مۆڵەی، کە دەبوایە تا ئێستا حەوت زەمان بوایە وەریانگرتبایە، بەملی ئەودا دەدا. ئەنجام لوسابڵ شەوێک سەبری سواو بەدەنگی بەرز گوتی:-

بیبڕەوە ژنەکە! بێدەنگ دەبی؟ ئەسڵەن خەتای تۆیە، بەڵێ خەتای تۆیە کە ئێمە منداڵمان نابێت، چونکە من منداڵێکم هەیە..

درۆی دەکرد، چونکە درۆکردنی بەسەر تەحەموولی ئەم هەموو سەرزەنشت و شەرمەزاری نەپیاوەتیدا پەسند دەدا.

ژنە، لە هەوەڵەوە بەسەرسامی لە سەروسیمای ورد بووەوە، لەتۆوایە دەیەوێ حەقیقەتی ئەو قسەیە لە چاوانیا بخوێنێتەوە، ئەوجا بە ڕاوێژێکی گوماناویەوە گوتی:- تۆ! تۆ منداڵت هەیە؟

بەڵام بەوپەڕی بێ شەرمییەوە بەرسڤی دایەوە:- بەڵێ، منداڵێکی ناشەرعی کە ناردوومە بۆ "ئانی یر" تا بەخێوی بکەن.

ژنە، بەکاوەخۆ گوتی:- زۆرچاکە، سبەی دەبێ بۆ ئەوێندەر بڕۆین، تا بزانم ئەم منداڵە لە کوێوە پەیدا بووە.

لێ پیاوە، سووری سوور بووەوە و لەبن لێوانەوە گوتی:- بە کەیفی تۆ.

بۆ سبەینێ، ژنە سەعات حەوت لە خەو ڕابوو وچونکە پیاوە حەپەسابوو، ژنە گوتی:- مەگەر ناتەوێ بچین منداڵەکەت بدینین؟ خۆ تۆ دوێنێ عەسر قەولت دامێ، ناکا ئەمڕۆ بڵێی کە منداڵم نییە.

پیاوە لە ناکاوا، لە جێگاکەی هاتەدەرێ وگوتی:- بۆ دیدەنی منداڵی من ناڕۆین، بەڵکو دەچینە نک دکتۆرێک تا معایەنەی تۆ بکات و پێت بڵێ کە چ عەیبێکت هەیە.

خانم، وەکو ژنێک کە تەواو لە خۆی دڵنیابێ، بەرسڤی دایەوە وگوتی:- باشە، مردوو لەوە پاکتر ناشۆردرێ.

کاشلن، ڕاسپێردرا وەزارەتخانە ئاگادار بکاتەوە کە زاواکەی نەخۆشە.

خانەوادەی لوسابڵ، کە پێشوەختە لەلای پزیشکێکی نزیکی ماڵی خۆیان نۆرەیان نووسی بوو، ڕێک لەسەری سەعات یەک دا گەیینە بەردەرگای عیادەکەی دکتۆر (لوفیول)ی، دانەری چەندین کتێبان دەرباره منداڵ بوون، و لە زەنگیان دا.

هەردووکیان چوونە هۆڵێکی سپییەوە کە نەخش ونیگاری گەچینی چواردەورەکەی بەڕەنگی زێرین بۆیە کرابوو. هۆڵەکە بەباشی مۆبیلە نەکرابوو و هەرچەندە کورسی زۆری تیابوو، بەڵام ڕووت و چۆڵ دەهاتە بەرچاو.

هەردووکیان دانیشتن. لوسابڵ، هەستی بە جۆرە نیگەرانی و پەرێشانی و برێک شەرمەزاری دەکرد. نۆرەی ئەوان هات و هەردووکیان چوونە ژوورێکەوە کە زیاتر لە ئۆفیسی کارکردن دەچوو، لەوێ پیاوێکی قەڵەوی کورتەباڵا، بە شێوەیەکی زۆر سارد و فەرمی پێشوازی کردن.

پزیشکەکە چاوەڕوانی کرد تا ئەوان باسی ڕەوشی خۆیان بکەن، لێ لوسابڵ کە سووری سوور بووبووەوە ڕووی قسەکردنی نەبوو. هەنگێ ژنە، مکووم و لێبڕاوانە، بە خوێنساردی وبێموبالاتی کەسێکەوە کە ئامادەیە بۆ گەیشتن بە ئارمانجی خۆی هەرکارێک بکات گوتی:- جەناب، ئێمە بۆ ئەوە هاتووین بۆلای تۆ چونکە منداڵمان نییە و، سەروەت و سامانێکی زۆر بەومەرجەی منداڵمان ببێ، چاوەڕوانمانە.

معایەنەکە دوورو درێژو ورد و زەحمەت بوو. هەر کورا بوو، کەهەرگیز موعەزەب نەدەهاتە بەرچاو وەکو ژنێک کەلە بەر بەرژەوەندییەکی باڵاتر، خۆی ڕادەگرت وڕادەستی معایەنە وردەکەی دکتۆری ناڤبری بوو.

دوای ئەوەی دکتۆرەکە نزیکەی یەک دانە سەعات معایەنەی ئەو ژن و مێردەی کرد، گوتی:- من هیچ شتێکی نائاسایی لە ئێوەدا نابینم، وجیاوازی جەستەییش وەکو جیاوازی تایبەتمەندییەکانی داب ونەریت و خوو خدە وایە. کاتێ ئەو هەموو خانەوادانە دەبینین کەبەهۆی نەگونجانی مجێز و خووخدەوە لەیەکدی جیا دەبنەوە، هیچ سەیر نییە خەڵکانێکیش هەبن کە بەهۆی نەگونجانی فسیولۆجیەوە نەزۆک دەربچن، بەتایبەتی خانم کە بە نۆرینی من، ژنێکی زۆر ساغ و سەلامەت و ئامادەیە بۆ سک کردن. ئاغاش، هەرچەندە هیچ عەیبێکی ناسروشتی تیادا بەدی ناکرێ، بەڵام هەندێک لاواز دێتەبەرچاو، ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆر تاسەمەندی ئەوەیە ببێت بەباوک. یارمەتی هەیە سەماعەکە بنەم بە دڵتەوە؟

لوسابڵ، بەوپەڕی نیگەرانی ئێلەکەکەی خۆی داکەند و دکتۆر ماوەیەکی زۆر گوێی خۆی نا بە سینگ وبە پشتی یارۆی کارمەندەوە، ئەوجا بەوپەڕی وردی پشتی قامکی بە سکیا تا گەردنی کێشا و پاشان هەمان شتی لە ژێر گورچیلەکانیەوە تا تەوقی سەری دووبارە کردەوە.

پزیشکەکە، لە یەکەم ساتی معایەنەکەوە سووکە ناڕەحەتیەکی لە دڵیا ونیشانەیەکی هەڕەشە ئامیزی لە دەوری سینگیدا بەدی کرد وگوتی:- ئاغا دەبێ ئاگات لە حاڵی خۆت بێ، دەبێ مقەوی بخۆی، ناڕەحەتی تۆ تەنیا کەم خوێنی و زوعفی گشتیە، دەنا هیچ عەیبێکی دیت نییە. ئەم نیشانە بچووکانە کە هێشتا هیچ نییە، لەگینە لە ماوەیەکی کەما تەشەنە بکات و لەچارەسەر نەیەت.

لوسابڵ، کەلە هەراسانیدا ڕەنگی بە رووەوە نەمابوو، داوای ڕەچەتەی کرد. پزیشکەکە ڕژێمێکی تێروتەسەلی خوراکی بۆ دانا:- خۆراکی ئاسندار، گۆشتی مەیلەوخاو، ڕۆژانە گۆشت و پشوو و ئیسراحەتی تەواو، مانەوەیەکی هاوینە لە زۆزان. ئەوجا دکتۆر هەندێ ئامۆژگاری کرد کەلە حاڵی باشتربووندا بەپرس و ڕاوێژی دکتۆر و معایەنەی پزیشکی چ بکات.

هەقی معایەنەکە کردیە چل فرانک.

وەختێ لەلای دکتۆرەکە وەدەرکەوتن، کورا بە تانووتێکی تووڕەوە گوتی:- فەرموو، نەمگوت من هیچ عەیبێ لەخۆدا شک نابەم!

پیاوە بەرسڤی نەدایەوە. ترسی لێ نیشتبوو. هەر وشەیەکی قسەکانی دکتۆری لە دڵی خۆیدا، تاوتوێ دەکرد و بیری لێدەکردنەوە. ئایا دکتۆرەکە فریوی نەدابوو؟ ئایا حاڵی ئەو خراپ ولەچارە بەدەر بوو؟

هەنووکە لوسابڵ، لە خەفەتی میراتی ومنداڵدا نەبوو. ئێستا ژیانی خۆی لە ئارادا بوو.

وای دەهاتە خەیاڵ کە دەنگی فیکەیەک لە سییەکانیەوە دێت و هەستی دەکرد کە لێدانی دڵی نارێک وپێکە. کە لە باخی (تویلری) ڕەت بوو هەستی کرد، سستیەک دایگرت وحەزی کرد قەدەرێ دانیشێت. ژنەکەی بە تووڕەییەکی نائومێدانەوە، لەلایەوە وەستا تا سەرکۆنەی بکات، بە بەزەییەکی سووکایەتی ئامێزەوە، لەسەراپای دەڕوانی. پیاوە بە زەحمەت هەناسەی دەدا، بەهۆی هەراسانی و پەرێشانیەوە هانکەهانکی پێکەوتبوو. قامکەکانی دەستی چەپی خۆی لەسەر نەبزی مەچەکی ڕاستی دانابوو، لێدانی خوێنبەرەکەی دەژمارد.

کورا، کەلەبێ حەوسەڵەییدا پێی بە عاردیدا دەکوتا، پرسی:- ئەدا وئەتوارەکانت تەواو نەبوو؟ دەتەوێ کەی بکەویتەڕێ؟

پیاوە لەجێی خۆی هەستا- وەکو چۆن قوربانیان هەڵدەسن- و بێئەوەی وشەیەکی لەزار بێتەدەر، کەوتەڕێ.

وەختێ کاشلن، لە ئەنجامی معایەنەکە ئاگادار بوو نەیتوانی تووڕەییخۆی کۆنترۆڵ بکات و بێ پێچ وپەنا گوتی:- ئەی بابە دەستخۆش، بەڕاستی هەڵمان کڕاند، نۆبەتی ئەو قەوانەیە.!

بەچاوانی ئەبڵەق دەیڕوانیە زاواکەی، لەتۆوایە دەیەوێ هەڵیدڕێت.

لوسابڵ، گوێی لە هیچ نەبوو، جگە لەخۆی وسەلامەتی وساغڵەمی خۆی کەلەبەر هەڕەشە و مەترسیدا بوو، بیری لەهیچی دی نەدەکردەوە. باب وکچ دەیانتوانی بەکەیفی دڵی خۆیان هاوار بکەن، چونکە لە جەستەی ئەودا نەبوون و ئەویش دەیویست جەستەی خۆی بپارێزێ.

چەند شووشە دەرمانێکی لە دەرمانخانە وەرگرتبوو و لە سەر مێزەکەی ڕیزی کردبوون، کەلەگەڵ هەر ژەمە خواردنێکدا بەگوێرەی ڕەچەتەکە کەمێکی لێدەخواردن و هەموو جارێک ژنەکەی تەوس خەنێکی بۆ دەکرد وخەزووری لە قاقایەکی ناخۆش و ناسازی دەدا. لوسابڵ هەرتاوناتاوێ لە ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکردو هەرساناساتێ دەستی لەسەر دڵی دادەنا ولێدانەکانی دەژمارد.. وای لێهات داوای کرد جێگاکەی بەرنە ئەو ژووروچکە تاریکەی کە کردبوویان بە سەندوقخانەی جلان. چونکە نەیدەویست چیتر لەگەڵ کورادا بخەوێ و بەرکەوتنی جەستەیی لەگەڵیا هەبێت.

ئێستا، بەینی لەگەڵ ژنەکەیا خۆش نەبوو، هەستی بە ڕق وکینەیەکی ترسئامیز دەکرد بەرانبەری. ئێستا هەموو ژنانی وەکو دڕندانی ترسناک دەهاتنە بەرچاو کە ئەرک وکاریان کوشتنی پیاوان بوو. ئیدی لە بیری وەسێت و وەسێتنامەکەی پوورە شارلوتشدا نەبوو، تەنیا وەکو ڕووداوێک بیری لێدەکردەوە کە چیوای نەمابوو ببێتە بایسی مەرگی.

دیسان چەند مانگێک ڕابرد وهەنووکە تەنیا یەک ساڵ بۆ کۆتایی مەوعیدەکە مابوو.

کاشلن، لە ژووری نانخواردن دا، ساڵنامەیەکی گەورەی هەڵواسی بوو کە هەموو بەیانییەک قەڵەمێکی بەسەر یەک ڕۆژدا دێنا. تووڕەبوون لەمەی کەهیچ کارێکی لەدەست نەدەهات، نائومێدی لە وەدەست هێنانی ئەو سەروەتە مۆڵەی کە هەفتەبەهەفتە زیاتر لێی دوور دەکەوتەوە، کینە ورق لەم بیروخەیاڵەی کەدەبێ مەجبووری کورسی و مێزەکەی ببێتەوە و بەژیانی بژی و مەمر ڕابوێرێ و پاشان بە خانەنشینییەکی دوو هەزار فرانکی تا کۆتایی تەمەنی بژی، هەموو ئەمانە وایان لێکردبوو کە قسەی ناشیرین و ناجۆر بکات، قسانێ کە ڕەنگ بوو لە ئەهوەنترین حاڵەتدا کوتەک کاریان لێبکەوێتەوە.

نەیدەتوانی سەیری لوسابڵ بکات و لە تووڕەیی و حەژمەتا نەلەرزێ، تووڕەییەک، کەنیازی شەڕفرۆشی ئەوی بەرانبەر بە لوسابڵ، تیا پەنهان بوو. ڕقێکی زۆر لە ڕادەبەدەر و ناماقووڵی لە زاواکەی بوو. هەرجارێ کە لوسابڵ دەرگای دەکردەوە ودەهاتە ژوورەوە، کاشلن وای هەستدەکرد کە دزێک خۆی بە ماڵەکەیدا کردووەو دەیەوێ شتێکی پیرۆز لە دارایی ئەو، واتە لە میراتی خانەوادەیی ئەو بە تالان بەرێ. لە دژمنێکی قەستەسەر زیاتر ڕقی لەو (زاواکەی) بوو. هەروەها، لەبەر لاوازی جەستەیی و بە تایبەتی لەبەر بێ غیرەتی، لەوساوە کە ترسی نەخۆشیەکەی نەترەی

پێ بەردابوو ئیدی دەستی لە ئومێد وهیوا هاوبەشەکەیان شت بوو، زۆری دەبوغزاندو سووکایەتی پێدەکرد.

لە ڕاستیا لوسابڵ، ئەوندە بەجیا و دوور لە ژنەکەی دەژیا دەتگوت قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نەبووە. ئیدی لێی نزیک نەدەبووەوە، دەستی تێوە نەدەدا و تەنانەت هەم لە شەرما و هەم لە ترسا، خۆی لە نیگای ئەو دەدزییەوە.

کاشلن، هەموو بەیانییەک لە کیژەکەی دەپرسی:- ئێ ئەنجام مێردەکەت بڕیاری دا؟

لە وەڵاما دەیگوت:- نە، باوکە!

هەموو شەوێک لەسەر نانی شیوان، دیمەنانی پڕ ئازار دەهاتنە ئاراوە. کاشلن بەردەوام دەیگوت:- پیاوێک کە مەرد وپیاو نەبێ، هەقە گۆڕی گوم بکات و جێگەی خۆی بۆ کەسێک چۆڵ بکات کە بەڕاستی پیاو بێ.

کورا، بۆی دەسەندەوە ودەیگوت:- ڕاستت دەوێ لەم دنیایەدا خەڵکانێک هەن نانخۆر وجێگر. من نازانم ئەم خەڵکانە جگەلەوەی بەسەر خەڵکیەوە ببنە سەربار ومشەخۆر، چ کارێکی تریان لەم دنیایەدا هەیە.

لوسابڵ، دەرمانەکانی خۆی دەخوارد وهیچ وەڵامێکی نەدەدایەوە، تا ئەنجام ڕۆژێک خەزووری بۆڵاندی بەسەریا وگوتی:- یارۆ لە گەڵ تۆمە وباش گوێت لێبێ تۆکە خەریکە ڕوو لەباشی دەڕۆی، ئەگەر شێواز و ڕێبازی خۆت نەگۆڕی، بەخۆم دەزانم کە کیژەکەم دەبێ چی بکات!..

زاوا، سەری هەڵبڕی وچونکە بۆنی بێڕێزی و سووکایەتی تازەی لەم قسانە کرد، بە نیگا داوای ڕوونکردنەوەی کرد. کاشلن دووبارە گوتی:- مەبەستم ئەمەیە کە خۆی ڕادەستی پیاوێکی دیکە دەکات و تۆ زۆر بە شانسی کە ئەو تا ئێستا ئەوکارەی نەکردووە. وەختایەک مێردی ژن، کەسێکی بێ غیرەتی نە پیاوی وەکو تۆ بێت، هەرکارێ بکات هەقی خۆیەتی.

لوسابڵ، کە ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو، گوتی:- من ڕێگەی لێناگرم کە بە ئامۆژگاریە بەسوودەکانی ئاغا بکات.

کورا، سەری لەبەرخۆ نابوو و کاشلن کە هەستی دەکرد قسەیەکی قۆڕی کردووە تەریق بووەوە.

لە وەزارەتخانەدا هەردوو پیاوەکە بە ڕواڵەت موو بەبەینیانەوە نەدەچوو، دەتگوت قەراردادێکی ژێراوژێریان کردووە کە کێشە ناوخۆییەکانی خۆیان لە هاوکارەکانیان بشارنەوە. یەکتریان بە "کاشلن گیان " و "لوسابڵ گیان " بانگ دەکرد و تەنانەت بۆ ئەوەی بە ڕواڵەت دەری بخەن کەگوایە لە ژیانی هاوبەشی خۆیان زۆر ڕازین و بەختەوەر و شادمانن، بەڕووی یەکا پێدەکەنین.

لەولاشەوە لوسابڵ وماز، کە تاپای شەڕی تەن بەتەن (دوئێل) هاتبوون، بە ئەدەب و ویقاری فەرمی دوو حەریفەوە ڕەفتاریان لەگەڵ یەکدا دەکرد. ئەو دوئیلەی کە هەڵوەشابووەوە و سەرەتا هەردووکیانی هێنابووە لەرزین، هەنووکە ئەدەبێکی لەڕادەبەدەر و ڕێزوحورمەتێکی بەرچاوتری لە نێوانیاندا بەرقەرار کردبوو و پێدەچوو ژێراوژێر حەزبکەن زیاتر لێکدی نزیک ببنەوەو ئەم حەزەش زادەی ترسێکی پەنهانی بێ کەنەبا ناکۆکیەکی تازەیان بکەوێتە نێوان. هەمووان بەوچاوە سەیری بەرخورد ورەفتاری ئەوانیان دەکرد کە وەکو خەڵکانێکی دنیادیدە ڕۆژێ لە ڕۆژان حیسابێکی شەرەف و نامووسیان لە بەینا بووە و پاکیان کردووەتەوەو هەمووان ئەم ڕەفتارەیان بەدڵ بوو.

کەلە دوورەوە یەکتریان دەبینی، بەگەرم وگوڕی سڵاویان لەیەکدی دەکرد و کڵاوەکانیان بە تەواوەتی بۆیەک هەڵدەبڕی.

وێڕای ئەوەش قسەیان دەگەڵ یەکدا نەدەکرد. چونکە شتاقیان نەیاندەویست یان زاتیان نەدەکرد سەری قسان بکەنەوە.

بەڵام ڕۆژێک لوسابڵ کە سەرۆکی دایەرە بەپەلە بەشوێنیا ناردبوو، هەربۆ نواندنی خۆشخزمەتی خۆی بەهەشتاو ڕۆیی و لەپێچی ڕاڕەوەکەدا، بە هەمان لەزگینییەوە کە دەڕۆیی، خۆی کێشا بە ورگی کارمەندێکا کە لە بەرانبەرەوە دەهات. ئەم کارمەندە ماز بوو. هەردووکیان سەروهەنگاو پاشەکشەیان کرد و لوسابڵ، بە پەشۆکانێکی شەرم و ئەدەب ئامێزەوە گوتی:- ئاه، ببورە ئاغا، خۆ ئەزیەتم پێنەگەیاندی؟

ئەوی دی گوتی:- نا، بەهیچ جۆرێ ئاغا.

لەوە بە دواوە، هەردووکیان بە پێویستیان زانی کە کاتێ تووشی یەکدی دەبن، یەک دوو قسەیەک دەگەڵ یەکدیدا بکەن. پاشان هەردووکیان لە نواندنی نەزاکەت و ئەدەبا کەوتنە هەڤڕکی و هەردووکیان نیاز پاکیان بەرانبەر بەیەکدی نیشاندا. دوای ئەوە بۆ ماوەیەکی کەم ساردی و دوودڵیەک پەیدا بوو وپاشان پەیوەندییەکی ڕاستگۆیانە لە نێوانیاندا هاتە ئاراوە کە هێشتا ئاوێتەی دوودڵی بوو، ڕاستگۆیی دۆستانەی کەسانێک کەلە هەوەڵەوە زۆر گوێیان بەیەکدی نەدابوو و

هێشتاش دوودڵیەکی ئاوێتە بەترس، ڕێگربوو لەوەی کەبە ئاسانی تاسەمەندی خۆیان دەرببڕن. ئەنجام بەهۆی نواندنی ئەدەب و نەزاکەتی زۆر و هاتوچۆیان بۆ ژوورەکانی یەکدی، هاوڕیەتی و دۆستایەتیەکی پتەویان لەنێواندا چێبوو.

ئێستا زۆربەی کات، کەبۆ وەرگرتنی نووچە وهەواڵی تازە دەهاتن بۆ ئۆفیسی سەرۆکی سکرتاریەت، زۆریان قسە بەیەکەوە دەکرد. لوسابڵ، لە غروور وخۆڕانان وکەش وفشەکەی جارانی، کەوەکو کارمەندێ کەلە پێشڤەچوونی خۆی دڵنیابوو، کەوتبوو و، "ماز"ش وەکو جاران بەخۆی نەدەفشی. کاشلن هەموو جارێ بەشداری لە قسەکانیاندا دەکرد و وادەهاتە بەرچاو کە دۆستایەتی ئەو جووتەی پێخۆشە. هەندێجار دوای ڕۆیشتنی مازی قۆز کە بەو بەژن وباڵا بەرزەیەوە ڕێی دەکرد و دەگەییە بەردەرگا، کاشلن لەبن لێوانەوە دەیگوت:- بەه بەه! بەمە دەڵێن پیاو!

بەیانیەک کەهەر چواریان لە ژوورەکەی کۆپی نووسە پیرەکە خڕ بووبوونەوە، کورسییەکەی باباساون کە کەسێکی موزیڕ بە دزییەوە قاچێکی بەهەڕە لەلە کردبوو، شکا وپیرەمێرد کەلە ترسا هاواری لێ هەستا، لە ژوورەکەدا پان بووەوە.

سێ نەفەرەکەی دی بەپەلە چوونە کۆمەکی کۆپی نووسی ناڤبری. ئەم ئۆینەی بە کاری ئالیگرانی حکومەتی ئیمپراتۆری (کومونارەکان) دەزانی و ماز ڕژد بوو لەسەر ئەوەی شوێنی کەوتنەکەی بدینێ. تەنانەت ئەو و کاشلن هەوڵیان دا بەبیانووی برین پێچی و دەرمان کردنەوە، جلەکانی پیرەمێرد لەبەری دابکەنن. لێ ئەو قاییل نەدەبوو و هاواری دەکرد کە هیچی لێ نەهاتووە.

کە شەپۆلی شۆخی و پێکەنین نیشتەوە کاشلن لەناکاوا بەدەنگی بەرز گوتی:- بەڕاست ئاغای ماز، تۆ نازانی کە ئێمە ئێستا پێکەوە دەژین؟ تکادەکەم ڕۆژی یەک شەممە تەشریف بێنە لەگەڵ مەدا شێو بخۆ، ئەم کارە دەبێتە مایەی خۆشحاڵی هەمووومان، یانی زاواکەم و من وکیژەکەم. کچەکەم تۆ بەناو دەناسێت. چونکە لەماڵەوە زۆرجار باسی دایەرە دەکەین. تەشریف دێنی؟

"لوسابڵ" ش خولکی کرد، بەڵام خولک کردنەکەی ئەم لەوەی خەزووری ساردتر بوو:

- ئیدی وەرە، بێگومان خۆشحاڵ دەبین.

کاشلن پێداگری دەکرد:- دەی، قەبووڵ بکە!

- باشە، زۆرباشە قەبووڵم کرد.

کاتێ بابی کورا، بۆماڵ گەڕایەوەو بە کچەکەی گوت:- دەزانی کە یەک شەممەی ئایندە ئاغای ماز بۆ شێو دێ بۆ ئێرە؟

کورا لە هەوەڵەوە سەری سوڕما و پاشان بە مینگەمینگەوە گوتی:- ئاغای ماز؟ عەجایەب!

بەبێ ئەوەی خۆی بزانێ بۆ، سووری سوور بووەوە. کورا زۆرجار شتی دەربارەی ئەو، هەڵس وکەوتی ئەو، ئەداوئەتواری ئەو و سەرکەوتنەکانی ئەو بیستبوو، چونکە ئەو لە وەزارەتخانەدا بە مێبازێکی لەزەبر بەنێوبانگ بوو، لەمێژ بوو هەوەسی ئاشنایەتی ئەو، کەوتبووە دڵی کورا.

کاشلن، لەحاڵێکا لەخۆشیا دەستەکانی لێکدی هەڵدەسوون، دیسان گوتی:- دەبینی چ پیاوێکی زەلام و چ گەنجێکی قۆزە. باڵای بە قەد باڵای جەنگاوەرێکی تفەنگدار بەرزە. ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە شووەکەی تۆوە نییە.

کورا، هیچ بەرسڤێکی نەدایەوەو وەکو ئەوەی هەموو پێیان زانی بێ کە بیری کەوتەوە، شەرم دایگرت.

ئەم شێو وشامەش، بەهەمان دیقەت و جدیەتی ئەوەکەی کەکاتی خۆی بۆ لوسابڵ ڕێک خرابوو، ئەنجامدرا. کاشلن، خۆی لە دیاریکردنی لیستی خواردنەکان هەڵدەقورتان ودەیویست هەموو شتێک نایاب وعال بێت. وەکو ئەوەی لەناکاوا دڵنیاییەکی پەنهان وهێشتا نەخویا لەدڵیا چرۆی کردبێت، بەهۆی هەندێک پێشبینیانی پەنامەکی و دڵنیایی بەخشەوە، ئارامی گرتبوو و شادتر لە ئاسایی دەهاتەبەرچاو. هەموو ڕۆژی یەک شەممەی بەوپەڕی گەرم وگوڕییەوە، بۆ چاودێری و سەرپەرشتی دەعوەت وزیافەتەکە تەرخانکرد، بەڵام لوسابڵ ڕۆژەکەی بە خوێندنەوەی دۆسییەیەکی لەزگینەوە، کە ڕۆژی پێشوو بۆ ماڵی هێنابووەوە، بەسەربرد. هەفتەی یەکەمی هەیڤی نوڤەمبەر بوو و ڕۆژی یەکەمی ساڵی نوێ نزیک دەبووەوە.

ماز، لە سەعات حەوتی ئێوارەدا، شاد وخەندان پەیدا بوو، خۆی بەماڵا کرد، هاتنەکەی ئەوەندە ئاسایی بوو، دەتگوت بۆماڵی خۆی هاتووە. بەوپەڕی ئەدەب و نەزاکەتەوە چەپکێ گولەباخی بە کورا پێشکەش کرد و بەڕاوێژێکی خۆمانی خەڵکانێکی ڕوودار کە دەزانن چۆن ڕەفتار لەگەڵ هەر کەسێکدا دەکەن گوتی:- خانم، وا هەست دەکەم کە تا ڕادەیەک تۆ دەناسم و باوکت ئەوەندە باسی تۆی بۆ کردووم، وادەزانم لە منداڵیەوە دەتناسم.

کاشلن کە چاوی بە چەپکە گوڵەکە کەوت هاواریکرد:- بەە بەە ئەمەیە وێڵ و نەزاکەت!

کورا، یەکسەر بیری کەوتەوە کە لوسابڵ، لەڕۆژی یەکتر ناسینەکەیاندا گوڵی لەگەڵ خۆیدا نەهێنابوو. کارمەندی قۆز، شاد وخۆشحاڵ دەهاتەبەرچاو وەکو منداڵانێک کە یەکەمجار دەچنە دیدەنی دۆستانی کۆنیان، قژقژ پێدەکەنی و جارجاریش لە پەناوە چاوبازیەکی ئاشقانەی لەگەڵ کورادا دەکرد، کە گۆناکانی سوور دەبوونەوە.

کورا، لەبەرچاو ماز زۆر خشکۆک ودڵگیر بوو، "ماز"ش بەلای کوراوە زۆر قۆز و دڵڕفین بوو. دوای ئەوەی ماز ڕۆیی، کاشلن گوتی:

– ها، خۆبینیت چەند کوڕێکی باش بوو، هەستت کرد چەند زیتەڵ وزرینگ ووریایە. ئیدی ڕواڵەتی وایە کەهەموو ژنان بۆی دەمرن.

کورا، هەرچەندە کەمتر دەروونی خۆی دەکردەوە، بەڵام دانی بەوەدا نا کە ماز بەلای ئەویشەوە گەنجێکی میهرەبان بوو، ئەوەندەش وشک و لەخۆبایی نەبوو وەکو ئەم وێنای دەکرد.

لوسابڵ، کە کەمتر لە ئاسایی ماندوو و خەمین دەهاتە بەرچاو، دانی بەوەدا نا کە ڕۆژانی یەکەم وەکو پێویست گوێی بەماز نەدابوو، وەکو پێویست حیسابی بۆ نەکردبوو.

ماز، چەند جارێکی دی بە ملاحەزەکاری و پارێزەوەو پاشان وردەوردە و ناوبەناو هاتوچۆی ماڵی وانی کرد. هەمووان خۆشیان دەویست، دەیانبردە ماڵەوەو پێشوازیان لێدەکرد. کورا، ئەو خواردنانەی لێدەنا کە ماز حەزی لێدەکردن. دۆستایەتی و تێکەڵاوی ئەو سێ پیاوە گەییە ئاستێکی ئەوەندە بەرز کەلەیەکدی جیانەدەبوونەوە. دۆستی تازە، ئەندامانی خانەوادەکەی بۆ شانۆ و تەمەشاخانە دەبرد وبلیتی لۆژی بۆ دەبڕین.

شەوێ کەبە پێیان لە شانۆ دەگەڕانەوە، بە کوچە وکۆڵان و شەقامە ئاوەدان وقەرەباڵغەکاندا تابەرماڵی لوسابڵ، ڕاوێچکەیان دەکرد. مازوکورا لە پێشەوە ڕێیان دەکرد، جووڵەی لاقیان هاوسەنگ وبەدەنیان پێکەوە چەسپاو، جوولەی بەدەنیان هاوئاهەنگ بوو، دەتگوت خوا هەردووکیانی بۆ ئەمە دروستکردبوو کەلە ژیانا هەمیشە شانبەشانی یەکدی ڕێبکەن. بە ئەسپایی قسانیان دەکرد، چونکە بەباشی دەنگی یەکیان دەژنەوت. هەردووکیان بەدەنگی نزم پێدەکەنین. ژنەی گەنج زۆرجار ئاوڕی پاشی دەدایەوە تا نیگایەکی باب و مێردەکەی کەلە دووری ئەوانەوە دەهاتن، بکات.

کاشلن، بە نیگایەکی ڕازی بەڕێی دەکردن و زۆرجار بێئەوەی لەبیری بێ کە خەریکە لەگەڵ زاواکەیا قسەدەکات، دەیگوت:- چ قەد وقەڵافەتێکی جوانیان هەیە، پیاو حەزدەکات هەر بەیەکەوەیان بدینێت.

لوسابڵ، بە خەمساردی بەرسڤی دەدایەوە:- تەقریبەن هاوباڵان!

خۆشحاڵ بوو بەوەی کە هەستی دەکرد دڵی بەتووندی و خێراییەکەی جاران لێنادات، کە خێرا ڕێ دەکات وەکو جاران هەناسە بڕکێی پێناکەوێ. بەهەرحاڵ، لەجاران شادترە. چونکە ماوەیەک بوو لە تیغی زمانی تیژ و تەشەرباری خەزووری دوور بوو، هەستی دەکرد، ڕق و کینەی دەرهەق بەو وردەوردە کەم دەبێتەوە.

سەریساڵ، سەرۆکایەتی ئیدارەیەکی پێ سپێردرا و بەڕادەیەک بەم پلەوپۆستە شاد و دڵخۆش بوو کە بۆ ماڵ گەڕایەوە، بۆ یەکەمجار، دوای شەش هەیڤان، باوەشی بە ژنەکەیا کرد و ماچی کرد. کورا، لەم ڕەفتارەی ئەو ناڕەحەت هاتەبەرچاو، وەکو ئەوەی کارێکی ناشایستە لە مێردەکەی سادر بووبێ، پەست بوو. لە هەمان دەمدا تەمەشایەکی مازی کرد کەبۆ موبارەکبایی ١/١ بۆ ماڵیان هاتبوو. "ماز"ش ناڕەحەت بوو و ڕووی بۆلای پەنجەرەکە وەرگێڕا، وەکو ئەوەی نەیەوێ ئەم دیمەنە بدینێت.

لێ کاشلن، خێرا بایدایەوە سەر بەدخوویی و توونددخووییەکەی خۆی و دیسان بە تەشەر وکینایە چزودارەکانی خۆی بەربووە گیانی زاواکەی. تەنانەت جارجار بە "ماز "ش دا هەڵدەشاخی. وەکو ئەوەی لەسەر ئەو بەڵایەی کەبەسەریان دەهات و ڕۆژبەڕۆژ لە دوا مەوعیدی خۆی نزیک دەبووەوە، ڕقی لەویش هەڵگرتبوو.

تەنیا کورا، تەواو هێورو خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو وزۆر شاد وبەدەماخ بوو. بە ڕواڵەت لەوەدەچوو کە ئەو دوا مەوعیدە نزیک و هەڕەشە ئامیزەی فەرامۆش کردبێت.

بەهاری زووڕەس، زەوی ڕازانبووەوە، ماز پێشنیازی بۆ دۆستەکانی کرد کە ڕۆژێکی یەک شەممە بۆ گەشت وهەوا گۆڕکێ بڕۆن بۆ کەنارەکانی ڕوباری سن تا لەو دەشت و دەرە گوڵە وەنەوشە بچنن.

بە قیتاری بەیانی وەڕێکەوتن و لە "مزون لافیت" دابەزین. هێشتا سەرمای زستانی بە لق وپۆپە ڕووتەکانەوە هەست پێدەکرا، لێ سەوزەگیای بریقەدار خۆی دۆزی بووە و، گوڵێن سپی و شین،

قۆپەن قۆپەن لەنێو سەوزە گیاکەوە سەریان بەرز کردبووەوە. درەختانی بەری داوێنی گردەکان، بەبازووی باریکی پڕ چرۆی شوکوفاگیانەوە وادەهاتنە بەرچاو کە تاجە گوڵینەیان لەسەر ناوە.

ڕوباری سن، کەبەهۆی بارانەکانی ئەو دواییانەوە لیڵ بووبوو، بەنێوان بەستێن و کەنارەکانیا کە بەهۆی لەهی ولافاوی زستانەوە، کەند وکەلێنی تێ بووبوو، قورس وخەمبار دەڕۆیی. سەرانسەری دەشتەکە لە ئاوا تەڕ بووبوو، دەتگوت تازە حەمامی کردووە. ڕوبارەکە لەبەر گەرمای خۆشی یەکەمین ڕۆژانی هەتاودا بۆنێکی نمساری خۆشی  لێ بڵاو دەبووەوە.

لە باخەکەدا، بەدەم پیاسە و ڕاوێچکانەوە یەکتریان ون کرد. کاشلن، پەست و غەمگین، نووکی دار عاساکەی خۆی بە کەستەک وسندە گڵاندا دەکێشا. لە ڕادە بەدەر شەکەت وماندوو دەهاتەبەرچاو، ئەو ڕۆژە بیری لەو بەدبەختیە نزیکە دەکردەوە کە بەو زووانە بەرۆکی خانەوادەکەیانی دەگرت. "لوسابڵ"ش کەنێو چاوانی تێک نابوو، دەترسا، لەسەر ئەو گیا تەڕانە دانیشێت و سمت و کەفەڵیتەڕ ببێت. ژنەکەشی لەو کاتەدا لەگەڵ مازدا لە گوڵ دەگەڕان تا چەپکە گوڵێک دروست بکەن. چەند ڕۆژێک بوو کە کورا نەخۆش و شەکەتو بێڕەنگ دەهاتە بەرچاو. لەبەر ئەوە یەکسەر بێتاقەت بوو و ویستی بۆ نانی نیوەڕوانێ بگەڕێتەوە. خوارنگەیەکی بچووکیان لەو نزیکانە، لەبەرانبەر ئاشێکی وێرانەدا دۆزییەوە. لەوێ لەژێر کەپری خوارنگەکەدا، لەسەر مێزێکی تەختەی کۆنا کە دوو خاولیان پێدا دابوو، لەنزیکی ڕوبارەکە هەندێک فراڤینی میللی پاریسییان خوارد.

ماسییە سوورەوە کراوەکەیان تەواو کرد و ئەوجا گۆشتی گایان بە پەتاتەوە خوارد، لەکاتێکا قاپە زەڵاتەکەیان کە پڕبوو لە گەڵای سەوزی کاهو، دەستاودەست دەگێڕا، کورا لە ناکاوا بە بێتاقەتی هەستا وخاولیەکەی بەهەر دوودەست بە دەمیەوە گرت و بلەز بەرەو ڕەخی ڕوبارەکە ڕۆیی.

لوسابڵ، نیگەران بوو، پرسی:- چی بوو؟ بۆ وای کرد؟

ماز، شپرزە و سوور بووەوەو بە مینگەمینگ گوتی:- من... من نازانم... خۆ ئێستا عەیبی نەبوو!

کاشلن، هەراسان و پەرێشان، لە کاتێکا گەڵا کاهویەک بە چنگاڵەکەی دەستیەوە بوو، حەپەسا. هەستا تا بڕوات بزانێت کیژەکەی چییەتی. کە دیقەتی دا سەیری کرد کیژەکەی سەری بەقەدی درەختێکەوە ناوەوبێحاڵە. گومانێکی خێرای بەدڵدا هات و لاقی لە ڕۆیشتن وەستان. لەخۆڕا کەوت بەسەر کورسییەکەیدا و بەچاوانی حەپەساو و ئەبڵەقەوە سەیری ئەو دوو پیاوەی، کە ئێستا یەک لەیەک شەرمەزارتر دەهاتنەبەرچاو، دەکرد. بە چاوە نیگەرانەکانی، ناخی ئەوانی دەپشکنی و زاتی قسەکردنی نەبوو. کەوتبووە نێوان بەرداشی هەڵچوون و ئومێدەوەوخەریک بوو شێت دەبوو.

چارەکە سەعاتێک بەبێدەنگییەکی قووڵەوە بووری. کورا، بەڕەنگی کەمێک زەردەوە، پەیدا بووەوە. بەزەحمەت ڕێی دەکرد. کەس پرکێشی نەکرد بە ئاشکرا شتێکی لێ بپرسێت. دەتگوت هەریەکەیان پێشبینی ڕوودانی سەعادەتێکی خەیاڵییان دەکرد کە توانای گوتنیان نەبوو، بەتاسەی زانینی ئەو بویەرەوە دەسووتان ولە بیستنی دەترسان. تەنیا کاشلن لێی پرسی:- حاڵت باشتر بوو؟

بەرسڤی دایەوە:- بەڵێ، سوپاس، شتێکی گرینگ نییە، واچاکە زووتر بگەڕێینەوە. سەرم کەمێک دێشێت.

لە کاتی ڕۆیشتندا باڵی مێردەکەی گرت، دەتگوت ڕازێک لەم ڕەفتارەدا پەنهان بوو کە ئەو هێشتا زاتی کەشفکردنی نەبوو.

لە وێستگەی قیتاری "سن لازار" لێکدی جودا بوونەوە. ماز بە هەنجەتی کارێک کەلە بیری کردبوو و ئێستا بیری دەکەوتەوە، بەناوی خواحافیزییەوە دەستی هەمووانی گوشی و ڕۆیی.

وەختێ ماز ڕۆیی، کاشلن وکچەکەی وزاواکەی بەتەنیا مانەوە، پرسی:- ئەوە تۆ لەسەر نیوەڕۆژەکە چیت بەسەر هات؟

کورا هەوەڵجار وەڵامی نەدایەوە، پاشان دوای کەمێک دوودڵی گوتی:- هیچ نەبوو، کەمێک دڵم تێک هەڵدەهات.

بەخاوە خاو ولێوبە خەندە ڕێی دەکرد. لوسابڵ، پەست وناڕەحەت، بەبیرێکی شێواو و بە خەیاڵاتی هەڤدژەوە لە کاتێکا تووڕەییەکی گونگ و خامۆش ناخی دەخواردەوە و شەرمەزاری بێ غێرەتی و نامەردی خۆی بوو، لەگەڵ ئەواندا ڕێی دەکرد. لەحاڵێکا ئەو لە خەوتوانێک دەچوو کەلە بەرەبەیاندا بەخەبەرن و چاو دەنوقێنن تا ئەو تیشکی هەتاوەی لە درزی پەردەکانەوە لە ژوورەوە دەدات و تیرۆژە ڕوناکیەک لە تەختە خەوەکانیان دەدات، نەبینن، هەرکە گەییەوە ماڵێ بە بیانووی تەواوکردنی کارێکی نیوەچڵەوە، دەرگاکەی لەخۆی داخست.

هەنگێ کاشلن هەردوو دەستی نانەسەرشانی کچەکەی و گوتی:- کەواتە سکت هەیە؟ها؟

کورا، لەبن لێوانەوە گوتی:- بەڵێ، پێموایە دوومانگ دەبێت.

هێشتا کیژەکەی قسەکەی تەواو نەکردبوو کە کاشلن لە خۆشیان کەوتە هەڵپەڕکێ و سەما و هەڵبەز ودابەز، لە دەورانی سەربازیدا، سەمایەکی کۆن فێر بووبوو، بەدەوری کچەکەیدا دەستی بە

سەمایە کرد. لاقی هەڵدەبڕی و بەو ورگە زەلامەیەوە بەجۆرێ هەڵی دەتیزاند کە هەموو تەلارەکەی هێنابووە لەرزە.

کورسییەکان دەجووڵان و پەرداخەکان لەسەر سینیەکە لە یەکیان دەداو چلچراو ئاوێزەکەی بن میچەکە وەکو چرای کەشتی کەوتبووە سەما. ئەوجا باوەشی بە کچە ئازیزەکەیدا کرد و بە شوروشەوقێکی زۆرەوە ماچی کرد. ئەوجا بە پشتی دەست بە ئەسپایی کێشای بەسکی کچەکەیدا وگوتی:- ئاخری هات، بە مێردەکەتت گوت؟

کورا، لەپڕ هەراسان بوو، بەمینگە مینگەوە گوتی:- هێشتا نا... من... من چاوەڕوانی..

لێ کاشلن هاواریکرد:- زۆرچاکە، قەیدی نییە. ئەگەر تۆ نارەحەتی سەبرکە، من خۆم دەڕۆم و پێی دەڵێم.

بەهەشتاو خۆی بەژووری زاواکەیدا کرد.

لوسابڵ، کەبە بێکار دانیشتبوو، بەدیتنی خەزووریڕاپەڕی. لێ کاشلن دەرفەتی نەدا کە وەخۆ بێتەوە. گوتی:- دەزانی ژنەکەت حامیلەیە؟

لوسابڵ کە حەپەسابوو، خەریک بوو دەپەشۆکا، گۆناکانی سوور هەڵگەڕان وگوتی:- چۆن؟ چۆن؟ ژنەکەم؟ بەڕاستتە؟

- گوتم حامیلەیە، تێدەگەی؟ ئەنجام شانسمان هەستا!

لەو گەرمەی شادیەدا، دەستەکانی زاواکەی گرت، گوشینی و تەکانی دان، دەتگوت پیرۆزبایی لێدەکات و سوپاسی دەکات. لێکدالێکدا دەیگوت:- ئۆخەی، ئەنجام دروست بوو، زۆرچاک بوو، تەسەور بکە چەند باشە! تەواو ئیدی ئەم سەروەت و سامانە هی ئێمەیە!

چونکە لە خۆشیا نەیدەتوانی هەستێتە سەرپێیان، تووند باوەشی بەزاواکەیدا کرد، بەخۆوەی گوشی و هاواریکرد:- لەیەک ملیۆن زیاتر. جاتۆ بیری لێبکەوە! لەیەک ملیۆن زیاترە.

دووبارە دەستی بە هەڵپەڕکێ و سەما کرد، لێ لە ناکاوا لە سەما و هەڵپەڕکێ وەستا وگوتی:- کەواتە وەرە بابچین بۆ لای ئەو. ئێستا چاوەڕوانی تۆیە. بەلای کەمەوە وەرە ماچێکی بکە.

ئەوەی گوت و ناوقەدی لوسابڵی گرت و پێش خۆی دا و ئەوی وەکو تۆپێک هەڵدایە ناوەندی ئەو ژوورەی کە کورا، لەوێندەر نیگەران و گوێ قوڵاخ وەستابوو.

کورا، هەرکە چاوی بە مێردەکەی کەوت، هەراس و شپرزەییەکی ناگەهانی ئەوکی گرت و پاشەوپاش کشایەوە، لوسابڵ، ڕەنگ زەرد ولێوبەبار لەبەردەم ژنەکەیدا وەستابوو. ئەو حاڵەتی قازییەکی هەبوو و ژنەکەی حاڵەتی مەحکوومێک. ئەنجام لوسابڵ بێدەنگیەکەی شکاند وگوتی:- دەڵێی حامیلە بوویت؟

ئەویش، کەدەمی تەتەڵەی دەکرد گوتی:- لەوە دەچێت.

لی کاشلن، گەردنی هەردووکیانی گرت ولووتی نان بەیەکەوەو گوتی:

- دەی! ماتەڵی چین؟ دەی یەکدی ماچ بکەن، ئەوە دێنێ.

کاتێ هەردووکیانی بەردا، لەحاڵێکا کە خەریک بوو لە خۆشیا باڵ بگرێ و شێت ببێت، گوتی:- ئەنجام ئێمە بردمانەوە، یاڵڵا لیوپلد، بۆ بێدەنگی. دەبێ یەکسەربڕۆین و موڵکێک لە هاوینەهەوار بکڕین. تۆ لەوێ دەتوانی سەلامەتی خۆت بەدەست بێنیتەوە.

لوسابڵ، خۆی لەم بیرۆکەیە بوارد، خەزووری ئامانی نەدا وگوتی:

- ئێمە لەوێ جەنابی ترشبوف و ژنەکەی دەعوەت دەکەین و وەکو یاریدەدەری ئیدارە بەو زووانە خانەنشین دەبێت وتۆ دەتوانی جێگەی ئەو بگریتەوە. ئەمەش ڕێگەیەکە بۆ بەرزبوونەوە.

لوسابڵ، کە کاشلن قسەی دەکرد، مەسەلەکانی دێنایە بەرچاوی خۆی، خۆی دەبینی کەلەبەردەم ئاپارتمانێکی سپی و جوانا، لە کەناری دەریا، ڕاوەستاوە، چاکەتێکی سپی کەتانی لەبەر و کڵاوێکی پانامایی لە سەرەو پێشوازی سەرۆکی دایەرەکەی دەکرد.

بەم ئومێدەوە شتێکی خۆش دەڕژایە دڵیەوە، شتێکی گەرم و خۆش کە ئەو هەستی دەکرد تێکەڵ بەبوونی دەبێت و باری دەروونی سووک دەکات و حاڵی باشتر دەکات.

بێئەوەی، جارێ وەڵام بداتەوە، بزەیەکی کرد.

کاشلن کە سەرمەستی ئومێد و گەمەی دەستی خەون وخەیاڵە شیرینەکانی خۆی بوو، درێژەی بە قسان دا:- کێ دەزانێ ئێمە دەتوانین لەم مەملەکەتەدا ببین بە خاوەن دەسەڵات وناوبانگ و دوور نییە تۆ ببی بە ئەندامی ئەنجوومەن. بەهەرحاڵ ئێمە دەتوانین ئەنجوومەنە لۆکاڵیەکان بدینین وکارێ بکەین کە حیسابمان بۆ بکەن. تۆ ئەسپێکی بچووک و گالیسکەی شەخسی خۆت دەبێت و هەموو بەیانیەک بۆ وێستگەی قیتار دەڕۆیت.

خەونێن شیرینی دەبدەبە و کەبکەبە و دەوڵەمەندی و خۆشپۆشی و ژیانی پڕ جەلال وشکۆ، بەرەبەرە لە زەینی لوسابلدا روحی دەکەوتەبەر. خەیالی ئەمەی کە گالیسکەیەکی ناسک وجوان و تایبەتی هاتوچۆی پێدەکات- ڕێک وەکو ئەو دەوڵەمەندانەی کە ئەو جارەها بەغیلی بەژیانیان بردبوو- ئاخری هێنایە ڕەدا و، نەیتوانی خۆی لە گوتنی ئەو وشانە ببوێرێت:

- ئاه! باشتر! بەڕاستی شتێکی باشە!

کورا کە هەستی کرد دلی مێردەکەی هاتۆتەوە جێ، بزەی بۆ دەکرد و لە منەتباریدا دلی پڕ بووبوو. کاشلن کە ئیدی هیچ کۆسپێکی لەسەر ڕێگەی خۆیا نەدەبینی گوتی:- لامەزەبینە، ئەمشەو لە ڕستۆراندا شێو دەخۆین، دەبێ بە ئەندازەی یەک زەماوەندی بچووک خەرج بکەین.

کاتێ بۆ ماڵ دەگەڕانەوە، هەرسیانیان کەمێ مەست بوون، لوسابل کە یەکی بە دوو دەبینی و هەموو خەونە شیرینەکانی لە مێشکیا دەرەقسین، نەیتوانی ڕێگەی ژوورەکەی خۆی کە تاریک بوو، بدۆزێتەوە. ئیدی ئای بەهۆی هەڵەوە بوو یان بەهۆی بیرچوونەوە بوو، لەسەر سیسەمە خاڵیەکەی ژنەکەی، کە دەیویست دوایی بێ و لەسەری بنوێت، درێژ بوو. بە درێژایی شەوەکە وای وێنا دەکرد کە سیسەمەکە وەکو کەشتی تەکان دەدا، لە هەژاندایە، غل دەبێتەوەو قلپ دەبێتەوە. تەنانەت وای هەست کرد کە تووشی حاڵەتێکی وەکو دەریازەدەکان بووە.

کاتێ لەخەو ڕابوو و کورای لە باوەشی خۆیدا بینی زۆری پێ سەیر بوو. کورا چاوی کردەوە، بزەیەکی کرد وبە حەرەکەتێکی خێرا، پڕ لە شەوق وزەوق و تەژی منەتباری و میهروڤیان، مێردەکەی ماچکرد.

پاشان، بەو دەنگە نەرم و شیرینە کە ژنان لە کاتی ناز وکریشمە و ئەدادا، دەی نوێنن و دەری دەبڕن، پێی گوت:- گیانەکەم ئەگەر دەتەوێ کوڕێکی زۆر باش بیت ئەمڕۆ بۆ دایەرە مەڕۆ، تۆ ئیدی پێویستت بەوە نییە ئەوەندەش پابەندی دەوام بی و لە کات و ساتی خۆیدا بچیتە دەوام، چونکە ئێمە زۆر دەوڵەمەند دەبین. حەزدەکەم دیسان بچینە زۆزان، بەلام من وتۆ پێکەوە، هەرمن و تۆ.

لوسابل، هەستی دەکرد ئیسراحەتێکی باشی کردووەو دوای ئەو هەموو ناڕەحەتی و ماندوویەتیە ئازای ئەندامی لەناو جێگەی ژن و مێردایەتیدا خاو بووبووە. هەستی دەکرد، زۆر حەز دەکات بۆ ماوەیەکی زۆر لە جێگادا بمێنێتەوە. حەزی دەکرد هیچ کارێک نەکات تەنیا ڕەحەت و ئاسوودە و بێ خەم و خەیاڵ پاڵ بکەوێ، جۆرە تەمەڵییەکی توند و نەدیار ئازای داگرتبوو، بەسەر جەستەیدا زاڵ بووبوو بیرێکی گونگ و ئاڵۆز و بەردەوام و پڕشادی لە مێشکیا شەپۆلی دەدا:

– لەمەودوا دەوڵەمەند و سەربەخۆ دەبێت.

لێ لە ناکاوا ترسێک نیشتە دڵی وبەڕاوێژێکی زۆر سووک، بەجۆرێ دەتگوت دەترسێت دیوارەکانیش گوێیان لەدەنگی بێ، پرسی:- باشە تۆ دڵنیایت کە حامیلەی؟

یەکسەر ئەرخایەنی کرد وگوتی:- ئەرێ، خاترجەم بە، من بەهەڵە نەچووم.

ئەو کە هێشتا نیگەران بوو، بە ئەسپایی دەستی بە سکی ژنەکەیدا هێنا. بەدەست هەموو سکی هەڵاوساوی ژنەکەی تاقیکردەوەو ئەنجام گوتی:- بەڵێ ڕاستە بەڵام لەگینە تۆ بەرلە بەرواری مەوعیدەکە منداڵەکەت نەبێ و هەنگێ بەو بیانووەوە ژێوان ببنەوەو مافەکەی خۆمان نەدەنێ.

کورا، بەم وێنا وتەسەورە زۆر تووڕە بوو وگوتی:- نا، شتی وا نابێ، تازە دوای ئەم هەموو ڕەنج و بەدبەختیە چۆن دەشێت بیانوو بگرن؟ نە، نە.

کورا، لە تووڕەییدا هەستابوو و لەسەر سیسەمەکە دانیشتبوو. دیسان گوتی:- ئەگەر حەزدەکەی با ئێستا بڕۆین بۆلای یارۆی مەحزەردار.

لێ لوسابڵ قەناعەتی وابوو کە هەوەڵجار گەواهینامەیەک لە دکتۆر وەربگرن، ئەوە بوو دیسان بۆلای دکتۆر "لوفیول" چوون.

دکتۆر، یەکسەر ناسینییەوە وپرسی:- ها، سەری گرت؟

هەردووکیان، سوور بوونەوەو کورا کە برێک پەشۆکابوو، بە مینگەمینگ گوتی:- وابزانم، بەڵێ قوربان.

دکتۆرەکە دەستی ماڵین بە یەکدیدا وگوتی:- پێشبینیم دەکرد، بەڵێ چاوەڕوانم دەکرد. ئەو ڕێگەیەی کەمن بۆم دانابوون ڕەت بوونەوەی نییە. مەگەر یەکێک لە دوولایەنی کێشەکە بێ توانایەکی خودی هەبێت.

وەختایەک پزیشکەکە ژنە گەنجەکەی معایەنە کرد گوتی:- بەڵێ، خۆیەتی. ئافەرین پیرۆزە!

ولەسەر پارچە کاغەزێکی نووسی:

– بەندە دکتۆر... دەرچووی کولێژی نوژداری پاریس، شایەدی دەدەم کە خا لیوپلد لوسابڵ، کچی کاشلن، هەموو نیشانە و قەرینەکانی حامیلەبوونی تیایە و نزیکەی سێ مانگ بەسەر سکپڕیەکەیا تێدەپەڕێ.

ئەوجا ڕووی کردە لوسابڵ وگوتی:- ئەدی تۆ چۆنی؟ سینگ و دڵت چۆنە؟

ودوای ئەوەی سەماعەکەی نابە سینگ ودڵیەوە وتەواو معایەنەی کرد، ڕایگەیاند کە نەخۆشەکە بە تەواوی چاک بووەتەوە.

هەردووکیان شاد وشەنگوڵ، قۆڵ لە قۆڵی یەکا، خۆش وخۆشحاڵ بۆ ماڵ گەڕانەوە. لێ لیوپلد لە ڕێگادا بیرێکی بە مێشکا هات وگوتی:

- ڕەنگە باشتر وابێ، پێش ئەوەی بۆلای مەحزەردار بڕۆین یەک دوو خاولی لە کەمەرت ببەستی. هەنگێ سکەکەت زەقتر بەدیار دەکەوێ و کاریگەرییەکی باشتری دەبێت. کابرا تەسەور ناکات کە ئێمە ویستوومانە بەم کارە وەختەکە پێش بخەین.

بۆیە بە دوو قۆڵی بۆ ماڵ گەڕانەوە، لوسابڵ بەدەستی خۆی جلەکانی ژنەکەی لەبەری داکەند تا سک و ناوقەدێکی فریبۆک وچاوخەڵەتێنەی بۆ دروست بکات. دەجار خاولیەکانی گۆڕی و پاشەوپاش چووە دواوە و لە ئەنجامی کارەکەی خۆی ورد بووەوە وهەموو جارێ هەوڵی دەدا، ڕواڵەتێکی جوان بە سکی ژنەکەی بدات.

وەختێک لە ئەنجامی کارەکەی ڕازی بوو، دووبارە بە دوو قۆڵی لەماڵ وەدەرکەوتن. لوسابڵ، لە شەقاما، کە تەمەشای سکە خڕەکەی ژنەکەی دەکرد، کە گەواهی بۆ مەردی و نێراتی ئەو دەدا، خۆشحاڵ و مەغروور دەهاتەبەرچاو.

یارۆی مەحزەردار بە ڕووخۆشی پێشوازی کردن. پاشان گوێی لە داخۆیانەکانی (ڕوونکردنەوە) وان گرت، گەواهینامەی پزیشکەکەی خوێندەوەو چونکە لوسابڵ مکوڕی دەکرد کە:- "قوربان، ئەوندە بەسە کە خۆتانیش یەک چرکە تەمەشای سکی بکەن، بەخۆی هاوار دەکات." هەربۆ دڵنیایی تەمەشایەکی کەلەش و سکە خڕەکەی ژنەی گەنجی کرد.

هەردووکیان بە نیگەرانیەوە چاوەڕوان بوون تا کابرای مەحزەردار گوتی:

- زۆر تەواوە، ئەم منداڵە، چ ئێستا و چ پاشان بێتە دنیاوە، زندووەو هەیە. لەبەر ئەوە ئێمە جێبەجێکردنی وەسێتەکە دوادەخەین بۆ ئەوکاتەی خانم حەملەکەی دادەنێت.

ئەوجووتە کاتێ لە مەحزەرەکە هاتنە دەرێ، لە خۆشیا لە سەر پلیکانەکان یەکدییان ماچکرد.

لەوەتای ئەم کەشفە سەعادەتبارە ڕووی دابوو هەرسێ نەفەری ماڵباتەکە، بەوپەڕی خۆشی و شادی و بەتەبایی تەواوەوە دەژیان. هەرهەموویان شاد وبەکەیف، سادە ومیهرەبان بووبوون. کاشلن هەمان چالاکی و شۆخیبازی و حەنەکچیاتی جارانی خۆی بەدەست هێنابووەوە وکورا بۆ تاقەساتێ لە مدارای مێردەکەی غافڵ نەدەبوو. "لوسابل" ش بووبوو بە پیاوێکی دی، یانی هەمیشە شاد و شەنگوڵ، بووبوو بە کوڕێکی ئەوەندە باش کە هەرگیز بەو شێوەیە نەبینرابوو.

ماز، کەمتر دەهاتە دیدەنی ماڵباتەکە و لەجاران کەمتر هەستی بەیەک ماڵی دەکرد. هەڵبەتە بە باشی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد، بەڵام لە ڕەفتاریاندا جۆرە ساردیەک دەرهەق بەو هەست پێدەکرا، چونکە شادمانی، فاکتەری لە خۆبایی بوون وخۆپەسندیە وبێگانان ئەفرۆز (لە حیساب دەراوێشتن، بەهیچ نەگرتن) دەکات.

تەنانەت خودی کاشلن، وادیار بوو کە جۆرە کینەیەکی نهێنی سەبارەت بەم کارمەندە جوانە لەدڵدایە، هەرچەندە لە چەند مانگی ڕابردوودا، ئەو بەخۆی، بەڕژدی پای ئەوی بۆ ناو خانەوادەکەی خۆت کردبووەوە. هەروەها کاشلن خۆی، هەواڵی حامیلەبوونی کورالی بەو دۆستە دابوو. ڕۆژێک لە ناخافڵا پێی گوتبوو:- دەزانی کە کچەکەم حامیلەیە؟

ماز خۆی لە گێلی دابوو و گوتبووی:- عەجەب! باشتر! کەواتە دەبێ زۆر بەختەوەربن!

وێڕای ئەوەش ماز هەموو ڕۆژانی یەک شەممە لەماڵی وان فراڤینی دەخوارد. بەڵام وێرای ئەوەی کە هیچ ناکۆکی و دوو ڕووییەکی زەقیان نەکەوتبووە نێوان، لەبەریان گران بوو کە شەوان پێکەوە بەرنەسەر، ئەم هەستی ناڕەحەتیە دەربارەی دۆستایەتی وهاوڕێیاتی ماز، هەفتەبەهەفتە توندتر دەبوو. تەنانەت شەوێک کە کاشلن خەریک بوو لە ماڵ وەدەردەکەوت، بە پەستیەوە گوتی:- ئەم هەتیوەش لە تامی دەرکردووەو خەریکە سواری سەرمان دەبێ.

لوسابل لە وەڵاما گوتی:- یانی هیچی لەم ناسیاویە پێ نابڕێ.

کورا، سەری لەبەرخۆنا و کەم و زۆر هیچی نەگوت. ئەو هەمیشە لە هەنتەر وحوزوری مازدا موعەزەب دەهاتەبەرچاو. وەکو جاران بەڕوویەوە پێنەدەکەنی، ئیدی وەکو جاران ماڵباتەکەیانی بۆ شانۆی شەوانە دەعوەت نەدەکرد، ئەو دۆستایەتیە گیانی بەگیانیەی جاران، ئێستا لای بووبوو بە بێگار.

تا ڕۆژێکی پێنج شەممە، لەکاتی فراڤیندا، کاتێ مێردەکەی کورا لە دایەرە گەڕایەوە، کورا، بەناز و کریشمەیەکی زیاتر لە ئاسایی گۆناکانی ماچکرد و بە ئەسپایی بە گوێیدا چپاند:- لەگەڵم بەشەڕ نایەی؟

- چما، مەگەر چی بووە؟

- ئاخر.. ئاخر ئەمڕۆ ئاغای ماز زووتر لە وەختی ئاسایی هاتبووە دیدەنی مە و من چونکە نامەوێ قسەوقسەلۆکم لە پاشملە بکرێ، تکام لێکرد کە تۆ لەماڵ نەبی، نەیەت بۆ ماڵمان. لەوەدەچوو ئەم قسەیەی منی لەدڵ گران بێ.

لوسابڵ بە سەرسامی گوتی:- عەجەب! ئەدی ئەو چی گوت؟

- شتێکی ئەوتۆی نەگوت، بەڵام من ڕەفتاری ئەوم، لەدوای ئەو قسەیە، بەدڵ نەبوو و ئیدی داوام لێکرد، کەبە یەکجارەکی پێ لێرە ببڕێت. تۆ بەخۆت چاک دەزانی کە تۆ و باوکم پێی ئەوتان بۆ ئەم ماڵە کردەوەو من کەم وزۆر دەستم لەم کارەدا نەبوو. بۆیە دەترسم تۆ، لەوەی کە جوابم کردووە، زویر ببیت.

- کارێکی زۆر چاکت کردووە، زۆرچاکت کردووە، نەک لەم کارەت زویر نیم، بەڵکو مەمنوونیشم.

ژنە، کە قەول و قەراری پێشوەختەی لەگەڵ مازدا کردبوو، بۆ ئەوەی پەیوەندی ئەو دووپیاوە، بەشیوەیەکی ئاسایی بێڵێتەوە گوتی:

- تۆ لە ئیدارە وا بنوێنە کە ئاگات لەم شتانە نییە و وەکو جاران قسەی لەگەڵ بکە. تەنیا ئەوە بزانە کە ئەو ئیدی بۆ ئێرە نایەت.

لوسابڵ، بە میهرومەحەبەت وسۆز و گودازێکی زۆرەوە، ژنەکەی لە هەمێز گرت ومودەتێکی زۆر چاو وگۆناکانی ماچ باران کرد وبەدەم ئەو حاڵەوە لێکدالێکدا دەیگوت:- تۆ فریشتەی! فریشتەی!

گەورەبوونی منداڵەکە لە سکی ژنەدا، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەردەکەوت وکورا، هەستی دەکرد کەلە سکیا دەجووڵێ.

( ٨ )

ئیدی تا ڕۆژی لە دایکبوونی منداڵەکە هیچ بویەرێکی تازە ڕووی نەدا. کورا، لە ڕۆژانی ئاخر و ئۆخری هەیڤی سێپتەمبەرا کچێکی بوو. ماوی کچەکەیان نا "دزیرە" لێ چونکە دەیانویست غوسڵی

تەعمیدێکی بە شکۆ وجەلال بۆ منداڵەکە بگێڕن، بڕیاریان دا ڕێورەسمی غوسلّی تەعمید و ناونانە فەرمییەکە بخەنە هاوینی ئایندە ولەو مولّکە شەخسیەدا بەرپابکەن کە بەتەما بوون بیکڕن.

ئەم مولّکەیان لە " ئانی یر " لەسەر گردێک کە دەیڕوانیە سەر ڕوباری سن، هەڵبژارد.

لەماوەی وەرزی زستاندا بویەرێن گرینگ ڕوویاندا. هەرکە میراتیەکە بە ماڵباتەکە بڕا و یەک لا بووەوە، کاشلن داوای خانەنشینی کرد، یەکسەر مامەڵەکەیان بۆ جێبەجێ کرد و لە ئیدارە هاتە دەرەوە. ئێستا وەختی دەست بەتاڵی خۆی بەمجۆرە دەقەتاند ( بەسەر دەبرد، دەگوزەراند ) کەبە هەڕەیەکی ناسکی میکانیکی، قەپاغی قوتووە سیگارانی دەبڕی وجۆرەها شتی وەکو سەعاتی دیواری وسەندوقۆکە و سەبەتەی بچووک بۆ گوڵ و جۆرەها موبێلە و کورسی بچووک و عەجیب و غەریبی لێ دروست دەکرد. زۆری حەز لەم کارە بوو، ئەم سنعەتە لە کابرایەکی چەرچییەوە فێر بووبوو، ڕۆژێ لە شەقامی "ئوپرا" کابرایەکی چەرچی بینی بوو کە بەوشێوەیە خەریکی دروستکردنی وردەواڵەی دارین بوو. هەموو ڕۆژێ ئەو خەڵکانەی کە هەم نیازی فێربوونیان هەبوو و هەم نیازی تەمەشاکردنی، دەسکارە تازەکانی ئەویان هەبوو، دەچوونە ئەوێ و ئافەرین و دەسخۆشی شتە تازەکانیان لێدەکرد. کابرا بەخۆیشی حایر وحەپەساو بەواقی وڕەوە لەبەرانبەر شاکارەکانی خۆیدا دەوەستا و بەردەوام دەیگوت:- بەبە، بەڕاستی دروستکردنی ئەم شاکارانە لەهەموو کەس نایەت!

جەنابی رابو، یاریدەدەری ئیدارە بە ڕەحمەتی خوا چووبوو و ئەنجام لوسابڵ، ئەرکەکانی ئەوی لە ئەستۆ گرتبوو، بەڵام عینوانەکەی "رابو" یان بە لوسابڵ نەدا، چونکە هێشتا ماوەیەکی ئەوتۆ بە سەر دوا تەرفیعیدا نەچووبوو.

کورا، لەماوەیەکی کەمدا بوو بە ژنێکی دی، واتا سەلار وسەنگینتر و شیکپۆشتر لەجاران. چونکە پەی بەهەموو ئەو گۆڕانکاریانە بردبوو کە سەروەت و سامان بەسەر مرۆڤیا دێنێت.

ڕۆژی یەکەمی ساڵی نوێ چووە دیدەنی ژنی سەرۆکی دایەرەی مێردەکەی کە دوای سی و پێنج ساڵ لە ئاکنجی بوون و ژیان لە پاریس، هێشتا هەر لەسەر خووە دێهاتیەکەی خۆی مابووەوە. کورا، بە عیشوەو نەزاکەتێکی ئەوتۆوە داوای لە خانمی سەرۆک دایەرە کرد ببێتە نەنکی منداڵەکەی کە خا ترشبوف قەبووڵی کرد، کاشلن، باوە گەورەی منداڵەکە بووبە زڕبابی.

تەشریفاتی تەعمید کردنەکە لە یەک شەممەیەکی خۆشی هەیڤی شەشدا ئەنجام درا. هەموو کارمەندەکانی ئیدارە، دەعوەت کرابوون تەنیا مازی قۆز وجوان دیارنەبوو.

لوسابڵ، سەعات نۆی بەیانی، لەبەر وێستگای ڤیتاردا، چاوەڕوانی ڤیتاری پاریس بوو، لەهەمان کاتدا فەڕاشێکی تایبەتی، بە جلکی عەرەبانچییەوە، کە ڕیزێ دوگمەی درشتی برنجە بە چاکەتەکەیەوە دەبریسکایەوە، هەوساری ئەسپێکی چکۆلەی قەڵەوی، کەلە گالیسکەیەکی بچووک و تازە بەسترابوو، بەدەستەوە بوو.

دەنگی شووتی ڤیتارەکە لە دوورەوە بەرز بووەوە. ئەوسا ڤیتارەکە کە زنجیرەیەکی درێژی فارگۆنانی نەفەربەری لەدووی خۆ ڕادەکێشا گەییە وێستگاکە ودنیایەک ڕێبواری هەڵڕشتە دەرەوە.

جەنابی ترشبوف هاوڕێ دەگەڵ ژنەکەیدا کە میکیاجێکی تۆخی کردبوو لە فارگۆنی نمرە یەک هاتنە دەرەوە. پیتولە و "بواسل"ش لە فارگۆنێکی نمرە دوو دابەزین. زاتیان نەکردبوو باباساون دەعوەت بکەن، بەڵام دیاربوو کەدوا نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بە گوێرەی ڕێکەوتن لەو دەوروبەرە دەی بینن و بەئیجازە و ڕەزامەندی سەرۆکی دایەرە ئەویش بۆ شێوی ئێوارێ دەبەنەماڵەوە...

لوسابڵ، بەهەشتاو چووە پێشوازی سەرۆک. سەرۆک بەو قەد و باڵا کورتەیەوە، بەو چاکەتە فەرمییە بە میداڵ ونیشانەیەوە کە وەکو گوڵەباخی پشکوتوو بە بەرۆکیەوە دەدرەوشایەوە، دەهاتە پێشێ. سەروکەللە زەلامەکەی کەلەژێر کڵاوە لێوار پانەکەیەوە شاردرابووەوەو بەسەر جەستە لاوازەکەیەوە دەلەقی، شێوە وشەکلێکی سەیری پێ دابوو. ژنەکەی کە کەمێک لەسەر نووکی پێ ڕێی دەکرد، دەیتوانی لە سەر سەری مێردەکەیەوە هەموو شتێک بە ئیسراحەت ببینێ.

لیوپلد، شاد وخەندان، کڕنۆشی بۆ بردن، ئیکلامی بۆکردن، سوپاسی کردن. هەردووکیانی سواری گالیسکەکە کرد، پاشان بە هەڵەداوان بەرەوپیری دوو هاوکاری خۆی کە خاکیانە لەدوای سەرۆکەوە دەهاتن، چوو، بەگەرمی تەوقەی لە گەڵ کردن وداوای بووردنی لێکردن کەبەهۆی بچووکی گالیسکەکەیەوە ناتوانێ سواریان بکات، بۆیە پێی گوتن:- بێزەحمەت کەناری ڕوبارەکە بگرن، ڕێک دەگەنەبەر ماڵەکەی من. خانووی چوارەم سوچی پێچی ڤیلای دزیرە. پێ هەڵگرن.

خۆی سواری گالیسکەکە بوو، هەوساری ئەسپەکەی گرتەدەست و کەوتەڕێ. فەڕاشەکەش، بە گورجی خۆی هەڵدایە سەر کورسیە بچووکەکەی دواوە. تەشریفات و ڕێوڕەسمی تەعمیدەکە بە باشترین شێوە ئەنجام درا. پاشان هەمووان بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ، چوونە ژوورەکەوە. هەریەکێک لە میوانەکان بە گوێرەی شان وشەوکەت و پایە و پۆستی خۆی، دیارییەکی بۆ خرابووە ژێر دەستماڵ سفرەکەی خۆیەوە. زڕدایک بازنێکی زێڕی ئەستوور، مێردەکەی گیرەیەکی بۆینباخ لە یاقووتی سوور، بواسل جانتایەکی چەرمی دەستی، دەسکاری ڕووسی و پیتولە، پایپێکی عالی بەردی مەرجانی پێبڕا، گوتیان ئەم دیاریانە هی دزیرەیە وپێشکەشی دۆستانی تازەی خۆ کردووە.

خانم ترشبوف کەلە شەرم و شادیا سوور بووبووەوە، ئەو بازنە زێڕە ڕەخشانەی لە باسکە ئەستوورەکەی خۆی کرد، لێ سەرۆک چونکە بۆینباخێکی ڕەشی باریکی لەمل کردبوو،گیرەکە بە بۆینباخەکەیەوە بەند نەدەبوو، ناچاربوو گیرە جەواهێرنیشانەکە لە ژێر میداڵ ونیشانی " لژیون دونور" کەیەوە وەکو نیشانێکی بچووکتر لە یەخەی چاکەتەکەی بدات.

لە پەنجەرەکەوە، ڕوبارەکە، وەکو ڕوناکییەکی پان بە کەنارە چڕە دارستانەکەی خۆیەوە دیاربوو کە بەرەو "سورن" دەڕۆیی. هەتاو وەکو بارانێک لە ڕوناکی، بەسەر ئاوەکەدا دادڕژا و ڕوبارێکی لە ئاگر دروست کردبوو. لە هەوەڵەوە، نیوەڕۆژەکە وشک وفەرمی وجدی بوو، هۆیەکەشی ئامادەبوونی سەرۆکی دایەرە و هاوسەرەکەی بوو. پاشان شۆخی و پێکەنین دەستی پێکرد.

کاشلن، سوعبەتی سووک و بازاڕی دەکرد، چونکە دەوڵەمەند بوو ڕێگەی بەخۆی دەدا کە ئەوجۆرە سوعبەتانەبکات و ئەوانی دیکەش هەموو بەدەمیەوە پێدەکەنین.

ئەگەر پیتولە و بواسل ئەو سوعبەتانەیان بکردایە، بێگومان کەس بەدەمیانەوە پێنەدەکەنی.

لەکاتی خواردنی میوەو شیرینی وجەلی و محەلەبیدا منداڵەکەیان هێنایە مەجلیسەکە و هەموو میوانەکان ماچیان کرد. منداڵەی بەستەزمان کەلە قوماتەوە پێچرابوو، بە چاوە شین و لێڵەکانیەوە و بێ خەم وخەیاڵ تەمەشای ئەم خەڵکانەی دەکرد و سەرە هەڵماساوەکەی، بەهەر لایەکا کە کەمێک سەرنجڕاکێش بوایە، وەردەگێڕا.

پیتولە، لە گەرمەی قسە وسەروسەداکاندا، بە ئەسپایی سەری بردە پەناگوێی بواسل کەلە لایەوە دانیشتبوو، گوتی:- تەمەشای بکە، کوت ومت لە ماز دەچێت!

بۆ سبەینێ ئەم قسەیە لە وەزارەتخانەدا بڵاو بووەوە.

لەم کاتەدا، سەعاتە چاڵمەکە دووی دوا نیوەڕۆی ڕاگەیاند. هەمووان لیکور (جۆرە شەرابێکی بۆنخۆشی فەرەنسیە) یان خواردبووەوە. کاشلن پێشنیازی کرد کە هەوەڵجار سەیری خانووەکە بکەن و پاشان بۆ گەشت وگەڕان بۆ کەناری سن بڕۆن.

میوانەکان، بەکۆمەڵ کەوتنە گەڕان بە ژوورەکانا، لەژێر زەمینەکەوە دەستیان پێکرد تا هەورەبانەکە، هەر هەموو خانووەکە گەڕان. ئەوجا چوون بۆ باخەکە، هەر هەموو باخەکە، درەخت بە درەخت و دەوەن بە دەوەن گەڕان. ئەوجا بۆچوونە گەڕان بووبوون بە دوو دەستەوە.

کاشلن کەلە حوزووری ژنەکان ناڕەحەت بوو، بواسل و پیتولەی بۆ کافەیەکی کەنار ڕوبارەکە برد، لەولاشەوە خا ترشبوف و خا لوسابلش، دەگەڵ مێردەکانیاندا، چوون بۆ کەنارەکەی دیکەی

ڕووبارەکە، چونکە ژنانی نەجیب نەیاندەتوانی تێکەڵ بە سەیرانکەرانی لات ولەوێر وگەجەرو گوجەری ڕۆژانی یەک شەممە ببن، هەردوو خانم بەو ڕێگایەدا کەبەرەو ئەستێلی فیتەرخانەی کەشتیەکان دەچوو، هێدی هێدی دەچوونە پێشێ و مێردەکانیان کەزۆر سەرگەرمی باسی دایەرەکەی خۆیان بوون، لە دوای ئەوانەوە ڕێیان دەکرد.

چەند بەلەمێک بەسەر ڕووبارەکەوە لە هاتوچۆدا بوون کەبە زەبری سەوڵێن درێژ حەرەکەتیان دەکرد، سەوڵەوانەکان هەموو گەنجانی زەلام وبەهێز بوون، دەمار و ماسولکە وەرزش دیدەکانیان لەژێر گۆشتە تاوە سووتەکانیانەوە تێک ئالأبوون. بەلەمڕانانێکی دی لەسەر کەوڵێن ڕەش یان سپی ئاژەڵان درێژ بووبوون و لەبەر تاوی خۆرەکە، بێتاقەت بووبوون و چەترێن هەتاوگیری ئاورێشمینی سوور وزەرد وشینیان، بەسەر سەری خۆیانەوە گرتبوو، کە سەیرت دەکردن دەتگوت گوڵی گەورەن وبەسەر ئاوەکەوە مەلە دەکەن. ئیدی سەروسەدا لە بەلەمێکەوە بۆ بەلەمێکی دی دەڕۆیی و یەکدییان بانگ دەکرد و قسەی قۆڕیان بەیەکدی دەگوت.

هەرا وهەنگامەیەکی دوورە دەست کە دەنگی بەشەران بوو، گونگ و فام نەکری وبەردەوام دەگەییە گوێ، لە هەرا وهەنگامەی ڕۆژی جەژن دەچوو.

ڕیزێک ڕاوچیانی ماسی بە خۆو قولاپەکانیانەوە، بە درێژایی کەناری ڕووبارەکە بەبێ جووڵە وەستابوون. لە هەمان حاڵدا مەلەوانانێک کە نیمچە ڕووت بوون، لەناو بەلەمانی سەنگینی ڕاوەماسیدا وەستابوون و خۆیان هەڵدەدایە ئاوەکەوەو دووبارە دەهاتنەوە سەر بەلەمەکان تا دووبارە خۆ هەڵدەنە ئاوەکەوە.

خا ترشبوف، بە سەرسامیەوە سەیری هەموو ئەمانەی دەکرد. کورا پێی گوت:- ڕۆژانی یەک شەممە هەمیشە ئاوایە. شوێنێکی یەجگار جوانە و خۆشمان لێدەگوزەرێ.

بەلەمێک بە ئەسپایی بەسەر ئاوەکەوە دەهاتەپێشێ، دوو ژنی گەنج لەناو بەلەمەکەوە سەوڵیان لێدەدا. دوو پیاوی گەنج لەناو بەلەمەکە درێژ بووبوون. یەکێک لە ژنەکان لە کەنارەکەوە هاواریکرد:- ئاهای، های ژنانی نەجیب، من پیاوێکی فرۆتەنیم(ئامادە بۆ فرۆشتن) هەیە، هەرزانیشی دەدەم، ئێوە دەتانەوێ؟

کورا، بە بێزارییەوە ڕووی وەرگێڕا. قۆڵی بە قۆڵی میوانەکەیا کرد وگوتی:

- نایەڵن، بنیادەم یەک خولەک لەم ناوە پیاسە بکات. فەرموون با بڕۆین! ئەم ژنانە چەند بێ حەیا و حورمەتن!

هەردووکیان بۆلای ماڵەکە گەڕانەوە. جەنابی ' ترشبوف " ش بە لوسابلی دەگوت:- بۆ یەکی، یەک بێگومان دەیکەم، بەڕێوەبەری گشتی بەفەرمی بەڵێنی داومەتێ.

لوسابڵ، لە وەڵاما دەیگوت:- مەمنوونم جەنابی سەرۆک، نازانم بە چ زمانێک سوپاسی جەنابتان بکەم.

لە گەڕانەوەدا، کاشلن و پیتولە و "بواسل" یان بینی کە هێندە پێکەنی بوون ڕووندک زایی بووە چاویان، "باباساون" شیان لەگەڵدا بوو. هەرسێکیان بە سوعبەتەوە دەیانگوت "باباساون" مان لە کەناری ڕوبارەکەدا، لەگەڵ ڕووسپییەکدا گرت.

پیرەمێردی داماو، هەراسان و پەرێشان دەیگوت:- ڕاست نییە. جەنابی کاشلن ئەم قسانە مەکە، ئاخر باش نییە، لەتۆ ناوەشێتەوە.

کاشلن کەلەبەر پێکەنین هەناسەی سواربووبوو، بەدەنگی بەرز دەیگوت:

- هەی فێڵبازی پیر، مەگەر تۆ بانگت نەدەکرد:- ئەی ناسکۆڵەکەی من! چەند لە قافا گرتمانیت هەی نارەسەن!

پیرەمێردی داماو بەجۆرێ پەشۆکابوو کە ژنەکانیش کەوتنە پێکەنین.

کاشلن دیسان گوتی:- ئەگەر جەنابی ترشبوف، ئیجازە بفەرموون، ئێمە لەسەر ئەم کێشەیە دەست بەسەری دەکەین و گلی دەدەینەوە تا شێومان لە گەڵدا بخوات.

سەرۆک، بە ڕووخۆشی تەواوەوە ئیجازەی دا ودووبارە دەربارەی ئەو ژنە ڕوسپییەی کە پیرەمێردبەرەڵڵای کردبوو، کەوتنە شۆخی وپێکەنین. پیرەمێرد ئەم شۆخیە دزێوەی زۆر لەبەرگران بوو و بەردەوام حاشای دەکرد. ئەم بابەتە تا ئێوارە بووە مەزەی شۆخی و پێکەنین و تەنانەت سەری بۆ بێشەرمی زیاتریش کێشا.

کورا و خا ترشبوف کە لەپای پلیکانەکانی هەیوانەکە ولەژێر خێوەتا ڕۆنیشتبوون و دەیانڕوانییە، ڕەنگدانەوەی تیشکی بولێڵی ئێوارێ. هەتاوەکە، گەردێکی ئەرخەوانی بەلابەلای گەڵاکاندا پرژاندبوو. شنەبایەکی نەدەهات کە لقەکان بخاتە جووڵە، ئارامیەکی خۆش وبێ کۆتایی لە ئاسمانی ساف و نورانیەوە بەسەر ئەرزدا دەڕژا.

چەند بەلەمێکی گەورە کە هێشتا بە هێواشی تێدەپەڕین ودەتگوت بۆ قەرارگەی خۆیان دەگەڕێنەوە.

کورا پرسی:- باشە ئەم "باباساون" ـە داماوە، ژنێکی سەڵیتەی هێنابوو؟

خا ترشبوف، کە ئاگای لە هەموو بویەرەکانی دایەرە هەبوو، لە وەڵاما گوتی:- بەڵێ، کیژێکی هەتیوی زۆر لەخۆی گەنجتری خواست، بەڵام کچە دۆستایەتی دەگەڵ کوڕێکی گەنجا پەیدا کردو ئاقیبەتیش ڕەدووی ئەو کەوت ورەڤی.

ئەوجا ئەو خانمە خرپن و قەڵەوە لەسەری ڕۆیی:

- بیستوومە ئەو کوڕە کەسێکی بێ سەروبەر بووە، من خۆم نازانم دەڵێن گوایە یەکتریان زۆر خۆش ویستووە، بەهەرحاڵ باباساون پیاوێکی جوان وخۆشەویست نییە.

خا لوسابڵ، بە ڕاوێژێکی جدی گوتی:- بەڵام ئەمە ناکاتە پاکانە بۆ ئەو کچە. ئەم پیرەمێردە داماوە مایەی بەزەییە. ئەم هاوسێیەی ئێمەش، جەنابی باربو، هەمان وەزع و حاڵی هەیە. ژنەکەی حەزی لە نیگارکێشێک کرد کە هاوێنانی لێرە بەسەر دەبرد، ژنە ڕەدووی ئەو نیگارکێشە کەوت و بۆ هەندەران ڕۆیی. من تێناگەم چۆن دەشێت ژنێک بەم ڕادەیە سقوت بکات و خۆی سووک و ڕیسوا بکات. بەباوەڕی من دەبێ سزای تایبەتیبۆ ئەمجۆرە ژنە بێشەرەفانە کە نەنگ و ڕیسوایی بەسەر ماڵباتی خۆدا دێنن، دابنرێت.

لەکۆتایی کوچەی باخەکەدا سەروکەڵلەی دایەنەکە پەیدا بوو کە منداڵەکەی بەو هەموو قوماتەوە لەباوەش بوو. منداڵەکە کەبۆلای ئەو دوو خانمە دەهێنرا، لەبەر ڕوناکی سوورو زێڕینی زەردەپەڕا، سەراپای سوور بوو. بە هەمان ئەو چاوە مات وحەپەساو ولێڵەوە کە تەمەشای میوانەکانی کردبوو، ئێستا دەیڕوانیە ئاسمانی گڕگرتوو.

پیاوەکان کە قەیەرێ دوورتر لێرەوە قسەیان دەگەڵ یەکدیدا دەکرد، هاتنە نزیکترەوە. کاشلن نەوەکەی خۆی لە باوەش گرت ولەسەر دەستی بەرزی کردەوە، بەجۆرێ بەرزی کردەوە لەتۆوایە دەیەوێ منداڵەکە بگەیەنێتە ئاسمان. لا ڕوومەتی منداڵەکە، بەو کراسە سپی و درێژەیەوە کە دەگەیە ئەرزەکە، لەسەر زەمینەی نورانی ئاسۆ نەقش بووبوو. باوە گەورە لە خۆشیا هاواریکرد:- ئەمە باشترین شتی دنیایە، وانییە باباساون؟

پیرەمێرد کە قسەیەکی نەبوو بیکات، یان لەوەیە بیری لای زۆر شتی دی بووبێ، بەرسڤی نەدایەوە.

خزمەتکارێک دەرگای هەیوانەکەی سەر باخەکەی کردەوەو ئاگاداری دا کە شێو ئامادەیە.

## مادموزیل ڤی ڤی

مێجەر فەرماندەی پرووسی، کۆنت دوفالسبرگ تازە لە خوێندنەوەی ئەو نامەیە بووبووەوە کەبە پۆستی ئەو ڕۆژەدا پێی گەیی بوو. پشتی بە قەنەفەیەکی دەسکدارەوە کە پەردەیەکی گوڵدۆزی

پێدادرابوو، دابوو ولاقی بە پۆستاڵەکانیەوە لەسەر مەڕمەڕە جوانەکەی بەردەم موغەیری ساڵۆنەکەی کۆشکی دوڤیل دانابوو. لەماوەی ئەم سێ مانگەدا کە ئەو کۆشکی دوڤیلی داگیرکردبوو مامێزی پۆستاڵەکانی دوو کونی قووڵیان لەو بەردە بەنرخەدا هەڵکەندبوو وئەم کونانە ڕۆژبەڕۆژ قووڵتر دەبوون.

فینجانێک قاوە، لەسەر مێزێکی خڕی کەندەکاری سێ پایە دانرابوو وهەڵمی لێ هەڵدەستا. سەر مێزەکە لە مەشرووبا پەڵە پەڵە بووبوو، لە جگەرەی سووتاو ولە نووکی چەقۆی ئەفسەری داگیرکەر، کەهەرکاتێ نووکی قەڵەمەکەی دەدا و بەدەم خەیاڵ پڵاو ونەخۆشی خۆیەوە هەندێک ژمارەو نەخشەی لەسەر قەنەفە جوانەکانی کۆشکەکە دەنووسی و دەکێشا. ئیدی قەنەفەکان خەت خەت بووبوون.

وەختایەک مێجەر لە خوێندنەوەی نامەکە بووەوەو چاوی بەو ڕۆژنامە ئەڵمانیانەدا گێڕا کە نۆکەرەکەی بۆی هێنابوو، لەجێی خۆی هەستا، پاش ئەوەی کە سێ چوار پارچە داری تەڕو گەورەی خستە موغەیرییەکەوە (چونکە ئەم ئاغایانە بەرەبەرە درەختانی باخەکەیان بۆ شەواتەکی زستانەی خۆیان دەبڕییەوە) چووە بەر پەنجەرەکە.

بارانێکی توند دەباری، لەو بارانە بە خوڕزمانەی کە دەتگوت دەستێکی تووڕە لەسەرێ ڕا هەڵیدەڕشت، بارانێکی توند کە دنیای قوڕاوی دەکرد و هەموو شتێکی لە خۆیدا غەرق دەکرد، لەو بارانە ڕاستیانەی دەوروبەری روان کە بە "کاسەی شەو"ی فەرەنسا بەناوبانگە.

یارۆی ئەفسەری ئاڵمانی ماوەیەک ڕوانیە چیمەنە ئاو گرتووەکان و ڕوباری ئاندل کە لێوان لێو بووبوو،دەستی بە ئاهەنگێک کەبە "ڤالس رن" بە نامێیە، لەسەر شوستەی پەنجەرەکە کردبوو کەلە ناکاوا دەنگێک لە پشتیەوە بەرز بووەوەو سەری وەرگێڕا.

یاریدەدەرەکەی، کلوئینگشتاین بوو کە پلەی نەقیبی هەبوو. مێجەر، کەسێکی زەلامی دێو جەستەی چوارشانە بوو. جەستە زەلامەکەی لە تاوسێکی سوپایی دەچوو کە کلکە چەترئاساکەی هاتبێتەوە لای چەناگەی. جووتی چاوی شین وئارامی هەبوو، ڕوخساری لە جەنگی نەمسادا، نووکە شمشێرێکی وێکەوتبوو و شوێنەوارەکەی هەرمابوو. دەیانگوت چەند ئەفسەرێکی ڕەشید و ئازایە، ئەوندەش پیاوێکی باشە.

نەقیب، خەپەتۆڵەیەکی موو سووری ورگ زەلام بوو کەبە خورتی پشتی بەستبوو- ڕدێنە سورەکەی کەئەگەر بیدایەتە بەر ئاگر لە تۆوایە فسفۆڕی تێ هەڵسووە، لەبنەوە تاشی بوو. دوو ددانی لە شەوێکی شایی و داوەتاندا لە دەست دابوو بێئەوەی لەبیری مابێ کەچۆن ئەم بەڵایەی

بەسەر هاتبوو. لەبەر ئەوە کە قسەی دەکرد، قسەکانی هەندێک زبر وبڕێک نامەفهووم لە زاری دەهاتنە دەرێ. تەپڵی سەری کەچەڵ بوو، دەوروبەری کەچەڵیەکەی تەپڵی سەری قژێکی زێڕین و بریقەدار و لوول داپۆشی بوو لە سەری کەشیشان دەچوو.

مێجەر دەستی گوشی و پاشان بەدەم گوێگرتنەوە لەقسەکانی نەقیب، سەبارەت بەو بویەرانەی لە بەشەکەدا ڕوویان دابوو، فینجانە قاوەکەی یەکسەری هەڵدا. (لە بەیانیەوە تا ئەو سەعاتە ئەمە فینجانی شەشەم بوو کە دەیخواردەوە.) پاشان هەردووکیان لە پەنجەرەکە نزیک بوونەوەو باسی خراپی ڕەوش و بارودۆخەکەیان کرد. مێجەر کە پیاوێکی هێمن وسەلار بوو و لە شارەکەی خۆیدا ژنی هەبوو، مرۆڤێکی بە قەناعەت بوو ولەگەڵ هەر بارودۆخێکدا هەڵیدەکرد، لێ بارۆن نەقیب کە پیاوێکی هەرزە وهەوەسباز بوو وهەمیشە بەڕێگای مەیخانە پیسەکانەوە بوو، بەیەکێک لە ژنباز و مێبازە لەزەبرەکان دەژمێردرا، زۆر تووڕە و ناڕەحەت بوو لەمەی کە سێ دانە هەیڤە لەم شوێنە چۆڵەدا حەپس بووەو ناچارە، بە نەجیبی و داوێنپاکی ڕۆژگار بقەتێنێ.

لەو کاتەدا لە دەرگا درا، مێجەر ئەمری کرد، هەر کێیەکە دەرگا بکاتەوەو بێتە ژوورەوە. کە ئاوڕی دایەوە یەکێک لە سەربازە میقات کراوەکانی ئاڵمانی لەبەر دەرگاکە بەدیار کەوت و گوتی کە فراڤین ئامادەیە.

ئەو دووانە، لە ژووری نانخواردنا، دەگەڵ سێ ئەفسەری دیدا کە پلەیان نزمتر بوو، ڕووبەڕوو بوونەوە. ملازمی یەکەم ئۆتودوگروسلینگ و دوو ملازمی دووەم، فریتزشویناوبورگ و مارکی ویلهلم دایریک بوون. دایریک کە ئەفسەرێکی قژ زەرد بوو، لەگەڵ پیاواندا زۆر زبر و لووت بەرز و قۆڕەدەماغ بوو، لەگەڵ دیل و ئەسیرانا زۆر سەختگیر و بێبەزەیی بوو، ئەوندە توند و تووڕە و ترۆ بوو لە چەکی گەرم دەچوو.

لەوەتای هاتبووە فەرەنسا، هاوڕێکانی ناویان نابوو مادموزیل ڤی ڤی، هۆی ئەم ناولێنانە ئەدا و ئەتواری قەحپانە وقەد وباڵای بەرز و ناوقەدی باریکی خودی ملازم بوو کە دەتگوت لە ژێرەوە کورسیتی لە بەرکردووە. دەم وچاوە سافەکەی کە تازە سمێڵی بۆر کردبووەوە، هەروەها هەر شتێک یان کەسێکی دیتبا، بە کەش وفشەوە سەیرێکی دەکرد و ئەم دەربڕینە ودەستەواژە فەرنسیەی (ڤی ڤی!) لە شێوەی سووکە فیکەیەکدا بەکار دەبرد. لەبەر هەموو ئەو ئەدا وئەتوارانەی ناویان لێنا "مادموزیل ڤی ڤی" .

ژووری نانخواردنی کۆشکی دوڤیل، هۆڵێکی درێژی شاهانە بوو بە جۆرەها ئاوێنەی کریستاڵی کۆنی ئەستێرەنیشان و دیوارێن کاغەزپۆشی بەنەخش ونیگار ڕازابووەوە، کە هەندێک لە کاغەزە

نه نەخش ونیگارەکان، لێرەولەوێ بە نووکی شمشێران درێندرابوون و هاتبوونە خوارەوەو گوزارشتی لە مەشغەڵەتی کاتی بێکاریەکانی مادموزیل ڤی ڤی دەکرد.

سێ وێنەی خانەوادەیی، وێنەی جەنگاوەرێکی زرێ پۆش، قەشە باشییەک و سەرۆکێکی دادگا بە دیواری ژوورەکەوە هەڵواسرابوون کە هەرسێکیان پایپی دەسک درێژی چینیان دەکێشا. وێنەی خانمێکی بەڕیزیش بە سینگ و بەرۆکێکی بچووک و تەنگەوە، کە سمێڵێکی گۆساخانەیان بە خەڵوز بۆ کێشابوو، لەناو چوارچێوەکەی خۆیەوە کە تاجەکەی بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار سڕدرابووەوە، خۆنوێنی دەکرد.

ئەفسەرەکان، لەو ژوورە ئاسیو دیدەیەدا کەبەهۆی بەدمەستی ئاکنجیەکانیەوە، تەفروتونا بووبوو، خەم وپەژارە لە بێنازی و بێ خاوەنیەکەی دەباری، پارکێتەکەی ناوی کەلە دار بەڕوو دروست کرابوو، وەکو زەمینەی ناو مەیخانان پیس و پەڵەپەڵاوی بووبوو، بەڵێ لەو ژوورە خەمگینەدا، بەبێدەنگی فراڤینەکەیان دەخوارد.

ئەفسەرەکان وەختێ لە فراڤین بوونەوەو دەستیان بە بادەنۆشی کرد، بەدەم جگەرەکێشانەوە وەکو هەموو ڕۆژێک دەستیان بە قسە و دەردە دڵ کرد و بێزاری خۆیان لە دەست بەتاڵی خۆیان دەربڕی. بوتڵێ کۆنیاک و خواردنەوانی دی دەستاو دەستی دەکردو هەموو ئەفسەرەکان کەلەسەر کورسییەکان پاڵیان دابووەوە، پێکەکانیان قوم قوم دەخواردەوەو پایپە دەسک درێژ وسەر خوارەکانیان کە زۆر بە ناشیرینی ڕەنگ کرابوون، بە دەمەوە گرتبوو.

هەرکە پێکەکانیان بەتاڵ دەبوو، بە تەمەڵی و بێتاقەتی پێکەکانیان پڕ دەکردەوە. مادموزیل ڤی ڤی هەموو جارێ پەرداخەکەی خۆی دەشکاند و سەربازێک خێرا پەرداخێکی دیکەی لەبەردەمیا دادەنا.

چەڕە دووکەڵێکی ناخۆش دەوری دابوون، لەوە دەچوو هەرهەموویان مەست و سەرخۆش بن، مات و خامۆش و خەمناک، وەکو خەڵکانی بەڕەڵڵا و بێکارە، خەواڵوو بوون.

بەڵام "بارون" لەناکاوا ڕاپەڕی. بەدەم هەڵچوونێکی توندەوە دەلەرزی. سوێندی بە خودا خوارد کە ئەم ڕەوشە تاقەتبەرە بەم حاڵەوە بەردەوام نابێت و دەبێ بیرێکی لێبکرێتەوەو چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە.

ملازم یەکەم ئۆتو وملازم دووەم فریتز، کە دوو ئاڵمانی ڕەسەن بوون و سەر وسیمایەکی ئاڵمانی تەواو و قەد و قەلافەتێکی زەلامیان هەبوو، هەردووکیان پێکڤە گوتیان:- بیری چی جەنابی نەقیب؟

بارۆن، کەمێک دەفکرەوە چوو وپاشان گوتی:- بیری چی؟

ئێستا عەرزتان دەکەم. ئەگەر جەنابی مێجەر، فەرماندەی مە ڕێگە بدات، ئاهەنگێک دەگێڕین و ساز دەدەین.

مێجەر، پایپەکەی لەدەمی دەرێنا و گوتی:- ئاهەنگی چی، نەقیب؟

بارۆن لە فەرماندە نزیک بووەوەوگوتی:- هەموو کارەکان لە ئەستۆی من قوربان! بە یارمەتی جەنابت، وەزیفە بۆ روان دەنێرین تا ئافرەتمان بۆ بێنێت. من خۆم دەزانم دەبێ لە کوێ بهێنرێن، لێرەش دەستوور دەدەم شیڤێکی چاک ئامادە بکەن، هەموو شتێکمان هەیە و ئیدی بۆ خۆمان شەوێکی خۆش بەسەر دەبەین.

کۆنت دوڤالسبرگ، بەدەم زەردە خەنەیەکەوە شانێکی هەڵتەکاند وگوتی:- هەڤاڵ، تۆ شێتی.

لێ لەم کاتەدا هەموو ئەفسەرەکانی دی هەستان، لە دەوری فەرماندەکەیان خڕبوونەوەو بە پاڕانەوەوە گوتیان:- قوربان، ڕێگە بفەرموون با جەنابی نەقیب ئەم کارە بکات، بەڕاستی زۆر بێتاقەتین و کاتمان لێناڕوات.

ئەنجام مێجەر قاییل بوو وگوتی:- باشە!

بارۆن، یەکسەر لە دووی "وەزیفە"ی نارد. "وەزیفە " یەکێک بوو لە ڕەئیس عورفا کۆنەکانی سوپا کە هەرگیز کەسێک پێکەنینی بەدەمەوە نەبینی بوو، لێ هەموو فەرمان و دەستوورەکانی سەرووی خۆی، هەرچیەک بوایەن، کوێرانە جێبەجێ دەکرد.

بەهەمان قەڵافەتی مرومۆچی خۆیەوە، حازر وئامادەباش وەستابوو، دوای ئەوەی کە گوێی لە هەموو دەستوورەکانی بارۆن گرت، ئەوسا لە ژوورەکە وەدەرکەوت ودوای پێنج خولەک گالیسکەیەکی سوپایی چوار ئەسپە، بەچادرێکی گومەزینەوە، بەژێر ئەو بارانە تووندەدا بە چوارناڵە دەڕۆیی.

یەکسەر، ئۆخژن وجۆش وخرۆشێک لە دڵ و دەروون و گیانە خەمناکەکان گەڕا، پەستی و پەرێشانی گۆڕا بۆ خۆشی وشادی، ڕوخسارەکان گەشانەوە، ئەفسەرەکان کەوتنە حەنەک و سوعبەتان.

هەرچەندە باران بەهەمان خوڕزمی خۆی دەباری، لێ مێجەر گوتی دنیا خەریکە ڕوون دەبێتەوە، ملازمی یەکەم " ئوتو" بە شێوەیەکی بنجبڕ ولێبڕاوانە گوتی کە ئاسمان ڕوو لە کرانەوەیە.

مادموزیل ڤی ڤی لەجێی خۆی نەدەهێوری، لێکدالێکدا لەسەر کورسییەکەی هەڵدەستا و دادەنیشتەوە. چاوە گەش وتووڕەکانی لە شتێک دەگەڕان کە بیشکێنێت. لەناکاوا چاوی بڕییە خانمە سمێڵدارەکە و هەڵیکێشایە دەمانچە حەوت تیرەکەی وگوتی:- تۆنابێ چیتر تەمەشای سفرە وخوانی مە، بەزم وبەزمگای مە بکەیت!

بێئەوەی لە جێگای خۆی ببزوێ نیشانەی گرتەوە، بە دوو گوللەی دوابەدوای یەک، هەردوو چاوی وێنەکەی دیواودەر کون کرد. ئەوجا هاواریکرد:- ئێستا وەختی شیرینکاریە!

لە ناکاوا، قسە وباس بڕا، لە تۆ وایە هەمووان بیر لە بابەتێکی زۆر گرینگ و تازە دەکەنەوە.

مەبەستی مادموزیل ڤی ڤی لە شیرینکاری ئەمەبوو کەبە شێوەی تایبەتی خۆی، دەست بە خراپەکاری بکا، چونکە خراپەکاری خۆشترین شادی و خۆشی ئەو بوو.

خاوەنی فەرمی ویاسایی ئەم کۆشکە، "کۆنی فرنان داموی دوڤیل" کە کۆشکەکەی بە جێهێشتبوو، فریا نەکەوتبوو هیچ شتێک دەگەڵ خۆیدا ببات یان شتێک بشارێتەوە، تەنیا فریای ئەوە کەوتبوو بڕێک قاپ وقاچاغ لە کەلێن و کەلەبەری دیوارەکاندا بشارێتەوە.

بەلێ، کۆنت چونکە پیاوێکی زۆر زەنگین و بە شان وشەوکەت بوو، هۆڵە گەورەکەی کۆشکەکەی وی کە دەرگاکەی بەسەر ژووری نانخواردندا دەکرایەوە، پێش هەڵاتن وڕەڤینی ناگەهانی خاوەنەکەی لە هۆڵی مۆزەخانە دەچوو.

تابلۆ و وێنە و سکێچان و پۆرترێتی یەجگار جوان و بەهادار بە دیوارەکانییەوە هەڵواسرابوون، لەسەر مۆبیلەکان و لەناو دۆلابە شووشەدارەکان و لەسەر مێزی تەوالێتەکاندا، هەزاران شتی دەگمەن و بەهاداری وەکو گوڵدان و ئامانی چینی و پەیکەرێن بەنرخ و داهۆلانی دەستکاری "ساکس" و بووکەشووشەی چینی و عاجی قەدیمی و قاپی شووشەیی دەستکاری " ڤینز " کە هەرهەموویان دەگمەن وبوها(بە نرخ) بوون، لە سەرانسەری ئەم ساختمانە گەورەیەدا دەبینران.

ئێستا، شتێکی ئەوتۆ لەو هەموو توحفەیە نەمابووەوە. وانەزانن کە ئەو شتانەیان بە تالانی بردبوو، چونکە مێجەر کۆنت دوفالسبرگ هەرگیز ڕێگەی کاری واهی بە سەربازەکانی خۆی نەدەدا، بەڵکو مادموزیل ڤی ڤی بوو کە هەندێجار ئارەزووی "شیرین کاری" هەڵدەستا و لەو کاتانەدا هەموو ئەفسەرەکان، بە ڕاستی تا پێنج خولەکێک، کەیف و سەفایەکی تەواویان دەکرد.

ئاغای مارکی کوچول "مەبەست مادموزیل ڤی ڤی یە" بەدووی شتێکدا کە پێویستی پێبوو، چوو بۆ هۆڵەکە.

دوای تۆزێک بە قۆرییەکیزۆر ناسک وجوانی چینی گوڵ سوورەوە هاتەوە وپڕی کرد لە بارووت وبە ئەسپایی فتیلەیەکی کردە لوولەکەیەوە، ئەوجا ئەم ئامێرە دۆزەخییەی بۆ ژوورەکەی تەنیشتەوە برد وئاگری نا بە فتیلەکەیەوە. ئەوجا بە هەشتاو بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوەو دەرگاکەی داخست. هەموو ئەڵمانیەکان بە ڕووی خەندانەوە ڕاوەستابوون و بە کونجکاوییەکی منداڵانەوە چاوەڕوانیان دەکرد. هەرکە تەقینەوەکە کۆشکەکەی هێنایە لەرزین، هەرهەموویان پێکەوە ڕژانە ئەو ژوورەوە.

مادموزیل ڤی ڤی کە یەکەمجار هاتبووە ژوورەوە لە هەنبەر پەیکەرێکی فەخفوری ڤینوس دا کەبەهۆی تەقینەکەوە سەری پەڕیّ بوو، وەستا ودەستی بە چەپڵەلێدان کرد. هەریەکەو پارچەیەکیان لەو پەیکەرۆکە، لە ئەرزەکە هەڵگرت، سەریان لەو گرناڵ گرناڵانە سوڕما کە کەوتبوونە پارچە شکاوەکانی چینییەکە. پاشان هەندیّ خراپ بوونی دیکەیانیش دۆزییەوە کە دیاربوو بەهۆی تەقینەوانی پێشتووتر ڕوویاندابوو. مێجەر بە چاوێکی باوکانە دەیڕوانیە ئەو هۆڵە گەورەیە، کەبەهۆی ئەم خراپکاری و دەستڕێژە "نیرونی" یانەوە، بە سەریەکا داڕوخابوو وپارچەی ئەو شوێنەوارە بەنرخە هونەریانە بە سەرانسەریا بڵاوبووبوونەوە. ئەو یەکەم کەس بوو کەلە ژوورەکە وەدەرکەوت وبەوپەڕی ساویلکەیی گوتی:- ئەمجارەش باش گرتی!

لیّ گەردەلوولێکی خەستی دووکەڵە باروت خۆی کرد بە ژووری نانخواردنەکەدا و بەجۆریّ ئاوێتەی دووکەڵە جگەرە بوو کە هەناسەت پێنەدەدرا.

فەرماندەکە، پەنجەرەکەی کردەوە وئەفسەرەکان کە بۆ خواردنەوەی دوا پێکی کۆنیاکەکانیان بۆ ژوورەکە گەڕابوونەوە، هەموو هاتنە بەر پەنجەرەکە.

هەوایەکی نمسار وشێدار، کەبۆنی سێڵاوی لێدەهات خۆی بە ژوورەکەدا کرد و جۆرە گێژەنێکی سامناکی لەگەڵ خۆیدا هێنا. ئەفسەرەکان دەیانڕوانیە ئەو درەختە گەورانەی کەلەژێر ڕێژنەی بارانەکەدا چەمابوونەوە، دەیانڕوانیە ئەو دۆڵە گەورەیەی کە ڕێژنە بارانی هەوری تاریک ونزم، بە تەواوی داپۆشی بوو، دەیانڕوانیە زەنگی کڵێسایەک کەلە دووری دوورەوە وەکو شتێکی قوچ لە ژێر لێزمەی بارانە خوڕزمەکەدا ڕەق ڕاوەستابوو.

لەو ڕۆژەوە کە ئەوان هاتبوونە ئەم کۆشکە، ئەم زەنگە هەرگیز دەنگی لێوە نەهاتبوو. ئەمە تاقە بەرەڤانی و بەرخۆدانێک بوو کە داگیرکەران لەم دیارودەڤەرەدا ڕووبە ڕووی بووبوونەوە، مەبەست بەرەڤانی و بەرخودانی کڵێساکەیە کە هەرگیز دەنگی لیّ بەرز نەبووەوە. کەشیشەکە هیچ لاری لەوە نەبوو کە پێشوازی سەربازەکان بکات و زیافەتیان بۆبکات. تەنانەت چەند جارێکیش

ڕازی بووبوو کە بوتڵێک بیرە یان شەرابی "بردو" دەگەڵ فەرماندەی دژمندا، کە زۆرجار سوودی لەم، وەکو میانچی و ناوبژیوانێکی خێرخواز وەردەگرت، بخواتەوە. بەڵام هەرگیز نەدەبوو داوای ئەوەی لێبکەن کە زەنگەکە لێبدات، چونکە ئامادە بوو گوللەبارانی بکەن، بەڵام ئامادە نەبوو زەنگەکە لێبدات. ئەمە هەموو ناڕەزایی و خەباتێکی ئەو بوو بەرانبەر بە هێرشی دژمن، ناڕەزایی و خەباتێکی ئاشتیانە، ناڕەزاییەکی خامۆش وبێدەنگ، تاقە ناڕەزاییەک بوو کە خۆی گوتەنی شایستەی پلەوپایەی بابایەکی کەشیش بوو، چونکە کەشیش پیاوی سوڵح و سەفایە نەک ئەهلی خوێن و شەڕ، هەموو ئەو دیار ودەڤەرە، تا دووری دە فرسەخان ستایش و ئافەرینی پایەداری و خۆڕاگری ودلاوەری "چانتاڤان"ی کەشیشیان دەکرد کە جورئەتی کردبوو ئەزیەتباری گشتی ڕابگەیەنێت و ئەم ئەزیەتبارییە، بەبێدەنگی کڵێساکەوە ببەستێتەوە.

هەموو خەڵکی گوندەکە، ئەم بەڕەڤانی و مقاوەمەتەیان زۆر پێخۆش بوو، ئامادەبوون، تا دوا هەناسە پشتیوانی لە پێشەوا ئاینییەکەی خۆیان بکەن و ڕووبەڕووی هەر مەترسییەک ببنەوە، چونکە بە باوەڕی وان ئەم ناڕەزاییە، پارێزەری شەرەف و ئابڕووی نیشتمانی بوو. جووتیارو گوندییان وایان وێنادەکرد کە بۆ نیشتمان لە جەنگاوەران و داکۆکیکارانی بلفور وستراسبۆرگ شایستەترن و ئازایەتی و شەهامەتێکی هاوتای مەردایەتی و پیاوەتی ئەوانیان نواندووەو بەم شەهامەتە ناوی گوندەکەیان دەکەوێتە ناوناوان و نەمر دەبێت، ئیدی ئەوان جگە لەم هەڵوێستە، هیچ شتێکی دیکەیان لە پرووسیانی داگیرکەر درێغی نەدەکرد.

فەرماندەی ئاڵمانی و ئەفسەرەکانی، هەر هەموویان بەم مقاوەمەت و ئازایەتیە بێوەیە پێدەکنین و چونکە گشت خەڵکی ئەو دەڤەرە دەرهەق بەوان دلۆڤان ومیهرەبان بوون. ئیدی ئەم نیشتمانپەرەریە بێدەنگەیان، بە تەواوەتی پێ ڕەوا دەبینین.

تەنیا مارکی بچووک ملازم ویلهلم بوو کە زۆر حەزیدەکرد، بە خورتی ڕەنگەکە وادار بە لێدان بکات. ئەو لەم مدارایەی فەرماندەکەی دەرهەق بە کەشیشەکە یەجگار پەست و تووڕە بوو، هەموو ڕۆژ داوای لە فەرماندەکەیان دەکرد کە ڕێگە بدات، ئەگەر بۆ تاقە یەک جاریش بووە، هەربۆ خۆشی و پێکەنین، زەنگەکە لێبدات. ملازم ئەم داوایەی بەنازو ئەدای پشیلەیەکی مێچکەوە، بە مەرایی و ئەتواری ژنانەوە، بە نەرمی و زمان لووسی ماشقەیەکەوە دەکرد کە شێتانە لەهەوڵی بەدەست هێنانی شتێکدا بێت. لێ فەرماندەکەیان بەهیچ کلۆجێ قاییل نەدەبوو و نەدەهاتە ڕەدایە و مادموزیل ڤی ڤی بە (شیرین کاری)یەکانی خۆی لە ناو کۆشکی دوڤیلدا داخی دڵی خۆی دەڕشت.

هەر پێنج پیاوەکە، لە کاتێکا لەوهەوا نمسارەیان هەڵدەمژی، چەند خولەکێک بەدەستەجەمی لەبەر پەنجەرەکەدا مانەوە. ئەنجام ملازم فرتیز کە پێکەنین گرتبووی، بە زمانی ئاڵمانی گوتی:- بێگومان ئەم خانمانە وەختی گەڕانیان زۆر دەبێت.

ئەوسا لێکدی هاوێر بوون وهەرکەسەوچوو بۆ سەرکاری خۆی، بەتایبەتی یارۆی نەقیب کەدەبوا فریای ئامادەکردنی شیڤی ئەو شەوە بکەوێ.

وەختێ، دوای خۆرئاوا لەدەوری یەک خڕ بوونەوە، کە تەمەشای یەکیان دەکرد هەموو دەستیان بە خۆدا هێنابوو وسەرمەست وخۆشحاڵ وتەنناز وەکو ئەو ڕۆژانەی کەبۆ بەشداری لە ئیستعرازی ( نمایشی ڕێکردنی سوپایی ) گەورەدا، دەچوون، ڕۆنیان لە سەر و قژیان دابوو، عەتر وقۆڵەنیایان لە خۆ دابوو و تەواو تەڕ وتازە بووبوونەوە، دەستیان بە پێکەنین کرد. لەوە دەچوو کە ڕەنگی بۆزی قژەکەی فەرماندە لە چاو بەیانیدا کەمتر بووبێتەوە. نەقیب، دەم وچاوی ساف ولووس کردبوو، تەنیا سمێڵی نەتاشی بوو کە وەکو شولەیەک لەژێر کەپوویدا دیاربوو.

هەرچەندە هێشتا هەر باران دەباری، بەڵام پەنجەرەکانی کردبووەوە. یەکێکیان ناوبە ناو دەچووە بەر پەنجەرەکە وگوێی هەڵدەخست. سەعات شەش و دە خولەک، بارۆن هەواڵی دا کە دەنگێکی وەکو دەنگی چەرخی گالیسکە لە دوورەوە دێت. هەموو ڕایانکردە دەرەوە، دوای ماوەیەکی کەم گالیسکە گەورە چوار ئەسپیەکە بە چوارناڵە دەهات و لە حالێکا کە ئەسپەکان تا ناوقەدیان لە قوڕا هەڵکشابوو وهەڵمیان لێ هەڵدەستا وهانکەهانکیان پێکەوتبوو، لە ڕێگاوە گەیشتن.

پێنج ژن لەبەر سەکۆی بەردەم کۆشکەکە لە گالیسکەکە دابەزین. پێنج ژنی خشکۆکی هەڵبژاردە، یەکێکیان دۆستی نەقیب بوو کە "وەزیفە" کارتی تایبەتی نەقیبی بۆ بردبوو.

ئەم ژنانە، چونکە دڵنیابووبوون کە پارەیەکی مۆڵ وەردەگرن، بێئەوەی هیچ پەڵپ و بیانوویەک بگرن، ئامادەی هاتن بووبوون. لەلایەکەوە پرووسییەکانیان دەناسی، چونکە لە زەرفی ئەم سێ هەیڤەدا لە هەموو ڕوویەکەوە تاقیان کردبوونەوەو ئیدی متمانەی تەواویان بە پیاوان و ئەشیای ئاڵمانی پەیدا کردبوو. لە ڕێگاشدا، بۆ ئەوەی سووکە پاکانەیەک بۆ ئەو تۆزە ویژدانەیان کە مابووەوە بکەن، بەخۆیان دەگوت:- چ بکەین، کارەکەمان وا دەخوازێ کە وابین!

یەکسەر چوونە ژووری نانخواردنەوە. ئێستا ژوورەکە ڕوناک بوو، چرا هەڵکرابوو، بەوهەموو وێرانکارییەوە کە تیایدا کرابوو دڵگیرتر دەهاتەبەرچاو. مێزەکە پڕبوو لە گۆشتی هەمەجۆر و قاپی گرانبەهای زیووکەلە پێچ و پەنای دیوارەکاندا، واتە لەو شوێنانەدا پەیدایان کردبوون و دۆزی بوویاننەوە کە خاوەن ماڵەکە تیایاندا شاردبوونیەوە. ئەم سفرە وخوانە دیمەنێکی بە ژوورەکە

بەخشی بوو، ڕێک لە دیمەنی ئەو تالآنچیانە دەچوو کە دوای تالآن و چەپاو خەریکی شێو خواردن بن. نەقیب، شاد و خەندان، وەکو ئەوەی بۆ شتێکی دڵخوازی خۆی چاوبگێڕی، چاوی بە هەمووواندا گێڕا. چونکە سێ ئەفسەرە گەنجەکە، هەریەکەیان دەیویست یەکێک بۆخۆی هەڵبژێرێ،نەقیب، بە حوکمی پلە ودەسەڵاتی خۆی ئەمەی قەبووڵ نەکرد و ئەمهەقەی بەخۆی دا کە بە حوکمی عەدالەت و بەگوێرەی پلەوپایەی ئەفسەران دابەشیان بکات، تا نەبێ بە بێڕیزی و سووکایەتی بۆ ڕیزبەندی پلەوپایەی سوپایی.

ئەوسا، بۆ دوورەپەرێزی لە هەر جۆرە گەنگەشە ونارەزایی و تۆمەتێکی ئالیگری، هەموویانی بەگوێرەی بەژن وبالآ ڕیزکرد وبە ڕاوێژێکی ئامێرانەوە، ڕوویکردە بالآبەرزترینیان و پرسی:- ناوت چییە؟

یارۆ دەنگی خۆی گڕکرد وگوتی:- پامیلا.

نەقیب ڕایگەیاند کە:- ژمارە یەک، پامیلا، بۆ فەرماندە!

ئەوجا ژمارە دووی، کە "بلوندین"ی ناوبوو، ماچ کرد و بۆخۆی دانا. " ئاماندا "ی قوت و قەڵەوی دا بە ملازم ئوتو، " ئیڤا "ی ناسراو بە " تەماتە "ی دا بە ملازم فرتیز و بچووکترینشیانی، واتە " ڕاشیل "ی، کە ژنێکی گەنجی گەنم ڕەنگ بوو، چاوەکانی لە پەڵە مەرەکەبی ڕەش دەچوو، دابە گەنجترین ئەفسەر، واتە بە " مارکی ویلهلیم دایریک "ی ناوقەد باریک. ئەم ژنە جوولەکە بوو، بە لووتە دەندووکە دالآشیەکەیدا دیاربوو، چونکە واباو بوو کە نەژادی جووان لووتیان خوارو دەندووکە دالآشییە.

ئەلهەقی هەموو ئەو ژنانە خشیک وخڕوخەپان بوون، قەلآفەت و سەروسیمای ئاسایی ژنانی لەشفرۆشیان نەبوو کەبەهۆی بەردەوامی کاری ڕۆژانەی خۆیانەوە تووشی دەبوون. سێ ئەفسەرە گەنجەکە بە بیانووی ئەوەی دەبێ ئاو وسابوون بۆ ژنەکانی خۆیان پەیدا بکەن تا خۆیان بشۆن، دەیانویست بیانبەنە دەرەوە لێ نەقیب ئاقڵانە ڕێگری لێکردن وڕایگەیاند کە خانمەکان ئەوەندە پاک وخاوێنن کە بتوانن بەو دەقەی خۆیانەوە، لە پشت مێز وخوانەکەوە دانیشن، ئەمە جگە لەوەی ئەو کەسانەی کە زووتر کاری خۆ ئەنجام دەدەن، هەوەس و ئارەزووی گۆڕینی جووتەکانی خۆیان دەکەن، ئەم کارە دەبێتە مایەی پەلەپەل وئەزیەت و تەنگەتاو بوونی جووتەکانی دی، ئەزموونی ئەو بەسەر هەوەس و ئارەزووی ئەواندا زاڵ بوو. ئیدی بەناچاری ماچ ومووچی زۆر، واتە ماچ وموووچی چاوەڕوانی، گۆڕدرایەوە.

راشیل، له ناکاوا کۆکەیەکی توندی کرد، ئاو لەچاوی هات و دووکەڵ لە کونە کەپوویەوە دەرچوو. مارک بە بیانووی ماچکردنی ئەوەوە تۆپەڵێک دووکەڵی کردبووە دەمییەوە. کیژێ بە ڕواڵەت تووڕە نەبوو و تاقە یەک قسەشی نەکرد، لێ بە تووڕە بوونێکی پەنهانیەوە کەلە قوڵایی چاوە ڕەشەکانیەوە پرشنگی دەدا، تەمەشای کرد.

هەموو ڕۆنیشتن، پێدەچوو کە خودی فەرماندەش، بەم ڕەوشە خۆشحاڵ بێ. پامیلای لە دەستەڕاست و "بلوندین "ی لە دەستە چەپی خۆیەوە دانان، لەکاتێکا دەسماڵ سفرەکەی دەکردەوە گوتی:- بەڕاستی نەقیب بیرێکی باشت کردەوە!

ڕەفتاری ماقوول وبە ئەدەبانەی ملازم ئوتو و ملازم فریتز کەدەتگوت لە حوزووری ژنانی نەجیب وبە حورمەتا ڕۆنیشتوون، کردبوویە کارێک کە ئەوانیش (ژنەکان) هەندێ سەلار و شەرمن بن، لێ بارۆن کلوئینگشتاین کە بێعاری و بێ شەرمییەکەی سەری کردبوو، نەجلیس ئارایی دەکرد، قسەی مەستانەی دەکرد، بە قژە سوورەکەیەوە لە کڵپەی ئاگر دەچوو. بە شێوازی فەرەنساوی دەڤەری ڕین، سوعبەت وحەنەکی ئاشقانەی دەکرد و هەموو جارێ بەدەم شۆخیە مەستانەکانیەوە، کۆمەڵێک تف لە بەینی دوو ددانە کەلۆسەکەی پێشەوەی دەردەپەڕی.

ژنەکان بە هیچ جۆرێ سەریان لەم قسانە دەرنەدەکرد، تەنیا وەختێک وەخۆ هاتنەوە کە نەقیب بە زمانە سەروگوێ شکاوەکەی خۆی قسەی بێپەردە و دەستەواژەی نابەجا و ناپەسەندی بەکار دەبرد. هەنگێ ژنەکان هەموو پێکڤە و وەکو دین و شێتان دەستیان بە پێکەنین کرد و بەوحاڵەوە خۆیان بە سەر ورگی پیاوەکانی خۆدا دەدا و پەیتاپەیتا هەندێ شتیان دەگوت کە بە ئانقەست وتا بارۆن هانبدەن قسەی بازاڕی و هەرزەی زیاتر بکات. ژنەکانیش کەلەگەڵ یەکەم بوتڵە شەرابدا مەست بووبوون، بێ پەرواو بێهیچ مدارایەک هەر قسەیەکی ناشیرین و هەرزانەیان بەدەمدا بهاتبایە نەیان دەگێڕایەوەو دەیانگوت. چونکە لە دنیای مەستیدا جەوهەر و ماهیەتی ئەسڵی خۆیان دەربڕی بوو ودەرگایان لە ئاکار وڕەوشتی نزم وسووکی خۆیان کردبووەوە، لە هەموو پێکەکانیان دەخواردەوەو گۆرانی فەرەنساوی و سترانی نیوەچڵی ئاڵمانیان کەبەهۆی تەماسی ڕۆژانەیانەوە لەگەڵ دژمندا فێری بووبوون، دەخوێند.

راشیل، جارێکی دی ڕوانیە سەرو ڕوخساری وی و ئەوجا بیری لەوە کردەوە تۆڵەی ئەو نێشەی لێبکاتەوە. بەوحاڵەوە گوتی:- باشە باوابێ، شەرت بێ دەبێ تۆڵەی ئەم ڕەفتارەت لێبکەمەوە.

لێ ئەو خەندەیەکی هۆڤیانەی بۆکرد وگوتی:- زۆرچاکە، تاوانەکەی دەدەم!

ئیدی کاتی خواردنی میوەو شیرینی بوو. هەموو بۆخۆیان شامپانیان تێکرد. فەرماندە لەجێی خۆی هەستا وبە ڕاوێژێک کە دەتگوت دەیەوێ بە سەلامەتی "شابانو ئوگوستا" بخواتەوە، پەرداخەکەی بۆ لێوی برد وگوتی:- بەسەلامەتی ئەم خانمانە!

هەرهەموویان بەناز وعیشوەگەری قوزاقانەوە و بەڕەفتاری بەد مەستانەی دزێو و ناپەسند و بێ ئەخلاقانەوە کە نەزانی زمانەکەش هێندەی دی ناشیرینی کردبوو دەستیان بە جام لێکدان کرد. یەک یەک لەجێی خۆیان هەڵدەستان و هەوڵیان دەدا، تا نوکتەیەک بدۆزنەوە کە بڕێک خۆش و بەتام بێت. ژنەکانیش کەلە ڕاستیدا ئاگایان لە عەمری دنیا نەبوو، بە چاوانی لێڵ ولێوانی هەڵقورتاوەوە، هەموو جارێک بێ پەروا چەپڵەیان لێدەدا.

نەقیب، کە بێگومان دەیویست جۆرە سەفایەکی ڕۆمانسیانە بەم کۆڕی عەیش ونۆش و بادەنۆشیە بدات، جارێکی دی جامەکەی هەڵبڕی وگوتی:- بەسەلامەتی سەرکەوتنی مە بەسەر دڵاندا!

ئەوسا ملازم ئوتو کە لە ورچانی " فورەتوار" دەچوو و هێندەی خواردبووەوە لە مەستیدا لوول بووبوو، لەجێگای خۆی هەستا ولەناکاوا کەلە مەستیدا هەستی نیشتمانپەروەری سەری کردبوو، هاواری کرد:- بەسەلامەتی سەرکەوتنی مە بەسە فەرەنسادا!

ژنەکان بە هەموو مەستیەکی خۆیانەوە بێدەنگیان هەڵبژارد وڕاشیل کە دەلەرزی سەری وەرگێڕا وگوتی:- چاک بزانە کەمن هەندێ فەرەنساوی دەناسم کەتۆ لە حوزووری واندا، جورئەتی کردنی قسەی وات نییە!

لێ مارکی چکۆل، کە ڕاشیلی لەباوشی خۆیدا دانابوو، شەرابێکی زۆری خواردبووەوە و نەشە گرتبووی، دەستی بە پێکەنین کرد وگوتی:- ها، ها! من هەرگیز کەسانی وام نەدیتوون، ئەوەندە دەزانم هەرکە سەروکەللەی مە پەیدا دەبێ، ئەوانە دوو پایان هەیە، دووی دیکە قەرزدەکەن و هەڵدێن!

کیژێ کەزۆر پەشۆکا بوو، هاواری بەسەریا کرد وگوتی:- تۆ درۆ دەکەی گەندەڵ!

ئەفسەری ئاڵمانی، تا چرکەیەک چاوە گەشەکانی بڕینە دورچاوانی ئەو- لەو چاوانەی کە دەی بڕینە تابلۆکانی ناو کۆشکەکە وئەوجا بەر گوللەی دەدان و بەگوللە دای دەبێژان – پاشان دووبارە دەستی بە پێکەنین کردەوە وگوتی:- ئێ، جوانێ گیان، بڵێ بزانم ئەگەر فەرەنساییەکان یەک تۆزقاڵ غیرەتیان هەبوایە ئێمە لێرە چمان دەکرد؟

ئەوجا بە هەڵچوون و تووڕەییەوە لەسەری ڕۆیی:- ئێمە ئاغا و سەروەری ئەوانین و فەرەنسا هی ئێمەیە!

راشیل، بە تەکانێکی ناگەهانی لەباوەشی ئەو هەستا و لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشت. ئەفسەرەکەش لە جێی خۆی هەستا وجامەکەی تاناوەڕاستی مێزەکە بردە پێشەوەو دووبارە گوتی:- فەرەنساو فەرەنساییان وجەنگەڵ و لێرەوار و مەزرا و خانووەکانی فەرەنسا هەرهەمووی هی ئێمەن!

ئەفسەرەکانی دیکەش کە تەواو مەست بوون، لەناکاوا لەڕووی تاسووب و غیرەتی سوپاییەوە هەڵچوون وجامەکانی خۆیان بەرزکردەوەو هاواریانکرد:- بژی پرووس!

ئەوسا جامەکانیان یەکسەری هەڵدا.

ژنەکان کەلە ترسا بێدەنگ بووبوون، هیچ ناڕەزاییەکیان دەرنەبڕی و "راشیل "ش کە توانای جوابە جەنگی نەبوو، زاری لێک نابوو.

هەنگێ مارکی چکۆل، کە جامەکەی خۆی دووبارە لە شامپانیا تەژی کردبوو، نایەسەر سەری کچە جووەکە و دووبارە هاواریکرد:- بابۆ ئێمە بن هەموو ژنانی فەرەنسا!

راشیل کە گوێی لەم قسەیە بوو بە جۆرێ ڕاچڵەکی کە جامە پڕ لە خواردنەوە زەرد باوەکە بەسەر قژە ڕەشەکەیدا ڕژا، لەتۆوایە غوسڵی تەعمیدیان داوە، ئەوجا جامەکە کەوتە سەر ئەرزەکە و پارچەپارچە بوو. راشیل، کەلە داخا لێوی کەوتبووە تەتەڵە خێسەیەکی لە ئەفسەرە ئاڵمانیەکە، کە هێشتا پێدەکەنی، کرد وبەدەنگێک کەلە گەرویا دەتاسا گوتی:- نا، نا، شتی وانییە، چونکە ئێوەگەل دەستان ناگاتە ژنانی فەرەنساوی!

ئەفسەرەکە لە ئەرزەکەدا دانیشت تا قژقژ پێبکەنێت وبە لاسایی کردنەوەی زمانی پاریسی گوتی:- بەهبە! چ قسەیەکی باشە، ئەدی تۆ چکۆلەخان بۆچی بۆئێرە هاتووی؟ خۆبۆ پێش نوێژی نەهاتوویت!

راشیل، حایر وحەپەساو، شپرزە و پەشۆکاو لەهەوەڵەوە بەباشی لە قسەی ئەفسەرە ئاڵمانیەکە حاڵی نەبوو، بۆیە بێدەنگی لێکرد. لێ دوای ماوەیەک کەلە قسەکەی حاڵی بوو، مۆڕەیەکی تووڕەی لێکرد ولە وەڵامی ئەودا گوتی:- من؟ من؟ من ژن نیم. من ڕووسپیم و شان وشەوکەتی پرووسیان تەنیا قەحپان هەڵدەگرێت وبەس!

هێشتا راشیل لە قسەکانی نەبووبووەوە کە ئەفسەری ئەڵمانی بە زللە لە ڕاست وچەپەوە دایگرتەوە. لێ لەم کاتەدا کەدیسان دەستی بۆلێدانی بەرز کردبووەوە، راشیل چەقۆیەکی میوەی دەم زیوینی هەڵگرت و لە ناخافڵا و بە تەڕدەستیەکی ئەوتۆ کەلە سەرەتاوە کەس هەستی پێنەکرد، تاهێز لە بازوویا بوو کردی بە چاڵی گەردنیا  کە دەکاتە سەرەتای سینگ، پیرە چەقۆ لە گەردنیا ختم بوو.

ئەفسەرە ئەڵمانیەکە ویستی قسەیەک بکات، لێ وشەکە لە ئەوکیا گیرا. یارۆی ئەفسەر، بریندارو پەرێشان بە زاری داچەقیو ونیگای ترسناکەوە تەختی زەوی بوو.

هاوارێکی ترسناک لە گەرووی هەمووانەوە هاتەدەرێ و هەموو بەدەم هەراو زەناوە لەجێی خۆ هەستان. لێ راشیل کورسییەکەی خۆی کێشا بەسەر ملازم ئوتودا و درێژاودرێژ لەسەر ئەرزەکە پان بووەوە. هەنگێ راشل بەرەو پەنجەرەکە غاری دا وپێش ئەوەی چ کەسێک بتوانێت بیگرێت، پەنجەرەکەی کردەوەو لەو شەوە تاریکەدا و بەو لێزمەی بارانە کەهێشتا دەباری، لە پەنجەرەکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە.

دوای دوو خولەک مادموزیل گیانی دەرچوو. لەوکاتەدا مولازم فرتیز وملازم ئوتو، شمشێرەکانیان لە کێلان دەرکێشا و ویستیان باقی ژنەکان کەخۆیان هاوێشتبووە سەر لاقی ئەوان، قەتڵ وعام بکەن. مێجەر بە زەحمەتێکی زۆر جلەوگیری لەم قەسابییە کرد وئەو چوار ژنە ترساوەی لە ژێر چاودێری دوو سەربازدا زندانی کرد. ئەوجا وەکو ئەوەی سەربازەکانی بۆ جەنگ ئامادە بکات، بەمەبەستی سۆراخ و تاقیبکردنی ژنە هەڵاتووەکە ڕیزکرد ودڵنیابوو کە ئەویش دەگرنەوە.

پەنجا زەلامیان بە هەڕەشە وگوڕەشەوە لە باخەکەدا بڵاوکردەوەو دووسەد زەلامیانیش بەناوبێشە و جەنگەڵ و ماڵەکانی ناو دۆڵەکەدا بۆ سۆراخ و تاقیب بڵاوکردەوە.

لەچاو نوقانێکدا، ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو مێزەکە لە قاپ وئامانان و خواردن خاڵی کرایەوە و جەنازەیئەفسەرە کوژراوەکەیان لەسەر دانا. چوار ئەفسەرە ئاڵمانییەکە کە مەستی بەری دابوون، گرژ وپەست وەکو پیاوانی جەنگی سەرقاڵی مەیدانی شەڕ لەبەر پەنجەرەکەدا ڕەق ڕاوەستابوون و بەنیگا ناو جەرگەی تاریکیەکەیان دادەبێژت.

ڕێژنەی باران وەکو لەهی ولافاو بەردەوام بوو. دەنگی بەرخوردی پێل وشەپۆلان، یانی دەنگی ئەو بارانەی کە دەباری، ئەو ئاوەی بەسەر ئەرزەکەدا دەڕۆیی، ئەو ئاوەی لە پلوسکەکانەوە دەڕژا و ئاوی فوارەکان کە دەچوو بە حەوادا، تاریکیەکەیان پڕکردبوو.

لەناکاوا دەنگی گوللەی تفەنگ بەرز بووەوە، دوای تۆزێک دەنگی گوللەیەکی دی لە دووری دوورەوە هاتەگوێ. تا ماوەی چوار سەعاتان، ناو بەناو دەنگی فیشەکێک لە دوور ونزیک بەرز دەبووەوە، دەنگی شەیپووری کۆبوونەوەی ئاوێتە بە دەنگێن سەیر کەلە بیخی گەرووەوە ڕەدوبەدەل دەبوو، دەهات.

نزیکی بەیانی هەموو زڤڕینەوە. لە گەرمەی ئەو شکارە ترسناک و لە هەنگامەی ئەو تاقیبە شەوانەیەدا، دوو سەرباز بەدەستی هاوڕێکانی خۆیان کوژراون و سیانی دی بریندار بووبوون. هیچ سوراخێکی راشیل بەدەست نەهاتبوو.

ئەوسا دەستیان بە ڕەفتاری ترسناک دەگەڵ ئاکنجیانی دەڤەرەکەدا کرد. ماڵەکانیان ڕوخاند و سەرانسەری ئەو دیار و دەڤەرەیان کوتا و ژێروبانیان کرد. لێ ئەو ژنە جووە، لە هیچ شوێنێک کەمترین شوێنەواری لە دووی خۆی بەجێ نەهێشتبوو.

فەرماندەی گشتی کەبەم بویەر و بەسەرهاتەی زانی بوو، دەستووری دا، کە ئەم مەسەلەیە تەپس بکەن و بەردێکی بخەنەسەر تا ورەی سوپاییەکان نەڕوخێت و لێپێچینەوە لەگەڵ مێجەری فەرماندەدا کرد. ئەویش لێ پێچینەوەی دەگەڵ ژێر دەستەکانی خۆیادا کرد، فەرماندەی گشتی گوتبووی:- جەنگ لە پێناوی ڕابواردن و ئەشقبازی دەگەڵ ژنانی ڕووسپیدا نییە!

کۆنت دوفالسبرگ کە زۆر تووڕە بووبوو، لێبڕا تۆڵەی خۆی لەو دیار ودەڤەرە بکاتەوە. چونکە بیانوویەکی پێویست بوو، تابەبێ نواندنی دڵڕەقی، دەست بە ئەزیەت و ئازاردانی خەڵکەکە بکات، دەستووری هێنانی کەشیشەکەی دا، ئەمری پێکرد کەلە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی مارکی (دایریک) دا زەنگی کڵێساکە لێبدات.

کەشیش، بە پێچەوانەی ئەوەوە کە لێی چاوەڕوان دەکرا، ئەوپەڕی ملکەچی و هاوخەمی خۆی نیشاندا. لەوکاتەدا کە مادموزیل ڤی ڤی بەسەرشانی سەربازانەوە بوو، سەربازانی دیکەش بە تفەنگی سوارەوە، لەپێش و لەپاش و لە هەموو لایەکەوە گوێ بەگوێی جەنازەکە ڕێیان دەکرد و جەنازەکە لە کۆشکی دوڤیلەوە بەرەو گۆڕستان دەبرا، زەنگی کڵێساکە بۆ یەکەمجار، بە کەماڵی مەیل و ئارەزوو، دەنگێکی خەمناکی لێ بەرز بووەوە، لەتۆوایە دەستێکی ئاشنا و میهرەبان لێی دەدا.

زەنگەکە لەو شەوەشدا لێی دا، بۆسبەی و ڕۆژەکانی دیکەش هەر لێی دا و بەهەرحاڵ چەندیان دەویست لێی دا. تەنانەت هەندێجار وا ڕێدەکەوت کە زەنگەکە لە شەوا تەکانێکی دەدا و دوو سێ

جار دەنگی زەنگەکە لە تاریکیەکەدا دەنگی دەدایەوە، وەکو بڵێی گوزارشت لە شادییەک بکات، یان بە هۆیەکی نادیارەوە بێدار بووبێتەوە.

هەموو جووتیار وگوندییانی ئەو دەڤەرە دەیانگوت زەنگەکە جادووی لێکراوەو ئیدی جگەلە کەشیشەکە و جانکوشی (مجێوری کڵێسا) کڵێساکە هیچ کەسێکی دی لێی نزیک نەدەبووەوە.

مەسەلەکە ئەوەبوو کە ئەو ئافرەتە داماوە، پەنای بردبووە ئەوێندەرو لەو سەرەوە بە ترس ولەرزەوە ژیانی بەسەر دەبرد و ئەو دوو پیاوەش خواردنیان بۆ دەبرد.

ئەم ئافرەتە تا گەڕانەوەی پرووسیەکان بۆ وڵاتی خۆیان، هەر لەوێندەر مایەوە.

پاشان شەوێک کەشیشەکە گالیسکەی نانەواکەی بە ئەمانەت وەرگرت و بەخۆی زندانییەکەی خۆی تا دەروازەی شاری "روان" بەڕێکرد. وەختایەک گەیینە ئەوێندەر، کەشیشەکە ماچی کرد. ژنەکە تا ڕووسپیخانەکەی خۆی کە بەڕێوەبەرەکەی – ژن بوو–و وایدەزانی مردووە، بەپای پیادە ڕۆیی.

دوای ماوەیەک، یەکێک لە نیشتمانپەروەرە کراوەکان، بە دەر لە هەر تاسووبێک، ئەو قارەمانیەتیەی ئەوی چوو بە دڵا و لە و ڕووسپیخانەیەی دەرهێنا، پاشان خوازگاری کرد و زەماوەندی لەگەڵیا کرد و کردی بە خانمێک، لە زۆر خانمێن بە عینوان وناڤ ونیشان، خانمانەتر.

## دایە هۆڤی

( ١ )

پازدەساڵ بوو کە بۆ ڤیرلونی نەگەڕابوومەوە. پاییز بۆ ڕاو وشکار بۆ ئەوێ گەڕامەوە ولەماڵی " "سیرڤاڵ" ئاغای دۆستم لامدا کە تازە قەڵاکەی خۆی دوای ئەوەی پرووسیەکان وێرانیان کردبوو، ئاوەدان ونۆژەن کردبووەوە.

من ئەو دیار ودەڤەرەم زۆر خۆشدەویست. لە دنیادا هەندێ گۆشە و کەناری ئارام وخۆش هەن کە لەزەتێکی خۆش بەچاو دەدەن ومرۆڤ ئەو شوێنانەی بە ئەشق وڤیانێکی وەکو ئەشقی جەستەیی خۆشدەوێ. خەڵکانی وەکو مە کە مەفتوون وئەفسوونی ئاو وخاکین، هەمیشە بیرەوەری شیرینمان لەمەڕ هەندێک سەرچاوەو چاڤکانیان، هەندێ بێشە وجەنگەڵان، هەندێک ئەستێڵ و

دەریاچان وهەندێ شاخ وگردان کە دیتوومانن و وەکو ڕووداوێن لەزەت بەخش کاریان تێکردووین هەیە. تەنانەت هەندێجار بیر لە گۆشەی جەنگەڵێک یان کەنار و بەستێنی ڕووبارێک یان باخێکی پڕ گوڵ دەکەینەوە کە تەنیا جارێک لە ڕۆژێکی خۆشیا دیتوومانە و یادی ئەو دیمەنانە وەکو یادی ئەو ژنە جوانانەی کەلە بەیانیەکی بەهاریدا، بە سووکە ئارایشتێکی پڕ جیلوەوە لە شەقامێکدا دیتوومانن و هەوەسی پاراو نەبوو و فەرامۆش نەکردەنی و هەستی لەزەتی کەوتنە شان بەشانی وان و تەماسی ئانیشکمان بەئانیشکی وانەوە، لە دڵماندا هەر ماوەو لە زەینماندا نەسڕدراوەتەوە.

من لە ڤیرلونی، هەموو بیابان ودەشتەکەی کە یەکپارچە نەمام بوو، ڕوبارەکانیم کە دەتگوت شادەمارن و خوێن بە زەوی دەگەیەنن، هەرهەموویم خۆش دەویست. لەو ڕوبارانەدا ماسی قزالا و قرژاڵ ومارماسیمان ڕاو دەکرد. بە ڕاستی خۆشبوو! لەهەندێ شوێنان دەمانتوانی مەلەش بکەین وزۆرجار لە نێو ئەو زەلکاو وقامیشەڵانانەی کە لە قەراخ ئەو ڕوبار وچوومە باریک و تەنکاوانەدا دەڕوان هەوێردەش پەیدا دەبوون.

من وەکو بزن، گورج و لەزگین ڕێم دەکرد و تەمەشای هەردوو تاژیەکەم دەکرد کەلە پێشمەوە بەکەش وفشەوە دەڕۆیشتن. سیرڤاڵ، لەسەد شەقاوی دەستەڕاستی منەوە، چاوی بە مەزرایەکی وێنجەدا دەگێڕا. من بەپشتی ئەو دڕوەستانەدا کە لە قەراخ بێشەکەدا ڕووابوو پێچم کردەوەو چاوم بە کولبە وکوختەیەکی وێرانە کەوت.

لەناکاوا دەورانی ئاوەدانی ئەو کوختەیەم، کە دوایەمین جار لەساڵی ١٨٦٩دا دیتبووم، وەیاد هێنایەوە. ئەوکاتانە کوختەو کەوێڵێکی پاک وخاوێن وئاواو ئاوەدان بوو،کە هەر چواردەوریان بە مێو چاندبوو، بەردەم حەوشەکەی پڕ بوو لە مریشک وکەڵەبابان، چ شتێک لە دیتنی خانووی مردوویەک کە تەنیا دیوارە داڕوخاوەکانی مابنەوەو وێران وماتەمبار لە گۆشەیەکی دوورا کەوتبێت، خەمناکترە؟

هەروەها ئەوەشم بیرهاتەوە کە ڕۆژێک لەوپەڕی ماندوویەتیدا کە سیرڤاڵ، چیرۆکی ئاکنجیانی خانووەکەی بۆمن دەگێڕایەوە، پیرەژنێکی میهرەبان ودلۆڤان، لەم کولبە وکوختەیەدا جامێ شەرابی دابوومێ. سەرگەڤاری ئەم خانەوادەیە پیرەمێرێکی قاشقونج وڕاوچی قاچاغ بوو کە جەندرمە کوشتبوویان. کوڕەکەی کەکاتی خۆی من دیبووم، گەنجێکی ڕەشیدی تێکسمراو بوو وئەوێش وەکو بابی بەوە بە ناوبانگ بوو کە ڕاو ونێچیری لە دیار ودەڤەرەکەدا نەهێشتبوو. هەموو ئەندامانی ئەم خانەوادەیە بە هۆڤی ناو دەبران. ئیدی نازانم ئەمە ناو بوو یان لەقەب و نازناو.

من سیرڤالم بانگ کرد. بەولاقە درێژانەیەوە کە لە لاقی کەڵک وسەقاقوش دەچوو، هات بۆلام. لێم پرسی:- خەڵکی ئەم ماڵە چییان بەسەر هاتووە و کێوە چوون؟

ئەویش ئەم ماجەرا و بەسەرهاتەی بۆم گێڕایەوە:

( ٢ )

کاتێ جەنگ (مەبەست شەڕی ساڵی ١٨٧٠ی نێوان پرووس وفەرەنسایە) دەستی پێکرد، کوڕێژگەکە، واتە کوڕەکەی "دایە هۆڤی" کەلەو دەمەدا تەمەنی سی وسێ ساڵ بوو، بووبە سەرباز و دایکی بەتەنیا لە ماڵەوە بەجێهێشت. زۆر خەمی پیرەژنی نەبوو، چونکە بەشی خۆی پارە وپوولی هەبوو و هەمووان ئەمەیان دەزانی ئیدی دایە هۆڤی بە تاقی تەنیا لەو کوختە چۆڵ و دوور لە ئاوادانیەکە کەوتبووە کەنار و قەراخی لێرەوارەوە، مایەوە.

پیرەژن لە هیچ شتێک نەدەترسا، چونکە ئەویش لە نەژاد وتیرەی مێرد وکوڕەکەی بوو، یانی پیرێک بوو سەرسەخت وبەژن زراڤ بە دەگمەن پێدەکەنی وهیچ کەسێک سوعبەتی دەگەڵ نەدەکرد. ئەسڵەن ژنانی سارانشین هیچ پێنەدەکەنین، پێکەنین کاری پیاوانە، ژنان روحێکی خەمین و سنووردariyan هەیە چونکە ژیانیان تاریکە. پیاوی گوندی وجووتیار لەوانەیە بۆخۆی کەمێک چالاکی وسەرگەرمی لە مەیخانەیەکدا پەیدا بکات، لێ ژنەکەی بە قەڵافەتی وشک وهەمیشە تووڕەوە لەماڵەوە دەمێنێتەوە. ماسولکەکانی دەم وچاویان هەرگیز فێری پێکەنین نەبوون.

دایە هۆڤی لەو کوختە وکەوێڵە چۆڵ وهۆڵەدا، کە زووبەزوو بەفر دای پۆشیبوو، درێژەی بەژیانی خۆی دەدا. هەفتەی یەک جار بۆ ئاوایی دەهات و برێک نان وگۆشتی دەکڕیو پاشان بۆ کەوێڵەکەی خۆی دەزڤڕییەوە. چونکە قسەوباسی ئەوە هەبوو کە گورگ لەو دیار ودەڤەرە زۆرن، ئەو هەمیشە تفەنگ بەشان دەچووە دەرێ، بە تفەنگەکەی کوڕەکەیەوە کە ژەنگی هێنابوو و قۆناغەکەی لەبەر تەماسی زۆری دەستان تەواو سوابوو، دەچووە دەرێ. ئەوەی ڕاستی بێ دیمەنی ئەم دایە هۆڤییە، ئەم پیرەژنە بەژن وباڵا زراڤە کەمێک خوارەکە بە ئەسپایی بەنێو بەفران دەکەوت و لوولەی تفەنگەکەی لە نووکی کڵاوە ڕەشەکەی بەرزتربوو، زۆر سەیر بوو. قژە سپیەکەی هەمیشە لەژێر ئەو کڵاوە ڕەشەیەوە بوو، کەس پۆڕی وی نەدەبینی.

ڕۆژێک پرووسییەکان هاتنە دەڤەرەکە، بەسەر ماڵەکاندا، ئیدی هەر ماڵەوە بەگوێرەی توانا وئیختیداری خۆی، دابەش بوون.

پیرەژن کەبە مەزەندەی وان دەوڵەمەندە، چوار نەفەری بەرکەوت. چوار سەربازی گەنج و قوت و قەڵەو بە بەدەنی سپی ورِدێنی خورمایی وچاوانی شینەوە کە وێرای هەموو زەحمەت و ماندوویەتیەک هەر بە قەڵەوی وخرپنی مابوونەوەو هەرچەندە لەخاکی وڵاتێکی داگیرکراودا بوون، کورِی باش بوون. لەماڵەکەی ئەو پیرەژنەدا خۆیان میهرەبان و خۆشخزمەت دەنواند و بەگوێرەی توانا ئەرکیان نەدەخستەسەر و زەحمەتیان نەدەدا ولە مەسرەف وخەرجیان مەعافیان دەکرد. خەڵکی هەرچوار سەربازەکەیان دەبینی کەلەو سەرمایەدا لەش وبەدەنی سپی وقورِاوی خۆیان، کەلە تایبەتمەندیەکانی خەڵکی باکوورە، بە ئاو دەشۆرد وپاک دەکردەوە، دایە هۆڤیش لەو کاتەدا بۆ ئامادەکردنی شۆربا وخواردن لە هات وچۆدا بوو. ئەوجا هەر چوار سەربازەکە دەبینران کەوەکو چوار کورِی باشی بەردەستی دایکیان، مژوولی خاوێن کردنەوەی ئاشخانەکە و پاککردنەوەی شووشەی پەنجەرەکان وشکاندنی دارو پاککردنی پەتاتە و شۆردنی جل و ئەنجامدانی هەموو کارێکی ناوماڵ بوون.

لێ پیرەژن هەمیشە لەبیری کورِەکەی خۆیدا بوو، کە گەنجێکی بەژن و باڵابەرزی باریکەلەی کەپوو دەندووکە داڵاشی بوو، چاوەکانی قاوەیی و سمێڵەکانی ئەستوور کەوەکو چەپکێک خوری رِەش بەسەر لێوییەوە دیاربوو.

پیرەژن، هەموو بەیانییەک، لەهەریەکێک لەو سەربازانەی کە هاتبوونە ماڵەکەی دەپرسی:- ئایا ئێوە دەزانن کە لیوای بیست و سێی پیادەی سوپای فەرەنسی کێوە چووە؟ کورِەکەی من ئێستا لەو لیوایەدایە.

سەربازەکان وەڵامیان دەدایەوە:- نە دایە، نا... ئێمە نازانین.

چونکە سەربازەکانیش لە وڵات ومەملەکەتی خۆیان دایکیان هەبوو و چاو لە رِێی وان بوون، هەستیان بە ئازار ونیگەرانی ئەو دەکرد ودڵیان رِادەگرت. بەهەرحاڵ پیرەژن ئەم چوار گەنجە دژمنەی خۆش دەویست، چونکە گوندییان بەهیچ جۆرێ کینەی نیشتمانپەرستانەیان نییە وئەم کینەکێشیە پیشەی چینەباڵاکانە. چینی بن دەست کەلە هەمووان زیاتر باج دەدەن، چونکە لە هەمووان هەژارترن وهەموو باجێکی تازە بە ملی واندا دەدرێ و دەستە دەستەدەکوژرێن و بەهەموو واتای وشە گۆشتی دەم تۆپانن، چونکە ژمارەیان زۆرە، ئەنجام بە شێوەیەکی زاڵمانەتر لە هەمووان، نەگبەت و ماڵوێرانیەکانی جەنگیان دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە لە هەمووان بێ دەسەڵات تر وکەم مقاوەمەت ترن، بەهیچ جۆرێ سەریان لەم هەڵچوونە دژمنانەیە، لەم هاندانە، لەم پلان

وپیلانە سیاسیانە دەرنەدەچوو کە لە زەرفی شەش هەیڤاندا هەردوو میللەتی سەرکەوتوو و ژێرکەوتووی لەپەل وپۆ خستبوو.

لە دەڤەرەکەدا کە باسی ئەو چوار سەربازە ئەڵمانیەی کەبەر ماڵی دایە هۆڤی کەوتبوون دەکرا، دەیانگوت:- ئەو چوارە کەوتوونەتە شوێنێکی باشەوە، دەستیان کەوتووەتە ڕۆنەوە.

بەڵێ، بەیانیەک، کە پیرەژن لەماڵەوە بوو، لە دوورەوە چاوی بە پیاوێک کەوت کەبەرەو کوختەکەی وی دەهات. پیرەژن یەکسەر کابرای ناسییەوەو زانی کە هەمان یارۆی پۆستەچیە کەبە پای پیادە نامەکان بە گوندەکاندا دابەش دەکات. کابرا کاغەزێکی قەد ونوشتکراوی دایە دەست پیرەژنەکە وئەویش چاویلکەکەی کەبۆ خەیاتی بەکاری دێنا لە کیفەکەی دەرهێناو دەستی بە خوێندنەوە کرد:

" دایە هۆڤی میهرەبانم، ئەم نامەیە بۆ ئەوەیە کە هەواڵێکی خەمناکتان پێ ڕابگەیەنێ، کوڕەکەت، ڤیکتور، دوێنێ گوللە تۆپێکی بەرکەوت کەڕێک لە ناوەڕاستەوە کردی بە دوو لەتەوە، کوژرا. من لە نزیکی ئەو بووم، چونکە لە سریەکەماندا هەمیشە شان بەشانی یەکدی دەڕۆیشتین، هەمیشە باسی تۆی بۆ دەکردم وپێی دەگوتم ئەگەر بویەرێکی خراپی بەسەرهات، هەرهەمان ڕۆژ ئاگادارت بکەمەوە. من سەعاتەکەیم لە گیرفانی دەرهێناوەو لەلای خۆم هەڵمگرتووە تا هەرکاتێ شەڕ تەواو بوو، بۆتۆی بێنمەوە. سڵاوی دۆستانەی من قەبووڵ بفەرموو. سزار ریوڤ، سەربازی لیوای بیست و سێیەمی پیادە. "

بەرواری نامەکە هی سێ هەفتە لەوەپێش بوو.

پیرەژن هیچ نەگریا. لە جێی خۆی وشک بووبوو، مات وخامۆش هێشتا هەستی بە خەم و پەژارەکە نەکردبوو. بیری دەکردەوە کە: "ئیدی ڤیکتۆری منیش کوژرا. " ئەوسا وردە وردە ڕوندک کەتە چاوانی و خەم وئازار دایگرت. بیری ترسناک و بەئازار لێکدالێکدا هێرشیان بۆ مێشکی دێنا. ئیدی هەرگیز ناتوانێ منداڵەکەی، ئەو کوڕە ڕەشیدەی لەهەمێز بگرێت وماچی بکات. ئیدی جەندرمان باوکەکەیان کوشتبوو و پرووسیەکانیش کوڕەکە... تۆپێکی بەرکەوتووە، لەناوەڕاستەوە کردبووی بە دوولەتەوە. پیرەژن وای دەهاتە بەرچاو کە ئێستا وبەچاوی خۆی ئەو دیمەنە دەبینێت، ئەو دیمەنە ترسناک ودڵتەزێنە کە سەری لە لاشەی جیابووەتەوەو کەوتووەتە گۆشەیەکەوەو چاوانی زەق بوونەتەوە، ڕێک وەکو ئەو دەمانەی کە تووڕە دەبوو و سەری سمێڵی دەجوو.

باشە چییان لەلاشەکەی کردبوو؟ خۆزگە بەلای کەمەوە جەستەی جگەرگۆشەکەیان ویدەدایەوە. وەکو چۆن جەنازەی مێردەکەیان کە گوللەیەک بەر ناوەندی هەنیەی کەوتبوو، دابووەوە.

پیرەژن، لە ناکاوا گوێی بەدەنگی بەشەر زرینگایەوە. پرووسییەکانبوون کەلە کەناری گوندەکە دەگەڕانەوە. یەکسەر نامەکەی لەگیرفانی خۆی پەستا وچونکە دەرفەتی ئەوەی پەیدا کردبوو کە فرمێسکەکانی بسڕێت، بە ئارامی و بەهەمان قەڵافەتی ئاسایی پێشوازی کردن.

هەرچوار سەربازەکە پێدەکەنین وشاد بوون بەمەی کە کەروێشکێکی قوت وقەڵەویان هێنابووەوە کە بێگومان لە شوێنێکیان دزی بوو و ئاماژەیان بۆ پیرەژن دەکرد کەبەم کەروێشکە خواردنێکی خۆش دەخۆن.

پیرەژن، یەکسەر بۆ ئامادەکردنی فراڤین دەستبەکار بوو، لێ وەختایەک کە ویستی کەروێشکەکە سەر ببڕێت، هەرچەندە ئەمە یەکەمجاری نەبوو کە ئاژەڵێک سەر ببڕێت، دڵی نەهات و دەستی تێ نەچوو. یەکێک لە سەربازەکان مستێکی بەپشتی کەروێشکەکەدا کێشا وکوشتی.

هەرکە کەروێشکەکە مرد، پیرەژن کەوڵی کرد وگۆشتە سوورەکەی کەوتە دەر. بەڵام دیمەنی خوێنەکە کەبە سەر ئەرزەکەوە ڕێچکەی بەستبوو ودەست وپلی پیرەژنی سوور کردبوو- خوێنێکی گەرم کە سارد دەبووەوەو لەجێی خۆی دەمەیی – سەراپای پیرەژنی هێنایە لەرزین. بەدەم ئیشەوە دیمەنی کوڕە جوامێر و ڕەشیدەکەی دەهاتە بەرچاوی کە دوولەت بووبوو و وەکو ئەم کەروێشکە سەراپا لەخوێنی خۆیا سوور بووبوو.

لەگەڵ میوانە پرووسییەکانی خۆیدا لەسەر سفرەکە ڕۆنیشت، لێ نەیتوانی تاقە پارووپەکیش بخوات. سەربازەکان بێئەوەی گوێ بە پیرەژن بدەن، کەروێشکەکەیان هەڵمەقووت کرد. پیرەژن بە تیلەی چاو سەیری دەکردن و ورتەی لێوەنەدەهات. شتێکی لە مێشکی خۆیدا تاوتوێ دەکرد، لێ سەروسیمای بە ڕادەیەک ئاسایی بوو کە سەربازەکان هەستیان بە هیچ شتێک نەکرد.

پیرەژن لەناکاوا لێی پرسین:- ئەرێ ئەوە یەک مانگی تەواوە پێکەوەین ومن تائێستا ناوی ئەنگۆم نەزانیوە.

سەربازەکان، بە ئاسانی لە نیاز ومەبەستی حاڵی بوون و ناوی خۆیان پێگوت. پیرەژن تەنیا بە ناوەکانیان سووکنایی نەهات، بۆیە داوای لێکردن کە ناو وناوی فامیل وئەدرەسی خانەوادە و ماڵباتەکانی خۆیانی لەسەر پارچە کاغەزێک بۆ بنووسن و بیدەنێ.

ئەوسا عەینەکەکەی نایەسەر کەپووە زەلامەکە و لە خەتە نائاشناکەیان ورد بووەوەو پاشان کاغەزەکەی قەدونوشت کرد و لەگەڵ ئەو نامەیەدا کە هەواڵی مەرگی کوڕەکەی تیابوو، لەگیرفانی خۆی نا.

کە خواردن تەواو بوو، بە سەربازەکانی گوت: - دەمەوێ بڕۆم کارێکتان بۆ بکەم.

دەستی بە کێشانەوەی کۆمەڵێک بەستەپۆش کرد بۆناو ئەو عەمارەی کە چوار سەربازەکە لەوێدا دەنووستن. سەربازەکان سەریان لەم کارەی ئەو سوڕما. لێ ئەو بۆی ڕونکردنەوە کەبەم کارە کەمتر سەرمایان دەبێت. ئیدی هەموو کەوتنە یارمەتی دانی. بەستە گیاو پووشەکانیان تا ژێر میچی کادێنەکە لە سەریەک هەڵچنی وبەم کارە یەک ژووری نووستنی گەورەیان بە چوار دیواری پۆش وگیای گەرم و بۆنخۆش دروستکرد، کە دەیانتوانی بە ئیسراحەت و بێخەم وخەیاڵ تیایدا بنوون.

لە کاتی شێڤدا یەکێک لە سەربازەکان کەهەستی کرد دایە هۆڤی هیچ ناخوات، نیگەران بوو، پیرەژن تەوازی بۆ هێنانەوە کە سکی دەچێت. پاشان ئاگرێکی بۆخۆی کردەوە تا گەرمی ببێتەوە. چوار سەربازە ئاڵمانییەکە بەوپەیژەیەدا کەهەموو شەوێ پیا سەردەکەوتن بۆ کادێنەکە، چوون بۆ خەوگاکەی خۆیان.

هەرکە دەرگای کادێنەکە داخرا، پیرەژن نەردەوانەکەی لابرد، ئەوجا بەبێدەنگی، دەرکی کوختەکەی کردەوەو چوو چەند بەستە پووشێکی وشکی دیکەی هێنا و لە ئاشخانەکەدا لەسەر یەک هەڵی چنین. بەپێی پەتی، هێندە بەسووکی بەسەر بەفرەکەدا دەڕۆیی کەهیچ کەسێک گوێی لەدەنگی پێی ئەو نەدەبوو.

کە بینی. سووتەمەنی و شەواتەکە زۆرە. پنجە دڕوویەکی لە ئاگردانەکەوە نا، هەرکە گڕی گرت خێرا نایەسەر پنجەکانی دی، ئەوسا بەخۆی لە ئاشخانەکە وەدەرکەوت و کەوتە تەمەشاکردن.

لەزەرفی چەند چرکەیەکدا، گڕێکی گەش ناو کوختەکەی ڕوناک کردەوە، ئەوجا کوختەکە بووبە ئاگردان ووجاخێکی ترسناک، نەخێر بوو بە کوورەیەکی ئاگر وگڕو بڵێسەکەی لە پەنجەرە بچووکەکەوە دەچووە دەرێ و تیشکی بە سەر بەفرەکەدا بڵاودەکردەوە.

دوای کەمێک هاوار لەسەربانی کوختەکەوە بەرز بووەوە، ئەوجا هاوار وهەرا وزەنای بەشەران هاتەگوێ، نەعرەتەی ترس بەرز بووەوە. ئەوجا ئاگر لە دەریچەی کادێنەکەوە بۆناو عەمارەکە

تەشەنەی کرد، گڕی ئاگر وەکو گەردەلوول چوو بە ئاسمانا، ساپیتەی عەمارەکەی کون کرد و وەکو مەشخەڵێکی گەورە بڵێسەی سەند. هەموو کوختەکە گڕی گرتبوو.

ئیدی لەناو کوختەکەوە، جگە لە قرچەقرچی ئاگر وداڕوخانی دیوار وکاریتەکان هیچ دەنگێکی دی بەگوێ نەدەگەیی. لەناکاوا ساپیتەکەش هەرەسی هێنا وهەیکەلی گڕگرتووی کوختەکە لەناو جەرگەی چەرە دووکەڵەوە، لە چەترێکی ڕەنگین دەچوو کە گڕ و بڵێسە بە ئاسماندا بکات.

سارای لەبەفرا سپی، کە تیشکی ئاگرەکە ڕوناکی کردبووەوە، لە سفرەیەکی زێوین دەچوو کە ڕەنگی سووریان پێوەر کردبێت، لەپەستا و بێ پسانەوە دەدرەوشایەوە.

دەنگی زەنگێک لە دووری دوورەوە بەرز بووەوە.

دایە هۆڤی لەترسی ئەوەی نەبادا یەکێک لە سەربازە هۆڤیەکان ڕزگاری بێ و بەسەلامەتی دەربچێت و هەڵێت، بە تفەنگەوە، هەمان تفەنگی کوڕەکەی، لەبەر دەرگای کەوێڵە کاولەکەی خۆی وەستابوو.

کەبینی هەموو شتێک تەواو بوو، تفەنگەکەی خۆی هەڵدایە ناو ئاگرەکەوە. تەقینەوەیەک ڕووی دا، خەڵکی لە هەموو قوّلێکەوە هاتن، گوندییان و پروسییان بوون، سەیریان کرد کە پیرەژن ئارام و ئاسوودە لەسەر کۆتەرە دارێک ڕۆنیشتووە.

ئەفسەرێکی ئاڵمانی، کەوەکو فەرەنسیان بەفەرەنسی داخاوت لە پیرەژنی پرسی:- ئەدی سەربازەکان لەکوێن؟

پیرەژن، قۆڵە لاواز وباریکەکانی بەرەولای سکڵە سوورەکانی ئاگرەکە کە ڕوو لە کوژانەوە دەچوو، درێژ کرد و بە ڕاوێژێکی مکووم بەرسڤی دایەوە:- لەوێ، لەناو ئاگرەکەدان.

هەموو دەوری پیرەژنەکەیان دا. ئەفسەرە پروسییەکە دیسان پرسی:- چۆن بوو ئاگری گرت؟

پیرەژن گوتی:- من ئاگرم تێبەردا.

باوەڕیان پێنەدەکرد و وایان وێنا دەکرد کە گەورەیی کارەساتە، لەنکاوەکە شێتی کردووە.

لەوکاتەدا کە هەمووان لە دەوری خڕ بووبوونەوەو گوێیان لە قسەکانی دەگرت، ئەو بویەر وماجەراکەی لە سیری تا پیازی، لە هاتنی نامەکەوە تادوا هاواری ئەو سەربازانەی کەلەناو کوختە گڕ گرتووەکەی ئەودا دەسووتان، هەرهەمووی بۆ گێڕانەوە. تەنانەت یەک وشەشی لەو شتەی کە هەستی پێکردبوو و لەو شتەی کە کردبووی، نەپەڕاندبوو.

کەقسەکانی تەواو کرد، دوو پارچە کاغەزی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا و بۆ ئەوەی کاغەزەکان لەبەر دوا ڕوناکی ئاگرەکە لێکدی جیابکاتەوە، جارەکی دی چاویلکەکەی لەچاوی کرد. ئەوجا یەکێک لە کاغەزەکانی نیشاندان و گوتی:- ئەمە نامەی هەواڵی مەرگی ڤیکتۆرە.

ئەوسا کاغەزی دووەمی نیشاندان و بەسەر ئاماژەیەکی بۆ کوختە وێران و سووتاوەکەی کرد وگوتی:- ئەمەش ئادرەس وناونیشانی سەربازەکانە تا هەواڵی مەرگیان بە کەس وکارەکانیان بدەن.

هەنگێ بە کەماڵی خوێنساردی کاغەزەکەی دا بەو ئەفسەرەی کە شانەکانی ئەوی گرتبوو و گوتی:- بۆیان بنووسن کە ڕووداوەکە چۆن بووە، بەتایبەتی بە ماڵباتەکانیان بڵێن کەمن ئەم کارەم کردووە، من و، ڤیکتۆر سیمون هۆڤی، فەرامۆش نەکەن.

ئەفسەرەکە هەندێ دەستووری بەزمانی ئاڵمانی دا، پیرەژنیان گرت ولەبەر دیوارە نیمچە داڕوخاوەکەی کولبەکەی خۆیا کەهێشتا گەرم بوو ڕاگرت. پاشان دوازدە زەلام بەحاڵی ئامادەباشی، لە بیست مەتری ڕووبەڕووی ئەودا بەڕیز وەستان. پیرەژن، جووڵەی بۆ نەدەکرد. لە فیکەی خۆی حاڵی بووبوو و چاوەڕوانی دەکرد.

دەنگی فەرمانێک بەرز بووەوەو یەکسەر دەنگی دەستڕێژێکی دوورودرێژی بەدوودا بەرز بووەوە. دەنگی تاقە گوللەیەک کە درەنگ تر تەقی بوو، لەدوای ئەو دەسترێژەوە هاتەگوێ.

پیرەژن نەکەوت، بەڵکو دوولۆ بووەوە. دەتگوت لاقەکانیان بەداس بڕییەوە.

یارۆی ئەفسەری پرووسی نزیک بووەوە، پیرەژن بە جۆرێکی لێهاتبوو دەتگوت لە ناوقەدەوە بڕاوەتەوە و هێشتا نامە بەخوێن ئاوێتەکە لەنێو دەستە نوقاوەکەیدا بوو.

سیرڤالی دۆستم لەسەری ڕۆیی:- ئەڵمانەکان، لە تۆڵەی ئەم بویەرو ڕووداوەدا قەڵا ئاغایانەکەی منیان وێران کرد.

من بیرم لە دایکی ئەو چوار گەنجە بەستەزمانە دەکردەوە کەلەو ئاگرەدا سووتابوون و هەروەها بیرم لە قارەمانیەتی بێ بەزەییانەی دایکێکی دی دەکردەوە کەلەپای ئەو دیوارەدا گوللەباران کرابوو.

بەردێکی بچووکم، کە هێشتا بەهۆی ئەو ئاگرەوە ڕەش بوو، وەکو یادگارێک لە ئەرزەکە هەڵگرت.

# میدالی ڕێزلێنان

خەڵکی بە غەریزە بەباڵاخوازی و سەرکەوتنخوازییەوە دێنە دنیایێ و چونکە بەقسەکردن و بیرکردنەوەوە دەست پێدەکەن، ئەم غەریزەوکەڵکەڵەیە لەشێوەی بەهرەوتواناویان هەوەسی بێداربوونەوە دەردەکەوێت.

جەنابی "ساکرمان" هەرلەسەرەتای منداڵی ڕا تەنیا یەک خولیا و ئارەزووی لە مێشکدا هەبوو، ئەویش ئەوەبوو میدالی ڕێزلێنان وەربگرێت. گاڤێ منداڵ بوو، وەکو منداڵانی دی کاسکێتێکی لەسەر دەکەن، خاچێکی پۆڵاییینی لە شێوەی نیشانە ومیداڵدا بەجوانی لەبەرۆکی دەدا و لە کوچە وکۆڵانەکانا، دەستی دایکی دەگرت و بەکەش وفشەوە دەڕۆیی و سینگە چکۆلەکەی کە نەوارێکی سوور و ئەستێرەیەکی ئاسنی پێوەکردبوو دەردەپەڕاند.

لە کۆتاییدا کەبە جرەجرِ گەییە قۆناغی خوێندنی ناوەندی، لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ دەرنەچوو، ئیدی لە فیکەی خۆی حاڵی بوو وچونکە پارەی هەبوو دەگەڵ کچێکی جواندا زەماوەندی کرد.

بەدوو قۆڵی لە پاریسدا وەکو ئەشرافی دەوڵەمەند وزەنگین دەژیان وهیچ پەیوەندی و تێکەڵاوییەکیان لەگەڵ رِەمەکی مەردمدا نەبوو، کۆمەڵگەی تایبەتی خۆیان هەبوو، پەیوەندی و تێکەڵاویان لەگەڵ کۆمەڵگەی تایبەتی خۆیاندا هەبوو، بۆ نموونە بەوەوە دەفشین کە دۆستایەتیان دەگەڵ نوێنەرێکی پەرلەماندا هەبوو کە لەگین بوو پاشان ببێت بە وەزیر و لەهەمان کاتدا دۆستی دووان لە فەرماندە گەورەکانی سوپا بوو.

لیَ ئەو بیرەی کە لە رِۆژانی سەرەتای ژیانەوە کەوتبووە سەری ئاغای ساکرمانەوە، یەخەی بەرنەدەدا ونەدەدا وهەمیشە خەفەتی لەمە دەخوارد کەبۆچی ناتوانیَ نەوارێکی قرمزی باریک لەیەخەی خۆی بدات کەهەمووان بیدینن.

ئەگەر لە شەقام ورِێگەوباندا، تووشی هەرکەسێک بوایە کە نیشانە ومیداڵی رِێزلێنانی بەبەرۆکەوە بوایە، وەکو ئەوەبوو خەنجەرێک لەدڵی بدەن. ئەم داماوە، بەبەغیلییەکی حەسوودی ئامێزەوە، ژێراوژێر بە تیلەی چاو سەیری دەکردن. زۆرجار، دوانیوەرِوان، لەکاتی دەستبەتاڵی وبێکاریدا، دەکەوتە ژماردنی ئەو خودان میداڵ ونیشانانە ولە دڵی خۆدا دەیگوت: "بابزانم لە شەقامی مادلینەوە تا کوچەی "دروسو" تووشی چەند کەسی نیشانەدار دەبین."

هەنگیَ بەکاوەخۆ و لۆژلۆژ دەکەوتەرِیَ، چاوی دەبرِییە جلوبەرگی رِێبواران، چاوەکانی بەجۆریَ رِاهاتبوون کە دەیتوانی لە دووری دوورەوە، ئەو خاڵە قرمزە بدینێت. ئەنجام وەختایەک دەگەییە کۆتایی رِێرِەوی پیاسە ورِاوێچکەکەی خۆی، سەری لە زۆری ژمارەی نیشانەکان دەسورِما و لەدڵی خۆدا دەیگوت:- وای! هەشت ئەفسەر وهەڤدە شاسوار! بەرِاستی یەجگار زۆرە! ئەلهەق ئیسرافکردن لە بەخشینی میداڵ ونیشانانداا بەم رِادەیە کارێکی گەوجانەیە! دەی بابزانم لەگەرِانەوەدا تووشی چەند کەسی دی دەبم."

هەنگیَ، هێواش هێواش، لەهەمان رِێگاوە دەگەرِایەوە و کاتێکە ئاپۆرِای خەڵکەکە زیادی دەکرد و قەرەباڵغی رِێبواران دەیانکردە کارێک کە ژماردنی خاوەن نیشانە ومیداڵەکانی لیَ تێک بچێت، ئیدی زۆر پەست ونارِەحەت دەبوو.

چەند گەڕەکێکی دەزانی کە لەگین بوو، خاوەن نیشانان لەوێندەر زیاتر بەرچاو بکەون. خودان نیشانان زیاتر لە گەڕەکی "پالەرویال" دا دەبینران. شەقامی "ئۆپرا" لەو ڕووەوە لە کوچەی "ئاشتی" بێ بەرەکەت تر نەبوو، هاتوچۆیان بە سەمتی ڕاستی شەقامەکەدا زیاتر بوو لەسەمتی چەپ.

پێدەچوو، خودان نیشانەکان، هاتوچۆی کافە و شانۆ تایبەتیەکانیان، پێ پەسند بێ. هەرجارێ کە ئاغای ساکرمان، جماعەتێکی لەم پیرەمێردانە بەسەری سپیەوە دەبینی کەلە ناوەندی شوستەکەدا وەستاون ورێگەی هاتوچۆی خەڵکەکەیان تەنگ کردووە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئەمانە ئەفسەرانی خودان میداڵ ونیشانن!" و پڕبەدڵ حەزیدەکرد سڵاویان لێبکات.

هەستی بەوە کردبوو کە ئەفسەران بەزۆری ڕەفتاریان لە ڕەفتاری شاسوارە سادەکان جیاوازەو ڕەفتار وڕواڵەتیانلەو گرووپە جیاوازە. بەئاشکرا هەست دەکرا کە ئەفسەران زیاتر مایەی ڕێز وحورمەتن و خەڵکی بایەخی زیاتریان پێدەدەن.

ئاغای ساکرمان هەندێجار زۆر تووڕە دەبوو، تووڕەبوون لە تێکڕای ئەو کەسانەی کە میداڵ و نیشانەی ڕێزلێنانیان هەبوو وهەستی دەکرد ڕقێکی وەکو ڕقی سوسیالیستەکانی سەبارەت بەوان لەدڵدایە.

هەنگێ لە کاتی گەڕانەوەدا بۆماڵ، تووڕە و نیگەران لە دیتنی ئەوهەموو خاچی ڕێزلێنانە، وەکو چۆن هەژارێکی برسی دوای ئەوەی بە بەر دووکانێکی خۆراکفرۆشیدا تێدەپەڕێ و دەهاڕوژێت، بەوئاوایە بەدەنگی بەرز دەیگوت:- ئاخر کەی لەشەڕی ئەم ڕەوشە پیسە ڕزگار دەبین؟

ژنەکەی مات وخامۆش لێی دەپرسی:- ها، ئەمڕۆ چیتە؟

ئەویش بەرسڤی دەدایەوەو دەیگوت:- دەتەوێ چم بێت؟بەڕاستی لەو هەموو بێدادیەی کەلە هەموو شوێنێکا دەی بینم بێزار بووم. بە ڕاستی کۆمۆنارەکان (هەوادارانی کۆمۆنەی ١٨٧١ پاریس) نەهەقیان نەبوو.

هەنگێ، دوای شێویش دەچووە دەرێ ولە بەر موغازانی میداڵ ونیشان فرۆشی بەدەم تەمەشاکردنەوە دەوەستا. بەوردی دەیڕوانیە میداڵ و نیشانانی جۆراوجۆر کە هەریەکەیان بەشێوەو ڕەنگێک بوون. لەدڵی خۆیدا حەزی دەکرد هەموو ئەو میداڵ و نیشانانەی هەبووایە و لە کۆڕی ئاهەنگێکی گشتیدا ولە هۆڵێکی گەورەی پڕ لە ئاپۆڕای خەڵکی، پڕ لە مەردمی حایر وحەپەساو، لەبەردەم جەماوەرەکەی خۆیدا حەرەکەت بکات و سینگ وبەرۆکی لە نیشانان و میداڵانی جۆراوجۆرا، کە بە گوێرەی فۆرم وقەوارە ڕیزکرابن، بدرەوشێتەوە، وکڵاوێکی قووچی

بەدەستەوە بێت و وەکو ئەستێرەیەکی گەش و پرشنگدار، بەناوەندی ئەو جەماوەرەدا، کە دەنگی ئافەرین ورێژ، زەمزەمەی حورمەت ئامیزیان بەرز بووەتەوە، تێبپەڕێت.

مخابن کە ئاغای ساکرمان، هیچ عینوان وپایەیەکی نەبوو کە ڕێگەی ئەوەی بدات هیچ میداڵ و نیشانەیەکی هەبێت.

لە دڵی خۆیدا گوتی:- بەدەست هێنانی نیشانی "لژیون دونور" بۆ خەڵکانێک کەهیچ پلەوپۆستێکی دەوڵەتیان نەبێت زۆر ئەستەمە. چۆنە هەوڵێک بدەم ببم بە ئەندامی ئەکادیمیا! (کۆڕی زانیاری!)

لێ نەیدەزانی چۆن بگاتە ئەو پۆست وپایەیە. مەسەلەکەی لەگەڵ ژنەکەیدا باس کرد، ژنەکە حایر و سەرسام پرسی:- ئەندامی ئەکادیمیا؟ باشە تۆ چ کارێکت بۆ گەیشتن بەم پۆست و پایەیە کردووە؟

ساکرمان تووڕە بوو وگوتی:- ئاخر تۆبۆ لەقسەکەی من تێناگەی؟ من لەتۆ دەپرسم بۆ گەیشتن بەم پلەوپۆستە دەبێ چ بکرێت؟ بەڕاستی تۆ هەندێجار بێ ئەقڵ دەبیت!

ژنەکەی بزەیەکی کرد وگوتی:- هەق بەتۆیە، لێ من نازانم دەبێ چ بکرێت؟

ئاغای ساکرمان، بیرێکی بە مێشکا هات وبەژنەکەی گوت:- چۆنە تۆ لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ جەنابی ڕوسلنی ئەندامی ئەنجوومەن بکەیت. ئەو دەتوانێ ڕێگایەکم بۆ دابنێت. تۆخۆت دەزانی کەمن ڕووم نایەت لەم بارەیەوە ڕاستەوخۆ قسەی دەگەڵدا بکەم. ئەم کارە زۆر هەستیار وزەحمەتە، لێ کەتۆ باسی بکەیت زۆر ئاساییە.

خات ساکرمان، بەگوێی مێردەکەی کرد. جەنابی روسلن گفتی دا کە لەمبارەیەوە قسە دەگەڵ وەزیردا بکات. ئەوسا ئاغای ساکرمان جەنابی روسلنی بەگیر هێنا. ئەنجام نوێنەری ئەنجوومەن وەڵامی دایەوە کە پێویستە عەرزوحاڵێک بنووسێت وسیڤی تەواوی خۆی وکارنامەو شادەتنامەکانی لە عەرزوحاڵەکەدا تۆمار بکات.

شادەتنامە؟ چ عینوان وکارنامەیەک؟ ئەو شادەتنامەی سێی ناوەندیشی نەبوو.

ویرای ئەوەش دەست بەکاربوو وکەوتە نووسینی نامەیەک لە ژێر ناڤی "مافی خەڵکی لە خوێندن وپەروەردەدا " لێ بە هۆی نەشارەزایی ونزمی ئاستی زانستی خۆیەوە، ئەوکارەی پێ تەواو نەکرا.

ئیدی کەوتە پەیگیری بابەتێن ئاسانتر، ئیدی خۆی لە چەند بوارێکدا جەڕباند، سەرەتا هەندێک شتی دەربارەی "فێرکردن وپەروەردەی منداڵ بە کەرەستەی بینراو" نووسی. لەونامەیەدا پێشنیازی کرد کەلە گەڕەکە هەژار نشینەکاندا جۆرە شانۆنامەیەکی خۆڕایی نمایش بکەن. کەس وکاری منداڵان،

مندالانی خۆیان له مندالییەوه بۆ ئەو شانۆنامه ونمایشانه ببەن ولەوێ به کۆمەکی کامێرا وشاشه زانیاری گشتی فێری مندالانی بچووک بکرێت. دەیگوت لەم جۆره دەرس گوتنەوەیه، فێرکردنی واقیعییه. مێشک لەرێگەی چاوەوه زانیاری وەردەگرێت و وێنەکان له زەینیدا نەخش دەبن و بەمجۆره زانیاری بۆ مندالان دەبێت به کارێکی هەستی و کاریکی دیدەنیش، یانی هەم هەست بەشداری تیادەکات و هەم چاو وبینایی.

چ رێگایەک لەمه ئاسانتره بۆ فێربوونی مێژووی گشتی وجوگرافیا و مێژووی تەبیعی و گیاناسی و حەیواننناسی و زیندەوەرناسی و...؟

ئاغای ساکرمان، ئەم نامەیەی بەچاپ گەیاند، سەرو نوسخەی بۆ هەریەکێک له نوێنەرەکان و، دوو نوسخەی بۆ هەریەکێک له وەزیرەکان نارد، پەنجا نوسخەی بۆ سەرکۆمارو سەرو ده نوسخەشی بۆ هەریەکێک له رۆژنامەکانی پاریس و بۆ پێنج رۆژنامەی شار وشارۆچکەکان نارد.

پاشان نامەیەکی دیکەی سەبارەت به دامەزراندنی کتێبخانانی گەرۆک نووسی و لەو نامەیەدا پێشنیازی کرد که دەولەت دەبێ عەرەبانەی چوارچەرخەی بچووکی پڕ له کتێبان، به شەقامەکاندا بگێڕێت و هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەبێت مانگانه دەدانه کتێب له هەنبەر یەک "سو" دا بەکرێ بگرێ وبخوێنێتەوه.

سەبارەت به دروستی بۆچوونەکانی خۆی دەیگوت:- میللەت تەنیا بۆ بەرەڵلایی و سەیران ئازایه، بەهیچ جۆرێ رووی له خوێندنەوه نییه، جا مادامێکی ئەو رووەو خوێندنو فێربوونی ناڕوات، دەبێت خوێندن وفێرکردن بەرەولای ئەو ببرێت.

ئەم نامەیه هیچ دەنگدانەوەیەکی لێنەکەوتەوه. وێڕای ئەمەش ئاغای ساکرمان، پەیگیری عەرز وحالەکەی خۆی کرد. وەلامیان دایەوه که پێشنیازەکانی بەهەند دەگیرێن وفرمانی پێویست لەوبارەیەوه دەدرێ. ئاغای ساکرمان، ئومێدی تەواوی به سەرکەوتنی خۆی پەیدا کرد وبەو ئومێدەوه کەوته چاوەڕوان کردن. لێ هیچ هەوالێک نەبوو.

هەنگێ لێبڕا بەخۆی تێبکەوێ. داوای دیداری وەزیری پەروەردەی وەختی کرد. یەکێک له کارمەندانی نووسینگەی وەزارەت که پیاوێکی گەنج و بەرێز و تەنانەت دەستڕۆش بوو. ئەم پیاوه بۆ بانگکردنی سکرتێر و پێشخزمەتانی پشت دەرگاکان ودەست وپێوەندەکانی خۆی وەکو کەسێک پیانۆ بژەنێ، دایم قامکەکانی لەسەر ژمارەیەک دوگمەی سپی دەجولان، پێشوازی ئەمی(ساکرمان) کرد. ئەم گەنجه ئاغای ساکرمانی هاندا که رێگەیەکی باشی گرتووەته بەر وئامۆژگاری کرد که بەردەوام بێ لەسەر ئەو کاره باشانەی خۆی.

ئاغای ساکرمان دووبارە دەست بەکار بووەوە.

پێدەچوو کە جەنابی ڕوسلنی نوێنەری ئەنجوومەن، ئێستا هەستی بە پێشڤەچوونی کارەکانی وی کردبێت وبەدڵی بن، تەنانەت کۆمەڵێک ئامۆژگاری باش وپراکتیکی کرد. خودی ئەو نیشان و میداڵی ڕێزلێنانی هەبوو، لێ دیار نەبوو چۆن و بەچ بۆنەیەکەوە ئەم ئیمتیازەی پێ دراوە.

داوای لە ساکرمان کرد کەدەست بە هەندێک توێژینەوەولێکۆڵینەوەی تازە بکاتو ئەوی بەهەندێک کۆڕ و ئەنجوومەنان ناساند کەلەو زانایانە پێک هاتبوون کەبۆ وەدەست هێنانی پایەی زانستی، بە تایبەتی لەواری ئەرک و کێشەێن زانستاندا، توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیان دەکرد: تەنانەت لە وەزارەتیشدا پشتیوانی لەو کرد.

بەڵێ، ڕۆژێک کە جەنابی روسلن بۆنانی نیوەڕۆ لەماڵی دۆستەکەیدا دەعوەت بوو (چەند مانگێک بوو کەزۆرجار لە ماڵی ئاغای ساکرماندا فراڤینی دەخوارد) بەگەرمی دەستی وی گوشی و دەمی لەپەناگویی ناو بە ئەسپایی گوتی:- ئەنجام توانیم کە خزمەتێکی گەورە بەتۆ بکەم. ئەنجوومەنی کاروباری مێژوویی ئەرکێکیان بەتۆ سپاردووە کە بریتیە لە لێکۆڵینەوەو پەیجوری لە کتێبخانە جۆراوجۆرەکانی وڵاتی فەرەنسا.

ساکرمان، لە خۆشیا نەیدەزانی چ بکات، نەنانی خوارد ونە ئاوی خواردەوە. دوای هەشت ڕۆژان کەوتەڕێ.

شاربەشار دەگەڕا و تەمەشای لیستی کتێبخانەکانی دەکرد، عەماری کتێبخانەکان دەگەڕا، کە پڕ بوون کە کتێبی تەپ وتۆزاوی بێنازی دەستی خەمساردی و بێموبالاتی بەرپرسەکان.

شەوێک کە گەیی بووە "روان"، ویستی بۆ شارەکەی خۆی بزڤڕێتەوەو ژنەکەی کەیەک هەفتە بوو نەی دیتوبوو، لەهەمێز بگرێت. سواری قیتاری سەعات نۆ بوو کە دەبوایە نیوەشەو بیگەیاندبا ماڵەوە.

بەخۆی کلیلی پێبوو. بەبێدەنگی وەژوورکەوت، لەخۆشی ئەوەی کە هەنووکە ڕووبەڕووی شادی چاوەڕوان نەکراوی ژنەکەی دەبێتەوە سەراپای وەکو بی ناوئاو دەلەرزی. ژنەکەی دەرگاکەی لەسەرخۆی داخستبوو. عەجایەب!... ناچار لەپشت دەرگاکەوە بانگی کرد:- جان، منم!...

ژنەکەی ترسا، بۆیە ساکرمان، گوێی لە دەنگی خۆهەڵدانە خوارەوەی ئەوی لە سەر سیسەمەکەوە ژنەوت ودەنگی ئەوی وەکو دەنگی خەڵکانی خەوندیدە کەلەگەڵ خۆدا قسە بکەن هاتەبەرگوێ.

ئەوجاگوێی لێبوو کە ژنەکەی بە هەشتاو بۆ ژووری ئارایشەکەی خۆی ڕۆیی، دەرگاکەی کردەوەو دووبارە دایخستەوەو چەندین جار بەپێی پەتی بە ژوورەکەدا ئەم سەر وئەو سەری کرد وموبێلەکانی، کەلە بەشە شووشەییەکانیانەوە دەنگی بەرز دەبووەوە ئەم جێ وئەوجێ کردن، تا ئەنجام پرسی:- ئالکساندر تۆیت؟

ساکرمان بەرسڤی دایەوەوگوتی:- ئەرێ گیانەکەم. منم دەرگا بکەوە!

دەرگا کرایەوە، خانم بەدەم ورتە ورتەوە خۆی بە سینگ وبەرۆکییەوە قرساند وگوتی:- ترساندمیت! کە خۆشحاڵم، چاوم ڕوون!

ئەوسا ئاغای ساکرمان وەکو هەمیشە بە هێمنی وبەکاوەخۆ کەوتە داکەندنی جلەکانی خۆی. لەو کاتەدا پاڵتۆیەکی، کە دەبوایە لە ڕاڕەوەکەدا و بە عەلاگەی جلەکانەوە هەڵواسرابایە، لەسەر یەکێک لە کورسیەکان بینی، پاڵتۆکەی هەڵگرت، بەڵام غافڵگیر بوو! نەوارێکی سوور بە جێگای دوگمەی پاڵتۆکەوە دوورابوو!

ساکرمان، بەدەم زمانە لاڵکێوە گوتی:- ئاە بەم... پاڵتۆیەوە... نیشانیان... دروە؟

لەودەمەدا ژنەکەی پەلاماری دا، بەهەر دوو دەستان پاڵتۆکەی توند گرت وگوتی:- نا، نا، بە سەهۆ چوویت، کوا بیدە بەمن!

لێ ساکرمان، قۆڵێکی پاڵتۆکەی توند گرتبوو وبەری نەدەدا وبەدەم جۆرە حیرەت و حەپەسانێکەوە دەیگوت:- ها!... چۆن؟ چۆن؟ بۆم ڕوون بکەوە! ئەم پاڵتۆیە هی کێیە؟ ئەمە پاڵتۆی من نییە چونکە نیشانی " لژیون دونور"ی پێوەیە!..

خانم کە زۆر پەشۆکابوو، لێکدالێکدا دەیگوت: تۆ گوێ بگرە، گوێ بگرە! ئەمە بدە بە من.. من ئیستا ناتوانم بۆتی ڕوونبکەمەوە. ئەم مەسەلەیە نهێنییەکی تیایە... گوێ بگرە!..

هەنگێ ژنەکەی هاواری بە سەردا کرد: بۆ بۆ! بێدەنگ بەو گوێ بگرە... ئاخر نیشانەی ڕێزلێنانیان پێ داویت!..

ساکرمان، لەخۆشی ئەم هەواڵە خۆشەیا، تەکانێکی توندی داو پاڵتۆکەی بەردا و کەوت بەسەر کورسییەکی دەسکدار وگوتی:

- من... من... من... نیشا... نیشانم وەرگرتووە؟

- بەڵێ... بەڵام ئەمە نهێنییە و جارێ کەس نایزانێ!..

لەم ماوەیەدا خانم ئەو پاڵتۆ بە نیشانەی خستە دۆلابەکەوەو بەدەم لەرزینەوە، کە ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو، بۆلای مێردەکەی گەڕایەوەو دووبارە گوتی:- ئەمە پاڵتۆیەکی تازەیە من بۆم بە دوورین داویت. لێ سوێندم خواردبوو کە جارێ هیچ شتێک بە تۆ نەلێم تا یەک مانگ یان شەش هەفتەی دی بەفەرمی نەیەتە ڕاگەیاندن. ماموریەتەکەی تۆ کۆتاییبێت. قەراربوو دوای گەڕانەوەت ئەم هەواڵەت پێ ڕابگەیەنرێت. جەنابی روسلن ئەم نیشان و میداڵەی بۆت وەرگرتووە.

ساکرمان کەلە خۆشیان پێی عاردی نەدەگرت، بەدەمە لاڵکێوە گوتی:- جەنابی روسلن... خۆی نیشانی هەیە... بۆمن... شی وەرگرتووە... ئاە!

وناچار بوو پەرداخێک ئاو بخواتەوە.

پارچە کاغەزێک کەلە گیرفانی پاڵتۆکە کەوتبووە خوارەوەو لەئەرزەکەدا کەوتبوو، ساکرمان هەڵی گرت، سەیری کرد کارتی ناو وئەدرەسە و لەسەری نووسراوە:- روسلن- ئەندام پەرلەمان.

ژنەکەی گوتی:- ها... نەمگوت!..

و ساکرمان لە خۆشیان دەستی بەگریان کرد.

دوای هەشت ڕۆژ، لە ڕۆژنامەی فەرمی دا بڵاوکرایەوە کە ئاغای ساکرمان، لە پاداشتی خزمەتە زۆرەکانیا نازناو و نیشانی "شاسواری لژیون دونور"ی پێدراوە.

## مالاڤایی

ئەوجووتە دۆستە تازە لە خوارنی شێڤ بووبوونەوە. لەپەنجەرەی میوانخانەکەوە، دەیانڕوانیە شەقامەکە کەلە خەڵکیدا جمەی دەهات. هەستیان بەو سروە بایە فێنک وخۆشە دەکرد کەلە شەوانی خۆشی هاویناندا، لە پاریسا هەڵدەکات وڕێبواران وادار دەکات سەر هەڵبڕن و لە دڵی خۆیاندا هەست بە هەوای شوێنە نادیار و دوور دوورەکان و سەمای گەڵا وگوڵی دار ودرەختان بکەن ولە خەون وخەیاڵان ڕۆبچن و ئاوێتەی ڕوبارانی ڕوناکی بەر تریفەی هەیڤەشەو و ستێرۆک وبولبولانی مەست ببن.

یەکێک لەو دوو هاوڕێیە نێوی هنری سیمون بوو، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا وگوتی:

– حەیفێ کە خەریکە پیر دەبم، حەیف! جاران لەم جۆرە شەوانەدا وەکو ئەسپەندەری سەر ئاگر وابووم کەچی ئەمڕۆ جگە لە داخ وکەسەر هیچی دیکەم لەدڵدا نییە. بەڕاستی تەمەن چەند زوو دەڕوات!

ئەم پیاوە کەمێک قەڵەو دیار بوو، تەمەنی هەر چل وپێنج ساڵێک دەبوو، سەری سافی ساف بوو.

هاوڕێکەی، پییر کارنیە، بەرسڤی دایەوەو گوتی:

– هەڤاڵی ئازیز منیش بێئەوەی بەخۆ بزانم پیر بووم. من هەمیشە شاد وخەنۆڵ وزیتەڵ و بەگوڕوتین بووم. مرۆڤ چونکە ڕۆژانە لە ئاوێنەدا تەمەشای خۆی دەکات، هەست بە کاریگەری و باندۆری تێپەڕبوونی زەمان لەسەر خۆی ناکات، پەی پێ نابات، چونکە ئەم باندۆر وکاریگەرییە، بەخاوی و بەرەبەرە ڕوودەدات و بەدیار دەکەوێت و هێندە بە ئەسپایی ڕوخسار وسیمای مرۆڤ دەگۆڕێت کە هەستی پێناکات. ئیدی لەبەر ئەمەیە کەکاتێ دوای دوو سێ ساڵ هەست بە کاریگەریی تاڵانکاری زەمان لەسەر خۆمان دەکەین، لە داخا دیق ناکەین، چونکە ناتوانین گرینگی ئەم تاڵانکاریە دەرک بکەین و بۆ ئەوەی بتوانین پەی بە تۆزێکی ئەو دیاردەیە بەرین، دەبێ تا شەش هەیڤان، لە ئاوێنەدا تەمەشای خۆمان نەکەین، ئاه!... ئەوکاتە وەرە بزانە چمان بەسەر هاتووە.

بەڵام ژنان، هەڤاڵی ئازیز، چەند دڵم بەحاڵی ئەم بوونەوەرە بێ نەوایانە دەسووتێ! تێکڕای شادی و شکۆ و ژیانی مرۆڤ، بە جوانی ئەوانەوە بەندە وجوانی ئەوانیش دە ساڵێک زیاتر ناخایەنێت.

من حاڵی حازر پیربووم، بێئەوەی بەخۆ بزانم، خۆم بە گەنجێکی تازە ڕەسیو دەزانی و کەچی نزیکەی پەنجاساڵ لە تەمەنم تێپەڕیوە، چونکە هەستم بە کەمترین لاوازی و بێتاقەتی نەدەکرد، بێ خەم وخەیاڵ، ئارام و ئاسوودە ملم بە ژیانەوە دەنا.

هەستی ئەم هەرەس وداڕوخانە، بە شێوەیەکی سادە، بەڵام ترسناک لەمندا دەستی پێکرد، کەنزیکەی شەش دانە مانگ لەپەل وپۆی خستم... پاشان وەخۆ هاتمەوە..

منیش وەکو هەموو پیاوان زۆربەی کات ئاشق بووم، لێ ئەشق تەنیا یەک جار بە پیرمەوە هاتووە.

نزیکەی دوازدە ساڵ لەمە پێش کەمێک دوای شەڕ (مەبەست شەڕی ١٨٧٠ نێوان فەرەنسا وپرووسە) بوو کە ئەوم لە "ئەترتا " بینی. بەیانیان کاتی مەلە هیچ شوێنێک لەم پلاژ وکەناراوە جوانتر نییە. شوێنێکی نیوە بازنەییە لە فۆرمی ناڵی ئەسپدا، کە تاوێرانی بەرز و سپی کەناراوەکە لە هەموو لایەکەوە دەوری داوەو لێرەولەوێ هەندێ کونی تایبەتی تێکراوە. ئەم تاوێرانە بەشێوە و فۆرمی جیاوازن. یەکێکیان زۆر گەورەو درێژەو پای دێوئاسای خۆی لەنێو دەریاکەدا ڕاکێشاوە و یەکێکی دی دەم وچاوێکی خڕی هەیە. خێڵی ژنان لەهەموو لایەکەوە پێکەوەدێن و لە لووتەیەکی باریکی لمەڵانی کەنارەکەدا کۆڕ دەبەستن و کۆدەبنەوە، بەڕەنگی جۆراوجۆری ئارایشی خۆیان، باخێکی ڕەنگین لە فەزای سنوورداری ئەو دیوارە بەرزە بەردینانە دروست دەکەن. هەتاو ڕاستەوخۆ لە کەناراوەکان، لە چەترە ڕەنگاوڕەنگەکان و لە دەریا شینە ئامال کەسکەکە دەدات.

هەموو شتێک تەڕ وتازە، پاراو، خوڕەم وجوان دەنوێنێ و وا دێتەبەرچاو کە هەموو شتێک پێدەکەنێ. خەڵکی دێن لە بەرانبەر ئاوەکە دادەنیشن و تەمەشای ئەو ئافرەتە جوانانە دەکەن کە خەریکی مەلەن. ئەمانە لە حاڵێکدا کە جلی حەمامیان لە خۆ پێچاوە بەرەو دەریاکە نشێو دەبنەوە، هەرکە دەگەنە کەفاویوردە شەپۆلانی کەنارەکە بە نازێکی دڵڕفێنەوە ئەو جلکانە فڕێ دەدەنە کەنارێکەوە و بە هەنگاوی خێراو لەزگینەوە، خۆ بە ئاوەکەدا دەکەن، بەڵام زۆرجار ساردی ئاوی دەریاکە موچوڕکەیەکی خۆشیان پێدادێنێ و تەزوویەکی هەنووکەیی، لە جووڵەیان دەوەستێنێ.

کەم ژن هەن کەلە یەکەم ساتی مەلەکرنا تووشی ئەوجۆرە موچوڕکەیە نەبن. لەوکاتانەدا دەکرێ بەچاوی کڕیار تەمەشایان بکرێ و لە قولەقاپیانەوە تا مل وگەردنیان بە نیگا دابێژیت. بەتایبەتی ئەو کاتانەی کەلە ئاوەکە دێنە دەرەوە، ئەو ژنانەی کە لاوازن یەکسەر ئاشکرا دەبن، هەرچەندە ئاوی دەریا بۆ گۆشتی شل وشاو هەندێک قورسە.

من یەکەمجار کە ئەو ژنە گەنجەم بینی، شێت و شەیدای بووم، مجێزێکی ساغڵەم و بەدەنێکی تووند وتوورتی هەبوو. ئەمە جگە لەوەی، هەندێک ڕوو و ڕوخسار وقەڵافەت هەن کە ناسکی و جوانیەکەیان لەناکاوا کاریان تێدەکەن و بە نیگایەک سەراپای بوونمان دیل و ئەسیری خۆ دەکەن. پیاو کە تووشی ئەوجۆرە ژنانە دەبێت وا هەستدەکات کە بۆ ڤیان وخۆشەویستی هاتووەتە دنیاوە. من هەمان هەست و هەمان ڕاچەنینم لەخۆدا بینی.

کارێکم کرد کەبەوم بناسێنن و هەر زوو بەجۆرێ گیرۆدەی ئەشق و ڤیانی ئەوبووم کە تا ئەوساتە هەرگیز دووچاری ئەو حاڵە نەبووبووم. ئیدی بەجارێ دڵی بردم. تەحەموولی دەسەڵاتی ژن شتێکی ترسناک وبەلەزەتە. هەم عەزابێکی بە ژان و ژارە و هەم لەزەت و شادییەکی گەورەیە. نیگا کردنەکەی، بزەو خەندەکەی و، مووەکانی گەردنی کەبەدەم شنەی باوە سەمایان دەکرد، بچووکترین هێڵی چارەی وکەمترینجووڵەی بەدەنی بۆ من لەزەتبەخش بوو و دەی هاڕوژاندم و ئەقڵی لەسەرما نەدەهێشت. بە ئەداوئەتواری، بەهەڵوێست و ڕەفتاری، تەنانەت بەو شتانەش کە پێی بوو، وبەهەموو ئەوانە ئەفسوونی دەکردم، ئیدی سەراپای بوونی فەتح کردبووم. بەدیتنی تۆڕەکەی دەم وچاوی کەلەسەر کورسیەکی دانابوو، بەدیتنی دەستکێشەکانی کەلەسەر کورسییەکی دەسکداری دانابوون، دەهاڕوژام. شێوەی ئاڕایشکردنەکەی بەبۆچوونی من بێ وێنەبوو، نەدەهاتە لاسایی کردنەوە، کەس کڵاوێکی جوانتر لە کڵاوەکەی ئەوی. لە سەر نەبوو

مێردی هەبوو و مێردەکەی ڕۆژانی شەممە دەهات ودووشەممە دەڕۆیی، بەڵام بوون و نەبوونی مێردەکەی بۆمن یەکسان بوو. من حەسوودیم پێنەدەبرد ونازانم بۆچی لە ژیانما تووشی کەسێکی لەم پیاوە بوودەڵەتر نەبووبووم.

لە ڕادەبەدەر ئەو ژنەم خۆدەویست، تا حەزکەی ژنێکی بەناز و کریشمە و خشکۆکو گەنج بوو! دەتگوت نموونەی چالاکی و چەلەنگی و تەڕپۆشییە. هەرگیز بەم ڕادەیە هەستم نەکردبوو کە ژن بوونەوەرێکی تا بڵێی جوان و زەریف و ناوازە و هەستیار و یەکپارچە ناز و نازداریە. هەرگیز تەسەورم نەکردبوو کە چ جوانییەکی ئەفسووناوی دەشێت لە ئاوێنەی دەم وچاوا، لە جووڵەی لێوا، لە لۆچە بازنەییەکانی گوێچکەداو لە قاڵب وفۆرمی ئەم ئەندامە ناچیزەدا کەنیوی لووتە هەبێت.

ئەم قۆناغە سێ هەیڤان بەردەوام بوو، پاشان من بەدڵی شکاو وخەفەتبارەوە، بۆ ئەمریکا چووم. لێ خەیاڵی ئەو بەهەمان تین و تاوەوە، بەهەمان جۆش وخرۆشەوە، لە مێشکما مایەوە.لەو دوورەوەش، وەکو ئەوەی نزیک بێ، باڵی بەسەرما کێشابوو. ساڵان بوورین. بەهیچ جۆرێ بیرم نەدەچووەوە. سەر وسیما جوانەکەی بەهەمان دەقەوە لەبەرچاو و لەدڵما نەخش بووبوو. وەکو جاران بە دڵ وبەگیان خۆشم دەویست، بەڵام ئێستا خۆشەویستیەکی هێدی وهێمنم بەرانبەری هەبوو، وەکو یادگارێکی ئازیز لە ئازیزێکەوە کەبە عەمراتم لەو شەنگوڵتر وخشیکتر ودڵڕفێنترم نەبینی بوو.

دوازدە ساڵ لە ژیانی مرۆڤدا مودەتێکی ناچیزە. مرۆڤ هەر هەستیش بە تێپەڕبوونی ناکات. ساڵان، یەک لە دووی یەک، هێواش وخێرا، خاو ولەز دەبوورن. هەرساڵێک بلەز خۆی بەساڵی داهاتوو دەسپێرێت وساڵان کە ڕادەبرن شوێنەوارێکی هێندە ناچیز لەدووی خۆ بەجێدێڵن کە مرۆڤ ئاوڕ لە تەمەنی ڕابردووی خۆی دەداتەوە، شتێکی ئەوتۆ نابینێت وهیچ نازانێ کە چۆن بەو ئاوایە پیر بووە.

ئەوەی ڕاستی بێ، وام دەزانی کە تەنیا چەند مانگێک بەسەر ئەو قۆناغە خۆش وجوانەی کەنارە بەردینەکەی " اترتا " دا رابردووە.

بەهاری ڕابردوو بوو کە بۆ فراڤین دەچووم بۆ ماڵی هەڤاڵێکم لە "فرون لافیت ."

لەو دەمەدا کە قیتارەکە خەریک بوو حەرەکەتی دەکرد، ژنێکی قەڵەو دەگەڵ چوارکیژی چکۆلەدا خۆی بە فاگۆنەکەی منداکرد. چاوێکی سەرڤەسەرڤەم بەم دایکە قەڵەوەدا، کە لە مریشکی ڕەوێڵە لەدوو دەچوو، و ڕوخساری وەکو مانگی چواردە لە قاڵبی کڵاوێکی بە ئۆیە و نەواردار بەرجەستە بوو، گێڕا.

چونکە لە ڕێکردن ماندوو بووبوو، هانکەهانکی پێکەوتبوو، منداڵەکان هەرکە گەیشتنە ناو فارگۆنەکە و نەگەیشتن، دەستیان بە قسەکردن و ژاوەژاو کرد. من ڕۆژنامەکەی خۆم کردەوەو دەستم بە خوێندنەوە کرد. تازە لە وێستگەی "ئانی یر" ڕەت بووبووین کە هاوسەفەرەکەم لەناکاوا هاتە قسان وگوتی:- ببورە ئاغا، تۆ جەنابی کارینە نیت؟

گوتم:- با خانم.

هەنگێ، خەندەیەکی شادی ئامێز وپڕ جورئەتی کرد کەلە هەمان کاتدا خەمین و خەمناک بوو وگوتی:- تۆ من ناناسیت؟

من تیا مابووم. لە ڕاستیا وام هەست دەکرد ئەو سەروسیمایەم لە جێیەکدا دیتووە، بەڵام لەکوێ و کەی؟ ئەنجام گوتم: هەم با... هەم نا. دەتناسم، بەڵام ناوتم لەبیر نەماوە.

کەمێک سوور بووەوە وگوتی:- من مەدام جوولی لوفورم.

هەرگیز جەزرەبەی وام وێنەکەوتبوو. لە چرکەیەکدا وام هاتە بەرچاو کە هەموو شتێک بۆ من تەواو بووە. هەستم دەکرد کە پەردەیەک لە بەرچاوم دڕاو هەنوکە کۆمایەک شتێن سەیرو دڵتەزێن دەبینم.

ئایا ئەمە ئەوە، خۆیەتی؟ ئەم ژنە قەڵەو و داڕوخاوە ئەوە؟

دیاربوو، ئەم چوار کیژەی لەو ماوەیە بە دواوە کە من نەمبینی بوو، بووبوون. منداڵەکان لە دایکیان زیاتر بوونە مایەی سەرسامی من، ئەو ئەمانەی هێنابوونە دنیاوە! هەنووکە گەورە بووبوونو شوێنێکیان لە ژیاندا بۆ خۆ کردبووەوەو بەڵام ئەو ئیدی دلبەرە بەناز وکریشمە و دڵڕفێنەکەی جاران نەبوو.

دەتگوت دوێنێ دیتوومە و ئێستا بەو حاڵەوە دەمبینی. ئایا شتی وادەبێت؟ ئازارێکی بە سوێ دڵی گوشیم و جۆرە یاخی بوون و نەفرەتێکم بەرانبەر بە سروشت وتەبیعەت لەلا دروست بوو، هەستم بە جۆرە نەفرەتێکی ناماقووڵ سەبارەت بەم کارە دزێو وهۆڤیانەیە کە بریتی بوو لە وێرانکردن لەدوای دروستکردن و داهێنان، کرد.

حایر وحەپەساو، حازر و وەڕەز تەمەشام دەکرد. پاشان دەستیم گرت و ڕوندک لە چاوانم قەتیس مان. بۆ گەنجێتی و بۆ مەرگی ئەو دەگریام. من ئەم ژنە قەڵەوەم نەدەناسی.

ئەویش زۆر نارەحەت بووبوو، گوتی:- من زۆر گۆڕاوم، نا؟ ئێ ئاغا، چی دەڵێی هەموو شتێک ڕەوتەنییە. ئیدی ئەوە ژیانە، دنیا دەوران دەورانە. بەخۆت دەبینی کەمن ئێستا بووم بە دایک، دایکێکی باش وجگەلە دایک هیچی دی نیم. ئیدی ماڵاواییم لە هەموو دیاردەکانی دیکەی ژیان کردووە و هەموو شتێک بۆ من تەواو بووە. ئاخ! وام وێنا دەکرد کە ئەگەر ڕۆژێک تووشی یەکدی ببین، تۆ نامناسیتەوە. ئەزقەزا تۆش گۆڕاویت. ماوەیەکی زۆر لە فکران ڕاچووم، تا ناسیمیتەوە و زانیم بە هەڵە نەچووم. سەر وپۆرت پاک سپی بووە. دوازدە ساڵ! کچە گەورەکەم هەنووکە دە ساڵانە.

تەمەشای کیژە گەورەکەیم کرد. شوێنەواری ناسکی و جوانیەکەی جارانی دایکیم لە سیمایدا بەدی کرد، بەڵام هێشتا تەواو نەمەیی بوو و دیاربوو لە ئایندەدا زیاتر بەرجەستە دەبێت. هەنگێ هەستم کرد ژیان زۆر خێرا دەڕوات، وەکو قیتارێکە کە تێدەپەڕێت.

بەرەبەرە لە "مزون لافیت" نزیک دەبووینەوە. من دەستی یارە دێرینەکەی خۆم ماچکرد. لەو ماوە کورتەدا جگەلە چەند وشەیەکی بازاڕی زیاتر هیچی دیم بۆ نەهات. لەوە پەرێشانتر بووم کە بتوانم قسە بکەم.

شەوێ کە لە ماڵەوە بەتەنیا بووم، تا ماوەیەکی زۆر لە ئاوێنەدا تەمەشای دەم و چاوی خۆم کرد. ئەنجام ئەوەم وەبیرخۆ هێنایەوە کەلەمەپێش چ بووم و لە دنیای خەیاڵدا سمێڵەکان و قژەڕەشەکە و سیما وڕوخساری گەنجانە و شەنگوڵ و پاراوی خۆمم بینییەوە. ئێستا ئیدی پیر بووم. ماڵاوا ئەی گەنجاتی.

## ژووری ژماره ( ١١ )

- چۆن؟ تۆنازانیت بۆچی جەنابی ئامازدون سەرۆکی دادگایان لێرە نەقڵ کردووە؟

- نەخێر، بەهیچ جۆرێ ئاگام لەشتی وانییە.

- بەڵێ، خۆیشی نازانێت و هەرگیز ئاگای لەم ڕاز ونهێنییە نەبووە، بەڵام چیرۆکی لەمە سەیرتر نییە.

- بەئەرک نەبێت بیگێڕەوە!

- تۆ خات"ئاماندون"ت لەبیرە. خانمێک بوو خشکۆک، وردیلە وباریک، گەنمڕەنگ، ئەوندە شۆخ و عەیار وسەنگین وسەلار وبە شەخسیەت بوو، هەر حەزتدەکرد بیبینی. لەسەرانسەری پرتی لولنگدا بە مەدام مارگرێت بەناو ودەنگ بوو.

- بەڵێ زۆرچاک لەبیرمە.

- دەی چاکە، ئێستا گوێ بگرە: بێگومان زۆر چاکیش لەبیرتە کەئەو لە سەرانسەری شاردا، بەڕێز وئازیز وخۆشەویست بوو وخەڵک وخوا لەهەموو کەس پتر خۆشیان دەویست. لە داب ونەریتی میوانداری و بەرپاکردنی کەڕنەڤالان و ئەنجوومەنانی خێرخوازی و کۆکردنەوەی پیتاک و باربوو بۆ هەژاران و بێنەوایان وسەرگەرمکردنی گەنجان بە ڕێگەێن جۆراوجۆر، پێشەنگ و سەرامەدی هاوسالانی خۆی بوو.

خات ئاماندون، زۆر تەڕپۆش و ئاڵ ووالا جل وشایستە و بەناز وعیشوە وکریشمە ودڵڕفێن بوو، بەڵام ناز وکریشمەی ئەفلاتوونی و شایستەیی ودڵڕفێنی تایبەتی ژنانی شارستانی هەبوو، ئیدی ژنێ بوو شارستانی، ژنێکی شارستانی جوان و لەبەر دڵان و خان ومان.

ئەم نووسەرە پاریسیانە تەنیا وەسفی ژنانی پاریسی دەکەن، سەری زمانیان و بنی زمانیان وەسفی ژنانی پاریسیە، چونکە جگەلە ژنانی پاریسی هیچ ژنێکی دیکە ناناسن، لێ من بەدەنگی بەرز دەڵێم کە ژنی شارستانی(شارو شارۆچکەو دێهاتی گرێدای مەرکەزی شار)، کاتێ کە تایبەتمەندییەکی ئەخلاقیشی هەبێ سەد ئەوندەی ژنی پاریسی پەسندترە.

ژنی شارستانی شۆخ وعەیار، ئەدا وئەتواری تایبەتی خۆی هەیە و لە ژنی پاریسی سەلار وسەنگین ترەو زۆریش لەو خاکیترە. ژنێکە هیچ وەعد وبەڵێنێک نادات وزۆر ئەمەکدارو بەوەفاشە، کەچی ژنی پاریسی زۆر بەڵێنان دەدات و لەهەنبەر ئەو کەسەدا کە هەموو شتێکی خۆی لە پێناوی ئەودا داناوە، هیچ وەفا و ئەمەکدارییەک نانوێنێ.

ژنی پاریسی نموونەی ڕواڵەتبازی و تەجەلی بێشرمانەی درۆیە وژنی شارستانی نموونەی خاکەرایی حەقیقەت وڕاستیە.

ژنێکی وریا وزرنگی شارستانی بە زەبری سادەیی دڵڕفێن وکەیبانۆیی خۆی، بەو زەردەخەنەیەوە کە گوزارشت لە هیچ شتێک ناکات، بەو هەوا وهەوەسە بچووک، بەڵام گۆساخانەوە کە هەیەتی، بۆ ئەوەی مەیل وهەوەسەکانی خۆی ڕازیبکات وکارە دزێو وناپەسندەکانی خۆی پەردەپۆش بکات، بێئەوەی کەمترین گومان لەلای هیچ کەسێک بهاڕوژێنێت یان هیچ مقۆمقۆیەک بنێتەوە یان لەو شارە بچووکەدا، کە هەموو چاوەکان لە پشت پەنجەرەکانەوە چاودێری هەڵس وکەوتی ئەودەکەن، هەرا وهەنگامەیەک بەرپا بکات، دەبێ هەزار ئەوندەی ژنانی پاریسی، فێڵ و تەڵەکە و نێرەنگ و نەرمکێشی و مەکری ژنانە بنوێنێت.

خات ئاماندون، نموونەی یەکێک لەم ژنە دەگمەن و جوان و دڵڕفێنانە بوو، هەرگیز کەسێک گومانی خراپی لێنەکردبوو وهیچ کەسێک وێنای نەدەکرد کە ژیانی ئەو لەپەڕەی گوڵ پاکتر نەبێ، هاوتای زەلالی و گەشی وڕۆشنی تەمەشا و نیگای ئەو نەبێت- نیگایەکی کێوی و گەرم وڕۆشن و لەهەمان کاتدا پاک وشەریف- دەی هەنووکە گوێ بۆ پاشماوەی چیرۆکەکە ڕادێرە:

بەڵێ، خات ئاماندون، توانایەکی باش وداهێنانێکی هۆشمەندانەی هەبوو، کەخۆی لە خۆیدا نیشانەی بلیمەتیەکی سەیر وسادەیی و سەفایەکی لەوەسف نەهاتگ بوو.

ئەم ژنە هەموو فاسقەکانی خۆی (پیاوی داوێن تەڕ، دواێن پیس، زیناحکار) بۆماوەی سێ دانەساڵ لەو گەورە ئەفسەرانەی سوپا هەڵدەبژارد کەلە سەربازخانەکەی شارەکەی واندا ئۆردووبەزیان کردبوو. بەڵام خات ئاماندون ئاشقێنی نەدەکرد، بەڵکو ئارەزووی دادەمرکاندەوە. هەرکە لیوایەکی تازە دەهات بۆ پرتی لولنگ، ئەو خانمە زانیاری تەواوی دەربارەی ڕەوشی ئەفسەرانی سی تا چل ساڵی لیواکە بەدەست دێنا، چونکە ئەفسەرانی گەنجتر لە سی ساڵی بە ڕازپارێز نەدەزانی و لە چل ساڵیش بە سەرەوە زۆربەی پیاوان لە ڕووی سێکسیەوە لاواز دەبن.

ئەو، هەم کادرە ئەفسەرەکانی باش دەناسی و هەم عەمیدەکەی فەرماندەیانی باش دەناسی. دوای ئەوەی هەموو خوو و خدەیەکیانی، تایبەتمەندی و ئاستی خوێنەواری و پەروەردەیانی، خەسڵەتی جەستەییانی، سەبر وهەداریان، بەردەباریان، هێمنی و تووڕەییانی، میزانی داراییانی، دەست نوقاوی ودڵاواییانی لەبنج وبناوان دەکردن، هەنگێ کەسی دڵخوازی خۆی لەنێویاندا هەڵدەبژارد. ئەو، ئەو پیاوانەی پەسند دەکرد کەوەکو خۆی لەباری دەروونییەوە ئارام و ساخڵەم بوون، بەڵام دەبوایە قۆز بن. وێڕای ئەوەش دەبوایە فاسقەکانی، پێشتر هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان، کە کەوتبێتە سەرزاری خەڵکی، لەگەڵ کەسدا نەبووبێ، هیچ قسە وقسەلۆکێکی مێبازیان لەدوو نەبووبێ و باسی ڕابواردنەکانی خۆیان نەگێڕابووبێتەوە، چونکە پیاوێک کە چیرۆک و بەسەرهاتی ئەشقبازی خۆی بۆ سەربازەکانی بگێڕێتەوە، هەرگیز ناکرێ متمانەی پێبکرێت وبکرێ بە مەحرەمی ڕاز وڕازڤان.

خانم دوای ئەوەی پیاوی دڵخوازی خۆی دەدۆزییەوە، پیاوێک کە دەبوایە بە درێژایی سێ ساڵ ئیقامەی ئیجباری خۆی، لەگەڵ ئەودا بمابایەوە، ئیدی تەنیا ئەوە دەمایەوە کە چۆن بیخاتە داوەوە.

زۆر ژنانی دی کەلەم قۆناغەدا سەرگەردان دەبوون، بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئارمانجی خۆ ڕێگەی بازاڕی و ئاساییان دەگرتەبەر و بەو ڕێگایانەدا دەڕۆیشتن کە هەموو ژنان پێیدا ڕۆیی بوون، یانی پیاویان وادار دەکرد ئەشقبازیان لەگەڵ بکەن وهەموو قۆناغەکانی مقاوەمەت و سەرکەوتن پلەبەپلە ببڕێت. یانی ڕێگەیان بە پیاو دەدا ڕۆژێک قامکیان ماچ بکات، ڕۆژێکی دی مەچەکیان، پاشان روخساریان و دوایی دەمیان و ئەوسا هەموو ئەندامیان ڕاموسێت.

لێ ئەو نەخشە و ڕێکارێکیزۆر لەزگین و نهێنی و دڵنیا و ئەرخایەنی هەبوو، یانی ئاهەنگ و دەعوەتی دەگێڕا.

ئەو ئەفسەرەی کە هەڵبژێردرابوو، خانمی ماڵی بۆ سەما دەعوەت دەکرد. خانم بەدەم سەماوەو لەوکاتەدا کەبەدەم جووڵەی لەزگین و توندەوە، بەدەم مەستی و هەڵپەڕینەوە گێژ وسەرخۆش

دەبوو، بەکامی دڵ وبە کەماڵی خوایشت، خۆی بە کابراوە دەچەسپاند وبە بەردەوامی وبە تووندی و بە تووڕەیی دەستی ئەوی دەگوشی.

ئەگەر کابرا لەم جم و جوڵە حاڵی نەبوایە، ئەوا کەرێک بوو لەو گۆڕە و خانم بەرەڵلای دەکرد و دەچووە سەر نەفەری دواتر کەناوی لە لیستی هەوا وهەوەسەکانی خانمدا، لە ڕیزی دووەم تۆمار کرابوو. کابرای دووەم ئەگەر تێبگەیشتبایە، ئەوا هەزاری خێر ودووی بەرەکەت، مرازی دڵی حاسڵ دەبوو، مەبەست و ئارمانجی خانم بەبێدەنگی و بێ هیچ سەروسەدایەک و بەبێ ئەشقبازی حەیابەرە و بێئەوەی پێویست بەهیچ سەراسوێ و سەرەتاتکێیەک بکات، دەهاتەدی.

چ ڕێکار ونەخشەیەک لەمە ئاسانتر وکردەنی ترە؟

زۆربەی ژنان دەبوایە ئەو ڕێگایە بگرنەبەر تا تێمان بگەیەنن کە خۆشیان دەوێین! ئەم شێواز وڕێکارە تا چ ڕادەیەک پێشگیریان لە کێشە وئاریشە وترس ودوودڵی وقسە وقسەلۆکان و هەڵسوکەوت و نیگەرانی وناڕەحەتی وبەدحاڵی بوونەکان دەکرد!

بۆچی زۆرجار ئێمەمانان بەلای شادمانیە ئاسان رەسەکاندا دەڕۆین و هەستیان پێناکەین، چونکە کێ دەتوانێ پەی بە ڕازی بیر وئەندێشان بەرێت و سەرلە ڕاز و نیاز وخواستە گونگ و خامۆشەکان و، لە ئاڵۆزی ڕوحی ژن دەربکات کە زاری خامۆش وچاوانی ڕۆشن و فام نەکرین؟

بەڵی، هەرکە کابرا لە مەسەلەکە حاڵی دەبوو، ئیدی داوای بەڵێنی ژوانی لە خانم دەکرد وخانم هەمیشە ئەوی بۆ ماوەی مانگێک یان شەش هەفتە بە چاوەڕوانی دەسپاردو دوور ونزیک چاودێری دەکرد تا باشتری بناسێت وتا ئەگەر کابرا عەیب وکێماسییەکی خەتەرناکی هەبوایە، خۆی لە شەڕی ئەو دوور بگرێت.

کابرا لەو ماوەیەدا بیری لەوە دەکردەوە تا بزانێ دەتوانێ لە کوێ، بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ، خانم بدینێ وبەدیداری بگات، ڕێگە وچارەسەری دژوارو بە تالوکەی بە مێشکا دەهات. پاشان لە ئاهەنگێکی فەرمیدا، خانم بە ئەسپایی بەگوێی ئەو ئەفسەرەیدا دەچپاند:- ڕۆژی سێ شەممە سەعات نۆ برۆ بۆ میوانخانەی ئەسپی زێڕین لە نزیکی بورج و قەڵاکانی کەنار جادەی " ڤوزیە "و لەوێ داوای خانم کلاریس بکە. من لەوێ چاوەڕوانت دەکەم. بەڵام بیرت نەچێ جلکی مەدەنی لەبەر بکە!

نزیکەی هەشت ساڵ بوو کە خانم ژوورێکی موبێلە کراوی لەو میوانخانە گومناوە بەکرێ گرتبوو. ئەمە بیرۆکەی فاسقی یەکەمی بوو کەبەبۆچوونی خودی خانمیش، بیرۆکەیەکی کردەنی بوو، دوای ڕۆیشتنی فاسقەکەشی، ئەو هێلانەیەی هەر چۆڵ نەکردبوو.

بەڵێ ئەو هێلانە ناچیزە، ژوورێکی بچووک بوو، هەر چوار دیوارەکەی بە لەزگەیەکی کاغەزینی قاوەیی کاڵ ونەخشێن بە گوڵێن شین داپۆشرابوو. تەختەخەو و سیسەمێکی لە دار سنۆبەری تیابوو، پەردەی مۆزلین بە پەنجەرەکانییەوە کرابوو، کورسییەکی دەسکداری نەرمی تیابوو کە بەڕێوەبەری میوانخانەکە لەسەر داوای خانم ، بۆ ئەو ژوورەی کرێ بوو، دوو کورسی و مافوورێکی بچووک لە پای سیسەمەکەدا دانرابوو و، چەند ئامانێکی پێویستی تەوالێتیشی تیابوو، لەوە زیاتر چی دەویست!

سێ وێنەی گەورە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوون، وێنەی سێ عەقیدی سوارە بوون، کە هەرسێکیان فەرماندەی فاسقەکانی ئەو بوون.

بۆچی؟ چونکە نەیدەتوانی یادگاری ڕاستەوخۆی فاسقەکانی بپارێزێت بۆیە پێدەچوو بیەوێ بەم شێوە ناڕاستەوخۆیە یادیان بکاتەوە.

بە درێژایی ئەو ماوانەی کە هاتوچۆی میوانخانەی ئەسپی زێڕینی کردبوو، تا ئێستا هیچ کەسێک نەیناسی بوو.

بەڵێ، هیچ کەسێک نەیناسی بوو.

ئەو ڕێکارەی ئەو بەکاری دەبرد سادە وپەسند بوو. کۆمەڵێک ئەنجوومەن و دەزگای خێرخوازی دامەزراندبوو کەخۆی زۆرجار بۆ ئەو شوێنانە دەڕۆیی و هەندێجاریش غەیب دەبوو. مێردەکەی کەلە کارە خێرخوازیەکانی ژنەکەی ئاگادار بوو- زۆریش گران لەسەری دەکەوت- هەرگیز گومانی خراپی بەدڵدا نەدەهات.

بەڵێ خانم هەرکە قەراری دیداری لەگەڵ فاسقەکەیدا دادەنا، ئێوارێ لەسەرنانی شێوان، لە بەردەم نۆکەر وکارەکەرەکاندا دەیگوت:

- من ئەمشەو دەچمە ئەنجوومەنی " کەمەربەندی فلانل " کە تایبەتە بە پیرەمێرانی گۆج وفەلەج.

نزیکی سەعات هەشت لەماڵ وەدەردەکەوت، سەرێکی لە ئەنجوومەنی ناقبری دەدا، پاشان لەوێندەر وەدەردەکەوت، بە چەندین کوچە وکۆڵاندا ڕەت دەبوو، هەرکە دەگەییە کۆڵانێکی تەنگەبەر وچۆڵ یان گۆشەیەکی تاریک وبێ ڕوناکی و چۆڵ وهۆڵ، کڵاوەکەی لە سەری دادەکەند

و،شەوکڵاوێکی، لەو شەوکڵاوانەی کە کارەکەران لەسەریان دەکرد ولەژێر مانتۆ وباڵاپۆشەکەیەوە دەیشاردەوە، دەردێنا و لەسەری دەکرد، بەرکۆشە وبەرهەڵبێنەیەکی سپی کەبە دزییەوە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنا، دەردێناو لە کەمەری دەبەست، کڵاوی ئاهەنگەکە و باڵاپۆشەکەی کە پێشتر لەسەری نابوو ولەبەری کردبوو، لە جانتا دەستیەکەی دەنا وبەوسەر وسیمایەوە، بەلارو لەنجە وناز وکریشمە دەکەوتەڕێ و ڕێک لە کارەکەرێک دەچوو کە پەیامێک بۆ شوێنێک ببات و، تەنانەت هەندێجار دەکەوتە نەرمەغار، وەکو یەکێک پەلەی کارەکەی بێ.

ئێستا چ کەسێک دەیتوانی ئەم بە ڕواڵەت کارەکەرە چوست وچالاک و وریا و زیرەکە، خات ئاماندونی ژنی سەرۆکی دادگا بناسێتەوە؟

خانم، بەو ڕەوشەوە دەگەییە میوانخانەی ئەسپی زێڕین، بە قاڵدرمەکانی ژوورەکەی خۆیدا، کە کلیلەکەی پێبوو، سەردەکەوت وبەڕێوەبەرە ورگنەکەی میوانخانەکە کەنێوی " ترڤیو " بوو کاتێ ئەوی دەبینی بەبەردەمیا ڕەت دەبوو، لەپشت مێزەکەوە لەبن لێوانەوە دەیگوت: "ئەمەش مادموزیل کلاریسە کە دەچێتە کەیف وڕابواردنی خۆی."

لەوە دەچوو ئەم ورگ گەورە شەیتانە بۆنی شتێکی کردبێت، لێ نەیدەویست لەوەی پتر بەتانیا بچێت. بێگومان ئەگەر بیزانیبا کە ئەم مشتەرییەی هەمان خات ئاماندونە یان بەقەولی خەڵکی پرتی لولنگ خات مارگرێتی ژنی سەرۆکی دادگایە، سەری سوڕ دەما، باوەڕی نەدەکرد.

ئەمەش چیرۆک وبەسەرهاتی چۆنیەتی ئاشکرابوونی ئەو ڕاز ونهێنیە ترسناکەیە:

مادموزیل کلاریس چونکە ژنێکی زۆر زرینگ و بەپارێز بوو، هەرگیز دوو شەوی یەک لەدووی یەک بۆ هەمان ژوانگە نەدەهات. وەستا ترڤیو، زۆرچاک ئاگای لەم بابەتە هەبوو، چونکە بە درێژایی ئەم هەشت ساڵە بۆ تاقەجارێکیش ئەوی نەبینی بوو کە بۆ سبەینێی ژوانەکەی بۆ ئەوێ بێتەوە، زۆرجاریش لەو ڕۆژانەدا کە میوانخانەکە زۆر قەرەباڵغ دەبوو، شەوێک ئەو ژوورەی بەکار دێنا.

بەڵێ، پار هاوین واڕێکەوت کە جەنابی سەرۆکی دادگا بۆماوەی یەک هەفتە لەشار وەدەرکەوت. مانگی تەمووز بوو. خانم زۆری ئارەزوو لە ئەشقبازی دەبێت و چونکە خاترجەم بوو کە غافڵگیر نابێت، عەسری ڕۆژێکی سێ شەممە کە دوعاخوازی لە فاسقەکەی خۆی دەکات، کە ئەفسەرێکی قۆزی خەڵکی (ڤارانژل) بوو، لەکاتی دوعا خوازییەکەیدا تکای لێکرد کە ئەگەر حەزدەکات ومەیلی لێیە، با سبەیش یەکدی بدینن.

ئەفسەرەکە بەرسڤی دایەوە:- هەزاری خێر و دووی بەرەکەت، چ لەوە باشتر دەبێت!

ئیدی بڕیاریان دا، سبەینێ، واتە چوارشەممە لەهەمان شوێن و لەهەمان سەعاتدا یەکدی بدینن. خانم دەمی لە پەناگوێی ئەفسەرەکە نا وگوتی:- گیانە، ئەگەر تۆ زووتر هاتی برۆ سەر سیسەمەکە تا منیش دەگەم.

ئەوسا یەکیان ڕامووسی ولێکدی جودا بوونەوە.

سبەینێ، نزیک سەعات دە، لەوکاتەدا کە وەستا ترڤیو خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی لۆکاڵی وەشانڤانی بیری کۆماریخوازەکان بوو، لەناکاوا ژنەکەی کە لە حەوشەدا خەریکی پاککردنی مریشکێکی سەربڕاو بوو، هاواریکرد وگوتی:- ئەیەڕۆ، لە شارستاندا (شار و شارۆچکەکانی دەرێی ناوەندی پارێزگا) پەتا بڵاوبووەتەوە، دوێنێ پیاوێک لە " ڤوینی " مردووە. بەڵام چونکە میوانخانەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، ئیدی بیری لەم بابەتە نەکردەوەو خەریکی کاروبارەکانی خۆی بوو.

نزیکی نیوەڕۆ، ڕێبوارێکی پیادە، کەلە گەڕیدە وجیهانگەڕان دەچوو هاتە میوانخانەکە و داوای نیوەڕۆژە وفراڤینێکی تێر وتەسەلیکرد، بەرلە نانی نیوەڕۆ، دوو کەوچکی لەو شرووبە تاڵەی کە پێی بوو خوارد وچونکە دنیا زۆر گەرم بوو یەک لیتر شەراب و بەلای کەمەوە دوو لیتر ئاویشی خواردەوە.

دوای ئەوە قاوەیەکی خواردەوەو سێ پیاڵەی بچووک مەشرووبی خواردەوە. پاشان چونکە هەستیکرد کەمێک سەری قورس بووە، داوای ژوورێکی کرد تا یەک دوو سەعاتان لەوێندەر بخەوێ. تاقە یەک ژووری بەتاڵیش لە میوانخانەکەدا نەمابوو، ترڤیو دوای ڕاوێژ و شیرەت دەگەڵ ژنەکەیدا، ژوورەکەی مادموزیل کلاریسی دایێ.

کابرا چووە ژوورەکە، لێ دەوروبەری سەعات پێنج چونکە کابرا نەهاتە دەرەوە، یارۆی ئوتێلچی چوو بۆ ژوورەکە تا بێداری بکاتەوە.

سەیرە، کابرا مردبوو!

ئوتێلچیەکە بە غار بە پلیکانەکاندا هاتەخوارێ و چوو بە سۆراخی ژنەکەیەوەوگوتی:- بۆ دانیشتووی! وابزانم ئەو کابرایەی کە بردبوومە ژووری ژمارە یازدە مردووە.

ژنە باسکەکانی هەڵبڕین وگوتی:- کوڕە وەی نەبێ! سوبحانەڵڵا! هی پەتاکە نەبێ!

وەستا ترڤیو سەرێکی لەقاند وگوتی:- پێدەچێ سەکتەی مێشک لێی دابێ، چونکە دەم وچاوی وەکو تلّپەی شەراب ڕەش هەڵگەڕاوە.

لێ ژنی کابرای ئوتێلچی ترسابوو، پەیتا پەیتا دەیگوت:- نەکەی بە کەس بلّێی- ئەگینا وادەزانن پەتا بلّاو بووەتەوە. تەنیا برۆ پۆلیسخانە ئاگادار بکەوەو کارێ بکە کە درەنگانی شەو لێرەی ببەن تا نەکەس ببینێ و نەکەس پێی بزانێت.

کابرا لەبن لێوانەوە گوتی:- مادموزیل دوێنێ هاتبوو، بۆیە ژوورەکەی ئەو ئەمشەو خالّی دەبێت.

ئەوجا چوو بە دووی پزیشکدا، پزیشک ڕوونی کردەوە کە کابرا بەهۆی بەرزە پەستانی خوێنەوە مردووە، ئەنجامی نانخواردنی زۆر و زۆرخوارنەوەی شەراب بووە. پاشان یارۆی ئوتێلچی دەگەلّ پۆلیسی گەڕەکدا ڕێکەوت کە دەوروبەری نیوەشەو بەبێدەنگی جەنازەکەی لەوێندەر بەرن، تا کەسی ناو ئوتێل و میوانخانەکە هەستی پێنەکات.

سەعات نوێ شەو بوو کە خات ئاماندون، لە ناکاوا بێئەوەی هیچ کەسێک ببینێ، بە هەشتاو بە قالّدرمەکانی ئوتێلی ئەسپی زێڕیندا چووە سەرەوە. کە گەییە بەر ژوورەکەی خۆی دەرگای کردەوەو وەژوورکەوت. مۆمێک بەسەر سۆپاکەوە دەسووتا. خانم بەرەو سیسەمەکە گەڕایەوە. ئەفسەری ئاشق خەوتبوو، بەلّام چەرچەفی سیسەمەکەی بەخۆیدا دابوو.

خانم لەبن لێوانەوە گوتی:- گیانەکەم، یەک خولەک سەبر بکە، هەر ئێستا دێم.

ئەو قسەیەی کرد و بەپەلە پڕوزێ کەوتە داکەندنی جلەکانی خۆی. پووتەکانی داکەند وفڕێی دانە سووچێکەوە، مەمکدانەکەی لەسەر تاکە قەنەفەکە دانا، پاشان کراسە ڕەش و تەنوورەکەی داکەند و تووڕی دانە سووچێکەوە، ئەوسا کراسێکی خەوی سووری لەبەر کرد و دەتگوت گولێکە کە تازە شکۆفەی کردبێت.

چونکە یارۆی ئەفسەری ئاشق هیچ ورتەیەکی لێوە نەهات، خانم پرسی:

- ئازیزی دلّەکەم، خەوت لێکەوتووە.

دیسان ئەفسەرەکە وەلّامی نەبوو. خانم کەوتە پێکەنین و لەبن لێوانەوە گوتی:

- عەجایەب! خەوتووە! بەڕاستی زۆر سەیرە!

لەکاتێکا گۆرەوییە ڕەشە ئاوریشمیەکانی خۆی دێنایەخوارێ بەهەشتاو بۆلای سیسەمەکە ڕۆی و خۆی خزاندە ژێر چەرچەف و لێفەکەوە، بە خەیالّی ئاشقەکەی خۆی، توووند باوەشی بە جەنازەی

ڕێبواره مردووەکەدا کرد و، بۆ ئەوەی لە ناکاو ولەناخافلا بێداری بکاتەوە، ماچێکی گەرمی ئەو لێوە ساردانەی کرد.

بۆ چرکەیەک حایر وحەپەساو لەجێی خۆی وەستا تا بەڵکو شتێک لەمەڕ ئەم حاڵە بزانێت، لێ پێش ئەوەی بیری بکەوێتەکار، ساردوسڕی ئەو گۆشتە بێ ڕوح وگیانە، ترسێکی سەیرو شێتانەی خستە دڵ و دەروونیەوە.

لەناکاوا، لەحاڵێکا کە سەراپای دەلەرزی، بەبازێک خۆی لە تەختەکەوە هەڵدایە خوارەوە، بەرەولای سۆپاکە غاریدا، مۆمەکەی هەڵگرت و دووبارە بۆلای تەختە خەوەکە هاتەوەو تەمەشای کرد. روخسارێکی ترسناکی بینی کەبە هیچ جۆرێ نەیدەناسی. ڕوخسارێک بوو ڕەش، هەڵماسیاگ، چاوانی نوقابوون، شەویلاگەوکاژێرەی بەجۆرێ خوار بووبوو، پیاو زراوی لێ دەتۆقی.

خانم، پڕ بە زار قیژەیەکی کرد، قیژەیەکی تیژ وبەردەوام لەو بابەتە قیژانەی ژنان لەکاتی شێت بووندا لێی دەدەن. مۆمەکە لەدەستی کەوت، دەرگاکەی ڤەکرد، حایر وحەپەساو، بەترس ولەرزەوە هاواری دەکرد، بەوحاڵەوە، بە ڕووتی غاریدایە ناوەڕاستی ڕاڕەوەکە.

ڕێبوارێک کە دەلاڵی گەڕۆک بوو ولە ژووری ژمارە چوار ئاکنجی بوو، بە گۆرەوییەوە هاتەدەرێ و لەهەمان دەمدا خانم کەوتە باوەشی ئەوەوە. کابرای ڕێبوار، بە ترسەوە پرسی:

– مەسەلە چییە، جوانێ؟

خانم، بە هەراسانی گوتی:– لە... لە... ژوو...رەکە... کەسێکیان کوشتووە!

ڕێبوارەکانی دیکەش خڕ بوونەوەو کابرای ئوتێلچیش هات بەسەردا!

لەوکاتەدا، لەناکاوا قەد وبالای جوانی یارۆی ئەفسەری فاسق لەوسەری ڕاڕەوەکەوە پەیدا بوو. خانم، هەرکە چاوی بە فاسقەکەی کەوت بەغار بەرەو پیری چوو و بەدەم هاوارەوە گوتی:– ئامان گونتران ڕزگارم بکە، فریام بکەوە! کەسێکیان لە ژوورەکەماندا کوشتووە..

ڕونکردنەوەی مەسەلەکە کارێکی ئەستەم بوو. وێڕای ئەمەش وەستا ترڤیو حەقیقەتی مەسەلەکەی بە هەمووان گوت، تکای کرد کە یەکسەر مادموزیل کلاریس ئازاد بکەن وگوتی من کەفالەتی دەکەم، لێ ڕێبوارە گۆرەوی لە پێیەکە، دوای تەمەشاکردنی جەنازەکە تەکەزی کرد کە تاوانێک ڕوویداوەو قەناعەتی بە ڕێبوارەکانی دیکەش کرد کە نەیەڵن مادموزیل کلاریس و فاسقەکەی هەڵێن.

ناچار چاوەڕوانی هاتنی ئەفسەری پۆلیسیان کردو ئەویش ئەوانی ئازاد کرد، لێ کەسێکی ڕازپۆش نەبوو.

یەک مانگ دواتر، جەنابی سەرۆکی دادگای شار، تەرفیعی بۆ هاتەوەولەگەڵ قەراری تەرفیعەکەیدا بۆ شوێنێکی دیکە نەقڵ بوو.

## حەسرەت

ئاغای ساڤال کە لە دەڤەری مانتدا بە بابا ساڤال ناسراوە، تازە لەخەو ڕاوبووە، باران دەباریێت، ڕۆژێکی خەمناکی پاییزییە. خەزان و گەڵاڕێزانە. گەڵاکان وەکو بارانێکی بە خوڕزم لێ خاوتر، بە ئەسپایی لەگەڵ بارانەکەدا دادەڕژێن. ئاغای ساڤال دڵی خۆش نییە. لەبەر پەنجەرەکەوە تابەر موغەیرییەکە و لەپای موغەیرییەکەوە تابەر پەنجەرەی ژوورەکەی دێ ودەچێت.

ئیدی ژیان ڕۆژانی تاریک وخەمناکی هەیە وتیایە ولێرە بەدواوەش بۆ جەنابی ساڤال جگەلە ڕۆژانی تاریک و خەمناک هیچی تری تیا نابێت، چونکە تەمەنی شەست ودووساڵە وپیرە کوڕەو هیچکەسێکی نییە بەدەوریا بێتو پێی ڕابگات، چەند ناخۆشە کە مرۆڤ تەنیا بێ وبەبێ ڤیان وخۆشەویستی بمرێت.

بیر لە ژیانی ڕووت و پووچەڵی خۆی دەکاتەوە، دەکەوێتە بیری ڕابردوو ودەورانی منداڵی خۆی، ماڵەکەی خۆیان، ئەو ماڵەی کە دەگەڵ باب ودایکیا تیای دەژیا، بیر دەکەوێتەوە. دەکەوێتە بیری دەورانی خوێندنی دواناوەندی وگەشت وگەڕانەکان، ئەوجا ئەو ڕۆژگارەی بیر دەکەوێتەوە کەلە پاریس، خەریکی خوێندنی مافناسی بوو، ئەوجا نەخۆشین و مردنی باوکی وەبیردێنێتەوە. ئەوسا ئەوەی وەبیردێتەوە کە گەڕابووەوە تالەگەڵ دایکیا بژی، ئەم کوڕە گەنجە و دایکە پیرەکەی ماوەیەکی زۆر، بە ئارامی وخۆشی، بێئەوەی هیچ خولیا وئارەزوویەکیان هەبووبێ، پێکڤە ژیابوون. پاشان دایکیشی مردبوو. بەڕاستی ژیان زۆر خەمناکە!

بە تاقی تەنیا مابووەوە، ئیدی ئەویش دەمرد. ئەویش لە لاپەڕەی ڕۆژگاردا دەسڕدرێتەوەو هەموو شتێک کۆتایی دێت، ئیدی ئاغای ساڤالی لە دنیادا نامێنێ. چەند ناخۆشە کە خەڵکانی دی دەژین

ویەکتریان خۆشدەوێت وپێدەکەنن. بەڵێ کەسانێک کەیف و سەفا دەکەن و ئەو ئیدی لە دنیادا نەماوە. باشە سەیر نییە، مرۆڤ سوور بزانن کە دەمرن و گیای مردنن و بەو حاڵەشەوە بتوانن پێبکەنن و بچنە گەشت و سەیران وخۆشحاڵ بن؟خۆ ئەگەر مردن تەنیا ئەگەرێک بوایە، جێگەی خۆی بوو مرۆڤ، هیواو ئومێدێکی هەبووایە، لێ مەرگ حەتمیە و گەڕانەوەی نییە، وەکو چۆن شەو ورۆژ بەدووی یەکدا دێن، بەو ئاوایە گومان لە حەتمیەت و هاتنی نییە.

وێڕای ئەوەش، کاشکێ ژیانی ئەو بە فیڕۆ نەچووبایە، بریا کارێکی کردبوایە، خۆزگە بویەرێک، خۆشی و شادیەک، سەرکەوتن وهەوراز ونشێوێکی، هەر چۆنێک بووە، تیا بوایە. لێ هەزار حەیف ومخابن کە هیچی تیا نەبوو. جگەلەوەی لە سەعاتێکی دیاریکراوا لەخەو ڕابێ، نان بخوات و دیسان بخەوێتەوە هیچ کارێکی دیکەی نەکردبوو، ئیدی بەوجۆرە شەست و دوو ساڵی تەمەنی بەڕێ کردبوو، تەنانەت وەکو خەڵکی دیکە ژنیشی نەهێنابوو. بۆچی؟ بەڵێ، ژنی نەهێنابوو؟ هەڵبەتە دەیتوانی ئەم کارە بکات چونکە پارە وپوولێکی هەبوو. ئایا بۆی ڕێک نەکەوتبوو؟ دوور نییە. بەڵام مرۆڤ دەتوانێ، هەل و دەرەتان بۆخۆی بخولقێنێت.

ئایا لەبەر ئەمەبوو کە کوڕێکی خەمسارد و بێموبالات بوو؟ خەمساردی و بێموبالاتی دەردە گەورەکەی ئەو، عەیب وکێماسی ئەوبوو. زۆرجار خەڵکی ژیانی خۆیان بەبێ موبالاتی و خەمساردی فەوت وفەنا دەکەن. بەلای هەندێ کەسەوە چەند زەحمەتە کە هەستن، تەکانێ بدەنە خۆ، هەنگاوێ بنەن و قسەیەک بکەن و هەندێ شتان بخوێننەوە.

ئەو، تەنانەت هیچ ماشقەیەکیشی نەگرتبوو، قەپاتمەیەکی نەبوو. هیچ ژنێک، لەگەرمەی ئاشقێنیدا، لە سەر سینگی ئەو خەوی پێدا نەکەوتبوو. ئەو لە دڵەخورپەی شیرینی چاوەڕوانی، لە ڕاچڵەکینی مەلەکووتانەی دەستێکی نەرم کە بیگوشێت و لە موچوڕکەی هەوەسێکی بەکام گەییوو، غافڵ و بێئاگا بوو.

چ خۆشیو شادییەکی میتا بەشەری لە وەسف نەهاتگ، دەبێ دڵی ئێوە تەژی بکات لەو دەمەدا کە بۆ یەکەمجار لێوان ئاوێتەی لێوان دەبن، لەو دەمەدا کەبە گوشاری گەرمی چوار بازووی دوو بوونەوری دێوانە ، یەک بوونەوەری میتا خۆشبەخت هاتووەتە ئاراوە.

ئاغای ساڤال، بە بیجامەوە، دانیشتبوو پێیەکانی دابووەبەر ئاگرەکە.

دیاربوو کە ژیانی وی بە فیڕۆ، بە تەواوەتی بەفیڕۆ چووە. وێڕای ئەوەش ئەو، بەڵێ ئەو بەخۆی، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاشقێنی کردبوو. ئاشقێنیەکی پەنهانی وبە ئازار، بەڵام بە خەمساردی وبێموبالاتی کردبوو، وەکو چۆن هەموو کارەکانی بە بێموبالاتی دەکرد. حەزی لە دۆستی دێرینی

خۆی، خات ساندر، کە ژنی هاوڕێ کۆنەکەی خۆی ئاغای ساندر بوو، کردبوو. خۆزگە بە کچێنی ناسیبوایەی، لێ حەیف کە زۆر درەنگ ناسیاوی لەگەڵدا پەیداکردبوو، تازە کار لەکار ترازابوو و ئیدی شووی کردبوو. هەڵبەتە ئەگەر زووتر ناسیبای، خازگاری دەکرد. مەگەر هەرخوا بزانێ کەلە یەکەم ڕۆژی دیدارەکەیاندا، چ ئەشق و ڤیانێکی بەرانبەر بەو پەیدا کردبوو!

ئەو سۆز وگوداز وهەڵچوونانەی وەبیر دەکەوتنەوە کە هەر جارێک ئەو خاتوونەی دەبینی، تووشی دەبوو، ئەو خەم وپەژارانەی بیر دەکەوتنەوە کە دوای هەر دابڕانێک لەو، سەر ودڵی دەگرت وئەو شەوانەی بیر دەکەوتنەوە کە بیری لەو دەکردەوە، ئیدی خەوی دەزڕا ونەیدەتوانی بخەوێت.

بەیانیان کەلە خەو ڕادەبوو، هەستیدەکرد کە ڤیانی وی بە هەمان تووندی ڤیانی شەوی ڕابردوو نییە، بۆچی؟

ئاە کە خات ساندر، کاتی خۆی چەند جوان وشۆخ وشەنگ و بەناز وگوڵ خەندان بوو! ئاغای ساندر، پیاوێک نەبوو کە شایستەی ئەوبێت. خات ساندر هەنووکە تەمەنی پەنجا وهەشت ساڵ بوو و لە بەختەوەر دەچوو. سەد حەیف ومخابن! خۆزگە خات ساندر ئەو کات، ئەمی خۆشدەویست، بریا خۆشی ویستبایە. چما خات ساندر ئەمی خۆشنەویستبوو؟ ئەو، خات ساندری خشیک وقژ زەردی خۆشدەویست. بریا ئەو کاتە هەستی بە شتێک بکردایە... ئایا خات ساندر، هەستی بە ڤیانی ئەو نەکردبوو؟ ئایا ئەو کاتانە چۆن بیری لە ئاغای ساڤال کردبووەوە؟ ئایا ئەگەر ساڤال شتێکی بەو ئافرەتە شۆخە گوتبا، چ وەڵامێکی دەدایەوە؟

بەمجۆرە ساڤال، هەزاران پرسیاری دیکەی لەخۆی دەکرد. دووبارە شریتی عومری خۆی لێدەدایەوەو هەوڵیدەدا، هەموو وردەکارییەکانی ژیانی وەبیر بێنێتەوە.

شەوبیرییە دوور ودرێژەکانی ماڵی ئاغای ساندری وەبیر خۆی دێنایەوە، ئەو سەردەمانە ژنەکەی گەنج و لە بەردڵان بوو.

ئەو قسانەی وەبیر دەهاتنەوە کە ئەو ژنە جوانە بەوی گوتبوون، ڕاوێژی تایبەتی دەنگی ئەو کاتەی ئەوی لە یادگەی خۆیدا زندوو دەکردەوە، نەرمە بزە گۆنگەکانی ئەوی وەیاد دێنایەوە کە هەزار ویەک ڕازیان لەخۆ گرتبوو.

ڕۆژانی سەیرانی سێ قۆڵی خۆیانی لە بەستێن و کەناراوەکانی ڕوباری سن و نیوەڕۆژەی یەک شەممانی سەر سەوزەزارەکانی بیر دەکەوتەوە، چونکە ئاغای ساندر فەرمانبەری دەوڵەتی بوو.

لەناکاوا بیرەوەرییەکیرۆشنی دوانیوەڕۆیەکی لە زەینا زندوو بووەوە کەبە تەنیا، لە بێشەیەکی کەناری ڕوبارا لەگەڵ ئەوی بەسەر بردبوو.

بەیانی ئەو ڕۆژە، هەر سێکیان، بە باروبنە وخۆراکی تەواوەوە بەڕێ کەوتبوون. ڕۆژێکی خۆشی بەهاری بوو، یەکێک بوو لەو ڕۆژانەی کە بەشەر مەست دەکەن، هەموو شتێک بۆنخۆش، شاد و شەنگوڵ، نەغمە وئاوازی پڕخۆشی وشادی مەلان، باڵەفڕکەی خێراولەز... فراڤینیان لەسەر سەوزە گیای سێبەری  داربییەکانی نزیکی کەناری ڕوبارەکە، کە ئاوەکەی لەبەر تیشکی خۆرەکەدا سست دەهاتەبەرچاو، خواردبوو. هەوا فێنک و تەڕی بۆن و بەرامەی جۆرەها گیا بوو وبە لەزەتەوە هەڵیان دەمژی. وەی لەو ڕۆژە کە ڕۆژێکی خۆشبوو!

دوای فراڤین (نیوەڕۆژە) ، ساندر، لەسەر گازی پشت ڕاکشابوو و خەوی لێکەوتبوو، خەوێک کەخۆی گوتەنی، هەڵبەتە دوای بێداربوونەوە، خۆشترین خەوی ژیانی بوو.

خات ساندر،قۆڵی کردبوو بە قۆڵی ئاغاداو بەدەم پێکەنینەوە دەیگوت:

– من مەستم دۆستی ئازیزم، مەستی تەواوم.

ئاغا، تەمەشای ئەوی دەکرد، لێ لە کانگەی دڵەوە دەلەرزی. هەستیدەکرد، ڕەنگی هەڵدەبزرکێ و دەترسا کەنەبادا چاوانی، لە ڕادەبەدەر شەرمیان بڕەوێتەوە و، لەرزینی دەستەکانی، ڕازی دڵی وی ئاشکرا بکەن.

خات ساندر، لە گیای بەرز ونیلوفەڕانی شین تاجە گوڵینەیەکی بۆخۆی دروست کردبوو و لەوی پرسی بوو: " ئەم شێوەیەمت بەدڵە؟ "

چونکە هیچ وەڵامێکی نەدابووەوە – لە ڕاستیا هیچ وەڵامێکی بۆ نەهاتبوو و چیوای نەمابوو بکەوێتە سەرچۆکان – خانم لە قاقای پێکەنینی دابوو. بەڵێ خەندەیەکی ناڕەزایی بەڕوویدا دابوو و گوتبووی:– کەرە زلە! بەلای کەمەوە قسەیەک بکە!

ئەو، دووبارە بێئەوەی بتوانێ قسەیەک بدۆزێتەوە، چیوای نەمابوو، لە هۆڕژنی گریانێبدات.

ئێستا هەرهەموو ئەم بویەر و بەسەر هاتانە، وەکو ڕۆژی یەکەم، مووبەموو وەیادی دەهاتنەوە. بۆچی خات ساندر بەوی گوتبوو:– " کەرە زلە! بەلای کەمەوە قسەیەک بکە! "

بیری دەکەوتەوە کە خانم چۆن بە میهر وسەفاوە خۆی لەو هەڵدەسوو. بیری کەوتەوە، چۆن ئەوکاتەی بە ژێر درەختێکی چەماوەدا تێدەپەڕین گوێچکەی خانم بەر ڕوومەتی ئەو کەوت، ئەو لە

ترسی ئەوەی نەبادا خانم ئەم بەرکەوتنە بە شتێکی ئانقەست لێک بداتەوە، لە ناکاوا وبلەز ڕوومەتی خۆی بردبووە دواوە.

وکاتێ لە خانمی پرسی بوو: " ئەرێ وەختی گەڕانەوە نییە؟ " خانم بە نیگایەکی پڕماناوە، سەراپای دابێژتبوو. گومان لەوەدا نییە کە خانم لەو ڕۆژەدا، بە نیگایەکی ئاشقانە لەوی ڕوانی بوو وئەو لەو کاتەدا لەمە حاڵی نەبووبوو، بەڵام ئێستا هەموو وردەکارییەکانی وەیاد دێنایەوە.

خانم بەرسڤی دابووەوە: " بەکەیفی تۆ، ئەگەر ماندوو بوویت دەگەڕێینەوە."

ساڤال گوتبووی: " نا، من ماندوو نیم، لێ لەوەیە ئێستا ساندر بێدار بووبێتەوە."

خانم شانی هەڵتەکاندبوو وگوتبووی: " ئەگەر لە بێدار بوونەوەی مێردەکەم دەترسیت ئەمەیان شتێکی ترە. زۆرچاکە با بگەڕێینەوە."

خانم، لە گەڕانەوەدا ورتەی لەخۆ بڕی بوو، ئیدی قۆڵی بەقۆڵی ئەودا نەکردبوو، بۆچی؟ ئاغا تا ئێستا ئەم "بۆچی" یەی لەخۆ نەپرسی بوو، لێ هەنووکە شتێکی تیا دەبینی کە هەرگیز دەرکی نەکردبوو. ئایا...

ئاغای ساڤال هەستیکرد کە سوور بووەتەوەو شپرزە و پەشۆکاو لە جێی خۆی ڕاپەڕی، ڕێک وەکو ئەوەی سی دانە ساڵ گەنجتر بووبێتەوەو لە زاری خودی خات ساندرەوە پێی گوترابێ کە: "خۆشم دەوێی" .

ئایا شتی وا دەبوو؟ ئەم گومانە کەلە گیانی وی وڕوکابوو، ئازاری دەدا. ئایا مومکین بوو لەو سەردەمەدا هیچی نەدیبێ وهیچ مەزەندە وگومانێکی لا دروست نەبووبێ؟ وای ئەگەر ئەم مەسەلەیە ڕاست بووبێ، ئەم مەسەلەیە هەروا تێپەڕ بووبێ و ئەم ئەو دەرفەت و دەرەتانەی نەقوستبێتەوە.

لەدڵی خۆیدا گوتی: " دەبێ بزانم، بچمە بنج و بناوانی. من ناتوانم بەم گومانەوە هەڵبکەم. هەر دەبێ بیزانم، بچمە بنج وبنەوانی. یەکسەر خۆی گۆڕی. لەودەمەدا کە بلەز جلکی لەبەر دەکرد، لە فکران ڕاچوو: "من شەست و دوو ساڵانم و ئەو پەنجا وهەشت ساڵان، کەواتە دەتوانم ئەم پرسیارەی لێبکەم. " ولەماڵ وەدەرکەوت.

ماڵی ساندر لەوبەری شەقامەکەوە، تەقریبەن بەرانبەر بە ماڵەکەی خۆی بوو. یەکسەر بۆ ئەوێندەر چوو. کارەکەرە کورتەباڵاکەی ماڵەکە، کە گوێی لە تەقەی دەرگا ژەنەکە (دەرکوت) بوو، ڕۆیی و دەرگاکەی کردەوە. کە ئاغای ساڤالی بەو بەیانییە زووە بینی، سەری سوڕما وپرسی:

- تۆ وبەم بەیانییە زووە؟ ئایا هیچ بووە؟

- نەخێر کچەکەم، لێ هەرە بە خانمت بلێ کە دەمەوێ هەر ئێستا قسەی دەگەڵ بکەم.

- خانم، لە مووبەقەکەیە، خەریکە مرەبای هەرمێ بۆ زستان دروست دەکات. حاڵی حازر بەدیار وەجاخەکەوەیە و جل وبەرگی پێشوازی میوانی لەبەردا نییە، تێدەگەیت.

- بەڵێ تێدەگەم، لێ پێی بێژە کە بۆ مەسەلەیەکی زۆر گرینگ هاتووم.

کارەکەرەکە ڕۆیی وئاغای ساڤال، لە هۆڵەکەدا، بەوپەڕی نیگەرانی و بە هەنگاوی هەڕاوەوە، کەوتە ڕاوێچکە. وێڕای ئەوەش هەستیدەکرد کە پەلەی نییە. ئایا دەچوو ئەو پرسیارە لەو خانمە بکات. ڕێک وەکو ئەوەی بیەوێ، شێواز وچۆنیەتی لێنانی خواردنێکی تایبەتی بپرسێت؟ ئاخر ئەو هەنووکە ژنێکی قەڵەوی زەلامی پان وپۆڕ و گۆنا گۆشتن و دەم بە پێکەنین بوو. بەدەم ڕێکردنەوە دەست وبازووەکانی بڵاودەگرت وئاسینی کراسەکەی لە سەر قۆڵ وباسکە ڕووتەکەی هەڵکردبوو. دەستی بە شیلەی شیرینی میوەوە بوو. خانم بە نیگەرانییەوە پرسی:

- چ فەرمایشکێت هەبوو دۆستی من، خۆ نەخۆش نیت؟

ساڤال، گوتی:

- نەخێر دۆستی ئازیزم، تەنیا دەمەوێ پرسیارێکت لێبکەم کەبۆ من وبەلای منەوە زۆر گرینگە و ئەزیەتم دەدات. ئایا بەڵێنم دەدەیە کە ڕاشکاوانە وەڵامم بدەیەوە؟

خانم بەدەم بزەیەکەوە گوتی:- من هەمیشە، ڕاشکاو وقسە لەڕوو بووم.

- دەی زۆرچاکە، دەڵێم: من لە یەکەم ڕۆژەوە کە تۆم دیتبوو زۆرم خۆش ویستوویت، ئایا تۆ هەستت بەمە کردبوو؟

خانم، بە پێکەنینەوەوبەهەمان ڕاوێژی تایبەتی خۆیەوە بەرسڤی دایەوە:

- بڕۆ هەی کەرە زلە، من لەیەکەم ڕۆژەوە هەستم پێکردبوو.

ساڤال، کەوتە لەرزین و بەدەم مینگە مینگەوە گوتی:- ئەها... کەواتە دەزانی؟ و ئەوجاش..

مات بوو.

خانم پرسی:- ئەوجاش.. چی؟... گەرەکتە بلێی چی؟

خانم، توندتر پێکەنی، چۆڕاوگەی شیلەی مرەباکە لە نووکی قامکەکانیەوە، دەتکایە سەر پارکێتی (تەختەپۆش) ژوورەکە.

– من؟... لێ تۆ هیچت لەمن نەپرسی، بۆیە نەدەبوو هیچ شتێک بۆ تۆ دەربرم.

ساڤال، هەنگاوێک لە خانم چووە پێشەوەو دووبارە گوتی:

– پێم بڵێ... بڵێ... ئەو ڕۆژەت لە بیرە کە ساندر لەسەر سەوزە گیاکە خەوتبوو... و ئێمە بە دوو قۆڵی تا پێچی ڕوبارەکە، بە پیاسە چووینە خوارەوە؟

بێدەنگ بوو، خانم ئیدی پێنەدەکەنی و زەق زەق چاوی لەدوڕ چاوانی ئەو بڕی بوو.

– بەڵێ، هەڵبەتە لەبیرمە.

ساڤال، بەدەم لەرزینەوە لەسەری ڕۆیی:

– ئێ، ئەگەر من ئەو ڕۆژە... ئەو ڕۆژە... داوایەکم لەتۆ کردبوایە... تۆ چیت دەکرد؟

خانم، وەکو ژنێک کە خەم لە هیچ شتێک نەخوات، دیسان دەستی بە پێکەنین کرد وبەوپەڕی ڕاشکاوی و بە ڕاوێژێکی بێ پێچ و پەنا. بەڵام نێش ئامێز گوتی:

– هیچ دۆستی من، ڕادەستت دەبووم.

ئەوجا ڕووی وەرگێڕا و چووبەلای دروستکردنی مرەباکەی خۆیەوە.

ساڤال، وەکو کەسێک کە دووچاری بەڵایەک بووبێ، خەمبار ودڵبرین و دڵ بەژان، لەماڵەکە وەدەرکەوت، لەبەر باراندا، بە هەنگاوی هەڕاو ڕاست دەڕۆیی، بێئەوەی بیری لەوە کردبێتەوە کەبۆ کوێ دەڕوات بەرەو ڕوبارەکە نشێو دەبووەوە. کە گەییە بەستێن و کەناراوەکە بەسەمتی ڕاستدا پێچی کردەوەو دیسان ڕاست ڕۆیی. دەتگوت ئازیزێک چاوەڕوانی دەکات. ماوەیەکی زۆر ڕۆیی. جلەکانی هەموو تەڕ بوون، ئاویان لێدەچۆڕا، کڵاوەکەی لە ڕەنگ و ڕوو کەوت، بووبە پەڕۆ کۆن، وەکو سەربان دڵۆپەی دەکرد. بەهەمان دەقەوە ڕاستەوڕاست دەڕۆیی ئەنجام گەییە شوێنێک کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، لە زەمانێکی زۆر کۆنا، لەوێ پێکەوە فراڤینیان خواردبوو و هێشتا هەر ئازار و سوێی ئەو ڕۆژەی لەدڵدا بوو.

ئەوسا لەژێت درەختە ڕووتەکاندا ڕۆنیشت و دەستی بە گریان کرد.

## هاپۆ جوول

سواڵکەرێکی پیری ڕدێن سپی، داوای خێر وسەدەقەی لێکردین، جوزیف دافرانشی هاورێم سەد فلسی دایە، من سەرم لەم کارەی سوڕما، پێی گوتم:

- ئەم گەدایە چیرۆکێکی وەبیر هێنامەوە کە ئێستا بۆتی دەگێڕمەوە، چیرۆکێک کە هەمیشە لەبیرمە، چیرۆکەکەش ئەمەیە:

خانەوادە و ماڵباتی من کەبە ئەسڵ خەڵکی هاڤەر بوون، زەنگین و دەوڵەمەند نەبوون. تەنیا بژی ومەمر خۆیان بەڕێوە دەبرد. بابم کاریدەکرد، درەنگ لە دایەرە دەزڤڕییەوەو دەرامەت و دەسکەوتێکی ئەوتۆی نەبوو. دوو خۆشکم هەبوو.

دایکم زۆر خەمی ئەم دەسکورتیەی بوو، پێی سەغڵەت بوو، زۆرجار لۆمەی مێردەکەی دەکرد، تانووتی ناشایستەی لێدەدا. ئەو پیاوە داماوە، لەوحاڵ و کاتانەدا، ڕەفتار و جووڵەیەکی ئەوتۆی دەکرد کە زۆر بەزەییم پێیدا دەهاتەوە. بەبێ ئەوەی ئارەقەی کردبێتەوە، وەکو یەکێک بیەوێت ئارەقەکەی بسرێت، بەو ئاوایە دەستی بە هەنیەیدا دێنا وهیچی نەدەگوت. من هەستم بە دەردی بێ دەسەڵاتی ئەو دەکرد. لە هەموو شتێک دەستیان دەگرتەوە وڕەزیلیان دەکرد. دەعوەت و زیافەتی شێڤ و فراڤینی کەسیان قەبووڵ نەدەکرد، تا ناچار نەبن دەعوەتیان بۆ بکەنەوە. خوارن و ئازووقەی هەرزان و پاشماوەی دووکانیان دەکڕی. خوشکەکانم بەخۆیان کراس و جل وبەرگی خۆیان، دەدروو، لەسەر کڕینی ئۆیە وگولابەتوون، کە مەترێکی بە پازدە قروش بوو، بە سەعاتان گەنگەشە ومامەڵەیان دەکرد. خواردنی ئاسایی مە شۆربا وسوپی چەور وگۆشتی گابوو، کە جۆرەها ساس وبەهاراتیان پێوە دەکرد. ئەم خواردنە بە ڕواڵەت زۆرباش و بۆ جەستە بە سوود بوو، بەلام من حەزم لێنەدەکرد. خواردنێن دیکەم پێ پەسندتر بوو.

ئیدی ڕەنگ نەبوو دوگمەیەکی جلەکانم بکەوتبا و بزر بوایە، یان پانتۆڵەکەم کەمێک دڕابا، ئیدی شەڕێکیان پێدەفرۆشتم ئەوپەڕی دیارنەبێ، هەر حەیایان دەبردم.

هەموو ڕۆژانی یەک شەممان، وەکو ئەوەی بچینە میوانی، خۆمان دەگۆری، جوانترین جلمان لەبەر دەکرد و بۆ پیاسە وگەڕان بۆ بەندەر و لەنگەرگا دەچووین. بابم پاڵتۆیەکی درێژی ڕەشی لەبەر وکڵاوێکی قووچی لە سەر وجووتێ دەستەوانە (دەستکێش، لەپک ) لەدەست دەکرد، قۆڵی دەکرد بە قۆڵی دایکمدا، کەبە جۆرێ خۆی دەڕازاندەوە لە تۆوایە کەشتی جەژنە. خوشکەکانم کە هەمیشە لە پێش هەمووانەوە ئامادە دەبوون، چاوەڕوانی فرمانی حەرەکەتیان دەکرد. بەڵام لە دوا ساتدا، پەڵەیەکیان بەسەر پاڵتۆ فەرمیەکەی بابمەوە بەدی دەکرد کە بیریان چووبوو پاکی بکەنەوە، ئیدی یەکسەر پارچە پەڕۆیەکی بە بەنزینیان دێنا و ئەو پەڵەیەیان پێ پاک دەکردەوە.

بابم لەو کاتەدا، کە کڵاوە قووچەکەی لەسەر بوو، بە تۆی کراسێک دەوەستا وچاوەڕوانی دەکرد، تا لە پاککردنەوەی پاڵتۆکە ببنەوە، دایکم چاویلکە زەرەبینەکەی لەچاو دەکردو دەستکێشەکانی لەدەست دادەکەندن تا پیس نەبن و بە هەشتاو دەکەوتە پاککردنەوەی پاڵتۆکە.

ئەوسا، بە تەشریفاتی تەواوەوە، دەکەوتنەڕێ. خوشکەکانم قۆڵ لە قۆڵی یەکدا، لە پێشەوە ڕێیان دەکرد، هەردووکیان پا وەبەخت و لە شارا ئەنگوست نما بوون. من لە دەستە چەپی دایکمەوە ڕێم دەکرد، بابم لە دەستە ڕاستیەوە. ئێستاش، ئەو حاڵەتی ویقار وکەش وفشەی خانەوادە هەژارەکەی خۆمم، لەو گەشت وگەڕانانەی یەک شەممەدا، چاک لەبیرە کەبە چ ویقارێکەوە بە چ کەش وفشێکەوە، ڕێیان دەکرد. لەتۆوایە لەدووی کارێکی زۆر گرینگن. هەموو یەک شەممەیەک کە کەشتیانی گەورەیان دەبینی لە وڵاتانی نادیار و دوورە دەستەوە دەزڤڕینەوە، بابم هەمان قسەی دووبارە دەکردەوە: " ئاە، خۆزگە جوول لەنێو ئەم کەشتیەدا دەبوو! چەند خۆش دەبوو!"

مامە "جوول"م، یانی برای بابم، دوای ئەوەی عومرێک مایە وسەرچاوەی ترس ونەفرەتی ماڵباتەکە بوو، ئێستا بە تاقە هیوا وئومێدی ماڵباتەکە دەژمێردرا. من کەلە منداڵییەوە ئەوەندەیان باسکردبوو و هێندە بیرم لێکردبووەوە و بەخەیاڵ لەگەڵی ژیابووم، وام وێنادەکرد لەیەکەم دیتندا یەکسەر دەیناسمەوە. من هەموو ژیانیم، لەوەتای بۆ ئەمریکا چووبوو، بەباشی دەزانی، هەرچەندە کەس بە ئاشکرا وبەدەنگی بەرز باسی ئەو قۆناغەی ژیانی نەدەکرد.

وادیاربوو، ڕەفتار و ئەتوارێکی زۆر خراپی هەبووبێ، واتە ئەو تۆزە پارە وپوولەی لە بابییەوە بۆی مابووەوە، بە خوت وخۆڕایی لەدەستی دابوو، ئەمەش بۆ بنەماڵەی نەبوو ونەدار گەورەترین تاوانە. لە بنەماڵەی دەوڵەمەند و بووەدا، کە یەکێک ڕادەبوێرێ وهەندێک گەوجاتی دەکات، پێی

پێدەکەنن و دەڵێن: کابرایەکی ئەهلی ڕابواردن و خۆشگوزەرانییە. لە بنەماڵەی هەژاراندا کوڕێک کە گەورە وسەرگەڤاری ماڵ بێ و سەرمایە ناچیزەکەیان بەفیڕۆ بدات پێی دەڵێن خوێڕی و بەڕەڵڵا وبەدئەتوار.

هەرچەندە ڕەفتاری ئەم دووانە لە جەوهەردا یەکن، بەڵام هۆی جیاکردنەوەکە ڕوون و ئاشکرایە، دادوەرانەیە، چونکە باشی و خراپی هەر کارێک بە ئەنجامەکەیدا دەردەکەوێ و دێتە هەڵسەنگاندن.

ئەنجام بەگوێرەی داب ونەریتی باوی ئەو سەردەمە، ئەویان بە کەشتییەکی بازرگانی کەلە هاڤەرەوە بۆ نیویورک دەڕۆیی، ڕەوانەی ئەمریکا کرد، لەکۆڵ خۆیان کردەوە.

هاپۆ جوول هەرکە گەییە ئەمریکا، کەوتبووە بازرگانی، بازرگانی نازانم چ شتێک. هەر زوو نامەیەکی نارد کە کاسبی دەکات و دەرامەتی خراپ نییە و هێڤیدارە، بتوانێ قەرەبووی ئەو زەرەر وزیانانە بکاتەوە کەلە بابمی دابوو ولەشەرمەزاری ئەو دەربچێت. ئەم نامەیە دڵی هەموو ئەندامانی ماڵباتەکەی خۆشکرد. جوول کە پوولێکی قەڵبی نەدەهێنا، لە ناکاوا بوو بە پیاوێکی ئابڕوومەند، مەرد ورەند، جوامێر و ڕەسەن، وەکو هەر ئەندامێکی بەڕێزی دیکەی ماڵبات و تایفەی "دافرانش" .

جگەلەوانە کاپتنی یەکیک لە کەشتیەکانیش ئاگاداری کردینەوە کە هاپۆ جوول فرۆشگایەکی گەورەی بەکرێ گرتووەو کاروکاسبیەکی باشی هەیە.

لەنامەی دووەمدا کەدوای دوو ساڵ هات، نووسیبووی:

"ئازیزەکەم فیلیپ، بۆیە ئەم نامەیەت بۆ دەنێرم کە نیگەرانی ساغ و سەلامەتی من نەبیت و لەباشی حاڵ و ئەحواڵم دڵنیابیت. کاروبارم شوکر باشە. سبەی بەیانی بە سەفەرێکی دوور ودرێژ بۆ ئەمریکای باشوور دەڕۆم. ڕەنگە ماوەیەکی زۆر، چەند ساڵێک لەوێندەر وەمێنم ونەتوانم لەحاڵی خۆم ئاگادارت بکەمەوە. بۆیە ئەگەر نامەم نەنووسی خەمت نەبێ. ئەنجام وەختایەک سەروەت وسامانێکم پەیدا کرد، بارگەم تێک دەنەم و هاڤەر خۆت بگرە واهاتم. هێڤیدارم ئەم گەڕانەوەیەم درێژە نەکێشێت و هەنگێ پێکڤە بە خۆشی و شادی دەژین..."

ئەم نامەیە بوو بە ئینجیلی پیرۆزی ماڵباتەکە. لەهەموو بۆنەیەکدا دەخوێنرایەوە و پیشانی ئاشنا و بێگانەیان دەدا.

ئەوەی ڕاستی بێ دە دانە ساڵ بووری و هیچ هەواڵێک لە هاپۆ جوولەوە نەبوو، لێ ساڵ بەساڵ، هیوا وئومێدی باوکم زۆرتر دەبوو، دایکیشم زۆرجار دەیگوت: " کە جوول، ئەم جوامێرە

بگەڕێتەوە، حاڵمان دەگۆڕێت، باش دەبێت، بەڕاستی ڕۆژگار سەنگی مەحەکە، ئەم پیاوە زۆر بەباشی فریای خۆی کەوت، توانی بەڕەی خۆی لەژێر پێیان دەربێنێ! "

هەموو یەک شەممانێک کە دەمانبینی کەشتیانی زەلامی ڕەش لە ئاسۆوە وەدیار دەکەون و دووکەڵێکی مارپێچ بە ئاسمانێ ڕادەکەن، بابم قسە هەمیشەییەکەی خۆی دووبارە دەکردەوە:

- ئاخ، چەند خۆشبوو ئەگەر جوول لەنێو ئەم کەشتیەدا بوایە.

تەقریبەن چاوەڕوان بوون، بەدەم دەستەسڕ تەکاندانەوە ببینن، هاوار بکات:- ئەهۆی فیلیپ.

هەزار و یەک نەخشەی لەسەر هێم و بناخەی ئەم گەڕانەوەیە ڕۆنابوو، بۆ نموونە لەدڵی خۆدا وایان دانابوو کەبە پارە وپوولی هاپۆ جوول خانوویەکی گوندیانەی بچووک لە نزیکی " ئینگوفیل " بکڕن، هیچ مەعلووم نەبوو کە بابم مامەڵەی کڕینی ئەو خانووەی دەست پێنەکردبوو.

ئەوکاتانە خوشکە گەورەکەم تەمەنی بیست وهەشت ساڵ بوو، خوشکەکەی دیکەم بیست و شەش ساڵ بوو، شتاقیان مێردیان نەکردبوو، ئەمە بووبووە مایەی خەمێکی گەورە بۆ هەموو ئەندامی ماڵباتەکەمان.

ئەنجام خوازگارێکی خوشکە چکۆلەکەم پەیدا بوو. کارمەندێکی دەوڵەتی بوو، دەوڵەمەند نەبوو، لێ پیاوێکی بەڕێز وسەرڕاست بوو. من لەو باوەڕەدا بووم کە شەوێک کاتێ نامەکەی هاپۆ " جوول" یان بە یارۆی خوازگار نیشاندابوو، هەموو دوودڵییەکی لەلای یارۆی خوازگار سڕی بووەوە و لەسەر خوازگارییەکەی ڕژدی کردبوو. ئیدی بە خۆشییەوە داخوازییەکەی قەبووڵ کرا و قەرار درا دوای زەماوەندەکە، هەموو خانەوادەکە سەفەرێکی کورتی بە کۆمەڵ بۆ دورگەی "جیرسی" بکەن.

سەفەر بۆ جیرسی، بەدڵی هەژارانە. دوورنییە، بەکەشتی مەوادیەکی کورتی دەریایی دەبڕیت وخۆت لەخاک و وڵاتێکی بیانیدا دەبینییەوە. چونکە ئەم دوڕگە بچووکە سەر بە بەریتانیایە،، ئیدی بابایەکی فەڕەنسی، دوای دوو سەعات کەشتیڕانی دەتوانێ بەدیداری میللەتێکی دراوسێی خۆی بگات و لە نزیکەوە ئاشنای داب و نەریتی ئەم دوڕگەیە، کەلەژێر بەیداخی بەریتانیادایە ببێت.

بەهەرحاڵ خەڵکی ئەم دوڕگەیە داب ونەریتێکی دزێوی ئەوتۆیان هەیە کەکەس خۆزیان پێناخوازێت. ئیدی ئەم سەفەرە کورتە بۆ دوڕگەی جیرسی، بوو بە خەم و خولیای هەموومان و گشتمان چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بووین.

ئەنجام بەڕێکەوتین. ئەوەندە باش لەبیرمە دەڵێی دوێنێ بوو. کەشتییە هەڵمیەکە، لە بەردەم بارەندازی "گران ڤیل"دا، ئامادەی حەرەکەت بوو. بابم شپرزە ونیگەران تەمەشای هەرسێ

جانتاکەمانی دەکرد، کەلە کەشتیەکەی بار کردبوون. دایکم حایر وحەپەساو دەستی خوشکە بێ شووەکەمی گرتبوو، کەلەوساوە کە خوشکەکەی بە بووکی ڕۆیی بوو، وەکو جووجەڵەیەک لە مریشک و جووجەڵەکانی دی دابڕابێ، شپرزە وسەرگەردان بوو. بووک و زاوای تازە کە هەمیشە دوادەکەوتن، هێدی هێدی لەدوای مەوە دەهاتن، بۆیە من زۆرجار ئاوڕی پاشەوەم دەدایەوە.

کەشتیەکە شووتی بەڕێکەوتنی لێدا. هەموومان سوار بووبووین. کەشتیەکە بەرەبەرە لە بەندەرەکە دوور دەکەوتەوە، بەسەر دەریا ئارام و سافەکەدا کەلە مێزێکی مەڕمەڕی کەسک دەچوو، دوورکەوتەوە. هەموو چاومان بڕی بووە بەستێن و کەناراوەکە کەلە نیگامان هەڵدەهات، وەکو هەموو ئەو خەڵکانەی کەکەم دەچنە سەفەر، لەخۆشی و شادیدا لەپێستی خۆ نەدەهێورین.

بابم ورگە زەلامەکەی لەژێر پاڵتۆ فەرمییەکەیەوە، کە بەیانی هەمان ڕۆژ، هەموو پەڵەکانیان بە دیقەت بۆ پاک کردبوونەوە، دەرپەڕاندبوو. بۆنی بەنزینەکە بۆ من یادئاوەری گەشتی ڕۆژانی یەک شەممە بوو، ئەو دەوربەرەی پڕ کردبوو.

بابم، لەناکاوا چاوی بە دوو خانمی بەڕێز وشیکپۆش کەوت کە دووپیاوی ڕێزدار خواردنی گوێچکە ماسییان دەدانێ.

پیرە ڕاوچیەکی شڕپۆش، بە نووکی چەقۆ قاوغی سەدەفەکانی (گوێچکە ماسی) دەکردەوەو دەیدانە دەست پیاوەکان و ئەوانیش دەیاندان بە خانمەکان. ئەوانیش زۆر بە زەریفی دەیان خوارد. قاوغ وقەپێلکی سەدەفەکانیان دەخستە سەر دەستەسرێکی ناسک وزاریان دەبردە پێشەوە، تابەسەر کراسەکانیاندا نەتکێتەوە. پاشان، بلەز، لینجاوی ناو قەپێلکەکانیان هەڵدەقورتاندو قەپێلکەکانیان تووڕ دەدایە ناو دەریاکەوە.

دیاربوو بابم ئەو خواردن و شێوازە خواردنەی سەر کەشتیەکەی بەدڵ بوو، بە ڕەفتارێکی شارستانیانە و باڵای دەزانی، بۆیە لە دایکم و لە خوشکەکانم نزیک بووەوە وپرسی:

- منداڵینە گوێچکە ماسی دەخۆن؟

دایکم لەترسی زیادە مەسرەف دوودڵ بوو، لێ خوشکەکانم یەکسەر قەبووڵیان کرد. دایکم بە ڕاوێژێکی توورە گوتی:

- دەترسم تووشی سک یەشە ببم. بیدە بە منداڵەکان، بەڵام کەمیان بدەیە، نەبا نەخۆش بکەون.

ئەوجا دایکم ئاوڕی لای منی دایەوە وگوتی:

- بەڵام جوزیف پێویستی بە سەدەف نییە، کوڕان نابێ نازدار بکرێن.

من لەم قەرارە زاڵمانەیەی دایکم ڕەنجام، لەلای ئەو مامەوە، نیگام بڕییە بابم، کەبەوپەڕی کەش وفشەوە پێش هەردوو کچەکەی و زاواکەی کەوتبوو وبەرەو لای ڕاوچی ودەریاوانە شرپۆشەکەی دەبردن.

دوو خانمە شیکپۆشەکان تازە ڕۆیی بوون و بابم خەریک بوو خوشکەکانمی فێر دەکرد کە چۆن سەدەف بخۆن تا ئاوەکەی بەسەر جلەکانیاندا نەڕژێ. ئیدی ویستی خۆی بۆ نموونە یەکێک لەبەر چاوی ئەوان بخوات، ئەوجا گوێچکە ماسییەکی هەڵگرت، لەکاتێکا دەیویست لاسایی ئەو خانمانە بکاتەوە کە ڕۆیی بوون، لەناکاوا سەدەفەکە لە دەستیا هەڵگەڕایەوەو هەموو ئاوەکەی بەسەر پاڵتۆ فەرمییەکەیدا ڕژا، گوێم لە دایکم بوو لەبن لێوانەوە گوتی: " دە بخۆ دەی، باشتر نەبوو لە جێی خۆت دانیشتبایت؟ "

لێ لەناکاوا نیگەرانی و پەشۆکان نیشتە سەر سەروسیمای بابم، چەند شەقاوێک دوور کەوتەوە، زەق زەق ڕوانیە ئەندامانی خانەوادەکەکە دەوری کابرای ڕاوچییان دابوو، ئەوجا یەکڕاست بۆلای مە هات. هەستمکرد ڕەنگی هەڵبزرکاوە و چاوانی لەسەرسامیا ئەبڵەق بوون. لەبن لێوانەوە بە دایکمی گوت: " زۆر سەیرە، ئەم پیاوە سەدەف فرۆشە چەند لە جوول دەچێت! "

دایکم بە حەپەساوی گوتی:- کام جوول؟

بابم بەرسڤی دایەوە:- جوول... جوولی برام... باوەڕبکە ئەگەر نەمزانیبا جوول هەنووکە لە ئەمریکایە و وەزع وحاڵی باشە، سوێندم دەخوارد کە ئەم کابرایە جوولە.

دایکم بەدەم مینگەمینگەوە گوتی:- تۆ شێتی، کەزۆر چاک دەزانیت کە ئەم پیاوە ئەو نییە، ئیدی ئەم هەلەق ومەلەقگۆییەت لە چییە؟

لێ باوکم تەکەزی کردەوە:- کلاریس بڕۆ بەخۆت تەمەشای بکە، حەزدەکەم تۆش بەچاویخۆت ببینی و دڵنیابیت.

دایکم هەستا وبۆ نک کیژەکانی چوو. منیش تەمەشای کابرام دەکرد.

کابرایەکی پیروچڵکن وپڵکن، گاسنی ڕۆژگار هەموو دەم وچاوی کێڵابوو وجگەلە کاروکاسبیەکەی تەمەشای هیچی دیکەی نەدەکرد.

دایکم گەڕایەوە. سەیرم کرد دەلەرزێ. بلەزگوتی:- بەڵێ، پێموایە خۆیەتی. برۆ پرسیار لە کاپتنی کەشتیەکە بکە. بەڵام وریابە ئەم پیاوە بێ سەروبەرەمان نەبێ بە کۆڵەوە!

بابم ڕۆیی، منیش دووی کەوتم. لەدڵی خۆدا هەستم بە نیگەرانی و شپرزەییەکی زۆر دەکرد.

کاپتنی کەشتیەکە پیاوێکی باڵابەرزی باریک وبنێس بوو، ڕدێن و زڵفەکانی درێژ بوون. بەکاوەخۆ لە حەوشەی کەشتیەکەدا پیاسەی دەکرد ولەتۆوایە فەرمان بە پەیکی دەریایی هندستان دەدات.

بابم بە ئەدەب ونەزاکەتێکی تایبەتیەوە لێی نزیک بووەوە، بە مجامەلەیەکی زۆرەوە لە حاڵ و ئەحواڵ و کاروباری پرسی. پاشان پرسیاری گرنگی و بایەخی دوڕگەی جیرسی و بەروبووم و دانیشتووانی ئەوێندەر وداب ونەریت وخەڵک و خوا وتەبیعەتی خاک و هەموو شتێکی ئەوێندەری لێکرد. یەکێک نەیزانیبا، وای وێنادەکرد باس و خواسی ئەمریکای لێدەپرسێت.

ئەوسا، باس هاتە سەر باسی کەشتی "ئێکسپرس" کە ئێمە سواری بووبووین. ئەوسا باس هاتەسەر باسی دەریاوان و دەستیارەکانیان. ئەنجام بابم بە دەنگێکی نیگەران پرسی:

- ئەرێ سەدەف فرۆشێکی پیر لە کەشتیەکەتاندا هەیە، پیاوێکی خۆش دیارە. دەیناسیت، هیچی دەربارە دەزانیت؟

یارۆی کاپتن، کە خەریک بوو لەو گفتوگۆیە بێزار وبێتاقەت دەبوو، بە ساردییەوە بەرسڤی دایەوە:

- ئەمە کابرایەکی ئاوارەو وەیلانی فەرەنساویە، پارەکە لە ئەمریکا تووشی بووم و لەگەڵ خۆما بۆ فەرەنسام هێنایەوە. پێدەچێ لە هاڤەر خزم وخوێش و کەس وکاری هەبێت، بەڵام خۆی نایەوێ بۆلای وان بگەڕێتەوە، چونکە وادیارە قەرزاریانە. ناویشی جوولە... جوول "دارڤانش" یان "دافرانش " ئیدی شتێکی لەو بابەتەیە. پێدەچێت سەردەمانێک لەوێندەر دارا و بووە بووبێ ئێستاش بەچاوی خۆت دەیبینی کە ڕۆژی بەچ ڕۆژگارێک گەییوە.

بابم کە ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو، گریان ئەوکی گرت، چاوانی کەوتنە ڕێشکە وپێشکە و بەزەحمەت گوتی:- ئاە، ئاە! زۆرچاکە... زۆرچاکە... هیچ سەیر نییە، دنیا دەوران دەورانە، زۆر مەمنوونم جەنابی کاپتن!

ئەوسا ڕۆیی. یارۆی کاپتن، لە دواوە بەسەرسامی تەمەشای دەکرد. کەبۆ لای دایکم گەڕایەوە، بە ڕادەیەک نێوچاوانی تێک نابوو کە دایکم پێی گوت:- دانیشە، وادیارە شتێک هەیە.

بابم، خۆی دا بەکۆڵ تەختەکەدا و بەدەمەلاڵکێوە گوتی: - خۆیەتی... بەلێ خۆیەتی.

ئەوسا لە دایکمی پرسی:- ئێستا چ بکەین؟

دایکم بە نیگەرانییەوە وخێرا گوتی:

- دەبێ منداڵەکانی لێ دوور بخرێنەوە، چونکە جوزیف ئاگای لە هەموو شتێکە، واچاکە بڕوات و منداڵەکان بۆ ئێرە بێنێتەوە. دەبێ ئاگامان لەوەبێ زاواکەمان هەست بەهیچ شتێک نەکات.

بابم کەبە تەواوەتی نەترەی بەردابوو، لەبن لێوانەوەو بەکەسەرەوە گوتی:- چ بەڵایەکە!

دایکم، کەخوای نەمابوو، گوتی:

- من هەمیشە گومانم لەوەبوو کە ئەم دزە قەت نابێ بە هیچ وئەنجام دەکەوێتە ئەستۆی مە. خەیاڵ پڵاوە چاوەڕوانی ئەوە بکرێت لە بنەماڵەی "داڤرانش" دا کەسێکی پیاوانە هەڵبکەوێ...

بابم، وەکو چۆن هەرکاتێ ژنەکەی سەرزەنشتی دەکرد، بەو ئاوایە دەستێکی بە هەنیەیدا هێنا.

دایکم درێژەی دایە:

- پارەبدە بە جوزیف، بابڕوات پارەی گوێچکە ماسییەکان بدات. هەر خوا بکات ئەم سواڵکەرە بێ سەروبەرە نەیناسێتەوە، ئەگەر بیناسێتەوە لەم سەر کەشتیەدا ئابڕوومان دەچێت، وەرە با بڕۆین بۆ ئەوسەری کەشتیەکە، کارێ بکە ئەو مێردەکە لێمان نزیک نەبێتەوە.

دایکم هەستا وبابم پاش ئەوەی سەد فلسی دامێ، لەوێندەر دوور کەوتنەوە.

خوشکەکانم، حایر وحەپەساو چاوەڕوانی بابمیان دەکرد. پێمگوتن کە دایکم تووشی سەرەگێژە بووە و کەمێک بێتاقەتە، ئەوجا لە سەدەف فرۆشەکەم پرسی:- ببورە قوربان، هەقەکەت کردیە چەند؟

زۆر حەزم دەکرد بڵێم:- هاپۆ گیان.

گوتی:- دوو فرانک ونیو.

سکە سەد فلسییەکەم دایێ و باقیەکەی دامەوە.

تەمەشای دەستەکانیم کرد، دەستی چرچ و لۆچی ڕاوچیەکی هەژار بوو، سەیری سەر وسیمایم کرد، سەر وڕوخساری پیرەمێردێکی بەدبەختی چرووساوەی لات ولەوێر بوو. لەدڵی خۆدا گوتم: " ئەمە هاپۆی منە، برای باوکمە. مامەگیانە."

ئیدی دە فلس بەخشیشم دایێ، کۆڵێک مەمنوونم بوو وگوتی:

- خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ لاوۆ، خێر بێتەڕێت.

دەنگ و ڕاوێژی، ڕاوێژی گەدایەک بوو کە خێروسەدەقەی وەرگرتبێ، یەکسەر دڵم خەبەری دا کە ئەم پیاوە، دەبێ لەئەمریکا بە سواڵ و سەدەقە ژیابێ!

خوشکەکانم، سەریان لەم حەتەمیەتەی من سووڕمابوو و حایر وحەپەساو تەمەشایان دەکردم.

کاتێ کە باقی دوو فرانکەکەم بۆ بابم گەڕاندەوە، دایکم بە سەرسامی پرسی:- یانی چی، بایی سێ فرانک بوو؟... شتی وانابێت..

بە ڕاوێژێکی توند گوتم: دە فلس بەخشیشم دایێ.

دایکم ڕاچڵەکی، نیگای لە دوڕ چاوانم بڕی وگوتی:- شێت بوویت، دە فلس بەخشیش بەم مێردەکە، بەم بۆرە پیاوە، بەم سواڵکەرە خوێڕییە.

لێ، کە بینی باوکم مۆڕەی لێدەکات و بەنیگا زاواکەی پیشاندەدا بێدەنگ بوو. لەبەردەمماندا، لە ئاسۆدا، لە دوورەوە سێبەر وسایەیەک لە دەریاکەوە بەدیار کەوت، ئەوە دوڕگەی جیرسی بوو، کەلە بەندەرەکە ولەنگەرگاکە نزیک دەبووینەوە ئارەزوویەکی تۆسن لە دڵما پەیدا بوو کە جارێکی دی مامە جوول ببینم و لێی نزیک ببمەوەو چەند وشەیەکی دڵنەوایی و میهرئامیزی بە گوێدا بدەم.

بەڵام چونکە ئیدی کەس نەبوو سەدەف بخوات، ئەویش دیار نەما، بێگومان بۆ ژێرزەمینی کەشتیەکە دابەزی بوو، کە ئەو داماو و بێنەوایە لەوێندەر دەژیا.

لە گەڕانەوەدا، بۆ ئەوەی ئەو نەبینین بە کەشتی "سن مالو" گەڕاینەوە. نیگەرانی باڵی بەسەر دایکمدا کێشابوو. دوای ئەوە ئیدی هەرگیز مامم نەبینییەوە.

لەبەر ئەمەیە، کە ئێستا دەبینیت هەندێجار سەد فلس بە خێر وسەدەقە دەدەم بە دەرۆزەکاران.

١٨٨٣/٨/٧

تێبینی: لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/٢١، لە سلێمانی/ گەڕەکی چوارچرای نوێ لە پاچڤەی ئەم بەرهەمە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:

*- تپلی وچند داستان دیگر/ گی دو موپاسان/ ترجمه: محمد قاضی، چاپ سوم/ نشر آروین، تهران ١٣٧٢ .

فەرهەنگۆک

ئا

ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاکار

ئارایشتکار : ئارایشتگەر ، مکیاجکار

ئەوک : قوڕگ، گەروو، بەرمل

ئاسیو : ئازار، بەڵا ، زیان، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە، هەوە، هون

ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی

ئیکلام : کڕنۆش، سەرچەماندن بۆ ڕێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەکر

ئۆینباز : بەمەکرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشک: پاس، کێشک

ئاکنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوکەر، چێشت لێنەر، چێشتچی

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئەسەح: ئەکید، خویا، مەعلووم

ئیرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستەڕ: بەر، بەری کەواو...

ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی، حەشیمەت

ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە

ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە

ئاغەڵ: جێی داکردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا

ئەسکەمیل: کورسی

ئاوەز: ئەقڵ

ئاخێز: نیوە هەستان

ئەوقات: پارێزەر

ئۆل: ئاین

ئاریشە: کێشە، گرفت

ئاودڕکە: ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ

ئاڵچاخ و دەنی: سووک و بێ ئابڕوو، خوێڕی

ئاوردوو: سوتەمەنی،شەواتەک،ئێزنگ وقەلاشکەری

ب:

باوەژن: زڕدایک، هۆی دایک، باجی

باب: باوک

بالانما: بالانوێن، ئاوێنەی بالاڕوان

بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج

بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب

بلوور: شووشە

بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو

بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی

بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان

برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)

بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان

بەرۆک: یاخە، یەخە

بەکاوەخۆ: بە هێواشی

بەرسڤ: وەڵام

بەڕک: گیرفان، باخەڵ

بالیفۆکە: سەرینی بچووک، گۆشە

بوری: تێپەڕی

بیلبتون: بە تەواوەتی

بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە

باریە: لۆسە

بەستێن: رۆخ، کەنار، گوێ چەم، دەم چەم

بێشە: دارستان، لێڕ

بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە

بن پیاڵە: ژێر پیاڵە

بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی: بێ زیان، سەلامەت

باڕ : بێچووە مەلی بەهارە

بێزوو: بێزگ، مەگیرانی

بێزگەوان: بێزووکەر

بەلانس: هاوسەنگی

بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر

باجەوان: باجگر
بەسوێ: بە ژان، بە ئازار
بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر
بێدادی: نەهەقی
بەیتاڵ: پزیشکی ئاژەڵان
بویەر: رووداو
باژێرۆک: شارۆچکە
باشار: دەربردن، خۆراگرتن
بەرایی: پێشایی، بەراهی
بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن
بەفرە ژیلکە: بەفری زۆر دەنک ورد
بەلەک: پووز
بە خورتی :بە تۆپزی
بالیف: سەرین، پشتی
بەگەنکردن: پەسندکردن
باندۆر: کاریگەریی
بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە
بەرخودان: مقاوەمەت
بارخانە:کەلوپەلی بازرگانی، باری لەسەر یەک هەڵچنراو
بەرجەوەن: دیمەن
بۆدڕ: بۆنی توندی ماسی و تەگە
بۆدراو: برژاو، خاوەبرژ
بەڵخ: بەڵغ، کەڕوو
باسریشک: بەفرو باران پێکەوە
پ:
پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان
پارک: باخ

پسمام : کوڕە مام، ئامۆزا

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەک

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشک گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشک ، روناکی

پێکڤە: پێکەوە، بە هەڤڕا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، کەوڵی تیسکن

پەژمردە: چەرمسی، ژاکاو

پایدۆس: دەست لە کار هەڵگرتن

پۆڵکە: گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ، هەڵامەت

پیتاک: باربوو، کۆکردنەوەی دارایی

پێل: شەپۆل

پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا

پاتاوە: پێڵاو، کاڵە.

پاتۆق: شوێنی کۆبووەوە

پۆڕ: قژ

پێشداوەری: حوکمی پێشوەختە

پانکردنەوە: ماستاوساردکردنەوە، ڕووپامایی

پەشم: قسەی قۆڕو بێ مانا

پزیشکیار: یاریدەدەری پزیشک

پەتۆ: بەتانی

ت:

تەمەشاڤان: بینەر، سەیرکەر

تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ

تا: لا، لایەن

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووکە: مەترسی، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆلا: گەورەو ناشیرین

تاین: یارۆ، فلان، ناڤبری

تاژی: سەگی ڕاو، تانجی

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین

تۆرینۆک:توورەو دڵناسک

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو

تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسک

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : ڕێگر ، چەتە

توولەک: وەرینی مووی لەش

تۆسن: سەرکێش، نا ڕام
تەڤگەر: نەسرەوت، بزووتنەوە
تەمراندن: کوژاندنەوە
تاری : تاریک
تۆماکۆ : تووتن
تەشبریق : هەورە تریشقە، بروسکە
toوک: نزای خراپ ، دوعای شەڕ
تاخ: گەڕەک
تاس: سەر ڕووتاوە، دەغسەر
تەرز: جۆر، نەوع
ج:
جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ
جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو
جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری
جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە
جەڕباندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن
جوڕنە: حەوزۆکەی گەرماو
جما: جوڵا، بزوا
جڤاکی: کۆمەڵایەتی
جوابی کرد : دەری کرد ، ئیزنی دا
جمکانە : دووانە، جمک، لفانە
جەندەک: تەرم
چ:
چەلەنگ: چوست و چالاک، گورج و گۆڵ، شۆخ و شەنگ
چینی: جۆرێ سواڵەتی هەرەباشە، وەکو کاشی
چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو
چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)

چێڵ: مانگا
چەنگ: ئامێرێکی موسیقایە، هارپ
چەکمە: جەزمە، پووت
چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار
چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی
چقڵ: دڕک، دڕو، دڕی
چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش
چوغورد: چوغور، چغر، چڕ
چمک: سووچ، گۆشە
چوارنکال: هەرچوارلا
چێبوو: دروست بوو
چەمووش: سڵ، رەوەک، لەقەهاوێژو گازگر
چەرموو: سپی
چەرچی: دێوەرە،فرۆشیاری گەرۆک، دەستفرۆش
چاوساغ: دەسکێش، جاسووس، سیخوڕ
چەلیپا: خاچ، سەڵیب
چاوگ: دەستە چیە
ح:
حایرمان: سەرسام بوون
حەسار: حەوش
حەنەک: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ
حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئاڵۆش
حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم
حەجامات: خوێن بەردان
حەوجە : پێویست
خ:
خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان

خشکۆک: دەلال، جوانکیلە، جوان، قەشەنگ

خەنەقاندن: خنکاندن ، لە سێدارەدان

خوبزە: خولاّم، نۆکەر، خزمەتکار، خزمەتچی

خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج

خا: خات، خاتوون، خانم ، یا

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆک: فریبۆک، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵک: خولق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: ڕێک، بێ کەم و زیاد

خاکی: بێ هەوا، بێ فیز

خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

خەبتین: خەبات کردن

خشکۆک: جوان، خشیک

خویا: ئاشکرا، دیار ، روون

خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر

خەفیە :جاسووس، خەوەرچین، هەواڵدز

خۆڵەکەوە: خۆڵەمێش

خەمرە: کوپەی زۆر گەورە

خەنۆل: خەندەران، دەم بە پێکەنین، ڕووخۆش

خزاگ:عەرەبانەیەک کە بەسەر بەفرا ڕایدەکێشن

د:

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ

دێرکەوتن: دواکەوتن
دلپاقژ: دڵپاک، بێ فرو فێڵ، بێ گزی
دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا
دەهری : زۆر توڕە
داگەڕان: هاتنە خوارەوە
دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی
دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان
دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەڵات و بورجان)
داپیرە: دایە گەورە، نەنک
دەلیڤە: دەرفەت ، هەل
درەخت: دار
دەرباریيان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی
دڕوو: دڕک، چقڵ، دڕی
دڵڕەش: بێ بەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی
دامە: مۆر
دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووک کوتان
دەڵەکدان: پاڵنان
دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان
دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووکی
دەڵەچە: مەرایی کەر، ماستاوچی
دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ
دیرۆکنووس: مێژوو نووس
دەڕەڤی: هەڵەهات، رایدەکرد
دەرۆزە: گەدایی، سواڵ
داشۆ: کاکە، براگەورە
دەهری : زۆر توڕە
دەخەبتن : خەبات دەکەن

دۆغری : ڕاست ، دروست
داغان : ڕووخان، وێرانکردن
دەغوول: دەسبڕ،خاپینۆک، فێڵباز، گزیکار
دوئێل: مبارەزە
دۆتمام: کیژەمام، ئامۆزا (بۆ کچ)
دەسەنە: بەخشین،
دوڕ: ناوەند، ناوەڕاست
دێر، درەنگ، جێگەی ڕەبەنانی فەڵە
دەست قلّپ: ماڵ بەفیڕۆدەر
ڕ:
ڕەقسین: سەما، هەڵپەڕین
ڕنەک: قەشەو
ڕدێن: ریش
روندک: فرمێسک، رونتک، ئەسر، ئەسرین
ڕۆحانی: پیاوی ئاینی
ڕاز: نهێنی
ڕەژوو: زوخاڵ ، خەڵوز
ڕک : کووڕ، ڕژد
ڕابوون: هەستان
ڕۆخانە: ڕوبار، چۆم، چێم، ڕوو
ڕند: جوان، خوشیک، خوشکۆک
ڕمووده: ئالوودە، هۆگر
ڕادەست: خۆ بە دەستەوەدان
ڕەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە
ڕەقیب: نەیار، خەنیم
ریسک: مغامەرە
ریوەڵە: بچکۆلەی لاواز، بێ نموود

ڕۆنیشت: دانیشت
ڕووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی
ڕامووسان: ماچ
ڕەهەنە: ڕەهەندە، عەودالْ ، ئاوارە، چۆڵگەڕ
ڕەبەن: سەڵت، زوگورت، ڕاهب
ڕەبەنیتە: ڕاهبە، ژنە فەڵەی تەرکە دنیا، ڕەبەنی ژن
ڕاوگە: جێگەی ڕاو وشکار
ز:
زڕکیژ: کچی مێرد بۆ باوەژن، یان کچی ژن بۆ باوەپیاڕە
زێدە: زیادە
زەلام: گەورە، ناقۆڵاو تەژە
زار: دەم، دەو
زوڕییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە
زێد: زاگە
زاگە: زێد، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن
زوخاڵ: ڕەژوو، خەڵووز
زگڕەش: ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دڵ
زەوجین: زەماوەند
زڤڕینەوە: گەڕانەوە
زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو
زەیەوان: زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان
زرانی: ئەژنۆ
زارۆک : بچیکان ، منداڵان
زەردەکەن: بزە، زەردەخەنە
زەروو: زالو
زیانۆک: بە زیان، زەرەردەر، زیاندەر
ژ:

ژیوان: پەشیمان
ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی
ژارۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان
ژنەوتن: بیستن، ژنەفتن
س:
سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە
سەڵت: ڕەبەن، بێ ژن و منداڵ، عازەب
سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە
سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەک، بێ وەفا، نمەک حەرام
سۆز: پەیمان، بەڵێن
ستران: گۆرانی، قام، لاوک
ستێران: ئەستێرە، ئەستێران
سپێدە: بەرەبەیان
سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار
سەمت: لا، ئالی، رەخ
سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد
سەرگوروشتە: سەربوردە،
سخێف: جنێو
سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت
سیوات: خوێنەواری
سائەقڵ: شێتۆکە
سەربۆز: سەر ماش و برنج
سیاناو: قوڕاو
سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داک و باب
سیکتر: دەرکردن، تڕۆکردن
سونگی: قەمە
سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،
سابرێن: نێری، تەگە
سەرۆ: ئیلهام، سرووش
سازڤان: مۆزیکوان
سەرناڤ: ناونیشان
ستان: شار، پارێزگا
ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف
ساردخانە: مەیتخانە
سۆل:پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل
سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا
ساڤالۆک: منداڵی تازەزاوی جوانکیلە
سەلبەند: رێگەی بە بەرد فەرشکراو
سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن
سوێ: ئازار، ژان
سیخار: زوقم
ساقەتە: لاسکی گیا
ش:
شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا
شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار
شەیپور: بۆقی، کەڕەنا
شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران
شکەفت: ئەشکەوت
شکەستەنی: ناسک، شتێ زوو بشکێ
شتاقیان، هیچیان، کەسیان
شنگ: هێز، تاقەت، توانا
شەقاو: هەنگاو
شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق
شەکەت: ماندوو، هیلاک
شوورە: دیوار
شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی
شەنگوڵ: بە دەماخ، کەیف خۆش
شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە
شەلاق: شەلاخ، قامچی
شەم: مۆم، شەمالک
شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم
شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس
شوو: مێرد ، هاوسەری ژن
شەکەت: ماندوو. هیلاک
شاشک: مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیک
شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری
شیرەتکار: راوێژکار
شادەتنامە: کارنامەی خوێندن
شۆخی : سوعبەت ، گاڵتە
شیڤ: شێو، شام، نانی شێوان، نانی ئێوارە
شێلەو بێلە: فێڵ و تەڵەکە
شەواک: گەمژە، گێلۆکە
ع:
عاسا: دار عاسا، داردەست
عەیار: زیتەڵ، زۆرزان
عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە
عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو
عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر
غ:

غارِ: ئەشکەوت

غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس

غەوارە: غەریبە، بێگانە

ف:

فەرمایشت: فەرمموودە، قسە

فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران

فشقیات: حەنەک، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بێ تام

فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەرۆ

فەرسەخ: فەرسەق

فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل

فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەک

ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووک، ئاواڵە، کراوە

فەڕەنگی: ئەوروپایی

ق:

قالیچە: مافووری بچووک

قرمز: سوور

قەڕاڵ: پاشا

قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلک، قاپۆرە

قوشقی: تووڕە، وەرەز، سڵ ، رەوەک

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەڵکاوی قامیشەڵان
قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەڵاتی کەسێک یان دەوڵەتێک
قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە
قەڵایی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەکەنەوە
قژاوڵە: تاق تاقکەرە
قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ
قەساس: سزا، تۆڵە
قەرەبەخت: بەخت رەش، بەدبەخت، نەگبەت
قامک: پەنجە، ئەنگوست، پل، کلک
قامبێژ: گۆرانی بێژ
قەساو: قەساب
قەلەزراو: ترسنۆک
قەتاندن: بەسەربردن
قاقڕ:زەوی رووتەن کە گیای لێ نەڕوێ
قومات:بابۆڵەی ساوا تێوە پێچان
قاشوانێ: گۆبازی، قاشوان
قەپاتمە: سۆیتەلی، ژنی بێ مارەیی بۆ رابواردن
قەموور: کووڕ، پشت کۆم
قەستە سەر: دوژمنی زۆر سەرسەخت، خەتەر
قەبە : گەورە
قۆشەن: لەشکر
قرێر: بڕیار، قەرار
قەوماو: بویەر، رووداو
قاوەتوون: تاشت، تێشت، قاوەڵتی، نانی بەیانی
قیڕات: گەرماپێو
قڕێژە بەرد: خەنە تیلکە،وردە شینایی پێکەوە نووساوی سەر بەردان
ک:

کوت ومت: ەقاودەق

کوانگە: کوانوو، ئاگردان

کارمامز: بەچکە ئاسک

کودەڵە: بێچووە بەراز

کوختە: کۆخ، خانووی چکۆلەو خراپ

کوڵکە: موو، توک

کولۆ: کوللە

کەچڕەوی: لە ڕێ لادان، تەحریفیەت

کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی

کێوە: بۆ کوێ

کەپەک: سۆس

کۆمەک: یارمەتی، هاریکاری

کلۆر: ناوبەتاڵ

کوریژگە: کوڕی بچووک

کەپوو: لووت، دفن

کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار

کەسک: سەوز

کۆمیدی: پێکەنیناوی

کامکردن: نەوس تکان

کەزی: پرچ، زڵف

کڵاوخود: کڵاوی ئاسنینی شەڕڤان

کەرب: رق و کینە

کان: مەعدەن

کێوستان: کۆسار، کۆجاڕ

کۆڵۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە

کەمدوو: کەم قسە

کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان

کەوی: ماڵی، دەستەمۆ
کەڤر: بەرد
کەڤرۆک: بەردەڵان
کەندەکار: کەسێک کە لە دار نەخش دەکەنێ
کێشکچی: پاسەوان، نیگابان
کۆ : سڵ، سڵکردنەوە
کەپوو : لووت، دفن
کارگە : وەرشە
کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو
کوند: بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش
کەودەن: گەوج
کاژستان: بێشەی دارکاژان
کرێت: ناشیرین، کاری خراپ
کەتواری: ریالیستی، واقیعی
کەوشەن : مەرز، سنوور ، ئاقار، تخووب
کنوکۆ : چوونە بنج و بناوان ، تۆژینەوە
کسۆک: سەگ
کەستەک:سندە گڵ، کڵۆ قوڕی وشکەوە بوو
کۆشیار: چالاک، پڕکۆشش
کینەکێش: ڕک هەڵگر، ڕکونی
کەت: تەختەخەو
کەرەمکە: بفەرموو
کەوە رۆژ: رۆژی بێ هەتاو، سپییە ڕۆژ
کۆما: کۆمەڵێک
گ:
گۆساخ: چاوقایم، رووقایم
گەدا: پارسەک، سواڵکەر، دەرۆزەکەر

گورزە: باقەی گەورە
گەرەکمە: دەمەوێ ، دەخوازم
گەمە: یاری، وازی، کایە
گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا
گەردنبەند: ملوانکە
گازکردن: بانگکردن
گۆرین: یارۆ، ناڤبری
گوند: دێ، ئاوایی
گومناو: ناوبزر، نەناسراو
گۆزینگ : قولەپێ
گەلۆز: ناولینگ
گول: گەڕ و گول
گاگۆز: پۆڵکە
گارد: پاسەوانی تایبەت
گۆنگ : ئالۆز
گەنگەشە: موناقەشە
گووراو : مەخلووق
گووفەک: زبڵدان، سەرانگوێلک
گازی: بانگکردن
گڕۆز: وڕکن
گڵکۆ: گۆڕ، ئارامگە
گمێز: پێشاو
ل:
لە کەیفان: لە خۆشیان
لە بیلادەوە: لە ئیجادەوە، لە بنەرەتەوە
لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەلان
لاپرەسەن: فزوڵ، فزولی

لۆسە: باری

لەزگ بوو: خەریک بوو، وەخت بوو

لێ: بەڵام

لێبڕا: بڕیاری دا

لۆسە: باریە

لاق: قاچ، لنگ

لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن

لایدە: بێگانە

لەهەنبەر: بەرانبەر

لێ : بەڵام

لەیستۆک : بووکەشووشە، بووکەڵە

لەگەز : مەتەڵ

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین:رەنگە، لەوەیە

لەوتاوە : پیس بووە

لەز : خێرا ،پەلە

لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار

لە نک: لە کن، لە جەم، لە دەف، لەلا

لەگام: چەورە، زگ لەوەڕێن

لێژگە: لێژایی، نشێو

م:

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

مڵ وموش: مڵومۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن
مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف
مژمژە: مەساسە
میرغەزەب: جەلاد
مەزرا: کێڵگە
مقاش: ماشە
مەگیرانی: بێزوو
مەرزو بۆ: وڵات، نیشتمان
مقەوا: کارتۆن
مەنهۆڵ: زێراب
مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست
میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان
ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە
مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب
مووبەق : ئاشخانە
موغەیری: موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار
منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێک
مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا
مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان
مخابن: بە داخەوە
مراک : کەوچک ، کەچک
مینا، میناک: وەک، وەکو
مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە
مادونی: مۆڵەت، ئیجازە
مەرگی مفاجا: سەکتەی دڵ
مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەڵاقان
مەژی : مێشک

مامۆژن: ئامۆژن، ژن مام
مراک: کەوچک، کەچک
مافور: قالی
مەتەریز: مەتەریس، سەنگەر
مامێر: ڕەبەنیتەی بەتەمەن
ماسێر: رەبەنیتەی گەنج
متوو: هۆگر
مرداو: قۆپی
ن:
نەزاکەت: ئەدەب، سەلاری
نیگابان: پاسەوان
نەیجەزار: قامیشەڵان
نسیبەت: بەڵا، موسیبەت
نەترە: ورە
ناچیز: هیچ، زۆر کەم
نەژاد: رەگەز، رەچەڵەک، ئەسڵ
ناحەز: ناشیرین
نێچیرڤان : ڕاوچی
نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن
نەزاکەت : لوتف و ئەدەب
نک : کن ،لا، جەم ، دەف
ناڤبری : ناوبراو
نەژنەو :نەبیست، منجڕ
نمەد : لباد، نیوداشت: نە کۆن و نەتازە
نها : ئێستا، هەنووکە، نهوو
ناڤسال : میانە ساڵ
نووکە : هەنووکە ، نهو، نها، ئیستا

نەخاسما: بە تایبەتی
نەسرانی: فەڵە، مەسیحی
ناباب: ناباو، دژەباو، ناپەسند لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە
و:
وەمێنێ:بمێنێتەوە
وەکرد: کردەوە
وەشێرت: شاردەوە
وێنا: تەسەور
وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن
واز : کراوە، پێچەوانەی داخراو
وێدەدەم: دەدەمێ
وەقف کردن : تەرخان کردن
وەردەوەدان : لە جارێ پتر کێڵان
وەردیان : زیندانەوان
وەشانخانە: بڵاوەخانە، دارالنشر
وەشانکار: بڵاوکەرەوە، ناشر
وڕاوە: وڕێنە
ودم:مومبارەکی، پیرزی
وشکەبار:میوەی وشکەوەکراو
وەکوژاندن : تەمراندن، کوژاندنەوە
وێمدە : بمدەیە
واز: ئیشتیاو ئارەزووی خواردن
وەزەن: ئازار
وشترالوک:حوشتر خۆرە، عاگول
وازوازی: دەمدەمی مجێز
ه:
هانکە هانک: هەناسە برکێ

هەژگ: لکەداری وشکەوە بوو، چرۆچیلکەی ئاوردوو

هەرۆگیڤ: هەرەشەو گورەشە

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و کێودا

هەزاربەهەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووکە: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوکمی چاو

هۆڤی: کێوی، وەحشی

هۆدە: ژوور، ئۆتاغ، دیوو

هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەیڤەشەو: مانگە شەو

هەدا : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامە

هەڕەمە : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو

هاپۆ : مام

هەڵەشە :لەسەر، بێ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕک : ملەکەر، ململانێ، ڕکبەڕکێ

هەڕوو : هەڕە ، بڕۆ

هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا

هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا

هاوکوف:دوو کەسی لە یەک ئاستی کۆمەڵایەتی
هاودەستی:هاوبەش لە کەین و بەینان
هەیڤۆک: هەیڤک، مانگیلە، مانگی یەک شەوە
هێورین: حەوانەوە
هاماج: ئۆتمۆسفیر
هەڵاوێردن: جیاکرنەوە
هاتە وەشاندن ، بڵاوکرایەوە
هزرڤان: بیرمەند، زانا
هەنیە: تەوێڵ، ناوچەوان
هەلاکەت: گیانەڵڵا، ئاویلکە، ئاوزینگ، حاڵی مردن
هەڵاژیان: ڕاکشان
هاژۆتن: لێخوڕین
ی:
یاڵ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم
یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان
یارۆ : فڵان
یاتاخ : پێخەف ، نوێن
یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو
یونیفۆرم: جلکی فەرمی یەکچەشن

حەمە کەریم عارف

*- کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایک بووە.

•- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

•- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.

•- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

•- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* - جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم،قەرەمیرزا، ڕەندی عارفزادە، حەمۆکە، بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*- لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

•- له هەشتاكانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆكايەتی لقی كەركووكی يەكێتيی نووسەرانی كوردی كردووە.

•- زۆر بەرهەم و كتێبی چاپ و بڵاو كردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆريان، بە تايبەتی ئەوانەی لە چيادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە كەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەيە كە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١-تيرۆژ، كۆ چيرۆك، چاپی يەكەم ١٩٧٩

٢-كۆچی سوور، رۆمان، چاپی يەكەم،١٩٨٨،چاپی سێيەم ٢٠٠٧

٣-بەيداخ، چيرۆك، چاپی يەكەم ١٩٨٨

٤-داوەتی كۆچەرييان، كۆ چيرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥-لە خۆ بێگانە بوون، كۆمەڵە چيرۆك،چاپی يەكەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦-كوچ سرخ، كۆ چيرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی يەكەم ١٩٨٧ شاخ

٧-نينا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی يەكەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێيەم ٢٠٠٥

٨-نامۆ، رۆمان، ئەلبير كامۆ، چاپی يەكەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سايە،سلێمانی

٩-رێبەر، رۆمان، مەهدی حسين، چاپی يەكەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠-شكست، رۆمان، ئەلكساندەر فەدايەف، چاپی شاخ (راه كارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.

١١- هاوماڵەكان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٢ – بێناسنامەكان، رۆمان، عەزيز نەسين، چاپی سێيەم ٢٠٠٦

١٣- قوربانی، رۆمان، هيرب ميدۆ، چاپی يەكەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی يەكەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئازادی يا مەرگ، رۆمان، كازانتزاكيس، چاپی يەكەم ٢٠٠٣ كتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨

١٦- چيرۆكەكانی سەمەدی بيهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ كتێبخانەی سۆران هەولێر

١٧- ئامانجی ئەدەبيات. م. گۆركی، چاپی شاخ ١٩٨٥

١٨- ئەو ڕۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوک
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆک، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێک دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوک
٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوک
٢٥- میوان، چیرۆک،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١،١٩٩٨
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(          )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)

٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
٤٧- چەند چیرۆکێک لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاک لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەک لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک، ژمارە(٧٠)
٧٥- دەربارەی رۆمانو چیرۆک، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوک
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف

٨١-بووکی هەزار زاوا،(جانتا) کۆچیرۆک، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات فی رحاب الپقافه الکوردیه، حەمە کەریم عارف
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
٨٨- ظل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمه جلال زنگابادی
٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارک توین
٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف
٩٢-باڵندەکەی من    رۆمان، فریبا وفی
٩٣- نامەکانی تولستۆی
٩٤- جەمیلە، رۆمان    جەنگیز ئایتماتۆف
٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالانی کورد
٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی
٩٧- کۆڵوانە سوور... کۆچیرۆک بۆ مندالان
٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ
٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ
١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی
١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی
١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە
١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی
١٠٤-مێژووی رۆمانی تورکی
١٠٥- دیوار...کۆچیرۆک.............کۆمەڵێک نووسەر
١٠٦- کۆکۆرۆ.............ڕومان........ناتسومی سوسکی
١٠٧- کانییە قارەمان....کۆچیرۆک بۆ مێرمندالان /حەمەکەریم عارف

١٠٨- ئەودیوی مەرگ..........حەمەکەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موکریانی
١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەکی و پاچڤەی: حەمەکەریم عارف
١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسکی
١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...
١١٢- ساڵنمای ژیان و بەرهەمی...
١١٣- تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل
١١٤- لە زمانی چیرۆکنووسانەوە
١١٥- جیهانی چیرۆک ( کۆمەڵێک دەق ورەخنە)
١١٦- رۆبینسۆن کرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ
١١٧- هەزار پیشە..............حەمەکەریم عارف
١١٨- چیخۆف...هنری ترۆیا
١١٩- دۆنی ئارام/١
١٢٠- دۆنی ئارام/٢
١٢١- دۆنی ئارام/٣
١٢٢- دۆنی ئارام/٤
١٢٣- دەربارەی ئۆدێسە
١٢٤- دەربارەی نامۆکەی ئەلبیر کامۆ
١٢٥-ژیان و بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی
١٢٦-گەنجینەی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان
١٢٧-بەنگکێشێکی عەودالّی بەهەشت"ڕۆمان"
١٢٨- سێو و سیمرغ" کۆ حیکایەت"
١٢٩- بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیفسکی
١٣٠-پوشکین سەرقافڵەی ئەدەبی ڕووسی
١٣١-گۆگۆڵ،دامەزرێنەری ریالیزمی رەخنەیی
١٣٢-ڕەبەنێکی ڕەشپۆش، چیخۆف
١٣٣- کەنیزۆ ،کۆمەڵێک چیرۆکی هەڵبژاردەی فارسی

١٣٤- داستانی بەرخودان ، ن: ئەشرەفی دیهقانی .

١٣٥- جیرۆکی شاریک ، رۆمان ، ئەحمەد مەحموود.

١٣٦- مردووی زندوو ، ڕۆمان ، هنری ترۆیا

١٣٧- کۆلانی میدەق، رۆمان، نەجیب مەحفوز

١٣٨- چۆن پۆلامان ئاودا، ڕۆمان، ئۆستروفسکی

١٣٩- بیست و سێ چیرۆکی تۆلستۆی

١٤٠- چارەنووسی مرۆڤێک ،شۆلۆخۆف

١٤١- قەیرانی سێبەر ، حەمە کەریم عارف

١٤٢- ئەفسانەی تەروادە

١٤٣- لە بەردەم عەرشدا، نەجیب مەحفووز

١٤٤- دڵی شەو، نەجیب مەحفووز

١٤٥- ئاوێنەکان، نەجیب مەحفووز

١٤٦- جەنامی ڕێزار، نەجیب مەحفووز

١٤٧- دەورانی منداڵیم، ماکسیم گۆرکی

١٤٨- خڕخەپان ، گی. دو مۆپاسان

١٤٩- یەڵماز گونای (ژیانی سەر بەرزانە)

١٥٠- هاوسەفەر ،ماکسیم گۆرکی.